حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زمان - بەشی زمانی کوردی

# ڕەنگدانەوەی تۆنی جیاواز لە ڕۆمانەکانی عەتا نەهایی دا

نامەیەکە

## کامیل قانع ابراهیم

پێشکەشی بەشی زمانی کوردی – کۆلێجی زمان – زانکۆی سلێمانیی کردووە، بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا

سەرپەرشت

پ.د. حمەنوری عومەر کاکی

٢٧٢٣ی کوردی

٢٠٢٣ی زاینی

ئەم نامەیە (ڕەنگدانەوەی تۆنی جیاواز لە ڕۆمانەکانی عەتای نەهاییدا) بەسەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا.

ناو: پ.د. حمەنوری عمر کاکی

ڕۆژ: ٨ / ٣ / ٢٠٢٣

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بەلیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

پ.ی.د. محمد عمر عول

سەرۆکی بەشی کوردی

ڕۆژ: ١٣ / ٣ / ٢٠٢٣

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێنکارەکەدا، گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کرد و بڕیارماندا، کە بڕوانامەی ماستەری لە ئەدەبی کوردیدا پێبدرێت.

ناو: پ.ی.د. دیار فائق مجيد

ئەندام

ڕۆژ: ٢٣ / ٥ / ٢٠٢٣

ناو: پ.ی.د. جلال انور سعيد

سەرۆکی لیژنە

ڕۆژ: ٢٣ / ٥ / ٢٠٢٣

ناو: پ.د. حمە نوری عمر کاکی

ئەندام و سەرپەرشت

ڕۆژ: ٢٣ / ٥ / ٢٠٢٣

ناو:پ.ی.د. سامان جلال عزیز

ئەندام

ڕۆژ: ٢٣ / ٥ / ٢٠٢٣

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەند کرا.

ناو: پ.د. شاخەوان جەلال حاجی فرج

ڕاگری کۆلێژی زمان

ڕۆژ٤/ ٦/ ٢٠٢٣

## پێشکەشە بە:

- کۆلێژی زمان، بەشی کوردی، کتێبخانەی کۆلێژی زمان، کتێبخانەی ناوەندیی زانکۆی سلێمانی، ئەکادیمیا و کتێبخانەی کوردی.

- هەر توێژەرێکی زانستخواز.

- هاوژینەکەم، (یادگار ئەکرەم قادر)، هاوکار و پاڵپشت و قەڵای بوون و ژینم.

- تەواوی ئەو هاوڕێ و دۆست و ئازیزانەی بە شێوەیەک لە شێوەکانی هاوکاری وەک: ڕێنمایکردن، پێدان و پەیداکردنی سەرچاوە، خوێندنەوە و تۆمارکردنی سەرچاوەکان، سەربازی ونئاسا دەستبارم بوون.

## سپاس و پێزانین بۆ:

- کردگاری بوونەوەر.

- هاوژینی زۆر ئەزیزم، کە هاوکار و یارمەتیدەرێکی زۆر باشم بووە لە بە ئەنجامگەیاندنی ئەم توێژینەوەیەدا.

- سەرپەرشتی بەڕێزم، پڕۆفیسۆر د.حەمە نوری عومەر کاکی، کە لەیەکەم ڕۆژی دەستپێکردنەوە تاوەکو کۆتاییهاتنی نامەکە، هاوکار و هاوڕێیەکی دڵسۆز و زانستی بووە بۆم.

- مامۆستا ئەمیرەی خوشکم و مامۆستا پەری مەحمود.

- بەڕێز مامۆستا جەلال جومعە، لەپای هاوکاری و ڕێنمای و ئەو سەرچاوە بەنرخانەی، کە بۆی پەیداکردووم.

- د. هەژاری برام، کە پاڵشتی مادی و مەعنەویم بووە.

- بەڕێز د. بوشرا کەسنەزانی و هەموو ئەو هاوڕێیانەی، کە بەهۆی بەڕێزیانەوە هاوکارم بوون.

- بەڕێز بەیان تۆفیق، لە تۆمارکردنی سەرچاوەکاندا هاوکارم بووە.

## پێرست


| لاپەڕە | ناوەڕۆک |
|---|---|
| ١-٢ | پێشەکی |
| ٣-٣١ | بەشی یەکەم:<br>دەروازیەکی تیۆری بۆ ناساندنی تۆن و ئاواز و هێز و ئاوازە |
| ٣ | ١/١) چەمک و پێناسەی تۆن و چەند سەرنجێک |
| ٣-٨ | ١/١-١) چەمک و زاراوەی تۆن |
| ٨-١٠ | ١/١-٢) پێناسەی تۆن |
| ١١-١٤ | ١/١-٣) چەند سەرنجێک دەربارەی تۆن |
| ١٥ | ٢/١)ئاواز |
| ١٥-١٦ | ٢/١-١)شیکردنەوەی چەمکەکانی ئاواز لە ڕوانگەی چەند فەرهەنگێکی کوردی و بیانییەوە |
| ١٧-١٨ | ٢/١-٢)چەمکی ئاواز لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە |
| ١٩-٢١ | ٢/١-٣)چەمکی ئاواز لە ڕوانگەی شیعر ناسییەوە |
| ٢٢ | ٣/١)هێز و ئاوازە |
| ٢٢-٢٤ | ٣/١-١)هێز |
| ٢٤-٢٧ | ٣/١-٢)ئاوازە |
| ٢٨-٣١ | ٣/١-٣)هێز و ئاواز و ئاوازە |
| ٣٢-٦٧ | بەشی دووهەم دەروازیەک بۆ شیکارو خستنەڕووی ڕەگەزەپێکهێنەرەکانی تۆن و جۆر و گرنگییان لە کاری ئەدەبییدا |
| ٣٢ | ١/٢) دیارترین ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی تۆن |
| ٣٢ | ١/٢-١) سەرەتایەک دەربارەی دیارترین ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی تۆن |
| ٣٢-٣٤ | ١/٢-٢) وشە |
| ٣٤-٣٦ | ١/٢-٣) وێنەی ئەندێشەیی |
| ٣٧-٣٨ | ١/٢-٤) دەنگە تایبەتەکان |
| ٣٨-٣٩ | ١/٢-٥) ئاوازی شیعری |
| ٣٩-٤٢ | ١/٢-٦) خاڵبەندی |
| ٤٣ | ٢/٢) ڕۆڵ و گرنگی تۆن لە کاری ئەدەبییدا |
| ٤٣-٤٤ | ٢/٢-١) ڕۆڵی جوانیناسیی تۆن |

| | |
|---|---|
| ٢-٢/٢) ڕۆڵی دەروونا سییانەی تۆن | ٤٥-٤٧ |
| ٣-٢/٢)ڕۆڵی تۆن لە بەدیهێنانی دۆخدا | ٤٧-٤٨ |
| ٤-٢/٢)تۆن بەدیهێنەری شێوازە | ٤٩ |
| ٥-٢/٢)ڕۆڵی تۆن لە ناساندنی کەسێتییەکاندا | ٥٠ |
| ٦-٢/٢)ڕۆڵی تۆن لە ڕوونکردنەوە و دەستنیشانکردنی قۆناغە ئەدەبییەکاندا | ٥٠-٥١ |
| ٣/٢)دیارترین جۆرەکانی تۆن و پۆلێنە تونییەکان | ٥١ |
| ١-٣/٢)شیکاری پۆلێنی تۆن لە ڕووی سەرچاوەی دروستبوونەوە | ٥١-٥٣ |
| ٢-٣/٢)پۆلێنی تۆنە فەرمی و نافەرمییەکان | ٥٣ |
| ١-٢-٣/٢)شیکاری تۆنە فەرمییەکان | ٥٣-٥٦ |
| ٢-٢-٣/٢)شیکاری تۆنە نافەرمییەکان | ٥٦-٥٩ |
| ٣-٣/٢)پۆلێنی تۆنی ئەرێنی و نەرێنی | ٦٠ |
| ١-٣-٣/٢)شیکاری تۆنە ئەرێنییەکان | ٦٠-٦٢ |
| ٢-٣-٣/٢)شیکاری تۆنە نەرێنییەکان | ٦٢-٦٧ |
| بەشی سێهەم شیکاری تەکنیکەکانی تۆن لە هەر سێ ڕۆمانی گوڵی شۆڕان ، باڵندەکانی دەم با، گرەوی بەختی هەڵاڵەدا | ٦٨-١١١ |
| ١/٣) شیکاری ڕۆڵی تۆن لە نواندنی کەسایەتی کەسێتییەکاندا | ٦٨ |
| ١-١/٣) ڕۆڵی تۆن لە بەرجەستەکردنی کەسایەتی کەسێتییەکانی ڕۆمانی گوڵی شۆڕان دا | ٦٨-٧٤ |
| ٢-١/٣)ڕۆڵی تۆن لەبەرجەستەکردنی کەسایەتی کەسێتییەکانی ڕۆمانی باڵندەکانی دەم با دا | ٧٤-٧٩ |
| ٣-١/٣)ڕۆڵی تۆن لەبەرجەستەکردنی کەسایەتی کەسێتییەکانی ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵەدا | ٧٩-٨٦ |
| ٢/٣)شیکاری تەکنیکەکانی تۆنگۆڕکێ لە هەر سێ ڕۆمانی (گوڵی شۆڕان، باڵندەکانی دەم با، گرەوی بەختی هەڵاڵە) دا | ٨٧ |
| ١-٢/٣) تەکنیکەکانی تۆنگۆڕکێ لە ڕۆمانی گوڵی شۆڕان دا | ٨٧-٩٠ |
| ٢-٢/٣)تەکنیکەکانی تۆنگۆڕکێ لە ڕۆمانی باڵندەکانی دەم با دا | ٩٠-٩٤ |
| ٣-٢/٣)تەکنیکەکانی تۆنگۆڕکێ لە ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵەدا | ٩٤-١٠٠ |
| ٣/٣)شیکاری کاریگەری ڕوونکردنەوەی تۆن لە سەر بونیادی دەق و زەینی خوێنەر | ١٠٠ |
| ١-٣/٣)کاریگەری ڕوونکردنەوەی تۆن  لە سەر بونیادی | ١٠٠-١٠٥ |

| | |
|---|---|
| هونەریی دەقی ڕۆمانەکان | |
| ٢-٣/٣)کاریگەری ڕوونکردنەوەی تۆن لەسەر زەینی خوێنەر | ١٠٥-١١١ |
| ئەنجامەکان | ١١٢-١١٣ |
| سەرچاوەکان | ١١٤-١٢٤ |
| پوختە بە زمانی کوردی | ١٢٥ |
| پوختە بە زمانی عەرەبی | ١٢٦ |
| پوختە بە زمانی ئینگلیزی | ١٢٧ |

## پێشەکی

**١/٠) ناونیشانی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی تۆنی جیاواز لە ڕۆمانەکانی عەتا نەهاییدا)یە، هەوڵێکی زانستیی بێ پێشینەیە لە ئەکادیمیای کوردییدا، بەمەبەستی خستنەڕووی تۆن و ناساندنی وەک تەکنیکێکی هونەریی و ئەدەبیی، لە ڕۆمانەکانی عەتا نەهاییدا ئەنجامدراوە. تۆن یەکێکە لەو تەکنیکە هونەرییانەی، کە لە کردەی نوسیندا، ڕۆڵێکی یەکجار گرنگ دەبینێت. بەشێوەیەک دەرفەتی پێویست دەدات بە نوسەر، بۆ پێشکەشکردن و نواندنێکی هونەرییانە، کە بەرهەمەکە بە ئاستێک سەرنجڕاکێش و هونەری دەکات، خوێنەر کەمەنکێشی خوێندنەوەی خۆی بکات.

**٢/٠) سنووری توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە ئەدەبی کوردیدا، ژانری ڕۆمان دەگرێتەوە، بەشێوەیەکی کارەکی و مێژووی بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکان، کار لەسەر هەر سێ ڕۆمانی (گوڵی شۆڕان، باڵندەکانی دەم با، گرەوی بەختی هەڵاڵە)ی (عەتا نەهایی)، کراوە.

**٣/٠) کێشەی توێژینەوەکە**: وەک هەوڵێکی زانستی و ئەکادیمی، لە هەوڵی دۆزینەوە و سەلماندنی ئەو پرس و گریمانانەدا بووە، کە تۆن چیە؟ چۆنیەتی دروست بوونی لە هەردوو ئاستی و نوسین و وتندا- چ ڕۆڵ و گرنگییەک دەبینێت- چۆن نرخی هونەری بە دەق دەدات- چ کاریگەریەک لەسەر زەینی خوێنەر بەجێدەهڵێت؟ عەتا نەهایی لەم ڕۆمانانەیدا، تا چ ڕادەیەک بەشێوەیەکی هونەری، توانیویەتی ئەم تەکنیکە هونەرییە بنوێنێت... تد؟.

**٤/٠) گرنگی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا تەکنیکێکی هونەری بەرباسدراوە، کە ڕۆڵی یەکجار گرنگ دەبینێت، لە هەردوو کردەی نوسین و وتندا، کە تەکنیکی تۆنە؛ بەشێوەیەک دەتوانرێت لە ئەکادیمیای کوردیدا، دەکرێت وەک سەرەتایەکی زانستیی، بۆ ناساندنی تەکنیکی تۆن لێی بڕوانرێت؛ هاوکات دەتوانرێت لە بوارەکانی ڕاگەیاندن، پەروەردە و فێرکردن، لێکۆڵینەوەی دادگا و دەزگای ئەمنی، ڕاوێژکاری، گەشەپێدانی مرۆیی...تد سودی لێ ببینرێت.

**٥/٠) ئامانجی توێژینەوەکە:** خستنەڕوو و ناساندنی تۆنە، وەک تەکنیکێکی هونەریی و ئەدەبی، بەتایبەت لە سنووری دەقدا، ئەمەیش وای لێدەکات ببێت بە یەکێک لە هۆکارەکانی بە هونەریکردنی بەرهەمەکە و بەزیندوو هێشتنەوەی لە زەینی خوێنەردا.

**٦/٠) گرفتی توێژینەوەکە:** بواری ئەم توێژینەوەیە، زۆر گرنگ و بایەخدارە لە کردەی بە هونەرییکردنی نوسین و وتندا، بەڵام هێشتا لە ئاکادیمیای کوردیدا کاری ئەوتۆی لەسەر نەکراوە، تەنانەت لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیشدا، هاوشێوەی بوارەکانی تر کاری پێویستی لەسەر نەکراوە؛

هەربۆیە کەمی سەرچاوەی زانستیی و بنەڕەتی، لە چۆنێتی ئامادەکردنی مادەی زانستیی ئەم توێژینەوەیەدا، زەحمەتی زۆری دروستکردبوو .

**٧/٠) میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا بەشێوەیەکی کارەکی، کار بە بنەما پێکهێنەرەکانی هەردوو میتۆدی پەسنی و شیکاریی کراوە.

**٨/٠) پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە، لەسێ بەش پێکهاتووە و بەشەکانیش بەم شێوەیە دابەش و جیاکراونەتەوە:

**بەشی یەکەم:** بە ناونیشانی (دەروازەیەکی تیۆری بۆ ناساندنی تۆن و ئاواز و هێز و ئاوازە). بەشێوەیەکی زانستی لە سنووری سێ پاردا، شیکاریی بۆ ئەو چەمک و زاراوانە و هاوسنووری و پەیوەندی و جیاوازییان لەگەڵ یەکتردا کراوە.

**بەشی دووەم:** بە ناونیشانی (دەروازەیەک بۆ شیکار و خستنەڕووی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی تۆن و جۆر و گرنگییان، لە کاری ئەدەبییدا). لەم بەشەدا بەشێوەیەکی تیۆری و کارەکی، بە هێنانەوەی نموونە لە سنووری سێ پاردا، هەوڵی پراکتیکردنی بۆچوونە زانستییەکان دەربارەی تۆن دراوە.

**بەشی سێیەم:** بە ناونیشانی (شیکاری تەکنیکەکانی تۆن، لە هەر سێ ڕۆمانی گوڵی شۆڕان، باڵندەکانی دەم با، گرەوی بەختی هەڵاڵە)دا. لەم بەشەیشدا، لە سنوری سێ پاردا، بەشێوەیەکی تیۆری و پراکتیکی، بە هێنانەوەی نموونە لە ڕۆمانەکانەوە، هەوڵی شیکردنەوەی تەکنیکی تۆن و تەکنیکەکانی تۆنگۆڕکێ و ئەرک و گرنگییان دراوە؛ هەروەها خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، بە چەند خاڵێک و پاشان ئاماژەدان بەسەرچاوە بەکارهاتووەکانی ئەم توێژینەوەیە و دانانی پوختە بە هەر سێ زمانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، لە کۆتاییدا خوازیارین ئەم کارە وەک هەنگاوێکی زانستیی لە جیهانی ئەکادیمیا و ئەکادیمیای کوردیدا جێی خۆی بگرێت.

# بەشی یەکەم

## دەروازەیەکی تیۆری بۆ ناساندنی تۆن

## و ئاواز و هێز و ئاوازە

## ١/١)چەمک و پێناسەی تۆن و چەند سەرنجێک

### ١/١- ١)چەمک و زاراوەی تۆن

چەمکی تۆن: بە پێی بوار و لقی زانستیی جیاواز چەمکی جیا جیای وەرگرتووە. بۆ وێنە: خودای گەورە لە قورئاندا لە ئایەتێکدا بەمەبەستی دەستنیشانکردن و بەرچاوڕوونی پەیامبەرەکەی و پاشان شوێنکەوتووانی؛ لە باری هەست و بیری دووڕووەکان بە ڕوونی بە دەربڕینی (في لحن القول) (سورەتی موحەممەد ئایەتی: ٣٠) خودا وەک زانستێک فێری پەیامبەر و شوێنکەوتووانی کردووە؛ لە هەموو قورئاندا تاکە سورەت و ئایەتە وشەی (لەحن)ی ) تێدا هاتبێت، بە واتای ناوەڕۆکی قسە و دەربڕاوەکانیان هاتووە، هەر وەک خودا ئەفەرموێت: ((وَلَوْ نَشَاءُ لَأَرَيْنَاكَهُمْ فَلَعَرَفْتَهُم بِسِيمَاهُمْ ۚ وَلَتَعْرِفَنَّهُمْ فِي لَحْنِ الْقَوْلِ ۚ وَاللَّهُ يَعْلَمُ أَعْمَالَكُمْ)) (سورة محمد: ٣٠)، لە تەفسیری (بيان كلمات القران الكريم ) بەمشێوەیە هاتووە واتا: ((مەبەست و شێوازی قسەیان بەشێوەیەکی لێل و ناڕوون دەردەبڕن.)) (محمد مخلوف، ١٩٩٨: ٥١٠٩)، بەڵام لە تەفسیری ظلال دا هاتووە: ((ئەگەر بمانەوێت ئەوانمان نیشاندەدایت، ئینجا بە سیمایاندا دەتانناسینەوە؛ بیانناسەرەوە بە تۆنی (لەحن) قسەکردنیان و چۆنیەتی لەرەی دەنگیان و لادانی قسە لە ڕێگای خۆی و مەبەستی و لادانی نالۆژیکی لە وتاری تۆدا ئەی موحەممەد.)) (سيد قطب،٢٠٠٣ : ٣٢٩٨).

لە تەفسیری (_الميسر) دا بەم شێوەیە ڕاڤەی هاتووە: ((ئەی پەیامبەر ئەگەر بمانەوێت کەسایەتی ئەوانت نیشاندەدەین بە شێوەیەک ، کە بە ئاشکرا بیانناسیتەوە لە قسە و وتنیاندا، کە گوزارشت لە ویست و مەبەستیان دەکات.)) (القطربی،١٩٦٤: ٢٥٣)، هەروەها لە تەفسیری (السعدي)یش ڕوونتر ڕاڤەی ئایەتەکە کراوە: ((ئەگەر بمانەوێت ئەوانتان پێدەناسینەوە بە کۆمەڵە هێمایەکی وەک خاڵ و نیشانە لە ڕووخساریاندا؛ هاوکات ئەوەیشی لە دڵیاندا بۆتان دەردەخەین لە ڕێگەی هەڵەی زمانییانەوە، چونکە زمان و قسە ڕەنگدانەوەی دڵە.)) (سعدی،٢٠٠١: ٦٧٨٩)، کەواتە قسە و وتراو پاشان کە دەگۆڕێن بۆ نوسراو ڕەنگدانەوەی باری زەینیی و هەستیی و دەروونیی نێرەرە؛ ئەم بۆچوونە وتە ناسراوەکەی پەیامبەر زەرادەشتمان بیردێنێتەوە، فەرموویەتی: ((مەنەنگها- ئەندێشە، ئووخزا- گفتە، شیڤەتنائیش- کردار: هەمووتان بە ئەندێشە و کردار و گفتەی چاک هەوڵ بدەن مەزدا خۆشحاڵ بکەن ..)) (عەباسی،٢٠٠٣: ١٨٣)، بەڵام بەراورد بە سەرچاوەی پێشوو ئەم سەرچاوە ڕوونتر وتە بەناوبانگەکەی پەیامبەر (زەرادەشت)ی هێناوە. ((هومەت، هوخت، هوەڕشت: واتە بیر و وتە و کرداری خاس ...)) (خەزاعی،٢٠١٦: ١٣)، بەمشێوەیە هەر سێ کردەی بیرکردنەوەی باش، وتەی باش،

کردەوەی باش، ڕەنگدانەوەی بیرن؛ بۆیە گەر لە سەرەتاوە بە ئەرێنی بیری کردەوە یان بە نەرێنی بیری کردەوە، ئەو کات تۆنی قسەکردنیشی نمایندە و نیشاندەری ئەو بارە هەستی و زەینییانە دەبێت، کە لای نێرەر گەڵاڵە بوون.

لەم ڕووەوە چەمکی تۆن وێناکەری تەواوی ئەو بارو دۆخە زەینیی و هەستییانەیە، کە لە لای نێرەر گەڵاڵە و دروست دەبن، هەربۆیە چەمک و زاراوەی تۆن بە پێی باس و بوار چەمک و مەبەستی نوێ جیاوازی وەرگرتووە، بۆ وێنە لە زانستی مۆسیقادا ((بە ڕستێک دەنگی ڕێکخراو و دڵخواز، بە شێوەیەکی بەرز و نزم و هاوڕیتم و هاوئاهەنگ ڕێکخرابێتن لە پارچەمۆسیقایەکدا دەوترێت تۆن.)) (عومران پور، ١٣٨٤: ١٢٨)، هەر وەک زۆربەی بوارەکانی تری زانست (گریک) لەم بواریشدا پێشەنگە، ((بۆ یەکەم جار بە واتا مۆسیقییەکەی چەمک و زاراوەی تۆن لە لایەن گریکەکانەوە بەکارهێنراوە.)) (دهخدا، ١٣٧٣: ٣١٩)، حسێن عەلی مەلاح تۆن بە چەمکە مۆسیقییەکەی بە ((کۆبوونەوە و ڕێکخستنی دەنگ گەلێکی باریک و قەڵەو، بەشێوازێکی بەرز و نزم لە سەر جۆرە ڕیتمێکی گونجاو و یەک بە دوای یەکدا ڕێکخرابێتن دادەنێت.)) (مەلاح، ١٣٦٣: ١٨٤)، بەڵام چەمکی تۆن لە فەرهەنگی زماندا بە واتای ((ئاواز ،ئاوازی خۆش، ئاوازی هەمەڕەنگ، یان ئاهەنگ و دەنگ یان ئاوازی خۆش و ڕیتمدار و هاوئاهەنگ و پڕ هارمۆنیا و جۆرە تۆن و لەحنەک.)) هاتووە. (دهخدا، ١٣٧٣: ٣١) .

لە زانستی ڕەنگناسیشدا چەمکی تۆن بە واتای بڕ و ڕێژەی تۆنی ڕەنگێک هاتووە؛ بە شێوەیەک لە ڕووی ڕادە و ڕێژەی کاڵی و تۆخی ڕەنگەکەوە پۆلێنی ورد ترمان بۆ دەستنیشان دەکات. بۆ زانیاری زیاتر دەتوانرێت بڕوانرێتە (فەرهەنگی بەناوبانگی لارووسی فەڕەنسی) https://www.larousse.fr/ بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین لە سەرەتادا زیاتر چەمکی تۆن بەو واتا و مەبەستانە لەو بوارە جیاوازانەدا بەکارهاتووە، بەڵام دواتر لە چەندین سەرچاوە و فەرهەنگی زمانیی و ئەدەبیدا، گۆڕان بە سەر واتا و مەبەستی چەمکی تۆن دا هاتووە، بۆ وێنە لە چێوەی ڕەخنە و ئەدەبی هاوچەرخی ئێران ((لەحن وەرگێڕراوی کوتو متی تۆنی ئینگلیزیە، کە گوزارشت لە دید و هەستی نێرەر (نوسەر) دەکات لە ئاست پەیام و ناواخنی بەرهەمەکەیدا بۆ وەرگر (خوێنەر-گوێگر)) (پرەێن،١٣٧٦: ٨٧) .

لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد تایبەت بە زاراوە ئەدەبییەکان، (tone) وەک زاراوەیەک بەم چەمکانە هاتووە: ((تۆن زاراوەیەکی ڕەخنەیی زۆر تەمو مژاوییە زۆربەی کات باری هەست و هەڵوێستی مەزاجی نێرەر لەبەرهەمەکەیدا بەدیار دەخات، هەروەها لەهەندێک نوسینی سنووردراردا ئاماژەیە بۆ هەڵوێستی نوسەر دەربارەی بابەت و خوێنەر، بەشێوەیەک ئەم باری هەست و هەڵوێستەی نوسەر لەبەرهەمەکەیدا دەگوێزرێتەوە، بۆ وەرگر خوێنەر لەسەر تەرزی تۆنی( خۆمانە، دۆستانە، خۆسەپێن....تد )) (Baldick،

2001 : 259)، لەم ڕووەوە تۆن وەک زاراوەیەکی ئەدەبیی ئەو چەمکە نوێیە وەردەگرێت، کە مەبەست لێی پەیامی نێرەر و ناوەڕۆکی قسەیە.

لە فەرهەنگی دودنی ئەڵمانییدا تۆن بەڕێنوسی (Ton)بەم چەمکانە هاتووە: (تۆن بیستەنییە لە ئەنجامی شەپۆلی دەنگیی ڕێکوپێکەوە دروست دەبێت، لەبەرئەوە شەبەنگی دەنگیی تۆن یەک لەرینەوەی هەیە، ڕەگەزێکی سەرەکی هەموو بیستراوە هەستییەکانی دیکەیە، بەڵام تۆن وەک زاراوەیەک لە ئەدەبدا، ئاماژەیە بۆ چۆنێتی ئەو بارودۆخ و خو و ڕەوشتەی نوسەر تێدایە، بەشێوەیەک ئەو وشە هەڵدەبژێرێت، کە وا لە خوێنەر بکات، هەست بە چونێتی تۆنی دەقەکە بکات؛ یان مەبەست لە تۆن ئەو تۆنەیە نوسەر لە نوسینەکەیدا بەکاریدەهێنێت، دەتوانێت چەندین هەست و بۆچوون بوروژێنێت، هەروەها تۆن لە توانایدایە درێژبێتەوە بۆ کۆمەڵێک لە شێواز و ڕێباز و پێودانگی دەقیی بەرفراوان لە کۆنەوە بۆ نوێ، لە کورتەوە بۆ فراوان.) (duden, online)، بەڵام لە فەرهەنگی لا ڕووسی فەرەنسی وردتر چەمک و زاراوەی تۆن لێکدراوەتەوە: (تۆن وەک زاراوە لەزمانی فەڕەنسیدا بەبێ پیتی کۆتای دەنوسرێت (ton) واتە لەڕووی ڕێنوسەوە جیاوازە لە ئینگلیزییەکە لە فەڕەنسییدا بەڕێنوسی (ton) بەڵام لەئینگلیزیدا بەڕێنوسی (tone) دەنوسرێت.

((ڕەگ ڕیشەی تۆن دەگەڕێنێتەوە بۆ لاتین و گریک بەم پێیە ڕێنوسی وشەی تۆن لە لاتین دا ( latin tonus, du)واتە تۆن لە زمانی لاتینیدا، دەبینین بەڕێنوسی(t o n u s) نوسراوە، هەروەها لای گریکەکان بەڕێنوسی (t o n o s) نوسراوە (grec tonos, tension) تۆن لەم فەرهەنگەدا بەم چەمکانە هاتووە: (کوالیتی دەنگ و ئاواز لە ڕووی بەرزی و نزمی و چڕ و پڕی ئاوازەکەوە، واتای دەقی یەک تۆن ئامێری یەک وەتەری هاتووە، بەواتای گوێزەرەوەی باری زەینیی و هەستیی نێرەر لە قسەکردندا، هەروەها بە واتای تۆنی وشە هەست دەربڕەکان دێت وەک(ئاخ، ئۆف، ئای، وەی، ئەی،...تد) سروشت و شێواز و تایبەتمەندی نوسین نیشاندەدات، کە باری زەینیی نوسەرەکەی تێدا ڕەنگ دەداتەوە، بەشێوەیەک پەیامی نێرەر بە وەرگر دەگەیەنێت، هەروەها تۆن ڕێگایەکە بۆ دەربڕینی هەستی تایبەتی تۆن بە واتای زار و شێوە زاری تاکی ئاخێوەر دێت، بەشێوەیەک لە ڕێی تۆنی قسەکەر تۆنی زمانی نێو نەتەوەیی ئەو قسەکەرە بەدیار دەخات سەر بەچ و ناوچە و شێوە زارێکە؛ لە هونەرە جوانەکاندا لە ڕوانگەی زانستی ڕەنگ ناسییەوە تۆن بەواتای تەرزە تۆنەکانی ڕەنگێک دێت لە ڕەنگەکاندا – لەزانستی دەنگسازیدا، کە لقێکە لە لقەکانی زانستی زمان تۆن بە واتای بەرز ی ونزمی بڕگە دەنگییەکان دێت، هەروەها بەدیار خستنی تۆنی قسەکردنی قسەکەران سەر بەچ گەل و نەتەوەیەکن)) (larousse, online)، لەو فەرهەنگەدا بە شێوەیەکی ورد و زانستیی، سەرەڕای دەستنیشانکردنی ڕەگ و ڕیشەی تۆن؛ ئاماژەیشی بەزۆربەی چەمکەکانی داوە.

لەفەر هەنگی معانی دا چەمک و زاراوەی تۆن بەم شێوەیە هاتووە: (وەک زاراوە (**لَحْنْ**) بەکارهاتووە، وەک چەمکیش بەم مەبەستانە هاتووە (ئاواز، میلۆدی، ئاوازدانان، خوێندنەوە بە ئاواز و دەنگەوە، دەنگ وئاوازی گۆرانی، ئاوازی خۆش، ڕیتمی خۆش، ئاوازی وتن، ئاوازی هەڵەی زمانی بە واتای ناوەڕۆکی وتن، هەڵەی وتن، لەحن بەواتای شێوەی قسەکردنی فلان هۆز و قەبیلە ،لە لەحنی قورئان تێبگەن کە بە لەحنی قورەیش دابەزیوە، لەحن بەواتای تێگەیشتن لە نیازو مەبەستی وتن لە ڕێی لەحنی قسەکردنیانەوە تێاندەگەیت دەیناسیتەوە، ئاوازی شیعرو گۆرانی)) (معانی، online)، لەم فەرهەنگەیشدا ئاماژەی بە زۆربەی چەمکەکانی (**لَحْنْ**) دراوە، بەڵام ئەوەی مەبەستیی ئەم توێژینەوەیە، ئەو چەمکەیەتی، کە بە واتای ناوەڕۆک و مەبەستی قسە دێت.

لە (معجم مقاييس اللغة) تۆن بەم چەمکانە هاتووە: ((زرنگیی قسەکەر، گۆڕینی مەبەستی قسە بە قازانجی خۆی، چونکە لە ڕێگەی تۆنی قسەوە مەبەستێک بشارێتەوە، کە لە ناوەڕۆک و ئاوازی وتندا هەست بەو گۆڕانە دەکرێت.)) (الرازی، ١٣٩٩: ٥-٢٣٩)، بەڵام لە (لیسان العرب)دا سەرەڕای ناوەڕۆکی قسە، ئەم چەمکانەیش دەگەیەنێت: (ئاوازی دانراو، بە ئاوازەوە دەخوێنرێتەوە، بە ئاوازی عەرەبی قورئان بخوێنرێت، هەڵەکردن لە ئاوازی خوێندنەوەدا، بە شێوەزاری خۆی قسە دەکات، مەبەستی قسەکەی لەوانی تری شاردەوە، چونکە خواستی شاردنەوەی هەبوو.)) (ابن منظور، ١٤١٤: ١٣-٣٧٩)، هەرو ەها لە (معجم كتاب العين)دا چەمکەکانی (**لَحْنْ**) بەم شێوەیە هاتوون: ((هەر شتێک بە دەنگ و ئاوازەوە بوترێت، ئەوەی قسەکەر مەبەستییەتی بیگەیەنێت، مەبەستی قسەکەر لە تۆنی دەربڕینەکانیدا بە دیاردەکەوێت.)) (لفراهیدی، ...: ٣-٢٢٩-٢٣٠)، سەرەڕای بوونی هاوشێوەیی، یان جیاوازی لە چەمک و واتای لحن دا، بەڵام دیاردەی یەک زاراوەیی لەو سەرچاوە عەرەبییە بنەڕەتیانەدا بەدیارکەوتووە.

لە فەرهەنگی ئازادییدا، بەمشێوەیە چەمکەکانی تۆنی هێناوە: (( (tone)– (١) (أ) ئاواز؛ دەنگ (مۆسیقا، مرۆڤ). (ب) چۆنێتی ئەم دەنگە. (٢) بەرزی و نزمی دەنگی مرۆڤ کە هەستی دەردەبڕێ؛ شێوەی وتن؛ دەم دوو. (٣) شێوازی نووسین و ئاخاوتن کە هەڵوێستی کەسەکە دەردەخات.)) (قەردەاخی،٢٠١٢: ١٠٨٠)، لە خاڵی یەک بڕگەی (أ) بەرامبەر زاراوەی تۆن لە کوردیدا، هەردوو زاراوەی (ئاواز و دەنگ)ی هاوبەرامبەر کردووە، هاوشێوەی فەرهەنگە کوردییەکانی تر دیاردەی فرە زاراوەی تیادەبینرێت، بەڵام لە بڕگەی (ب) هەروەها لە خاڵی سێدا تاڕادەیەک باش ئاماژەی بە چەمکەکانی تۆن داوە، بەراورد بەفەرهەنگە کوردییەکانی تر، کە بە واتا و مەبەستی قسە و واتای هەستەکی قسەکەر هێناوە.

لە فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی ئەورەحمانی حاجی مارف دا ((بەرامبەر بە چەمک و زاراوەی لەحنی عەرەبی نوسەر ئاواز بە کوردی (میلۆدی melody ) بەئینگلیزی داناوە )) (حاجی مارف،٢٠١٤ :٣٨٣)، گەر سەرنجێک لە چەمکەکانی (لَحْنْ) بدرێت، وەک باسکران لەم فەرهەنگە کوردییەدا تەنها یەک چەمکی لەحن وەرگیراوە، بۆیە زیاتر سروشتێکی وشە نامەی هەیە نەک فەرهەنگ، هەروەها لە فەرهەنگی فارسی کوردی دانشگای کوردستاندا سەبارەت بەچەمک و زاراوەی لەحن نوسیویە ((لحن/lahn/:اسم ئاهەنگ: ١. شێواز و چۆنییەتی دەنگ (قسە یان موسیقا) ٢.دەراو؛ شێواز و شێوەی دەربڕینی بابەتێک (لحن دۆستانە.)) (رۆحانی، ٢٠١٤: ٦٩٥)، بەشێوەیەکی گشتی هەژارییەکی شەرمهێنەر ڕووی بەناو فەرهەنگ و وشە نامە کوردییەکانی گرتۆتەوە، فەرهەنگەکەی رۆحانی بەهۆی نزیکیان لەزمانی فارسییەوە تاڕادەیەک وردتر زانستی فەرهەنگ نووسینیان ڕەچاو کردووە، بەتایبەت لە چەمک زاراوەی تۆن (لەحن) دواوە بە بەراورد بە فەرهەنگە هاوشێوەکانی، ئەگەر چی ئەمیش دروست نەیتوانیوە زاراوەی چەسپاو(کۆنکرێتی) لەبەرامبەر چەمکەکانی بەکاربهێنێت، بەڵام لەم فەرهەنگە فارسییەدا ((لەحن -تۆن بەواتای چۆنێتی ئەدا کردنی دەنگ و تۆنی قسەکردن دێت، یاخود بە واتای چۆنێتی شێواز و بەیانکردنی قسە دێت  لە دەربڕین و نوسیندا.)) (هداوند ،١٣٩٨: ٩٥٠)، لە ڕوانگەی ئەم فەرهەنگەوە چۆنیتی دەربڕینەکان  لە نوسین و قسەکردندا بەدیار دەخات، بەمشێوەیە لە ڕێگەی تۆن و تەرزەکانییەوە دەتوانین پەی بە بارو و دۆخە زەینیی و هەستییەکانی نێرەر ببەین لە  وتن و نوسیندا.

دیاردەی فرە زاراوەیی لای نوسەر و توێژەرانی کورد زۆر دەبینرێت، بۆ وینە: (بەختیار سەجادی) لە توێژینەوەکەیدا بە ناونیشانی (گێڕانەوەی نوێ کارانە و پێکهاتەی هونەریی لە ڕۆمانی کوردیدا، خوێندنەوەی گرەوی بەختی هەڵاڵەی عەتا نەهایی) زاراوەی ((لەحن))ی بەکارهێناوە (سەجادی، ٢٠١١: ٦٣)، دەکرێت بە کاریگەری زمانی فارسی ئەم بەکارهێنانەی ئەنجامدابێت، چونکە لە ئێستای ئەو زمانەدا وابەکاردەهێنرێت، بەڵام (حەمە مەنتک) لە پەرتوکی (هونەرەکانی چیرۆکنوسین)دا، لە بەرامبەر (Tune) ئینگلیزیدا، زاراوەی (ئاواز)ی بەکارهێناوە، نەک (tone)، ((ئاواز- لحن-Tune) ئاواز شێواز و چۆنیەتی دروستکردنی دەنگ و مۆسیقایە لە چیرۆکدا. بە واتایەکی دیکە ڕیتمی قسەکردن گریان، پێکەنین، توڕەبوون...تد کارەکتەر دەگرێتەوە.)) (حەمەمەنتک، ٢٠١٨: ٧٧)، ئەگەرچی لە چۆنییەتی خستنەڕوویدا، لێڵی و ناڕوونی هەیە،  لە سەرەتادا چەمکە مۆسیقییەکەی تونی لێکداوەتەوە، کەچی لە شیکردنەوەکەیدا لەگەڵ چەمکی تۆندا تێکەڵی کردووە. (محەمەد ڕەحیم) لە وەرگێڕانی پەرتوکە بەناوبانگەکەی (ڤەنسان ژوڤ)دا، بە ناونیشانی (بووتتیقای ڕۆمان) زاراوەی تۆنی لە فەرەنسییەوە بۆ کوردی بە زاراوەی ((ئاهەنگ)) (ژووڤ؛ ٢٠٢١: ٨٢) وەرگێڕاوە، بەڵام (بوشرا کەسنەزایی) لە تێزەکەیدا بە ناونیشانی (ئیستاتیکای گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا) زاراوەی ((ئاواز))ی بەکارهێناوە.

(کەسنەزانی،٢٠٢٢: ١٢١-١٤١)، بەشێوەیەک هەردوو زاراوەی (ئاواز و تۆن)ی بە هەمان چەمک بەکارهێناوە، چونکە بە ڕوونی توێژەر لە بەکارهێنانی کارەکەیدا، یەکلای نەکردووەتەوە؛ لە بەر ئەو فرە زاراوەیە لای توێژەران، نەبوونی سەرچاوەیەکی زانستیی باوەڕپێکراو، بە باش زانرا، هەر زاراوە ئینگلیزییەکە (Tone)، بەڵام بە ڕێنوسی کوردی (تۆن) بە چەمک و واتای باری هەست و هەڵوێست و مەبەستی قسەی قسەکەر، لەم توێژینەوەیەدا بەکاربهێنرێت.

## ٢-١/١) پێناسەی تۆن

تۆن تەکنیکێکی گرنگی هونەری ناو بەرهەمی ئەدەبییە، ڕەهەندی زمانیی هەیە، بەشێوەیەک هاوئاهەنگ لەگەڵ ڕەگەزە هونەرییەکانی تری پێکهاتەی دەقدا چ چیرۆک، یان ڕۆمان، یان هەر ژانرێکی تر بێت، ڕۆڵی خۆی دەبینێت.

هەر بەهۆی ئەو ڕۆڵە گرنگ و جوانیناسییەی(Aesthetics) تۆن دەیبینێت لە بەرهەمی ئەدەبییدا، لەسەردەمانێکی کۆنەوە لەلایەن نوسەر و شارەزا و بیرمەندانەوە سەرنجیان داوە؛ هەندێک لە شارەزاو تیۆردانەرانە، بەشێوازی خۆیان گوزارشتیان لە ڕۆڵ و گرنگی تۆن کردووە، لەم بارەیەوە مەولانا جەلالەدین لەبەیتە شیعرێکی دا گوزارشت لە بایەخ و پێگەی تۆن دەکات لەکاری ئەدەبییدا:

((...حرف گو و حرف نوش و حرف ها............هر سه جان گردند اندر انتها )) (مەولەوی، ١٣٨٨: ٩٦٦)

واتە (نێرەر، وەرگر، بابەتی پێشکەشکراو)، لەکۆتاییدا یەک گیان و یەکبوون پێکدەهێنن مەبەست لێی تۆنە، بەڵام ابوعلی ابن سینا ((تۆن بەجۆرە لەحنێک دەزانێت؛ کە مایەی خرۆشان و خەیاڵ کردنە، بۆیە تۆن لە بەرهەمی ئەدەبییدا، کاریگەرییەکی یەکجار گەورە لەسەر دەروونی خوێنەر جێدەهێڵێت)) (شفیعی کدکنی، ١٣٧٤: ٤٧)، لەڕوانگەی ئەم پێناسەوە (تۆن) بەهێزی بزوێنەر و خرۆشێنەر لای خوێنەر، وەرگر دادەنرێت، بەشێوەیەک ڕۆڵی دەبێت لە وێناکردن و تێگەیشتنی زیاتری بۆ بابەتەکە یان بەرهەمەکە، هەربۆیە پێویستە بۆ گوزارشت کردن لە ویست و مەبەستێک تۆنی تایبەت بەو جۆرە ویست و مەبەستە لەبەرچاو بگیرێت.

ڕیچارد ((تۆن بەدۆخێک دەزانێت، لە ڕێگەیەوە لەچوارچێوەی بەرهەمێکی ئەدەبییدا نوسەر مەبەستەکەی بۆ بیسەر دەخاتەڕوو، چونکە تۆنی ئاخێوەر(نوسەر) سەکۆیەکی دەنگییە لەڕێگەیەوە هەستی ئاخێوەر دەگوێزرێتەوە بۆ وەرگرانی (خوێنەر).)) (موراد ئابادی،١٣٨٤: ٢٦)، ئەم پێناسەیە ئەرک و سروشتی تۆن بەدیار دەخات، بەوەی تۆن کەناڵێکی دەنگی گوێزەرەوەیە، کە باری زەینی و

هەستەکی دانەر (نوسەر) بە وەرگر دەگەیەنێت (خوێنەر ،بیسەر)، کەواتە دەبێت لەبەرهەمی ئەدەبییدا بەوریایییەوە مامەڵەی تۆن بکرێت، تا بەپێی خواست و مەبەستی دانەر لەگەڵ ناوەڕۆکی بەرهەمەکەدا گونجاو و هاوئاهەنگ بێت. ((لە ڕاستییدا تۆن بریتیە لە دەربڕینی هەست و سۆزی دانەر لەڕێگەی نەوای زەینییەوە)) (عمران پور، ١٣٨٤: ١٢٩)، ئەم پێناسەیە ئاماژە بەگرنگی پێگەی وشە دەدات، لە سازاندنی تۆنی دانەر لە بەرهەمەکەیدا، بەشێوەک دۆخی زەینیی و دەروونیی و هەستیی بۆ وەرگر خوێنەر دەگوێزێتەوە ؛ بەمشێوەیە تۆن ڕۆڵی یەکجار گرنگ و کاریگەر دەبینێت، لە بەرهەمی دانەراندا پێویستە مامەڵەیەکی زانستی و هونەری لەگەڵدا بکرێت، ئەمەیش کایەکی دوو لایەنە لەلایەک دانەرە، لەلایەکی تریشەوە وەرگر هەیە، دەکرێت هەریەکەیان لەپێگەی خۆیان بەپێی پێویست لێی بەئاگابن، تا ئەو توانست و هونەرکارییەی دانەر لە ڕێگەی تۆنەوە دروستی دەکات بەوەرگر بگات.

هەربۆیە پرەیین ((تۆن بە هونەری تێگەیشتنی دانەر لە بابەت وەرگر و خوێنەر دەزانێت، کە بریتیە لە میتۆدی دانەر لە ڕێگەیەوە درکی بابەت دەکات، تێگەیشتن و (ئیدراک)ی خۆی بۆ وەرگر خوێنەر دەگوێزێتەوە.)) (perrin,1963: 87 )، بۆیە تۆن ((ئەو دۆخەیە لەلایەن دانەرەوە (بگۆ) دەگوێزرێتەوە بۆ (خوێنەر)، بەشێوەیەک ئەم کردەیە خۆی لەچۆنێتی هەڵبژاردن و چنینی وشەکاندا (واژەکان) لەبەرهەمەکەدا دەنونێنێت.)) (گری،١٣٨٢: ٣٣١)، گری لەپێناسەکەیدا، بەشێوەیەکی زانستی چۆنێتی دروستکردنی گواستنەوەی ئەو دۆخ و بارە زەینیی و هەستیی و دەروونییانەی یارۆی دانەر، بە خوێنەر نیشانداوە، کە لە وردبینی و وردەکاری وشەگەلی لەبارو گونجاو تایبەتمەند و بارگاوی کراو هاوئاهەنگ لەگەڵ ناوەڕۆکی بەرهەمەکەدا دەبینێتەوە؛ کەواتە ((تۆن ڕستێک تەکنیک و هونەرە دانەر بەکاریان دەبات لەبەرهەمەکەیدا، تا ڕەوش و ئەتمۆسفێری(Atmosphere)تایبەت واتە کەشی تایبەت لەبەرهەمەکەیدا دروست بکات.)) (خاکبازی،حیدری ،١٣٩٩: ١١٢)، ئەم پێناسەیە هاوشێوەی پێناسەکانی تر ئاماژە بەتوانست و توانای هونەری دانەر دەکات، لە چۆنێتی دروستکردنی تۆن لەبەرهەمەکەیدا.

((تۆنی ناو ڕستە وەک پردێک وایە، لەم سەری پرد نێرەر لەو سەری پرد وەرگر وەستاوە، بەسەر پردەکەیشدا پیت و وشە و پەیڤە ورد چنراوەکان دەپەڕنەوە، پێکهاتەی پردەکەیش بریتیە لە تۆن.)) (اکبری،١٣٩٦: ٨٥)، لەڕوانگەی ئەم پێناسەیەوە مەبەست لەم پردە (تۆن)ە، کە لە توانایدایە هەست و خواستی یارۆی دانەر بۆ یارۆی وەرگر بگوێزێتەوە، بەشێوەیەک وەرگر لە دۆخی زەینیی و هەستەکیی نێرەر بگات و درکی پێ بکات؛ لە ڕوانگەی ئەو بۆچوونەوە تۆن ڕەگەزێکی تێکچڕژاوی هونەری و بەرهزرییە لە پێکهاتەی بەرهەمدا، بۆیە دانەری ئەم پێناسەیە ویستوویەتی لە دەربڕینێکی

ئەدەبییدا لە ڕێگەی هونەری چواندنەوە بەرجەستەی بکات، تا زیاتر لە سروشت و پێکهاتە و واتا و مەبەستی ڕۆڵی تۆن لەبەرهەمی پێشکەشکراو دا تێبگەین.

((تۆن شێوازی مامەڵە و هەڵسوکەوتی دانەرە لەگەڵ بەرهەمەکەیدا، بەشێوەیەک بتوانێت لەڕێگەی تۆن و تەرزەکانیەوە کەش و فەزایەک بسازێنێت، تا وەرگر (خوێنەر) توانای خەیاڵکردن و پێشبینیکردنی ڕووداوەکانی ناوبەرهەمەکە بکات، کوتومت دەنگی بێژەرێک شێوازی هەڵسوکەوتی بێژەر لەگەڵ بابەت و وەرگرەکانیدا (بینەر و بیسەر) بخاتەڕوو، بەشێوەیەک وانیشانی بدات داخۆ؟! یارۆی بێژەر ((سەرکۆنەکەرانە و بزێو، پڕ وزە، بەویقار، فەرمی یا دۆستانە) مامەڵە دەکات، بەهەمانشێوە تۆنی دانەریش شێوازی بەرخود و هەڵسوکەوتی نوسەر دەخاتەڕوو لەگەڵ بەرهەم و وەرگردا.)) (میرصادقی، ١٣٩٤: ٦٧٤)، بەمشێوەیە ((تۆن هاوئاهەنگ لەگەڵ ڕەگەزە هونەرییەکانی تری ناو بەرهەمەکە کاریگەریەکی یەکجار دیار بەسەر بەرهەمی ئەدەبییەوە جێدەهێڵێت، ئەم کاریگەرییە لەو ڕووەوە دێت، کە تۆن گەیەنەر و دیارخەری لایەنە ناوەکی هەستەکییەکانی دانەرە (نوسەر)؛ بەم پێیە پێویستە دانەر خۆی بەدوور بگرێت لەهەرجۆرە زێدە گۆیی و زۆر لە خۆکردنێک، تۆنێکی گونجاو لەبەرهەمەکەیدا ڕەنگ پێبداتەوە.)) (خاکبازی،حیدری، ١٣٩٩: ١١١)، وردی و ئاڵۆزی تۆن و تەرزەکانی لەپێکهاتەی دەقدا، هەروا کارێکی سادەو ئاسان نییە مامەڵەکردنی، بۆیە پێویستی بەتوانست و توانایەکی باشی زمانیی و هونەریی هەیە، تا دانەر (نوسەر) بتوانێت بەرهەمێکی هونەری ئاست بەرز پێشکەش بکات، بەشێوەیەک تەواوی ئەو هەست و ویست و مەیل و ئارەزووە زەینیی و دەرونییانەی لە بەرهەمەکەدا ڕەنگ پێبداتەوە و بەخوێنەر بگات.

((تۆن باری سەرنج و گۆشە نیگای دانەرە لەئاست بەرهەمەکەیدا.)) (میرصادقی،١٣٩٤: ٦٧٤-٦٧٥)، بەگشتی هەریەک لە پێناسەکان گوزارشت لە سروشت و پێکهاتەی تۆن و چۆنێتی کارکردنی ڕۆڵ و گرنگییەکەی لە پێکهاتەی دەقدا دەکەن، جا ئەو دەقە (شیعر، چیرۆک، یان ڕۆمان) یا هەر ژانرێکی تر بێت، بەڵام هەر نوسەر و تیۆردانەرێک (Theorist) لەگۆشە نیگای خۆیەوە بەگوزارەی تایبەت گوزارشتی لەتۆن کردووە؛ هاوکات پێناسەکان لەو خاڵەدا یەک دەگرنەوە، کە تۆن بەژیان بەخش و ئەژیانکەری ناو بەرهەمەکە دادەنێن، بەمشێوەیە تۆن ڕەنگ پێدەری باری هەستیی و زەینیی و دەروونیی و ڕۆحیی و مرۆییەکانی یارۆی دانەرە لەبەرهەمەکەیدا.

## ٣-١/١) چەند سەرنجێک دەربارەی تۆن

تۆن وەک تەکنیک و بونیادێکی هونەریی لەبەرهەمە ئەدەبییەکاندا، جێی دیدو سەرنج وتێڕامانی نوسەر و شارەزا و تیۆردانەران بووە؛ بۆیە چەندین سەرنج و تێڕوانینی هاوشێوە و جیاوازیان دەربارەی تۆن خستۆتەڕوو. زۆری ئەو دیدو تێڕوانینانە پەیوەندی هەیە لەلایەک بۆ باری سەرنج و گۆشە نیگای ئەو شارەزاو تیۆردانەرانە سەبارەت بە تۆن؛ لەلایەکی ترەوە بۆ سروشت ڕۆڵ و پێکهاتە ئاڵۆزەکەی تۆن دەگەڕێتەوە، وەک تەکنیکێکی هونەریی نوێ لەبەرهەمی ئەدەبیدا.

لەم باسەدا پوختەیەکی ئەو دیدو سەرنجانە دەخرێنەڕوو:

ابن سینا لەپەرتوکی (الإشارات والتنبیهات) دا ((پێگەی تۆن هێندە بەرز دەنرخێنێت وەک یەکێک لە چوار مەرج و بنەماکەی پەند وئامۆژگاری سەرکەوتوو کاریگەر دایدەنێت، وتەی پەند ئامێز دەبێت لە ئاخێوەرێکی پاک و بە واتا گەلێکی باڵا دابڕێژرێت و بە لەحن و تۆنێکی خۆش بەشێوازێکی ڕوون بوترێت.)) (ابن سینا،١٣٦٧: ٤٤٧)، ئەم بیرمەندە ورد بۆ بابەتەکە چووە تا ڕادەیەک سەرکەوتوو بووە، لە دیاری کردنی ڕۆلی تۆن بەتایبەت لەبەرهەمی  پەند ئامێزدا؛ سەرەڕای ئەم دۆزینەوەیە بەشێوازی تایبەتی خۆی لە بنەمای دووهەم و چوارهەمدا لەپێکهاتە و سروشتی تۆن وەک ڕەگەزێک هونەری دوواوە، هەڵبەت ئەم دیدەی ابو علی ابن سینا لە لایەک وردبینی خۆیمان نیشاندەدات، لەلایەکی تریشەوە سەرە داو گریمانەی گرنگی تۆن وەک زانست نیشادەدات.

تۆن وەک تەکنیکێکی هونەریی نوێ لە ڕەخنە و ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئێرانییدا ((ڕەگەزێکی هونەری نوێیە، بەشێوەیەک لە سەردەمی دهخدا* سەرنجی دراوەتێ و وەک ڕەگەزێکی هونەریی نوێ، هێنراوەتە ناو ژانری چیرۆک و ڕۆمانەوە، ئەگەر چی دهخدا لەسەرەتاوە مەبەستی چیرۆک نوسینی لەسەردا نەبوو، بەڵام لە نوسینەکانیدا پرسی تۆنی سەرنج داوە؛ پێش کارەکەی دهخدا هەر نوسەرێکی ئێرانی بگریت لەبەرهەمەکانیاندا، هەر کەسێتییەکی هونەریی سەر بەهەر چین و توێژێکی کۆمەڵ بوایە، بەهەمان زمانی(تۆن) گێڕەرەوە قسەی دەکرد، بەڵام دهخدا بۆ هەرکەسێتییەکی هونەریی لەکایەی ئەدەبییدا تۆنی تایبەت بەخودی ئەو کەسێتییە تایبەت کرد.)) (شفیعی کدکنی،١٣٧٨: ٨٢-٨٣)، بەمشێوەیە تۆن وەک ڕەگەزێکی، یان تەکنیکێکی هونەریی و ئەدەبیی نوێ لای نوسەران ڕەنگی دایەوە؛ بۆیە ئەو ئامادەییە ڕاستەخۆییەی نوسەر لەبەرهەمەکەیدا باو و بەرچاو بوو چیدی بەو شێوەیە نەمایەوە، بەمشێوەیە ((نوسەر ئامادە بوونی ڕاستەوخۆی خودی خۆیی  لەبەرهەمەکەیدا کێشایەوە، بە لەبەرچاوگرتن و هەڵبژاردنی تۆنی گونجاو لەگەڵ فەزا (Atmosphere) و تایبەتمەندی کەسایەتی و پێگەی کەسێتیی  بابەتی چیرۆکەکەدا بەرهەمێکی هونەریی پێشکەش دەکرد.)) (فتاحی،

١٣٨٦: ٢٢٤)، لەم ڕووەوە  لەبەرچاوگرتنی تۆنی تایبەت بە پێی جۆری کەسێتی و بارە هەستەکیی و زەینیی و دەروونییەکانی، بووە بە پێویستییەکی هونەریی، لە کردەی نوسیندا.

نوسەر و ڕەخنەگری ئەدەبیی ئەمریکی(Wayne C. Booth)  بۆچوونێکی پێچەوانەی هەیە، سەبارەت بە هەژموونی تۆنی نوسەر بەسەر تۆنی کەسێتییەکانی ناو چیرۆک و ڕۆمانەوە، بەشێوەیەک بەنوسەری پەنهانەکی دەزانێت لە بەرهەمەکەیدا بەدیدی ئەو ((نوسەر بەهاکان باوەڕکان دیدە ئاکاری و کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان... تد لە سەرتاسەری بەرهەمەکەیدا وەک زنجیرە هۆکارگەلی باڵادەست ڕەنگیان پێدەداتەوە و دەیانخاتە کار، بەشێوەک وەرگر ناچار بە ملکەچ بوونی زەینیی و هەستیی ئەو بەهاو باوەڕ و دیدانەی خۆی دەکات، جا ئەو بەرهەمە ژانری چیرۆک، یان ڕۆمان، یان هەر ژانرێکی تر بێت؛ هەڵبەت ئەم کارەیش لەڕێگەی تۆن و تەرزەکانیەوە جێبەجێ دەکات، گەر بێت و ئەم کارەی ئەنجام نەدابێت، تەنیا یاری بە وشە کردووە و تانو پۆیەکی ئاڵۆزی چنییووە.)) ( ایبرمز، ١٣٨٤: ٢٦٧)، بۆچوونەکەی وین بۆث کۆنکرێتییە، سەبارەت بە هەژموونی  تۆنی باڵادەستی نوسەر لەبەرهەمەکەیدا، بەشێوەیەک کەسێتییەکانی ناو بەرهەمەکە دەشێت ڕۆبۆت ئاسا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، بەڵام بەو ڕەهاییە نوسەر دەست کراوە و ئازاد نییە، لە باڵادەست کردنی تۆنی خۆی بەسەر تۆنی کەسێتییەکاندا، چونکە تۆن وەک تەکنیکێکی هونەریی نوێ، ئاستەنگ لەبەردەم هەژموونی نوسەردا دروست دەکات، بەڕادەیەک ناهێڵێت کاریگەری تۆنی باڵادەستی نوسەر بەسەر تۆنی کەسێتییەکانەوە، بەدیاربکەوێت، ئەگەر تایبەتمەندییەکانی تۆن وەک تەکنیکیکی هونەریی نوێ، لە کردەی نوسینی بەرهەمەکەدا لەبەرچاو بگیرێت.

تازەیی و ئاڵۆزی تۆن لە بەرهەمی نوسەراندا چەندین سەرنجی جیاوازی هێناوەتە ئاراوە لەم ڕووە مصطفی مەستور دەڵێت: ((دەکرێت نوسەر تۆنی تایبەتی خۆی، لەگەڵ تۆنی کەسێتییە جیاوازەکانی ناو بەرهەمەکەیدا، هاوئاهەنگ بکات، تا کەش و فەزای باڵادەست و تایبەتمەند لەبەرهەمەکەیدا بئەفرێنێت.)) (مستور،١٣٨٦: ٤٨)، کەواتە دەست کراوەیی و دەست نەکراوەیی نوسەر سەبارەت بە باڵادەستکردنی هەژموونی تۆنی خۆی بەسەر کەسێتییەکانی بەرهەمەکەیدا، دەگۆڕێت بەپێی خودی کەسێتییەکە ئەگەر ((ئەو کەسێتییە هونەرییە لەکەسێتییەکی مێژووییەوە واتە واقعییەوە سەرچاوەی گرتبوو، بۆ وێنە وەک پاشا و کەسێتییە مێژوویيە ناودارەکان، نوسەر ناچارە لە تەواوی دەرکەوتەکانی ئەو کەسێتییەدا بەپێی پلە و پایەکەی و تایبەتێتی تۆنی قسەکردنی لەبەرچاو بگرێت، بەڵام ئەگەر ئەو کەسێتییە هونەرییە زادەی بیر و ئەندێشەی نوسەر بوو، لەم بارەدا ئازاد و دەستکراوە دەبێت لەتۆن پێدانی قسەکردنی ئەو کەسێتییە لەو کەشە جیاوازانەی ڕۆڵی تێدا دەبینێت لەبەرهەمەکەیدا.)) (جیهاندیدە،١٣٧٩: ١٦٤)، بەمشێوەیە خودی کەسێتی هونەریی ئەوناوەند و

جوگرافیاییەی لێوە سەرچاوەی گرتووە، ڕۆڵیان دەبێت لە هەڵبژاردن و ڕچاوکردنی تۆنی تایبەتمەند پێان، بۆیە نوسەر پێویستە ئەم تایبەتییانە لەبەرهەمەکەیدا لەبەرچاو بگرێت، تا لەپێگەی هونەریی بەرهەمەکە کەم نەبێتەوە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە خودی بەرهەمەکە  چیرۆک، یان ڕۆمان، یان هەر ژانرێکی تر بێت ڕەوتی سروشتی و هونەریی خۆی بگرێت.

تۆن: ((ڕەگەزێکی کلیلی و هونەریی چیرۆکە ، بەشێوەیەک هەژموونی بەسەر  ناوەڕۆک و پێکهاتە و (structure) ڕەگەزە هونەرەییەکانی تری بەرهەمەکەوە هەیە.)) (هیدایەتی،رضایی،١٣٩٩: ٢٤٨)، چونکە تۆن زادەی خودی بەرهەمەکەیە، بەشێوەیەک هەڵقوڵاو و دەرهاویشتەی ڕەگەزە هونەرییەکانییەتی؛ هەربۆیە زۆرجار تۆن ((مامەڵەی نوسەرە لەگەڵ بەرهەم و وەرگردا.)) (میرصادقی، ١٣٩٤: ٦٧٢) بەمشێوەیە وەک تەکنیکێکی هونەریی نوێ مامەڵەی دەکرێت و دەبێتە کاریگەرترین کەناڵی گوێزەرەوەی بیرو باوەڕ و بەهاکانی یارۆی نێرەر بۆ یارۆی وەرگر  لەبەرهەمەکەیدا؛ هاوکات دەبێت ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین ((تۆن لەبەرهەمی ئەدەبییدا چ چیرۆک، یان ڕۆمان، یان هەر ژانرێکی تر...بەشێوەیەکی هەمەکی نەگۆڕ و یەک تۆن نامێنێتەوە، بەڵکو گۆڕانی بەسەردا دێت.)) (خاکبازی،حیدری،١٣٩٩: ١١٤)، کەواتە دەکرێت لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا چیرۆک یان ڕۆمان یا هەر ژانرێکی تر، بەشێوەیەکی هەمەکی (گشتی) تۆنی بۆ وێنە ڕەخنەیی، قارەمانی، عاشقانە ... باڵا دەست بێت، بەڵام لەبەش و پنتە جیا جیاکانی هەمان بەرهەمدا، دەکرێت بەر  تۆنی هەندەکی وەک لاواندنەوە ستاییش پاڕانەوە ...تد بکەوین، بەگشتی ئەم ڕێسایییە بنەمایەکی هونەری سەلمێنراوی هەیە، چونکە گەر وانەبێت ئەو بەرهەمە خوێنەر بە ئاڕاستەی کەشێکی جاڕسانە و تاقەت پروکێن دەبات، هەرچەندە تا ئێستا ((باس و بابەتێکی تیۆری ئەوتۆ نییە، سەبارەت بە گرنگی و بایەخی تۆن لە ژانری شیعردا، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا شاعیران توانیویانە باشترین کەش، بۆ هونەریی تۆن و تەرزەکانی لە بەرهەمەکانیاندا بسازێنن؛ چ شاعیرانی کۆن یا شاعیرانی نوێ لە ئەدەبیاتی ئێرانیدا.)) (عمران پور،١٣٨٤:١٣٠)، ئەگەرچی تا ئێستا چەمکی تۆن لە شیعردا، بە چەمکە مۆسیقییەکەی شیعر سەرنج دراوە، بەڵام تۆن لە شیعردا لە ڕوانگەی ئەو بۆچوونەوە، بە چەمکی بیر و مەبەست و ناوەڕۆکی شیعر سەرنج دراوە، کە پرسی جەوهەریی ئەم توێژینەوەیە.

میخائیل باختین ((شیعر بە بەستەر و ڕۆژی ئاژێنەروو هەستانەوەی وشەکان دەزانێت، چونکە شیعر لەڕێگەی تۆنەوە گیان دەکات بەر تەنانەت مردووترین وشەیشدا، ڕاستیەکەی ئەو فۆرمالیستە ڕووسیە ناوکی حەقیقەتی پێکاوە، چونکە زمان وشەکان لە ژیانی ڕۆژانەدا بەشێوەیەک بەکاردەبرێن تاقەت بروکێن و مردوون و بەهیچ کولۆجێک سەرنجمان ڕاناکێشن، بەڵام لە شیعردا هەر ئەو وشە مردووانەی ڕۆژانە بەرگی تۆنیان بە بەردا دەکرێت، بەسەروو ڕیز کردنێکی مەبەستدار و هونەریی و

پڕ ئاهەنگ بە تەنیشت یەکەوە دابنرێن بچنرێن، لە تێکسێکدا ئەو دەم زیندوو دەبنەوە.)) (شفیعی کدکنی،١٣٩١: ٥)، لەسەر بۆچوونی فۆرمالیستی ڕووسی(باختین) دەکرێت بڵێن: ((تۆن مەسیح ئاسا وشە ئاسایی و ڕۆژانەییەکان دەژێنێتەوە، بەشێوەیەک هەست و خوستیان پێدەبەخشێت؛ بەدەربڕینێکی تر پیت و وشە و ڕستەکان  فلود ئاسا بێ هەست و خوست و وەک فلودێکی مردوو وان، کاتێک هەوای ئاوازی پێدا نەڕوات، بەڵام تۆن ئەو هەوا و ئاوازە هەست بزوێن و سازگارەیە بە بۆشایی ناو فلودەکە تێدەپەڕێت، ئەودەم لە وشە و ڕستەکانەوە تۆن و تەرزەکانی دروست دەبن و دێنە بوون.)) (شفیعی کدکنی،١٣٩١: ٥)، گەر ئاوەڕێک لە ئەدەبیاتی کوردی بدەینەوە چ کلاسیکییەکان یان هاوچەرخ و نوێخوازەکان، بەشێوەیەکی هەمەکی ئەم توانستی کەشی تۆنسازییە لەبەرهەمەکانیاندا درکی پێدەکرێت.

بەدیدی ژێنێت(Gerard,Genette) تۆن: (( ئەو کەتیگۆرییەیە، کە لەڕێگەیەوە دەکرێت لێکدانەوە و شیکاری بۆ وتەکانی گێڕەرەوە(Narrator)بکرێت، چونکە تۆن ئەوە ڕووندەکاتەوە ،چیرۆک یان ڕۆمان بۆ خستنەڕووی ناواخنی خۆی سودی لە چ جۆرە گێڕەرەوەیەک وەرگرتووە.)) (علی زادە، سلیمیان،١٣٩١: ١٢٥)، بەشێوەیەکی هەمەکی ئەم سەرنج و دیدو ڕاسپاردانە، کە خرانەڕوو ڕاستن، ((نوسەر بخوازێت لە بەرهەمەکەیدا لە ڕێگەی تۆنەوە  ڕەوتی سروشتی و واقیعانەی چیرۆک بخاتەڕوو، بەڵام ئەگەر نوسەر مەبەستی تر لەبەرچاو بگرێت لەبەرهەمەکەیدا؛ بۆ وێنە بیەوێت لایەنی ساتیر و کۆمیدی و ڕمزی چیرۆکەکە بخاتەڕوو، ئەو دەم تۆن لەگەڵ بابەت و کەسێتی بەرهەم و سەردەمەکە دا ناساز و نەگونجاو دەبێت، بۆ وێنە بۆ خستنەڕووی لایەنی ساتیر و کۆمیدی چیرۆکەکە منداڵێک بە تۆنی زانایان بەزمانێکی فەلسەفیی و ئاڵۆز بدوێت، یان واتا و مەبەستی وشەیەک ئاوەژوو بکرێت و واتا و مەبەستێکی تری بە بەردا بکرێت، هەروەک چۆن لە دیمەنەیەکی شانۆییدا شانۆکارێک دەتوانێت بە تۆنێکی تایبەت وشەیەک دەرببڕێت، واتایەکی جیا لە واتا بنەڕەتییەکەی خۆی پێبدات؛ بەهەمانشێوە نوسەریش دەتوانێت وشە بەشێوەیەک بەکاربهێنێت، واتایەکی تری لێوە هەڵگۆزرێت، بۆ وێنە وشەی (بەڵێ) بەتۆنێک بوترێت ڕێک بە واتای نەخێر بێت.)) (میرصادقی،١٣٩٤: ٦٧٣)، ڕاستییەکەی میرصادقی لەو بۆچوونەیدا بە هەڵەدا چووە، چونکە گەر بەرهەمێک، بەشێوەیەکی کۆمیدی پێشکەش کرابێت، ئەوکات تۆنەکانی ئەو بەرهەمە زادە و هەڵقوڵاوی ئەو بەرهەمە دەبن، بۆیە هیچ جۆرە نەگونجان و ناسازییەک لە نێوان تۆنی بەرهەمەکە و خودی بەرهەمەکەدا دروست نابێت، بەمشێوەیە تۆن و تەرزەکانی وەک تەکنیکێکی هونەریی، زادە و  گەڵاڵەی کەرەستە پێکهێنەرەکانی ناو دەقەن، کە گوزارشت لە باری هەست و هەڵوێستی نێرەر (قسەکەر) دەکەن.

## ٢/١) ئاواز

### ١-٢/١)شیکردنەوەی چەمکەکانی ئاواز لە ڕوانگەی چەند فەرهەنگێکی کوردی و بیانییەوە

چەمک و زاراوەی ئاواز: ئاواز چەمکی ئاڵۆز فرە ڕەهەندی هەیە، بەشێوەیەک چەندین بوارو لقی زانستی جیاوازی گرتۆتەوە؛ بەمەبەستی تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی چەمکە جیاجیاکانی ئاواز هەوڵدەدەین لەم تەوەرەدا بەرباسیان بدەین.

لە فەرهەنگی نێو لەکۆمەڵی کوردەواریدا ((ئاواز: گۆرانی، دەنگی خۆش، دەنگی میوزیک))ە (ڕەزازی،١٩٩١: ٢٨)، دانەری ئەم فەرهەنگە زیاتر لە ڕوانگەی گۆرانی و مۆسیقاوە لە ئاوازی ڕوانییوە، لەفەرهەنگی کوردستاندا چەمکەکانی ئاواز بەمشێوەیە لێکدراوەتەوە: ((ئاواز ، هۆرە، دەنگ، گۆرانی، دەنگ خۆشی، دەنگی بەرزو دەنگی نزم، دەنگی مۆسیقا، نەوا، ئاوازە خوان، دەنگ خۆشی ئاواز خوێندن، ئاواز کردن، بانگ کردن بە بەرزی، ئاوازەنگ بوون، دەنگی زڕاو)) (گیوموکریانی،٢٠٠٥: ١٨)، بەراورد بە فەرهەنگەکەی ڕەزازی فەرهەنگەکەی گیو موکریانی دەڵەوەمەندتر و زیاتر چەمکەکانی ئاوازی دەستنیشانکردووە، بەڵام لە فەرهەنگی خاڵ دا سەرەڕای ئاماژەدان بەو چەمکانەی سەرەوە سەبارەت بە چەمکەکانی ئاواز هەریەک لەچەمک و زاراوەکانی ((ئاوازە: ئاواز، دەنگ و باس)) (خاڵ، ٢٠٠٥: ٨-٩)، بە هاوتا و هاوزاراوە دایناوە، ئەگەر چی دواتر لای توێژەرانی کورد هەندێک بە جیاواز لە یەکتر ئاماژەیان بۆ ئەم چەمک و زاراوانە کردووە، لای هەندێکی تریان بە تێکەڵی و لە شوێنی یەک بەکاریان هێناون بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ( ٣/١ پاری هێز و ئاوازە).

هەروەها لە فەرهەنگی هەرماندا سەرەڕای خستنەڕووی هەمان ئەو چەمکانەی ئاواز ، بەشێوەیەکی ورد ڕەگ و ڕیشەی (ئاواز) دەباتەوە سەر کتێبی ئاڤێستا لەم بارەیەوە نوسیویە : ((١-دەنگی خۆش و بەئاهەنگی باڵندە،نەغمە. ٢-گۆرانی، ستران. ٣- دەنگی ئامرازی مۆسیقا، هەوا، ئاهەنگ. ٤-دەنگی خۆشی خشڵ و کەرەسەی دیکە. ... ٥- دەنگی تێپەڕین و دەرچوونی تیر، ... تێبینی : ئاواز لە ڕیشەی ڤەچ vač یا ڤەک vak-ی ئەوێستا بە مانای وتن و کوتن کەوتوە.( بڕ: بێژتن٢) لە کوردیی دا هەر لەم ریشەن: وشە، وێژ، بێژ، لاوک، لاوژە، هەوا...)) (نانەوازادە، ٢٠٠٥: ١٤٩-١٥٠) لەفەرهەنگی شیریندا عەرەبی بۆ کوردی لەبەرامبەر(( نغمە، ئاواز))ی بەکارهێناوە. (نیزامەدین،٢٠٠٧: ١٢٨٣)، بەڵام زۆربەی توێژەرو زمانەوانی کورد ئەم چەمک و زاراوانەیان تێکەڵ کردووە، بەشێوەیەک لەبەرامبەر ((لحن، نغمە)ی عەرەبی( ئاواز، ئاهەنگ )یان بەکارهێناوە؛ هاوکات لە زمانی ئینگلیزیدا بەرامبەر زاراوەکانی (melody, intonation, tone) بەهەمانشێوە چەمک و زاراوەکانی (ئاواز،ئاهەنگ،

ئاوازە)بەکارهێنراوە بۆ وێنە لە فەرهەنگی نۆبەرەی گیو موکریانی عەرەبی کوردیدا هاتووە: لحن،«ج» ألحان: ئاوازە، ئاواز، ئاهەنگ، دەنگ.

لحن الموسیقی: ئاهەنگی مۆزیقە، کاری گۆرانی. ... التشابە في اصوت و الالحان : هاو ئاهەنگ، هەم ئاهەنگی ، هاوئاوازی. التوافق في الالحان : هاوئاوازی، هاو ئاهەنگی.

التوافق في الصوت والالحان: هاو ئاوازی، هاو ئاهەنگی.)) (گیو موکریانی،٢٠٠٥: ٣٣٤)، لە فەرهەنگی زاراوەی زمانناسیدا ((ئاواز: نغمة الکلام-Intonation)- (ئاهەنگ: اللحن-melody)) (حاجی مارف،٢٠١٤: ٢٨٠-٢٨٣)، دەبینن تێکەڵییەک هەیە لەهەمبەرکردنی زاراوەکان بەیەکتر؛ دەتوانین هۆکاری ئەم تێکەڵ و پێکەڵکردنەی چەمکەکان و فرەزاراوەی بۆ ئەوە بگەڕێنینەوە، کە هێشتا کورد نەیتوانیوە خاوەنداری لە فەرهەنگێکی دانپێدانراوی زانستی هاوشێوەی (لاڕوسی فەڕەنسی) بکات؛ بۆیە هەرتوێژەرێکی کورد لەداڕشتن و هاوبەرامبەر کردنی چەمک و زاراوەکان لەزمانی کوردیدا زیاتر پشت بەپەیوەندی دۆستانەو تواناو سەلیقەی تاکەکەسی دەبەستێت.

بەمشێوەیە چەمکەکانی ئاواز لە زۆربەی فەرهەنگە کوردییەکاندا بەو چەمک و زاراوانە هاتوون وەک لەو نمونانەدا، نیشاندران، هەروەها لەهەریەک لەم فەرهەنگانەی تریشدا کەم تا زۆر هاوشێوەی ئەوانەی سەرەوە لەچەمکەکانی ئاواز دواون، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە( فەرهەنگی زانستگای کوردستان، بەرگی یەکەم ،لاپەڕە ٥٨ ، فەرهەنگی هەراشان،٢٠٠٧: ٢٠)، هەروەها لەدیارترین فەرهەنگە بەناوبانگەکانی فارسیشدا بەمشێوەیە چەمکەکانی ئاوازیان نیشانداوە: (( ئاواز، دەنگ، دەرکەوتن، هەواڵ، دەنگۆ، ژاوەژاو، گۆرانی، نغمە، نەوا )_ ئاواز، ئاوا، بانگ، دەنگ، سەڵا، دەنگ و هاواری بانگکردن، ئاوازی گۆرانی، چریکە، سرود، نغمە_ ئاواز، ئاوازی نزم، ئاوازی بانگکردن ، ڕوون و ڕاشکاو( بێپەروا )، دەنگ، ئاوازی باڵندە)) (معین، ١٣٧٥: ١٦٩_ Abadis dictionary_ دهخدا)، هاوشێوەی فەرهەنگە کوردییەکان فەرهەنگە فارسیەکانیش تێکەڵ و پێکەڵی و فرە زاراوەی یان لەبەرامبەر هەر چەمک و زاراوەیەکدا تێیاندا دەبینرێت، دیارە لەلایەک بۆ چەمک و زاراوەی ئاواز دەگەڕێتەوە، کە ئاڵۆز و فرە ڕەهەندە لە بەکارهێناندا؛ لەلایەکی تریشەوە دەشێ بۆ نەبوونی دەزگا و فەرهەنگێکی دانپێدانراوی گشتگیر بگەڕێتەوە، بۆیە جۆرێک لە شێواوی و فرە زاراوەیی هاوشێوەی گەلە دراوسێکانیان لای فارسەکانیش هەستی پێدەکرێت.

## ٢-٢/١) چەمکی ئاواز لەڕوانگەی زمانەوانییەوە

ئاشکرایە زمانەوانی وەک زانستێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، لە چەند لقە زانستی ورد پێکهاتووە، بۆیە چەمک و تێگەیشتنی تایبەت بە خۆی بۆ هەر زاراوەیەک هەیە؛ کە بێتە ناو ئەم زانستەوە لەم باسەدا هەوڵدەدەین چەمک و زاراوەی ئاواز لە ڕوانگەی زانستی زمان و زمانناسانەوە بەرباس بدەین:

ئاواز: ((گۆڕینی پلەی نغمەی ڕستەیەک بەبێ دەستکاریکردنی وشە، برگە و فۆنیم و مۆرفیمی ئەو ڕستەیە پێی دەوترێت ئاوازە، دەبێتە هۆی گۆڕینی ئەو ڕستەیە)) (وەیس، ١٩٨٤: ٩٣)، گەر سەرنجێک لەم بۆچوونە بدرێت، سەرەڕای ئالۆزی و ناڕوونی بابەتیی بەکارهێنانی وشەی بیانی وەک(نغمە)، هاوکات چەمک و زاراوەی (ئاوازە)ی بەکارهێناوە، لەکاتێکدا هەر بۆ خۆی (نغمە)ی هێناوە، کەچی بە (ئاوازە) وەریگێڕاوە، ڕاستیەکەی لە زمانی کوردیدا بە(ئاواز) دێت نەک (ئاوازە)؛ کەواتە گۆڕینی پلەی ئاوازی ڕستە، دەبێتە هۆی گۆڕینی مەبەستی ڕستەکە، نەک گۆڕینی خودی ڕستەکە ، بەڵام ئەم تێکەڵکارییە لە چەمک و زاراوەکاندا لای زۆربەی توێژەرانی کورد هەستی پێدەکرێت، جەخار بەشێوەیەک لە حاڵەت تێپەڕیوە بووە بە دیاردە.

وریا عمر ئەمین سەبارەت بە ئاوازی ڕستە سەرنجێکی وردتری نوسیوە: ((لەئاستی قووڵدا جێگەی خاڵبەندی دەگرێتەوە بریتیە لە بەرزبونەوە و نزم بونەوەی پلەی زرنگەی دەنگ لە (سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی) ڕستەدا ڕوودەدات؛ لەکاتی نوسیندا ئەگەر ڕەچاوی خاڵبەندی نەکرێت، ئەوا دەبێتە تەمومژی لای خوێنەر، هەمان بیر بۆ قسەکەر ڕاستە، چونکە لەکاتی ئاخاوتندا قسەکەر بەشێوەیەکی هەڕەمەکی قسەبکات و بیری لای ئەو ئاوازەیە نەبێت، کە مەبەستیەتی و بەکاری دەهێنێت دەبێتە هۆی تەمومژی لە لای گوێگر.)) (ئەمین، ٢٠٠٩: ٢٨٤)، تاڕادەیەک بەشێوەیەکی زانستی بۆ بابەتەکە چووە، بەڵام هەڵەو ئالۆزی لە داڕشتەی نوسینەکەدا دەبینرێت؛ سەرەڕای دووبارە بونەوەی هەمان هەڵەی سەرەوە لە بەکار هێنانی چەمک و زاراوەدا.

ئاواز ((تنغیم: بریتییە لە جیاوازی بەرز کردنەوە و نزمکردنەوەی ئاوازی وتن لەسەر ئاستی ڕستە، کە گوزارشت لەمەبەستی جیاواز دەکات، بۆ وێنە ڕستەی هەواڵی (ڕاگەیاندن)، ڕامان(سەرسوڕمان.)) (حسن، ٢٠١٨: ١٥٠)، لەم ڕووەوە ئاواز وەک دیاردەیەکی دەنگیی ڕۆڵ دەبینێت، لە ئاڕاستەکردن و دەستنیشانکردنی مەبەستی قسەکەردا؛ بە،مشێوەیە ئاوازیش هاوئاهەنگ لەگەڵ ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دەقدا، بە بڕ و ڕێژەی خۆی لە دروستکردن و دەستنیشانکردنی تۆن و تەرزەکانییدا ڕۆڵ دەبینێت.

هەر سەبارەت بە ئاوازی ڕستە لە نوسینێکی تریدا وریا عومەر ئەمین پێی وایە ((گۆڕینی لەرینەوەی ژێکان دەبنە هۆی گۆڕانی ئاوازی ڕستە هەر ئەو ئاوازەیش واتایەکی جیا بەڕستە دەبەخشێت)) (ئەمین، ١٩٩٤: ١٥-١٦)، بەڵام دڵشاد محەمەد لە تێزەکەیدا نوسیویە: ((ئاواز لە ئاستی قوڵدا بۆ گۆڕینی واتا نییە، بەڵکو بۆ گۆڕینی جۆری ڕستەیە لەهەواڵیەوە بۆ پرسیار یاخود سەرسوڕمان)) (غەریب، ٢٠١٩: ١١)، بەئاشکرا بەهەڵەداچوون نێوان دژی لە بۆچوونەکەی دڵشاد محەمەدا هەستی پێدەکرێت، چونکە مەبەستی ڕستە، یان واتای ڕستە هەریەک شتن، تەنیا گوزارشتەکان جیاوازن؛ بەمشێوەیە گۆڕینی ئاوازی ڕستەکە دەبێتە هۆی گۆڕینی مەبەستی ڕستەی دراو؛ بۆیە ((بەشێوەیەکی گشتی لە زماندا... بەتایبەت چەشنەکانی ڕستەی هەواڵی، پرسیاری، سەرسوڕمان لەبنەڕەتدا ئاوازی تایبەتییان هەیە، بۆیە داوای ئاوازی جیاجیا دەکەن)) (غەریب، ٢٠١٩: ١٩٩)، ئەوڕەحمانی حاجی مارف سەبارەت بەڕۆڵی ئاواز نوسیویە: ((ئاواز تەنیا یاریدەی دەربڕینی پێکهاتنی ژێر بێژی _ ڕێزمانی ڕستە نادات، بەڵکو واتای وتراو و هەستی قسەکەریش دەردەبڕێ)) (حاجی مارف، ٢٠١٤: ١٤).

بەمشێوەیە ((ئاوازیش بەهەمان شێوەی (هێز، زرنگە، تەوژم) لەگەڵ گوتندا دێت و سەرو (سەگمێنتی_Supra-segmental)یە دەخرێتە سەر ڕستە و بەبێ دەستکاری کردنی (فۆنیم و بڕگە و وشە و فرێز و ڕستە)) (وەیس،١٩٨٤: ٩٣)، کەواتە ڕۆڵ و گرنگی ئاواز لە ڕوونکردنەوە و یەکلا کردنەوەی مەبەستی لەبەرچاو گیراوی نێرەر (قسەکەر) بۆ وەرگر (بەردەنگ) خۆی وێنا دەکات؛ بۆیە ((ئاواز ، نغمة الكلام، Intonation چۆن مەفهومی زەنگ لە خاسیەتی بیستنی دەنگدا شتێکی بنەڕەتییە، بەهەمان چەشن مەفهومی ئاوازیش لە خاسیەتی ڕستەدا شتێکی سەرەکییە، ئەویش چونکە ئاواز ، ساز و کێشی پێکهاتنی ڕستە دیاری دەکا بێ ئەوەی هێزی ڕستە شوێنی خۆی بگۆڕێ)) (حاجی مارف، ٢٠١٤: ١٣)، بەم پێیە دەتوانین بڵێین: ((ئاواز بەشێکە لە فۆنیمە نا کەرتیەکان لەگەڵ گۆکردنی ڕستەدا هەستی پێدەکرێت، کە خۆی لەبەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی ئاوازی ڕستەدا دەنوێنێت، بەشێوەیەک دەبێتە هۆی گۆڕینی مەبەستی ڕستە)) (سهل،٢٠١٠ : ٢٦١-٢٧٨)، بەمشێوەیە ((ئاوازیش دەتوانێ مانای ڕستە جیا بکاتەوە بۆ نمونە، ڕستەی خەبەری(شیرین گەڕایەوە)، ڕستەی پرسی ( شیرین گەڕایەوە؟) ئاشکرا و دیارن و گوێگر ئەم دوو ڕستە تێکەڵ ناکا و وەک یەک وەریان ناگرێ، ئەویش بە هۆی ئەوەوەیە، کەوا ڕستەی یەکەم _ واتە(شیرین گەڕایەوە) ئاوازێکی نزمی هەیە، بەڵام ڕستەی دووەم _ (شیرین گەڕایەوە؟) بە ئاوازێکی بەرز دەردەبڕێت.)) (حاجی مارف، ٢٠١٤: ١٣)، شێوازی دەربڕین و چۆنێتی سەرو ڕیزکردنی دانە پێکهێنەرەکانی ڕستە و جێکەوتەی هێماکانی خاڵبەندی، ڕۆڵ دەبینن لە دروستکردن و بەدیارخستنی جۆری ئاوازی ڕستەکان، کە دواجار خودی ئەو ئاوازانەیش وەک دیاردەیەکی دەنگیی ڕۆڵی یەکجار گرنگ دەبینن، لە خستنەڕوو و نیشاندانی باری هەست و هەڵوێستی نێرەر لە تۆنی دەربڕینەکانییدا.

## ٣-٢/١) چەمکی ئاواز لە ڕوانگەی شیعر ناسییەوە

ئاشکرایە شیعر کۆنترین ژانری ئەدەبیی داهێنراوی مرۆییە، ((شیعر کردگارێکی کۆنی ئادەمیزادە، لەگەڵ دروستبوونی دەستی ئینسانا هاتۆتەکایەوە. لە هەموو مێژووی ئادەمیزادا وتنی شیعر وێنەیەک بووە لە دەرخستنی هەستی شاراوەی مێشکی ئینسان و بیروباوەڕی)) (بەصیر، ٢٠١٥:٥٠٠)، کە لە سروشت و پێکهاتەی خۆیدا ئاوازی هەڵگرتووە، بۆیە چەمکی ئاواز لە ڕوانگەی شیعرناسییەوە، هاوتەرییب لەگەڵ شیعردا هاوشێوەی دوو ڕووی دراوێکن؛ ((یەکەیەکی ئاوازەیی.))پێکدەهێنن (عەلی،٢٠١٥: ٧)، بەشێوەیەک دوو هەبووی یەکبوونن؛ بۆیە چەمکی ئاواز: پێوەندی نێوان ئاواز و هۆنراوە، یەکێک بووە لە تێڕوانینە ڕەخنەییە دێرینەکان و کەم و زۆر لە بەرهەمی ڕەخنەگراندا ڕەنگی داوەتەوە.

هەمیشە لەگەڵ باس بابەتی شیعردا ئاوازی شیعریی، جێگە سەرنجی شارەزایان بووە، ((دیارترین هۆی ئەم گرنگی پێدانەش لەوەدا بووە کە هەردووکیان سەربەو چەشنە هونەرەن، کە بە هونەرە دەنگییەکان ناودەبرێن، تەنانەت لەگەڵ پێناسەکردنی ئاوازدا، دەستنیشانی چەمکە وێژەییەکەشی دەکرێت و بەو نەغمانەی دادەنێن، کە ئەدیبان و بەتایبەتی شاعیران لە هۆنراوەکانیاندا پێکیدەهێنن و دەیکەنە ڕەگەزێکی سەرەکی بنیاتی بەرهەمەکانیان و شاکاری هونەری پێ ئەنجام دەدەن.)) (محمد،١٩٩٨: ٨٦)، لە ڕوانگەی شیعرناسییەوە، چەمکی ئاواز، بە چەمکە دەنگیی و مۆسیقییەکەی لێکدراوەتەوە، بەڵام لۆرانس پرین سەبارەت بە ڕۆڵ و گرنگی ئاواز لە شیعردا دەڵێت: ((ریتم و ئاواز پیکەوە، مۆسیقای شیعر دروست دەکەن. ئەم مۆسیقایە دوو ڕۆڵی سەرەکی هەیە: (١. لەزەت بەخشە ٢. دەتوانێ یارمەتی بەهێز کردنی مانا و پتەوکردنی پەیوەندییەکان بدا.)) (پرین، ٢٠٠٨: ٩٠)، پرەین لە بۆچوونەکەیدا، سەرەڕای ئاماژەدان بە گرنگی ئاوازی شیعریی، وەک لایەنێکی مۆسیقیی سەرنج ڕاکێش و چێژبەخش لە شیعردا؛ هاوکات ئاماژەیشی بۆ ڕۆڵی ئاواز کردووە، لە دەستنیشانکردن و دروستکردن و بەهێزکردنی بیر و مەبەست لە شیعردا؛ هەر ئەم سەرنجدانە بە ئاوازی شیعریی بەو ڕاستییەمان دەگەیەنێت، کە ئاوازی شیعریش ڕۆڵی خۆی دەبینێت، لەدەستنیشانکردن و بەدیارخستنی تۆن و تەرزەکانی لەو دەقە شیعرییەدا.

لە ڕاستیدا ئاوازی شیعری زادە و هەڵقوڵاوی شیعرەکەیە، کەواتە ((موسیقای شیعر شتێک نییە لە دەرەوە هێنرابێت و خرابێتە ناو شیعروە، بەڵکو لە ناخی شیعرەکەدایە و هەڵقوڵاوی هەست و سۆز و بیری شاعیرەکەیە و لەیەک جیا نابێتەوە)) (عەلی،٢٠١٥: ٤٠)، ڕۆڵ و گرنگی ئاواز لە شیعردا بەشێوەیەک خۆی وێنا دەکات ((هەڵبەست بۆ خۆی هونەرێکە لە هونەرە دەنگییەکان و ئەگەر

بەشێوەی نوسراویش بخرێتە بەردەست خوێنەر، هەر دەبێت وەک هونەرێکی دەنگی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و بەشێوەیەکی تایبەتی بخوێنرێتەوە)) (محمد،١٩٩٨: ١٠٠)، بۆیە دەبینین شیعرناسان گرنگییەکی زۆریان بە ئاوازی شیعری و تەرزەکانی داوە، ((ئەو هەموو بایەخ پێدانەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئاوازی شیعر وا لە خوێنەر یان بیسەر دەکات، کە چێژی زیاتر لەو دەقە شیعرییە ببین، لەم بارەیەوە دکتۆر (ابراهیم انیس) دەڵێت: (شیعر مۆسیقای نەبێت کاریگەری لە سەر خوێنەر نابێت و شیعرەکە لاواز دەبێت، چونکە مۆسیقا گرنگی خۆی هەیە لە شیعردا)) (عەلی،٢٠١٥: ١٤).

دەربارەی ئاوازی شیعری (ڕەفیق حیلمی) نوسیویە: ((ئەوانەی لە ئاهەنگی مۆسیقا تێدەگەن لە مۆسیقای شیعرا، شارەزاییان هەیە، ئەڵێن ئینسان وەک ئاو و هەوا ئاتاجە بە مۆسیقە لە کانی دڵا بەرامبەر دەنگەکان مەیلێک هەیە کە نازانی لەبەر چییە؟ گرمەی هەورە تریشقە و خوڕەی ئاو لەریینەوەی گەڵای دارەکان، هەریەکە بە جۆرێک کاری تێ ئەکاو، یەکێکیان ڕای ئەچڵەکێنێ و دڵ ئەخورپێنێ، ئەوی تریان موچوڕکێک ئەدا بە لەش و یان تەزوویەک ئەهێنێت بە دڵیا)) (حیلمی،٢٠١٠: ٢٠٨)، هاوئاهەنگی شیعر و گۆرانی وایکردووە، بە هاودەنگ هاوتای یەک هەژمار بکرێن.

لەم ڕووەوە کامیل بەصیر نوسیویە (( شیعر بەشێکە لە گۆرانی، چونکە چی گۆرانی و چی شیعر هەردووکیان وەزن و قافیە و دەنگی تایبەتیان تێدایە.)) (بەصیر، ٢٠١٥: ٥٠٠)، هەر لەم ڕووەوە گرنگی و بایەخی ئاواز لای شیعرناسێکی وەک (الرصافی) دەگاتە ئاستێک شیعر بە هاوئاست و هاوشێوەی گۆرانی بزانێت لەم بارەیەوە دەڵێت: ((شیعر لە گۆرانی بووە، پێکەوە نوساون و لەبەر ئەوە پێویستە لەگەڵ ئاواز و نغمەی گۆرانیدا ڕێک بێت ئەوەیش بەرێکی وەزن ئەبێت لە بەینییاندا.)) (بەرزنجی،٢٠٠٦: ٦)، هەر بەهۆی ئەو ڕۆڵە دیارو کاریگەریەی ئاوازی شیعری دەینوێنێت ئاوازی شیعری هاوتا کراوە بە ڕەگەزە هونەرییە دیارەکانی شیعر بەشێوەیەک ((پاش هەست و سۆز ئاوازی شیعرە دیارترین و کاریگەرترین هێز و وزەیە لە شیعردا؛ بۆیە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی شیعر وەک ئەندێشە و سۆز بە بێ ئاوازی شیعری بە کەمی دروست دەبن، هەر ئەم ئاوازە شعرییە وادەکات هەستی مرۆڤ بەشیعر زیاتر ببزوێت وەک بە پەخشان بۆیە شاعیران بۆ بزواندنی هەست و سۆزی بەرامبەر سود لەو ئاوازە شیعریانە وەردەگرن.)) (شفیعی کدکنی،١٣٨٥: ٤٧)، هەربۆیە ((هەر ئەم پەیوەندییە بەهێزەی نێوان ئاواز و هۆنراوەشە کە سەرجەمی ڕەخنەگران یەکدەخات، چونکە تێڕوانینیان دەربارەی هۆنراوە و تایبەتیەکانی هەر چیەک بووبێت ئەنجام هەموو لەوەدا یەکدەگرنەوە، کە ئاوازی هۆنراوە دیاردەیەکی دڵکەشی ئەوتۆیە، کە گیان دەکات بە بەر وشەکاندا و ئەوەندەیتر مانا و مەبەستەکانیان بەرجەستە دەکات.)) (محەمەد،١٩٩٨: ٨٧)، بەمشێوەیە ئاوازی شیعریی وەک ڕەگەز و بنەمایەکی هونەریی، لە شیعردا بە مەرج گیراوە.

ئاوازی شیعری لە بونیادی ئەو زمانە شیعرییە سەرچاوە دەگرێت، کە شاعیر بەکاردەهێنێت، چونکە ((زمانی شیعریش زمانێکە کار لەسەر ڕۆنانی وشە و ڕستە و دەربڕینەکان دەکات، زمانێکە تەواو لادان و جیاوازە لە زمانی ئاسایی، ئەرکی لەوەدایە واتا و مانای نوێ بۆ وشە فەرهەنگییەکانی زمان بدۆزێتەوە،...)) (قادر،٢٠٠٩: ١١٤)؛ هاوکات ((مۆسیقا و ئاوازی شیعرییش پەیوەستن بەو وشانەی شاعیر بەکاریان دەهێنێت، لەبەر ئەوە دەتوانین زمانی شیعریی بەڕەگەزی هەرە سەرەکی بنیاتی دەقی شیعریی دابنێین،...)) (حسێن،٢٠٠٨: ٨٩)؛ بۆیە شیعر: ((ئەبێ بە ئاوازەکەی و گوزارەکەی بیر و باوەڕ و جۆشێکی نەفسی بدات بە دەستەوە، واتە دەبێت زیادە لەزەت و پیرۆزی و سۆزێکی مۆسیقایی لە دەنگی وشەکاندا هەبێ.)) (سجادی،١٩٦٧: ١٣٤)، بەمشێوەیە وشەکان ڕۆڵ دەبینن، وەک بونیادێکی زمانیی لە پێکهاتەی ئاوازی دەقە شیعرییەکەدا؛ هەڵبەت ئەم ئاوازە شیعرییەش لە دوو یەکەی ئاوازیترەوە سەرچاوە دەگرێت: ((ئاوازی دەرەوە، ئاوازی ناوەوە.) بەم پێیە(ئاوازی دەرەوە: بەهۆی کێش و سەرواوە ئەنجام دەدرێت...)) (محمود،٢٠٠٧: ١٤٢)، بەڵام ((ئاوازی ناوەوە: بریتییە لە ڕێکخستنی ورد و جوانی وشە و دەستەواژەکانی ناو دێڕە شیعر بەشێوەیەک، کە پەیوەندی بە یەکەوە گونجان لە نێوان دەنگ، یان تیپی دوای وشەکاندا ببێت)) (محمود،٢٠٠٧: ١٤٢)، کەواتە ڕۆڵ و گرنگی مۆسیقای ناوەوەی شیعر یەکجار گرنگ و کاریگەرە لە بونیاتی ئاوازی شیعرییدا.

هەربۆیە ئاوازی ناوەوەی شیعر، یان((مۆسیقای ناوەوەی شیعر خۆی لە ڕێکخستنێکی ورد و جوانی وشەکانی ناو دێڕە شیعر و پاش و پێش کردنییان و دووبارە کردنەوەیان دەردەخات و بەمەش ئاوازێکی ڕەوان بە شیعرەکە دەبەخشێت، کە هەندێ جار لە مۆسیقای دەرەوەی شیعر کاریگەرترە.)) (مستەفا،٢٠٠٧: ٩٠)، بەمشێوەیە ئاوازی شیعریی وەک ڕەگەز و بونیاتێکی هونەریی لە دەقی شیعرییدا لە بونیاتی هونەریی و جوانیناسیی و ئاوازی شیعرییدا بەشدار دەبێت؛ سەرەڕای بایەخە سەرنجڕاکیش و چێژبەخشە مۆسیقییەکەی، ئاوازی شیعریی ڕۆڵی گرنگ دەبینێت، لە دروستکردن و بەهێزکردنی واتا و مەبەستەکانی شیعردا، کە کاریگەری لەسەر دەروونی وەرگر دادەنێت و هەستی دەبزوێنێت، هەر ئەم کاریگەرییە بەهێزەی ئاوازی شیعری دەینوێنێت، لە پارچە شیعرێکدا، وا دەکات تۆن و تەرزەکانی ئاسانتر دەستنیشان بکرێن.

### ٣/١) هێز و ئاوازە

### ١/ ٣-١) هێز (Stress)

هێز: یەکێکی ترە لە دیاردە دەنگییە زمانیەکان سەروو پێکهاتەییە، لەکاتی وتندا لەسەر بڕگەیی دانە زمانییەکان لە جێکەوتەی جیادا دەنوێنرێت. لەم باسەدا هەوڵدەدەین لەچەمک و پێناسەکانی هێز و زاراوەکانی و سروشت و پێکهاتە و ڕۆڵی بخەینەڕوو:

پێناسەی هێز: ((جۆرە گرتنێکە جۆرە هێزێکە یاخود گیرێکە دەخرێتە سەر بڕگە لە وشەدا.)) (هەورامانی،٨٧:١٩٧٣)، لەپێناسەیەکی تردا بۆ هێز لە ڕوانگەی زانستی دەنگسازییەوە(Phonology) ((هێز توند تەلەفوز کردنی بڕگەیەک لە فۆنۆتیک دا بەهێز ناسراوە.)) (حاجی مارف،١٩٧٦: ٦٩)، بەڵام غازی فاتیح وەیس بە بەرواورد بە پێناسەکانی سەرەوە، ڕوونتر پێناسەی هێزی کردووە: ((stress) ئەو هێزەیە ئەکەوێتە سەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی وشە.)) (وەیس،١٩٨٤: ٨٤)، بەڵام کەمال ابراهیم سەبارەت بە پێناسەی هێز دەڵێت: ((هێز بریتییە لەو کۆششە ڕێژەیەی دەخرێتە سەر گۆ کردنی بڕگەیەکی دیاریکراو، تا بەشێوەیەکی ڕوونتر ببیسترێت، بەراورد بەهاو بڕگەکانی تر، لە هەمان وشەدا.)) (بدوي، ١٩٨٨: ١٣٩)، بەمشێوەیە هێز وەک دیاردەیەکی دەنگی لەکاتی گۆ کردنی بڕگەدا دێت، لە کردەی قسە کردندا، بۆیە زۆر جار هێز وەک بەشە پێکهاتەیەکی ئاوێتە و هاوبوون لەگەڵ (ئاوازە و ئاواز)دا دێت، لە سەرنج و پێناسەکاندا.

((هێز زیادە وزەیەکی دەنگییە لەسەر یەکێک لە بڕگەکانی وشە سەر هەڵدەدات.)) (ئەمین،١٩٩٤: ١٣)، لە پێناسەیەکی تردا (غازی فاتیح وەیس) چۆنێتی دروستبوونی هێز لە وتندا وێنا دەکات؛ ((مەبەست لە هێز لە ڕووی دروستبوونەوە دەرخستەی هێزە لە ژێر تیشکی بنەڕەتە فیزیکییەکان، کە چۆنێتی ڕۆیشتن و پاڵەپەستۆی گەردیلەکانی هەوا دەگرێتەوە کە هەڵگری دەنگن.)) (وەیس،١٩٨٤: ٧) لەفەرهەنگی زاراوەی زمانناسیدا بەمشێوەیە چەمکی هێز ڕوونکراوەتەوە: ((هێز بەدەرخستنی دەنگێک یان بڕگەیەک یان وشەیەک دەوترێت، کە لەڕێگەی تیندان بە گرژبوونی ماسولکە و تەوژمی لووزەوی هەواوە، یان گۆڕینی ڕادەی بەرزی دەنگەوە ئەنجام دەدرێت.)) (حاجی مارف،٢٠٠٤: ٤١٤)، نوسەر لە بۆچوونەکەیدا ئاماژەی بە دووخاڵی گرنگ داوە:

١.گرژکردنی ماسولکە، واتە جۆرێک لە گرتن و سترێس لە بڕگەدا دروست دەبێت.

٢. پاشان بەرزکردنەوەی دەنگیی لە هەمان بڕگەدا ڕوودەدات، بەمشێوەیە لەهەمان کاتدا لە سنورەی یەک بڕگەدا، (هێز و ئاوازە) دروست دەبن.

لە پێناسەیەکی تردا وریا عمر ئەمین نوسیویە: ((هێز (Stress) وزەیەکی زیاترە بەگوێرەو بەشەکانی تر دەخرێتە سەر یەکێک لە بڕگەکانی وشە یان دەستەواژە.)) (ئەمین،٢٠٠٤: ٥٣)، بەڵام عەبدولوەهاب خالید سەبارەت بە دروستبوونی هێز لەڕوانگەی (Biology)یەوە نوسیویە: ((لە کاتی گۆکردنی بڕگەیەکی هێزداردا ماسولکەکانی سییەکان چوستر دەبن و چالاکیەکی زۆرتر بە خۆیانەوە دەبینن، هەروەها لە کاتێکدا دەنگەکە گڕی هێزدار بێت، جوڵەی هەردوو چەپکە ژێیەکانی دەنگ بەهێزتر و خێراتردەبن، لەیەکتر نزیکتر دەبنەوە، بۆ ئەوەی ڕێگەی تەوژمی هەوا تەسکتر بکەنەوە بەمەش لەرەی دەنگەکە فراوانتر دەکەن، لە ئەنجامدا دەنگەکە بەرزتر و ڕوونتر دەبێت، بەڵام دەنگەکە کپی هێزدار بێت تاڵە ژێیەکان پتر لەیەکتر دەترازێن واتە لەیەکتر دووردەکەونەوە، دوورکەوتنەوە لەدەنگی کپی هێزداردا زۆرترە لەدەنگی کپی بێ هێز ئەمەش ڕێگەی بڕێکی زۆرتر لەهەوا دەگرێت بۆ دەرچوون و گۆکردنی، دەنگەکە ئاشکراتر و بەرزتر دەبیسترێت.)) (موسا،٢٠٠٧: ٣٦_٣٧)، کەواتە بڕگە بزوێنە هێزدارەکان بەتایبەت بزوێنە درێژەکان (ا، ۆ، وو، ێ) لە کاتی گۆکردندا بکێشتر و بەرزتر بەر گوێ دەکەون، هەروەک لە (٢/١-٣)ی ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەمان پێداوە، بەم پێیە ((یەکێک لە بڕگەکانی وشەکە بەهۆی ئەو لەنگەرەوە جەختی زیاتری لەسەردەکرێتەوە)) (عەلی،٢٠١٥: ٧٧)، هێز و بڕگە وەک هاوجووتێک لە زۆربەی پێناسەکاندا هەستی پێدەکرێت، چونکە((هێز نیشانەیەکە لە نیشانەکانی ناسینەوەی بڕگە)) (واحد,٢٠١٣: ٤٧).

سەبارەت بەو پێناسانەی تا ئێستا بۆ نیشاندانی هێز کراون، هەمە جۆر و فرە ڕەهەندن، هەروەک لە سەرەتاکانی ئەم باسەدا بەرباسماندا؛ بەشێوەیەک هەریەک لە پێناسەکەرەکان لەڕوانگەیەکی جیاوازەوە بە پێی ئەو بوار و لقە زانستیەی کاری تێدا کردووە، سەرنجی خۆی بۆ چەمکی هێز نیشانداوە؛ هاوکات خودی هێز وەک هەبوویەکی نا کەرتی و سەرو پێکهاتەی هەروا خستنەڕووی کارێکی سانا نییە، بۆیە پێناسەی وا هەیە هێز بە دەنگێکی بەهادار(phonem) دەزانێت بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(الأصوات اللغوية، ١٩٨٧، ص.١٦١، محمد علي خولي)کەواتە دەتوانین بڵێین: ((لە زماندا سترێس هیچ وێنەیەکی تایبەتی بۆ دانەنراوە، بەڵام خاوەن زمان بە ئاسانی بەبێ تەنگو چەڵەمە بەکاری ئەهێنێت، لەو شوێنەدا بەکاری دەهێنێت، کە پێویستە بەکاریبهێنێت بێ هەڵەکردن ئەم دیاردەیەش ئەوە دەگەیەنێت، کە مرۆڤ هەر لەمنداڵیەوە فێری چۆنیەتی بەکارهێنانی سترێس دەبێت ئەبێتە بەشێک لەو دەستورانەی، کە مرۆڤ فێریان دەبێت.)) (موسا،٢٠٠٧: ٣٥)، دەتوانین بڵێین: هێز لە فەرهەنگی هۆشەکیی ئاخێوەرانی هەر زمانێکدا بوونی هەیە، بە شێوەیەک تاک هەر لە قۆناغەکانی پڕانی زمانییەوە فێریان دەبێت؛ (عەبدولوەهاب خالد) هێز لە دوو ئاستی جیاوازی زماندا دەستنیشان دەکات لەم بارەیەوە نوسیویە: ((بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت لە کوردیدا دوو جۆر هێز جیابکرێنەوە هێزی وشە و هێزی ڕستە، کە دەشێ هەریەک لەم دووجۆرە بۆ لقی وردتر پۆلێن بکرێن.)) (موسا،٢٠٠٧:

٤٢)، کەچی (وریا عمر ئەمین) دیدێکی پێچەوانەی هەیە و وای دەبینێت: ((واتای هێز سەر بە ئاستی مۆرفۆلۆژیە و دەوری لە چوارچێوەی ئەم ئاستە دەرناچێت.)) (ئەمین،١٩٩٤: ١٤)، کەواتە هێز ((تەنیا مانای نەخشاندن و ڕازاندنەوە و جوانکاری ناگرێتەوە، بەڵکو سەرەڕای ئەمانە مانای ئەوەش دەدات توخمێکە کامڵ بوون دەبەخشێتە بونیادی وشە و کالا و بالایەکی تایبەتی پێدەبەخشێت ئەمەیش وا دەکات، کە وشە ببێتە یەکەیەکی کامڵ و هەماهەنگ لە ڕووی بونیاد و ڕووخسارەوە)) (موسا،٢٠٠٧: ٤٨)

وەک لە (٢/١) ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەمان پێداوە، بەم پێیە ((یەکێک لە بڕگەکانی وشەکە بەهۆی ئەو لەنگەرەوە جەختی زیاتری لەسەردەکرێتەوە.)) (عەلی،٢٠١٥: ٧٧) هەروەک بەدیارکەوتووە هێز و بڕگە وەک هاوجوتێک لە زۆربەی پێناسەکاندا هەستی پێدەکرێت، ...هێز لەڕووی زاراوەوە لە زمانی عەرەبیدا (نبرة) لە زمانی ئینگلیزیدا(stress)، بەڵام لە کوردیدا هەریەکە لە زاراوەکانی (هێز، لەنگەر، دەنگە تەوژم، زەنگە تەوژم...تد) بەرچاو دەکەون.

## ٢-٣/١) ئاوازە (Tonic)

سەبارەت بە چەمک و زاراوەی (ئاوازە) هاوشێوەی چەمک و زاراوەی (ئاواز)، لە (٢/١) ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەی پێدراوە، لەلایەن توێژەر و زمانناس و ئەدەب ناسانەوە، تێکەڵ کراون چ لە ڕووی چەمکەوە یان زاراوەوە بێت لە شوێنی یەکتر بەکارهێنراون، بۆیە لەم باسەدا هەوڵدەدەین کۆبەندی ئەو دیدو سەرەنجانە سەبارەت بە(ئاوازە) بەرباس بدەین، بۆ ئەم بەمەبەستە سەرەتا بۆ خستنەڕووی چەمکەکانی(ئاوازە) لە ڕوانگەی چەند فەرهەنگێکی کوردی و بیانییەوە بەرباسی دەدەین:

لە فەرهەنگی خاڵدا ئاوازە بەم چەمکانە هاتووە ((ئاوازە: ئاواز، دەنگوباس، ئاوازەیەک داکەوتووە، کە لەمەولا بەزۆر بە منداڵ دەخوێنرێت)) (خاڵ،٢٠٠٥: ٩)، لە فەرهەنگەدا بە یەک چەمک زاراوەی (ئاوازە و ئاواز) بەکارهێنراون، لەکاتێکدا لە زۆربەی فەرهەنگەکانی تردا جیا کراونەتەوە؛ ئەگەر چی لەو نمونەی هێنراونەتەوە، بۆ ئاوازە بە واتای دەنگۆ هاتووە، بەهەمانشێوە بەشێک لە توێژەرانی کورد لە توێژیینەوەکانیان هەمان هەڵەیان دووبارە کردووەتەوە، هەروەک لە (٢/١) ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەی پێدراوە، بەڵام لە فەرهەنگی هەرمانددا: ((ئاوازە/١-دەنگ دەرکردن ،٢- ناو ناوبانگ ٣-دەنگ ئاهەنگ)) (نانەوازدە،٢٠٠٥: ١٥٠)، لەڕوانگەی ئەم فەرهەنگەوە ئاوازە چەمکی ناسراوی و بەناوبانگبوونی وەرگرتووە، پێدەچێت بەکاریگەربوونی فەرهەنگە فارسییەکان دانەری ئەم فەرهەنگە ئەم چەمکەی

نوسی بێت، چونکە لە فەرهەنگە فارسییەکاندا ئەم چەمک و تێگەیشتنە بۆ ئاوازە دەبینرێت، بەڵام لە فەرهەنگی گیو موکریانی دا بەتەواوی تێکەڵکاریەکی لە ڕادەبەدەر دەبینرێت، بەشێوەیەک چەمک و زاراوەکانی هاوتا کردووە، کە دواتر لای توێژەران ئەم هەڵە بەکارهێنانە بۆتە باو؛ هەڵبەت وەک فەرهەنگێکی (عەرەبی-کوردی) چەمک و زاراوەکانی هاوبەرامبەر کردووە، لەم بارەیەوە نوسیویە: ((- لحن(ج) ألحان: ئاوازە، ئاواز، ئاهەنگ، دەنگ- لحن الموسیقی: ئاهەنگی مۆزیقە، کاری گۆرانی)) (گیو موکریانی،٢٠٠٥: ٣٣٤)، هەروەها لە فەرهەنگی شیرینی نویَ دا، کە فەرهەنگێکی (عەربی- کوردی)یە ((نبرة ، رفع الصوت، الشدد -دەنگی بەرز، هێز و (لەنگەر) )) (نیزامەدین،٢٠٠٧: ٢٢٥٥)، تا ڕادەیەک دانەری فەرهەنگی شیرین دروست بۆ چەمکی ئاوازە چووە، بەڵام هاو بەرامبەری لە کوردیدا بۆ نەدۆزراوەتەوە، تەنیا چەمکەکانی ئاوازەی بە دروستکردنی دەستەواژەی کوردی گەیاندووە، دەتوانیین بڵێین یەکێک لە چەمکەکانی(نبرة) بەرزکردنەوەی دەنگە، واتە یاری کردنە بە پلەکانی دەنگ لە کاتی ئاخاوتندا، کە لەزمانی کوردییدا زاراوەکانی ((ئاوازە، ئاواز، ئاهەنگ، دەنگ، مۆسیقای ڕستە، چیناواز)ی بۆ دانراوە، بەڵام ئێمە سەرەڕای تێبینی زۆرمان لەسەر ئەو چەمک و زاراوانە تا ڕادەیەک چەمک و زاراوەی (ئاوازە) بەدروست دەزانین، لەبەرامبەر ئەم چەمکەی (نبرة) ، (رفع الصوت) لەزمانی عەرەبی و (Tonic) لە زمانی ئینگلیزیدا، زاراوەی (ئاوازە) لە زمانی کوردیدا بەکاربهێنرێت.

لە فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی ئەوڕەحمانی حاجی مارف دا زیاتر لە دە شوێنی ئەو فەرهەنگەدا چەمک و زاراوەکانی (ئاوازە، ئاواز، ئاهەنگ، هێز) بەرباس دراون؛ (ئاهەنگ و هێز کە ماکی پێشڕەوی ئاوازن لەسەر بناغە،یان دانەی ئاوازی (ummomeuea)و (syntagme)دادەمەزریَ)_(ئاهەنگی ئاخاوتن- بزوتنەوەی دەنگ بەپێی بەرزیی ئاوازە. ئاهەنگی بڕگە و وشە، هێزی فرە ئاوازی مۆسیقا پێکدێنیَ)) (حاجی مارف،٢٠١٤: ١٣)، بۆچوونەکەی ئەوڕەحمانی حاجی مارف سەبارەت بە وشەکانی (ئاهەنگ و هێز)، کە بە ماک و نیشانەی هاوبوونیان لەگەڵ (ئاواز)دا داناوە، دروست لە جێی خۆیدایە، گەر وشەی ئاهەنگ وەک زاراوەیەک بگۆڕین بە زاراوەی ئاوازە بە تەواوی مەبەستە زانستییەکەی دەگەیەنێت، بەڵام سروشتی چەمکەکانی (هێز و ئاوازە و ئاواز) بەجۆرێک ئاڵۆز و بەیەکداچوون، بەشێوەیەک جودا و دابڕاو لە یەکتر خستنەڕوویان ئاسان نییە، بۆیە دەبینین لای زۆربەی توێژەر و زمانناسانەوە جۆرێک لە ئاڵۆزی و تێکەڵکردنی چەمک و زاراوەکان هەستی پێدەکرێت؛ تەنانەت لە نوێترین فەرهەنگی کوردیدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سەرپەرشتی زانستگای کوردستان ئامادەکراوە، لە چوار بەرگی قەبارە گەورەدا، کە هەوڵێکی زانستی باشە لە بواری نوسینی فەرهەنگی کوردیدا، سەبارەت بە چەمکی (ئاوازە) نوسیویە: ((ئاوازە/awaze/: ناو. ١- دەنگ؛ ئاهەنگ ...٢-

ناوبانگ؛...)) (رۆحانی،٢٠٢٠: ٥٨) جیاوازی ئەم فەرهەنگە لەوەدایە چەمک و زاراوەکانی (ئاواز و ئاوازە)ی جودا لە یەکتر هێناوە، هەڵبەت هاوشێوەی هەوڵەکەی (نانەوازادە) هەژمووونی فەرهەنگە فارسییەکانی لەسەرە، چونکە (کوردی –کوردی – فارسی)ە؛ لە فەرهەنگە فارسییەکانیشدا ئاوازە بەم چەمکانە هاتووە: لەفەرهەنگی(معین)دا ((١.ناوبانگ ٢.دەنگ و ئاواز ٣.ئاوازی گۆرانی)) (معین،١٣٧٥: ١٦٩)، ئاوازە لەو چەند فەرهەنگەی بەرباسدران، زیاتر بە چەمکەکانی (دەنگ و ئاواز، دەنگی بەرز، دەنگۆ ، هەواڵ ،ناسراو، ناوبانگ...هتد) هاتووە.

بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە چەمکی ئاوازە هەوڵدەدەین لە ڕوانگەی زماننناس و شارەزایانەوە، تیشکی زیاتر بخەینە سەر چەمکی ئاوازە، زماننناس(وریا عومەر ئەمین) سەبارەت بەچەمک و زاراوەی ئاوازە دەڵێت: ((زاراوەی ئاوازە لەکوردیدا واتای ئاواز،(لحن)، (melody)ی ئاخاوتن دەگەیەنێت قسە کردن لەکاتی دەربڕیندا بە ڕەنگە مۆسیقیەکان باڵا پۆش دەکرێت، جیاوازیەکی ئەتۆی لەگەڵ مۆسیقادا نییە، تەنیا لە پلەی هاویەکبوون و ڕێکەوتنی ئاوازە ناخۆییەکان نەبێت، کە کۆ گشتییەکی یەک پارچەیی ڕێکاواز لە هەموو یەکە لایەکان دروست دەکات مۆسیقای ئاخاوتنیش لە شێوەی بەرز بوونەوە و نزم بوونەوەی هەمە جۆری دەنگەکاندا دەردەکەوێت یان ئەوەی ناومان ناوە ئاوازەکانی قسە کردن، چونکە قسە کردن هەر شێوە ئاخا وتنێک بێت بە هیچ جۆرێک لە یەک ئاستدا پێشکەش ناکرێت.)) (ئەمین،١٩٩٤: ١٦)، خاوەنی ئەم بۆچوونە لە دەستنیشانکردنی زاراوەکەدا پێکاویەتی، بەڵام لە هاوبەرامبەر کردنی هەمان زاراوە (ئاوازە) بە زاراوەکانی (لەحن، میلۆدی) لە جێی خۆیدا نییە، هەروەها لە شیکار و خستنەڕووی چەمکی (ئاوازە) دا لێڵی و ئاڵۆزی و ناڕوونێکی زۆر لە کۆی سەرەنجەکەدا هەستی پێدەکرێت، بەڵام (عبدولوەهاب) زاراوەی( (ئاوازە) (Intonation) ئینگلیزی بەکارهێناوە)) (موسا،٢٠٠٧: ٥٨).

ئەم تێکەڵکردنەی چەمک و زاراوەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، سروشتی دروستبوونی ئاوازە ئاڵۆز و یەکەیەکی سەروو کەرەستە و پێکهاتە زمانییەکانە، بۆیە ((دەستنیشانکردنی ئاوازەی هەر ڕستەیەک سروشتی هەر برگەیەک بەبێ ئامێری(spectrogram) ناکرێت، لە ڕاستیدا ئەم لایەنەی زمان ئەوەندە سرکە تازەترین و پێشکەوتوترین ئامێریش ناتوانێت هەموو لایەنەکانی بە وردی دەستنیشان بکات)) (ئەمین،١٩٩٤: ١٦)، هەروەها نەبوونی فەرهەنگێکی کوردی یەکگرتوو، تا توێژەران لە دەستنیشانکردنی چەمکی دروستی زاراوەکان بۆی بگەڕێنەوە، بەڵام توێژەر(ساکار کەمال واحید) لە نامەی

ماستەرەکەیدا، چەمک و زاراوەی (ئاوازە)ی بەکارهێناوە، کەچی لە خستنەڕووی چەمکی (ئاوازە) بە هەڵەدا چووە لەگەڵ چەمک و زاراوەی (ئاوازی ڕستە) تێکەڵی کردووە، لەم بارەیەوە نوسیویە: ((ئاوازەی ڕستەکان جۆراوجۆرن بەپێی ناوەڕۆکی ڕستەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، ئەم جۆراو جۆرییەی ئاوازە یاخود هەندێک پێدەڵێن مۆسیقای قسەکردن گیان دەخاتە بەر قسە واتای پێدەبەخشێت؛ وەک –ئاوازەی ڕستەی هەواڵدان- ئاوازەی ڕستەی پرسیاری- ڕستەی سەرسوڕمان)) (واحد، ٢٠١٣: ٤٢)، توێژەری ئەم توێژینەوەیە هاوشێوەی توێژەرەکانی تر لە خستنەڕووی چەمکی ئاوازە بەهەڵەدا چووە، چونکە ئەوەی جۆری ڕستەکان دەسازێنێت (ئاواز)ە نەک (ئاوازە)، هەروەک توێژەر ( دڵشاد محەمەد غەریب) لە تێزی دکتۆراکەیدا بۆی چووە، زاراوەی (ئاواز)ی بە چەمک و واتای گۆڕینی ڕستە داناوە، نەک گۆڕینی واتای ڕستە، چونکە ((لەبنەڕەتدا بۆ گۆڕینی واتای ڕستە نییە، بەڵکو لە ئاستی قووڵدا بۆ گۆڕینی جۆری ڕستەیە بەم واتایە لە هەواڵییەوە بۆ پرسیاری یاخود سەرسوڕمان...هتد)) (غەریب،٢٠١٩: ١٩٩)، هەروەک لە سەرەتای ئەم باسەوە هەنگاو بەهەنگاو بەپێی زنجیرەی مێژووی بڵاوکردنەوەیان پوختەی ئەو دید و سەرەنجانەمان، سەبارەت بە چەمک و زاراوەی (ئاوازە) خستەڕوو، بۆمان دەرکەوت، کە توێژەران هەندێکیان دروست بۆ زاراوەکە چوون، بەڵام لە خستنەڕوویان نەیان پێکاوە؛ هاوکات هەندێکی تر لە توێژەران وەک بەکارهێنانی زاراوە بە هەڵەدا چوون، بەڵام لە خستنەڕووی چەمکەکەیدا تا ڕادەیەک بۆی چوون، کە بۆ هەریەکەیان لە شوێنی خۆیان گەر بە دیرێکیش بوبێت ئاماژەمان پێداوە بە تێگەیشتنی ئێمە بەپێی ئەو ئەنجامەی پێی گەیشتووین لە کوردیدا زاراوەی(ئاوازە)، کە بریتییە لە دیاردەیەکی دەنگی ناپێکهاتەییە، بەشدار دەبێت لەپێکهێنانی ئاوازی ڕستەدا، هاوکات باری هەست و هەڵوێستی قسەکەر دەنوێنێت، کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت جۆری تۆنی وتراوەکان دەستنیشان بکرێن.

### ٣/١-٣) هێز و ئاواز و ئاوازە

لە ڕاستیدا هەریەک لە هێز و ئاواز و ئاوازە وەک سێ ماک و نیشانەی دیاردەی ئاڵۆز و هاو سنوور و پێکداچوون، هەروەک لە (٢/١)، (٣/١) ئەم توێژینەوەیەدا بەرباس دران، بەشێوەیەک هەریەکەیان بەباس وبابەتی سەربەخۆ لێیان دواوین؛ لەبەر پێویستی زانستی بابەتەکە، لە لایەک لە لایەکی ترەوە، ئەو ئاڵۆزی وبەیەکداچوونەی ئەم سێ چەمک و زاراوەیە، وەک سێ دیاردەی دەنگیی لەزماندا، (هێز و ئاواز، ئاوازە) بەپێویستمان زانی پێکەوە لەباسێکی سەربەخۆدا ڕۆڵ و سروشت و تایبەتمەندیان بخەینەڕوو. پاش خوێندنەوە و بەدواداچوونی ورد بۆ هەریەک لەسێ دیاردە دەنگییە کە لەسەرەوە ناویان هاتووە، هاوکات بەپێی ئەو بەڵگە زانستیانەی بەدەست هێنراون بەم ڕاستیانە گەیشتین:

**١-(ئاواز-Intonation-نغمة-تنغيم)** بریتیە لەو (ئاواز)ەی جۆری ڕستە دەنوێنێت، بەشێوەیەک لەگەڵ چۆنێتی گۆ کردنی (pronunciation) ڕستەدا دێت، کە جۆرەکانی ڕستەی پێ دەستنیشاندەکرێت، وەک ڕستەی(هەواڵی، پرسیاری...تد)، کەچی زۆربەی توێژەر و شارەزایانی کورد بەهەڵە لە خستنەڕووی ئاوازدا چەمکی ئاوازیان لێکداوەتەوە، تەنانەت لای هەندێ توێژەر زاراوەی نادروستیان لە بەرامبەری داناوە، بەمەیش تێکەڵکارییەک لە خستنەڕووی چەمک و زاراوەی ئاوازدا بەهەڵەدا چوون ڕوویداوە، بۆ وێنە زاراوەی ((چیناواز) بەرامبەر(tone)ی ئینگلیزی بەکارهێنراوە، بۆ ئەوەی جیا بکرێتەوە لە(ئاوازە-Intonatoin)) (موسا،٢٠٠٧: ٦٢)، بەسەرنجدان لەم بۆچوونە توێژەر خستوویەتیەڕوو، ئاشکرایە توێژەر لە هاوبەرامبەرکردنی زاراوەکاندا بەهەڵەدا چووە، چونکە یەکێک لە چەمکەکانی (تۆن) بەرامبەر بە کوردییەکەی (ئاوازە)یە، بەڵام توێژەر(چیناواز)ی بەکارهێناوە؛ هەروەها زاراوەی(Intonatoin)ی بە (ئاوازە) هێناوە هەڵەی دیاری ئەم توێژەرە لەوەدایە لە کوردیدا بەرامبەر زاراوەی (ئاواز)ە نەک (ئاوازە)، ئەگەر لە بری زاراوەی (چیناواز) هەر ئاوازەی بەکاربهێنایە دروست بوو، وەک لای هەندێک توێژەرانی کورد بەکارهێنراوە، بەڵام ئەم فرە زاراوەییە وەک مۆدێلێک کەس خەتی ئەوی تر ناخوێنێتەوە، وەک سیمایەکی دزێو لە زۆربەی توێژینەوە کوردییەکاندا هەستی پێدەکرێت؛ پاشان توێژەر لە شیکردنەوی (چیناواز) نوسیویە: ((بریتیە لە ئاڕاستەی جووڵەی پلەی دەنگ ئەم چیناوازە دابەش دەبێت بۆ دوو چیناوازی سەرەکی و لاوەکی)) (موسا،٢٠٠٧: ٦٢)، پاشان نوسیویە: ((چیناوازی سەرەکی ئەو بەشەی پەیامەکەیە، کە قسەکەر پتر بایەخداری بکات.)) (موسا،٢٠٠٧: ٦٢) ڕاستیەکەی ئەم تایبەتمەندیانەی باسی دەکات، تایبەتمەندیەکانی (ئاوازە)ن، کە لە زمانی ئینگلیزیدا (tone)وەک ئەوەی توێژەر هێناویەتی لە باسەکەیدا تەنیا چەمک و زاراوەی (ئاوازە) ئەو چەمکە دەگەیەنێت، چونکە تایبەتمەندییەکانی(ئاوازە) لە خستنەڕووی زاراوەی (چیناواز) نیشانداوە.

**٢- هێز و ئاوازە:** مەبەست لە هێز و ئاوازە ئەو بڕگە دەنگیانەن جۆرێک لە گرتن و بەرزو نزمی لە بەشە دەنگیی بڕگەکەدا دروست دەبێت، بەم پێیە لەگەڵ بڕگەی هێزداردا دەنگ و مۆسیقای بڕگە هێزدارەکە جۆرێک لە بەرزو نزمی لەرە و بکێشی تیا ڕوودەدات، لە زمانی کوردیدا چەمک و زاراوەی (ئاوازە)ی بۆ دانراوە هاوبەرامبەرە بە زاراوەی (نبرة) لەزمانی عەرەبیدا، چونکە دیاترین چەمکەکانی نبرة ((رفع الصوت-بەرزکردنەوەی دەنگ، الشدد-توند)) (نیزامەدین،٢٠٠٧: ١٢٥٥)، ڕاستییەکەی دانەری ئەم فەرهەنگە دروست بۆ چەمکەکانی (نبرة) چووە، بەڵام لە کوردیدا زراوەیەکی تایبەتمەندی بۆ نەدۆزراوەتەوە، ئەگەرچی چەمکەکانی نبرةی بەو شێوەیە گەیاندووە، کە ئێمە لەم توێژینەوەدا پێی گەیشتووین، لە (ئاوازە) دا وەک زاراوەیەک لەم ڕووەوە نیشمانداوە؛ لە بنەڕەتدا ((نبرة) لە زمانی عەرەبییدا لەمنارەی مزگەوتەوە هاتووە بەواتای بەرز و دەرکەوتوو هاتووە.)) (هاشم، ٢٠١٢: ١١)، لەم ڕووەوە کاتێک هێز لە بڕگەیەکدا دەنوێنرێت؛ هاوکات (ئاوازە)ی بڕگە هێزدارەکە بەرز دەبێتەوە، بەشێوەیەک لەلایەن ئاخێوەرانەوە بە سانای هەستی پێدەکرێت، کە لەلایەن هەندێک لە توێژەر و شارەزایانەوە بە(مۆسیقای زمانی، مۆسیقای ڕستە، ئاوازی ڕستە، زەنگە تەوژم، دەنگە تەوژم...تد) ناویان هێناوە، بەڵام لەڕاستیدا(هێز و ئاوازە) پێکەوە هاوبەشێکی کارای سازێنەر و نوێنەری بڕگەی(هێزدار)ن، کە هەندێک لە توێژەران بە(بڕگەی دەنگی، بڕگەی بڵند، بڕگەی بەرز، زەنگ و ترپە و لەرەی بڕگە...تد) ناویان بردووە؛ هەڵبەت وەک نیشاندرا هێز و ئاوازە پێکەوە بە هاوبەشی لەو بڕگە هێزدار و ئاوازەدارانەدا بەشداری دەکەن، بەمەیش مەبەست و بەشە پەیامی نێرەر جەخت لەسەرکراو (تیشکی واتایی)دەخاتە سەر، زیاتر و ڕوونتر لای وەرگر(بەر دەنگ) بە دیار دەکەوێت و تێی دەگات؛ هەر بەهۆی ئەم سروشتە ئاڵۆز و تێکچڕژاوەی(هێز و ئاوازە)وەیە؛ ئەو تێکەڵکاریە لای زۆربەی توێژەران و شارەزایان هەستی پێدەکرێت، بۆ وێنە هەوڵدەدەین لە چەند ڕستەیەکدا نیشانی بدەین.

- کۆژین گوڵەکانی ئاو داوە.

لەسەر ئاستی (ئاوازی ڕستە)جۆری ڕستەکەمان بۆ دەستنیشان دەکات، کە ڕستەیەکی هەواڵییە، بەڵام(هێز و ئاوازە) پێکەوە بەپێی خواست و مەبەستی نێرەر ئەو بەشە پەیام و مەبەستە لەبەر چاوگیراوە و جیاجیایانەمان بۆ دەنوێنێت، بۆ وێنە: ئەگەر مەبەست لەو ڕستەی سەرەوە بەهەند گرتنی بکەر بێت، ئەوا بەهۆی(هێز و ئاوازەوە) ئاوازەی(کۆژین)، جۆرێک لە بەرز بوونەوە بە خۆیەوە دەبینێت، دەکرێت هەست و مەبەستی ڕامان، ئەوەق بوون، چاوەڕواننەکراو، یان هەر جۆرە هەستیکی تر بگەیەنێت، بەپێی ئەو کەش و فەزایەی، کە ئەو وتراوەی تیا دەربڕاوە، بەڵام بەشە پێکهێنەرەکانی تری ڕستە ئاسای دەوترێن؛ ئەگەر مەبەستی نێرەر لە ڕستە و وتراوەکەیدا هەر بەشە پێکهاتەیەک

بێت، لە ڕستەی دراودا، بە هەمانشێوەی نمونەکەی سەرەوە بەشە (هێز و ئاوازە)ی ڕستە لەسەر ئەو بەشە بەهەند گیراوەی ڕستەکە زیاتر و ڕوونتر بەدیاردەکەوێت، بەمشێوەیە هێز و ئاوازە پێکەوە کاردەکەن. لە ناو یەکەیەکی تری دەنگییدا، کە(ئاواز)ە هاوبەرامبەری لە زمانی ئینگلیزی(Intonation)و لەزمانی عەرەبیدا( نغمة، تنغیم)ی بۆ دانراوە.

مەبەست لە ئاوازی ڕستە(ئاوازی وتن)ە، هەڵبەت ((ئاوازی ڕستە مانا و واتا و مەبەستی ڕستە ناگۆڕێت، بەڵکو تەنیا بەپێی جۆری ئەو ئاوازی هەریەک لە ڕستەکانی (هێز، زەنگە تەوژم) بەیەکەوە لە ئاوازی ڕستەدا بەشدارن، ئاوازیش بەهەمانشێوە لەگەڵ گۆتندا دێت و(Supra_segmental) گوزارشت لەبەرزی و نزمی دەنگ لەکاتی ئاخاوتندا دەکات، بە پێی ویستی قسەکەر دەخرێتە سەر وشەیەک لەناو وشەکانی ڕستە، لە بنەڕەتدا بۆ گۆڕینی واتای ڕستە نییە، بەڵکو لە ئاستی قووڵدا بۆ گۆڕینی جۆری ڕستەیە، بەم واتایە لە (هەواڵیەوە بۆ پرسیاری یاخود بۆ سەرسوڕمان) لە ئاستی قووڵدا جێگەی خاڵبەندی دەگرێتەوە، بریتیە لە بەرز بوونەوەو نزم بوونەوەی پلەی زەنگ (Pitch) لە(سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتای)ی قسەکردندا ڕوودەدات.)) (غەریب،٢٠١٩: ١٩٩)، گەر سەرنجێکی ورد لەم پارچە نوسینەی بدرێت، بە ئاشکرا دەبینین توێژەر بە هەڵەدا چووە، لەوەدا، کە دەڵێت: ((هێز، زرنگە، تەوژم) پێکەوە لە ئاوازی ڕستەدا بەشدارن)) (غەریب،٢٠١٩: ١٩٩)؛ تا ئێرە ڕاستە، ئەگەر زرنگە و تەوژم بە چەمکی (ئاوازە) دابنرێت؛ هەروەک خۆی لە شیکردنەوەکەیدا دروست دەخرێتە سەر وشەیەک لە ناو وشەکانی ڕستە، بە چەمکی(ئاوازە) هێناویەتی نەک(ئاواز)، کەچی توێژەر بە هەڵەدا دەچێت و لە جێی زاراوەی(ئاوازە) زاراوەی(ئاواز)ی بەکارهێناوە؛ بەمشێوەیە نوسیویەتی((دەخرێتە سەر وشەیەک لە ناو وشەکانی ڕستە لەبنەڕەتدا بۆ گۆڕینی واتای ڕستە نییە، بەڵکو لە ئاستی قوڵدا بۆ گۆڕینی جۆری ڕستەیە بەو واتایە لە هەواڵییەوە بۆ پرسیار یاخود سەرسوڕمان.)) (غەریب،٢٠١٩؛ ١٩٩)، لەم بەشەی نوسینەکەیدا تایبەتمەندی(ئاوازی ڕستە)ی نیشانداوە، نەک (ئاوازە)، چونکە ئەو دەنگ و مۆسیقایەی، کە بە(ئاوازی ڕستە) ناومان هێناوە بەرامبەر(Intonation)ی ئینگلیزی بەکارهێنراوە، پاشان هەر لەدرێژەی شیکردنەوەکەیدا نوسیویە: ((بریتییە لە بەرزبونەوە و نزمبوونەوەی پلەی (زرنگە_Pitch) دەنگ، لە (سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتای) قسەکردندا ڕودەدات.)) (غەریب،٢٠١٩: ١٩٩)، لێرەدا توێژەر بە تەواوی بە هەڵەدا چووە، چونکە دووبارە تایبەتمەندییەکانی (ئاوازە)ی خستووەتەڕوو بۆ چەمک و زاراوەی (ئاواز).

ئاوازە وەک دیاردەیەکی دەنگی پێویستییەکی بنەڕەتی ڕستەیە، دەتوانین بڵێین((چەشنەکانی ڕستەی هەواڵی پرسیاری سەرسوڕمان،  لە بنەڕەتدا ئاوازی تایبەتیان هەیە، بۆیە داوای ئاوازی جیاجیا دەکەن.)) (غەریب،٢٠١٩: ١٩٩)، توێژەر بۆ خۆی ڕاستی بۆچوونەکەی ئێمەی سەلماندووە، وەک لە نمونەکەدا نیشاندراوە، کەچی لە پێکەوە بەستنەوەی زانیاریەکاندا نەیپێکاوە، بەمشێوەیە دەتوانین بە پێی جۆری ڕستەکان ئاوازی ڕستەکان دەستنیشان بکەین؛ (ئاوازی ڕستەی هەواڵی) لەکۆتایدا نزم دەبێتەوە، بەڵام(ئاوازی ڕستەی پرس) لە کۆتایدا بەرز دەبێتەوە، هەرچی ئاوازی (ڕستەی ڕامان)یشە لە ناوەڕاست بۆ کۆتا بەرز دەبێتەوە؛ ئاخێوەرانی هەر زمانێک جۆری ئاوازی ڕستەی زمانەکەیان دەناسنەوە، بەشێوەیەکی سروشتی و زگماکی ئەم تێگەشتنانە وەردەگرن. پاشان توێژەر لە درێژەی نوسینەکەیدا ((ئەگەر چی (هێز، زرنگە، تەوژم) پێکەوە لە ئاوازی ڕستەدا بەشدارن، بەڵام لە خستنەڕووی نمونەکاندا، زیاتر ئاماژە بە (هێز، ئاواز) کراوە)) (غەریب، ٢٠١٩: ١٩٩)، بەمشێوەیە توێژەر لە نوسینەکەیدا ڕوونیکردەوە مەبەستی لە زاراوەی(زرنگە، تەوژم) (ئاوازەیە) بەمەش ڕاستی ئەو بۆچوونە زانستییەی سەلماند، کە لەسەرەتای ئەم باسەوە هەوڵی سەلماندنی دراوە.

١. هێز گرتنی بڕگەیە بەهۆی بزوێنەکانەوە (ئاوازە)ی بڕگەکە بەرز دەبێتەوە واتە لێرەدا هێز و ئاوازە پێکەوە بە هاوبەشی کاردەکەن.

٢. ئاواز تایبەتە بە ڕستە و جۆری ڕستەکان لەڕووی جۆرییەوە دەنوێنێت.

بەمشێوەیە لەڕێگەی هێز و ئاوازە و ئاوازی ڕستەوە، دەتوانرێت تۆنی دەربڕینەکانی قسەکەر و بار و هەستی دەستنیشان بکرێت.

# بەشی دووەم

## دەروازەیەک بۆ شیکار و خستنەڕووی ڕەگەزەپێکهێنەرەکانی تۆن و جۆر و گرنگییان لە کاری ئەدەبییدا

## ١/٢) دیارترین ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی تۆن

### ٢/ ١-١) سەرەتایەک دەربارەی  دیارترین ڕەگەزە پێکێهنەرەکانی تۆن

هەروەک لە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەدا سەرەتایەکی پێویستمان بۆ ناساندنی تۆن خەستەڕوو؛ بۆیە لەم باسەدا لە دیارترین ئەو ڕەگەز و کەرەستە و پێکهاتانە دەدوێین، کە ڕۆڵیان هەیە لە دروستکردنی تۆن و جۆرەکانیدا.

تۆن وەک تەکنیکێکی ئەدەبیی و هونەریی لە بەرهەمی ئەدەبیدا، سروشتێکی ئاڵۆز و تێکچڕژاوی هەیە، چونکە سەرەڕای ڕەهەندە ئەدەبی و هونەرییەکەی ڕەهەندی فەلسەفیی و دەروونیی و زمانیشی ...تد هەیە؛ بۆیە لەم باسەدا هەوڵدەدەین لەو ڕەگەزە هونەریی و زمانیی و ئەدەبیانەی ڕۆڵدەبینن لە دروستکردنی تۆندا  بدوێن، دیارترین ئەو ڕەگەزانەش بریتین لە:

١. هەڵبژاردن و ڕۆڵ پێدانی وشە و کێڵگە و خێزانی وشەکان.

٢. وێنە و وێنەسازی و وێنەی ئەندێشەیی.

٣. دەنگە تایبەتەکان (دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکان).

٤. هێز و ئاوازە و ئاوازی ڕستە و ئاوازی شیعری.

٥. خاڵبەندی... تد

### ٢-١/٢) وشە

وشە: وەک کەرەستەیەکی ئەدەبیی و هونەریی، کە ڕەهەندی زمانیی هەیە، بەیەکەی پێکهێنەری بنچی دروستکردنی تۆن دادەنرێت، بەهۆیەوە خودی تۆنەکە و جۆرەکەیشی دەستنیشان دەکرێت؛ هەربۆیە ((وشە و ڕستە ئامرازی بەرجەستەکەری چەمک و وێنە شیعرییەکانن، بەهەمانشێوە ڕۆڵ دەبینن لە دروستکردنی تۆندا، بۆ خستنەڕووی بارو حاڵەت و لایەنی هەستەکی و سۆزەکییەکانی نێرەر لە بەرهەمەکەیدا.)) (عمران پور، ١٣٨٤ :١٣٥)، بەم پێیە ((وشە ئامرازی فۆرمەلەکردنی تۆنە، خۆی لە چۆنیەتی هەڵبژاردن و دانان و سەر و ڕیزکردن و چنینی وشەدا دەبینێتەوە لە پێکهاتەی ڕستەدا، کە یەکجار گرنگە، چونکە نێرەر(نوسەر) لە ڕێگەی چۆنییەتی هەڵبژاردنی وشەکان و چۆنییەتی دانان و ڕۆڵمەندکردنیان، ئاوازی زەینیی وشەکان لە دووتوێی ڕستەدا، دەتوانێت تۆنی تایبەت بۆ گەیاندنی مەبەستێکی تایبەت دروست بکات، تا لەم ڕێگەیەوە مەبەستی تایبەت بە وەرگر(خوێنەر) بگەیەنێت.))

(سەحرایی، حەیدەری، میرزای، ١٣٩٠ : ٧٨)، بۆ وێنە: ((لە ڕێگەیشدا بیری بۆ لەوە زیاتر نەدەچوو «بڕۆن» پێی خۆش بوو شتێکی تریان گوتبایە هەر شتێک جگە لە و تاقە وشە، وشەکە ئەوەندە قورس بوو ، کە لەوە دوایش هەر کە بیری دەکەوتەوە پێی وابوو بەردێکە بەمێشکیدا دەدرێت و دەیخاتە زەوی.)) (نەهایی،٢٠١٩: ٢٤)، وشەی (برۆن) لە یادەوەری دایە گوڵێ دا، گوزارشت لە دۆخێکی ناهەموار مەرگەسات دەکات، چونکە ساتە وەختی ئەو دەربڕاوە کاتی ئاوارەبوونیانە، لەبەر برسێتی و بێ شوێنی بە ناچاری دایەگوڵێ و هاوسەرەکەی بڕیاری جیابوونەوە و جێهێشتنی دایک و باوکی دایە گوڵێ و ماڵی پور حەلاویاندا. لەو ساتەدا دایک و باوکە بەساڵاچووەکەی تێدەگەن لە مەترسی دۆخەکە و بڕیاری ڕۆشتنی ئەوان، تەنیا پێان دەڵێن بڕۆن؛ نوسەر لە ڕێگەی ڕۆڵمەندکردنی ئەو دەربڕاوە قورسی دۆخەکە لە خوێنەر دەگەیەنێت، بەشێوەیەک درک بە باری زەینیی و دەروونیی کەسێتی دایە گوڵێ بکرێت، لەگەڵ ئەو دەربڕاوە دا.

((کاڵێ گڵۆڵە گڕێکە و لە ناو دەیان ئاوێنەی گەورە و بچوکدا سەما دەکات. ئاوێنەکان مەیدانێکی تەنگەبەر و تەسکن. ژوورەکەش. لە ژوورەکە دەردەپەڕێت. گڵۆڵە گڕێک خۆی بە درەکەی تەنەکە و ... کاڵێ گڵۆڵە گڕێکە و خۆی بەسەرما و خەڵوەتی کۆڵان دەسپێرێت.)) (نەهایی،٢٠١٩: ٢٥٧)، لەو نموونە وەرگیراوەدا دەربڕاوی (گڵۆڵە گڕێک) وەک وشەیەکی لێکدراو دەنگدانەوەی دەبێت لەزەینی خوێنەردا، چونکە نوسەر بۆ وێناکردنی قورسی ڕووداوەکە و زۆری ئازاری سوتانەکە سودی لە بەکارهێنانی ئەو وشەیە بینیوە، بەشێوەیەک نوسەر لە جێکەوتەیەکدا بۆ وێناکردنی ڕووداوێکی مەرگەسات ئامێز بەکاریهێناوە، دەکرێت بۆ ناکۆتا لە زەینی خوێنەردا دەنگدانەوەی بمێنێتەوە و دەروونی بهەژێنێت؛ هاوکات لە وشەی گڵۆڵە دا واتا و مەبەستی بەردەوامی هەیە، لەم ڕووەوە نوسەر دەیەوێت سەرنجی خوێنەر بۆ بابەتێکی گرنگ ڕابکێشێت، ئەویش کردەی خۆ سوتاندن و کەیسی خانمانە، لەسەر ئاستی کۆمەڵ بەگشتی.

((... سەعادەت بە گریانەوە پرسی : لە کەیەوە ئەو چەتیوەی مارە کردووە؟ لە کەیەوە هێناویەتی؟...)) (نەهایی، ٢٠١٩ : ٧٨)، بەسەرنجدان لەم نموونە تێدەگەین نوسەر بە وردی مامەڵەی بە (وشە)ەوە کردووە، لەم نموونەدا کارەکتەری قسەکەر خانمێکی کوردی نەخوێندەوارە، هاوسەرەکەی بێ ئاگاداری ئەمان ژنێکی تری هێناوە، نوسەر بۆ نیشاندانی باری زەینیی و دەروونیی ئەم خانمە ستەم لێکراوە؛ هاوکات لەبەرچاوگرتنی ئاستی کۆمەڵایەتی و نەخوێندەواری کارەکتەرەکەی، سودی لە کۆمەڵە وشەیەک وەرگرتووە وەک: (ئەو چەتیوە)، کە تۆنی کارەکتەرەکە دەستنیشان دەکات، تۆنی سوکایەتییە؛ هاوکات ئاستی کۆمەڵایەتی و نەخوێندەواری و توڕەیی و ...تد کارەکتەرەکە دەنوێنێت، چونکە دەستەواژەی چەتیو لە ڕووی ئاستی زمانی کورتکراوەیەکی بازاڕییە، بەم شێوەیە ((ئەو وشانەی نێرەر(نوسەر، قسەکەر) هەڵیان دەبژێرێت، چۆن دەرخەری لایەنی لۆژیکی و وێناسازین

بەهەمان ئەندازە دەرخەری بار و حاڵەت و حاڵەتی سۆزداری نێرەرن، کە لە ڕێگەی تۆن و جۆرەکانییەوە دەنوێنرێن.)) (علی زادە، ڕەحیمی، ١٣٩٨ : ٤)، کەواتە هونەر و فەلسەفەی هەڵبژاردنی وشەکان و چۆنێتی سەر و ڕیزکردن و دانان و چنینیان لەجۆری ڕستە و پێکهاتەی دەقدا ڕۆڵ دەبینن، لە چۆنێتی سازاندن و دروستکردنی تۆندا.

تەکنیکی هونەریی و نیگارکاری ورد هەیە، لە نواندنی تۆن و تەرزەکانیدا، هەڵبەت ئەم توانستی هونەرکارییەی نواندنی تۆنەکان، بەهەڵبژاردنی وشەی لەبار و گونجاو بۆ جێکەوتەی گونجاو لە سنوری پێکهاتەی دەقدا، بەپێی پێویستی نیگارکاری بابەتی دەقەکە بۆ گەیاندنی پەیامگەلی گشتیی و تایبەتی دەنوێنرێت، چونکە ((ڕۆڵ پێدانی وشە بە شێوەیەک دەبێت لە بیرو هۆشی وەرگر(خوێنەر)دا زرنگە و دەنگدانەوە دروست دەکات و دەمێنێتەوە.)) (خاکبازی، حەیدەری، ١٣٩٩ :١٤)، بۆ وێنە: ((...دەیگوت: تۆ دەترسی لەو سەرتاشخانەیە بێتە دەر. دەترسی ئەو کوردستانە بچووکە بە جێ بێڵی .)) (نەهایی، ٢٠١٩: ٢١٤)، ئەم نموونەیە بەشێکە لە گفتوگۆ و شەڕە قسەی نێوان دوو کارەکتەری ڕۆمانەکە، کە ژن و پیاوێکی کوردن لە وڵاتی سوید دەژین، پیاوەکەی (هەلاڵە)، کە (شێرزاد)ە بەرامبەر بە کلتوری ئەوروپی دڕدۆنگە، بۆیە لەسەرتاشخانەی هاوڕێیەکی، کە تەنیا کوردەکان سەردانی دەکەن کاردەکات؛ (هەلاڵە)ی هاوژینی سەرکۆنە و ڕەخنەی دەکات، بەوەی نایەوێت بگۆڕێت. نوسەر بەهەڵبژاردنی دەستەواژەی ( ئەو کوردستانە بچووکە) بۆ کارەکتەری ڕۆمانەکەی، وە دەربڕینی لەبەرامبەر (شێرزاد)دا، دەبێتە بۆمبی ئەتۆم و هێندەی تر (شێرزاد) دڕدۆنگ و توڕە تر دەکات، چونکە ئەم دەستەواژەیە بە واتای گەمژە بوون نەزانی و چەق بەستوی دێت، بۆ هەمیشە دەنگدانەوەی دەبێت لە بیر و ئەندێشەی وەرگر (خوێنەر)دا، کەواتە ئەو رۆڵە گرنگەی وشە دەیگێرێت، لە دروستکردنی تۆندا بەو ڕاستیەمان دەگەیەنێت: ((ڕەچاو کردنی وشەی لەبار و نەقشمەند، هەروەها جێکەوتە و پێکهاتەی ڕستەسازی ئەو وشە بەربژێرانە، گرنگە بۆ گەیاندنی کەش (فەزا)و دۆخ و مەبەستی تایبەت لە ڕێگەی تۆن گەلی تایبەتمەندەوە.)) (هیدایەتی، رضای، ١٣٩٩ : ٢٤٩)، بەمشێوەیە نێرەر(نوسەر) لەڕێگەی چۆنییەتی هەڵبژاردنی وشە و هونەری دانان و چنینییەوە، دەتوانێت تۆنگەلی تایبەت بۆ گەیاندنی گۆشەنیگای تایبەت بسازێنێت.

## ٣-١/٢) وێنەی ئەندێشەیی

وێنەی ئەندێشەیی(شیعریی): ((ڕەگەزێکە لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی شیعر، کە لە جیهانی هەست و نەست و ئەقڵ گەرییەوە سەرچاوە دەگرێت، سەرئەنجام لە ڕێی وشەوە وێنەیەکی شیعریی جوان و بە پێز لە دەقێکی شیعریدا بەرهەم دەهێنێت، گیان بە بەر وشەکاندا دەکات، بە واتایەکی تر وێنە

ڕەنگدانەوەی(وێنە)ڕەنگدانەوەی بارێکی دەروونیی دیاریکراوە کە شاعیر دەوروروژێنێت، بەرامبەر بە هەڵوێستێکی دیاریکراو لە ژیانیدا.)) (عیسا،۲۰۰۹ : ۲۱). بەمشێوە وەک ڕەگەز و پێکهاتەیەکی هونەریی بەتایبەت لە ژانری شیعردا، بە بنەما و ڕەگەزێکی بنیاتنەری شیعریی دادەنرێت؛ هاوکات ئەم وێنە ئەندێشەیی و شیعریانە سنوری شیعریان تێپەڕاندووە، تاڕادەیەک لە ژانرە ئەدەبییەکانی تری وەک چیرۆک، ڕۆمان...تد دەبینرێت. هەڵبەت نوسەران بۆ خستنەڕووی پەیامگەلێکی ورد و جێ سەرنج لە تەرزێکی ئەدەبی بەرزدا، سودیان لەم ڕەگەزە گرنگ و کاریگەرەی شیعر بینیوە؛ بۆ وێنە: ((لاس لەبەر چاوی دایەگوڵێ دا لە دیڵێکی تووڵە ون بوو دەچوو، کە داماوانە دەیقورسکان)) (نەهایی، ۲۰۱۹: ۹۹)، بەسەرنجدان لەو نموونە وەرگیراوە، لە ڕێگەی ئەو چواندنەی نوسەر ئەنجامی داوە، بۆ وێناکردنی دۆخی نا هەمواری کەسێتیی لاس، لەسەر زاری دایە گوڵێەوە، درک بە باری زەینیی و دەروونیی لاس دەکرێت، کە پاش پانزە ساڵ لە ڕۆیشتنی دەگەڕێتەوە بۆ لای ماڵ و خێزانەکەی، بەڵام ژن ومنداڵەکەی نابینێتەوە. ئەم وێناکردنەی نوسەر، بۆ پیشاندانی دۆخی خراپی کەسێتی (لاس)ە، ڕەنگە بۆ نا کۆتا لە یادەوەری خوێنەردا بمێنێتەوە... .

**((لەوسەری کۆڵانەوە کچێک لەبەر ڕێژنەکەدا ورد و بە کاوەخۆ دێت. کچی ئاو و بارانە.))** (نەهایی،۲۰۱۹: ۹۸)، بەسەرنجدان لە نموونەکە درک بە وێنەیەکی هونەریی دەکرێت، ئەویش وێناکردنی کەسێتی (کاڵێ)یە، لە هەستی ئەویندارانەی فەرهادی دڵدارییەوە، لەسەرزاری گێڕەرەوەی ئەم ڕۆمانەوە بەرجەستە دەکرێت، بەشێوەیەک دەکرێت بۆ هەمیشە لە یادەوەری خوێنەردا بمێنێتەوە، چونکە چواندنی کەسێتی کاڵێ بە کچی ئاو و باران، لایەنی مێینەیەتی و شۆخ و شەنگی و سەلارە ژنی نیشاندەدات؛ هاوکات وێناکردنیکی هونەرییە، کە چێژی جوانیناسی دەدات، بە خوێنەر.

((مەلافەکە لە ئاستی سەر سنگت نابزوێت هەلاڵە. نابزوێ؟ بە حاستەم دەبزوێ ، وەها کە کۆترێکی بریندار و باڵ شکاوی لە بندا خەوتبێت.)) (نەهایی، ۲۰۱۹: ۹۵-۹٦)، لەم نموونە وەرگیراوەی ڕۆمانەکەدا، نوسەر ڕەچاوی ئاستی زمانی ئەدەبیی کەسێتی، (سەعیدی ڕەحمانی)، کە ئوستادی زانکۆ و مامۆستا و ئاشنای (هەلاڵە)؛ بۆیە دەبینین لە دەربڕینەکەی (ڕەحمانی)دا وێناکردنێک هەستی پێدەکرێت، ئەویش وێناکردنی(هەلاڵە)یە لەسەر تەختی نەخۆشخانە بە کۆترێکی بریندار؛ نوسەر سەرەڕای بەرجەستەکردنی وێنەیەکی ئەدەبیی و هونەریی، کە بۆ هەمیشە لە هزرو ئەندێشەی وەرگردا دەمێنێتەوە؛ هاوکات لە ڕێگەی ئەو چواندنەوە پاکیزەیی و بێ تاوانی (هەلاڵە)یش دەسەلمێنێت، چونکە هەلاڵە بە پەتوە سپییەکەیەوە لەسەر تەختی نەخۆشخانە، بە کۆترێکی سپی برینداری چواندووە، ئەگەر چی لە ئاستی نوسراودا نوسەر ئاماژەی بۆ(ڕەنگ) نەکردووە ، بەڵام لە ئاستی قووڵی نموونەکەدا درک بە ڕەنگی (سپی) دەکرێت، بەم کارەیش هەم وێنەکە دروست دەبێت- هەم

تۆنی ستەملێکراوی پێکدێت؛ کەواتە وێنەی شیعری ڕۆڵی یەکجار گرنگی بینیوە، لە چۆنێتی دروستکردن و نواندنی تۆنی ئەو نمونە وەرگیراوەی دەقەکە.

لەم ڕووەوە ((وێنەی شیعری گرنگترین ئامڕاز و هۆکارە بۆ دروستکردن و خستنەڕووی تۆنی بەرهەمەکە، ئەگەر چی وێنەی شیعری تاکە هۆکار نییە، ڕۆڵی هەبێت لە دروستکردنی تۆنی بەرهەمەکەدا، بەڵام وێنەی شیعری بە بڕ و ئاستێکی بەرز ڕۆڵ دەبینێت، لە چۆنێتی دروستکردنی تۆن و جۆرەکانی.)) (عمران پور، ١٣٨٤: ٣٦)؛ بۆیە ((... بە هۆی وێنەکانەوە، هێندەی تر لە هەستی نوسەر نزیک دەبینەوە و بە باشی لە بەرهەمەکەی تێدەگەین، هەرچەندە نوسەر بە پیت و وشە و ڕستە، وێنەکان دەکێشێت، بەڵام قووڵتر بەرەو ناخی خوێنەر دەچن.)) (قادر، ٢٠٠٩: ١٣)، کەواتە ڕۆڵ و گرنگی وێنە، لە نواندن و خستنەڕووی هەست و هەڵوێست و مەبەستی تایبەتدا بەدیاردەکەوێت. بۆ وێنە: ((...هەڵاڵە هەستی دەکرد هەموو ساتێک لە ژیان و ڕابوردووی، باڵندەیەکە لە قەفەسی مێشک و زەینیدا، کە لە ناو هەزاران باڵندەی تر هەڵدەخولێت و ئەم هەموو هەڵخولانە گێژیان دەکرد.)) (نەهایی،٢٠١٩: ١١٤)، نوسەر لەسەرزاری (سەعیدی ڕەحمانیی)ەوە لە تەرزی زمانێکی ئەدەبی وهونەریدا وێنەیەکی وردمان بۆ دروست دەکات، کە ڕەنگدانەوەی باری زەینیی و دەروونیی هەڵاڵە نیشاندەدات؛ بەشێوەیەک لەو کورتە نوسینەدا، بەهۆی ئەو چوواندنە ورد و هونەرییەی نوسەر ئەنجامیداوە، دەتوانرێت درک بە ژیانی ڕابردووی کارەکتەری هەڵاڵە بکرێت، کە چ لێکەوتە و کاردانەوەیەکی لەسەر ژیان کەسێتی و باری زەینیی و دەروونیی داناوە. نوسەر لە دروستکردنی وێنەکەدا، کەرەستەی بینراوی بە نەبینراو چواندووە؛ هاوکات بە بەکارهێنانی هەر دوو دەستەواژەی (هەموو ساتێک لە ژیان و ڕابوردووی- ئەم هەموو هەڵخولانە) لە هەردوو لای وێنەکەدا، توانیویەتی ڕەهەندی دەروونیی و کلتوریی و مێژوویی کەسێتی هەڵاڵە وێنا بکات، کە چۆن تاکێکی قوربانییە بەمەیش (تۆنی دەروونیی) بەرجەستە بووە؛ ((بە شێوەیەک گەورەیی و مەزنی و تایبەتمەندی کەسێتییەکی ناو بەرهەمەکەی وا لە نێرەر دەکات، پەنا بەرێتەبەر ڕێز لێگرتن و سەرنەویکردن لە ئاست مەزنیی ئەو کەسەدا، بۆیە بۆدروستکردنی وێنەی شیعریی و ئەدەبیی بەرز پەنا دەباتە بەر ڕەگەز گەلێکی( زمانی و ئەدەبیی و هونەری)، تا لە ئاست گەورەیی و مەزنیی ئەو کەسێتییەدا بێت.)) (عومران پور، ١٣٨٤: ٣٦)؛ چونکە ((... وێنە، یان ئیماژی(Emage) شیعریی تەقینەوەیەکی کوت و پڕە، کە لەو پەڕی ڕەوانی مرۆڤدا دەردەکەوێت.)) (سوزەنی، ٢٠٠٦: ١٢)، بەمشێوەیە وێنەی ئەندێشەیی و شیعری وەک ڕەگەزێکی ئەدەبیی و هونەریی ڕۆڵ دەبینێت، لە دروستکردن و نواندنی تۆن و جۆرەکانیدا، هاوشێوەی ژانرەکانی تری ئەدەب لە ژانری ڕۆمانیشدا.

## ٢/ ١-٤) دەنگە تایبەتەکان

دەنگە تایبەتەکان: ئەو دەنگانەن  پێکهێنەری بڕگە و وشەکانن، هەندێ جار ڕۆماننوسی وردەکار، مەبەستگەلی ورد و تایبەت، لە ڕێگەی دەنگەلی هەڵبژاردەوە لە سنوری وشەدا دەگەیەنێت، کە بۆ خۆیشیان ئەو دەنگانە ڕۆڵ دەبینن لە وێناکردنی تۆنی هەستی نێرەر. لەم سۆنگەیەوە مەبەست لە ((دەنگە تایبەتەکان)) (عمران پور،١٣٨٤:١٣٤)، دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکانە، کەڕۆڵی گرنگ دەبینن، لە چۆنییەتی دروستکردن و نواندنی تۆنی تایبەت بۆ نیشاندانی هەست و هەڵوێستێکی تایبەت، لە کەش و فەزایەکی تایبەتی دەقەکەدا؛ ئەگەر چی ئەم جۆرە ناو لێنانە بە دروست نازانین بۆ دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکان بەکاربهێنرێت، چونکە ئەوە(هێز و ئاوازە)یە لە سنوری بڕگەیەک لە بڕگەکانی وشەیەکدا بەدیاردەکەوێت، کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت هەست و ویست و ئاماژەی جیاوازی پێ بگەیەنرێت؛ بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی (هێز و ئاوازە)بڕوانە (٣/١) لەم توێژینەوەیەدا.

بەمشێوەیە دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکان پێکهێنەری بڕگەو وشە و دەستەواژە و ڕستەکانن؛ ڕۆڵ دەبینن لە چۆنییەتی دروستکردنی تۆندا، بەشێوەیەک دەنگە بزوێنەکان ((هەندێکیان لە دەربڕینەکان چ قسەی ئاسایی بێت، یاخود گۆرانی، یان شیعر خاو دەکەنەوە بۆ نمونە دەنگی(ا)؛ هەروەها هەندێکیشیان دەربڕینەکان گورج و گۆڵ و خێرا دەکەن وەک دەنگی(ە)، ئەوەش پەیوەندی بەکورتی و درێژی دەربڕینی دەنگە بزوێنەکەوە هەیە، هەربۆیە لە ناو شیعریشدا کاریگەری ڕاستەوخۆ دەکەنە سەر ئاوازی دەق و مۆسیقای شیعرەکەی پێ دەگۆڕێت.)) (عەلی،٢٠١٥: ٧٠)، بۆ وێنە: ((... هاوڕێکەم پرسی: «چۆن پیاوێکە؟ قەد و باڵای، ڕوخساری؟» هیچم دەربارەی نەدەزانی.)) (نەهایی، ٢٠١٩: ١٦٨)، گەر سەرنج  لەو نمونە وەرگیراوەی دەقەکە بدرێت، دەنگە بزوێنەکانی: (ۆ، ا، ێ، ا، ا، ا) دەبینرێن دەنگی ببزوێنی {ا} چوار جار دووبارە بۆتەوە، بەڵام دەنگی بزوێنی  درێژی {ێ} یەک جار هاتووە، کە پێکەوە ئەو دەنگانە مۆسیقای دەربڕینەکانیان  خاو کردووەتەوە، بە ئاستێک خوێنەری پرسن بتوانێت، درک بە هەستی جیاواز بکات، بەشێوەیەک هەست بە خاوبوونەوەی کردەی خوێندنەوە بکات و بچێتە دۆخی ڕامانەوە.

لە ڕاستییدا ڕۆڵ و تایبەتمەندی دەنگەکان ( پیتە بزوێن و نەبزوێنەکان) لە پێکهاتەی وشە بەربژێر و ڕۆڵمەندکراوەکاندا، زیاتر لە ژانری شیعردا ڕۆڵ و بەهایان دەردەکەوێت، چونکە ((دەنگە تایبەتەکان دەنگ گەلی پێکهێنەری وشەن،  بە تایبەت دەنگە نەبزوێنەکانی سەرەتا و کۆتایی وشەکان بە تەنیشت یەکەوە ڕۆڵی سەرەکی دەبینن، لە چۆنیەتی دروستکردنی تۆندا.)) (عمران پور،١٣٨٤: ١٣٤)، ئەگەرچی دەنگە نەبزوێنەکان ڕۆڵ دەبینن، لە ئاوازەیی  بڕگەکاندا، بەڵام  دەنگە بزوێنە کورتەکان دەبنە هۆی گرژکردن و خێراکردنی (ئاوازە)ی بڕگە دەنگییەکان، لەپێکهاتەی وشەکاندا، کە نوسەران بۆ

دروستکردن و نواندنی خێرایی جیاجیا، لە پێکهاتەی دەقدا بەکاریاندەهێنن، کەش و باری جیاواز و تایبەتی پیدەگەیەنن، بۆ وێنە: ((**میهرەبان نین ئیتر. هەرگیز نەبوون. پاڵی پێوە دەنێن. بە دیوارێکیدا دەکوتن. چاوبێنی لێ ناکەنەوە. بە شەق و مست دەکەونە گیانی.**)) (نەهایی،٢٠١٩: ٥٢)، لەو نموونە وەرگیراوەی دەقەکەدا درک بە چەند خێراییەکی زنجیرەیی دەکرێت، کە دەنگە بزوینە کورتەکانی وەک: (ی، ی، ە، ە، ە، ە، ە، ی، ە، ە، ە، ە، ،ە، ە، ە، ە، ە، ە، ە) لە پێکهاتەی وشەکاندا، ئاوازەیی بڕگەکانی کورت و گرژتر کردووە، بەئاستێک کاردەکاتە سەر باری هەست و سۆزی خوێنەر و کردەی خوێندنەوەکەی خێراتر دەکات، چونکە ڕۆماننوس مەبەستی بووە، ئەم هەست و مەبەستە تایبەتانە بە خوێنەر بگەیەنێت.

## ٢/ ١-٥) ئاوازی شیعری

ئاوازی شیعری: ئاوازی شیعری وەک ڕەگەز و بونیادێکی هونەری بەشدارە لە سازکردن و نواندنی تۆن و تەرزەکانیدا، هەر ئەم ڕۆڵ و گرنگی ئاوازی شیعرییە وای کردووە، ((هەمەڕەنگی ئاوازی شیعری لەو بارودۆخە جۆرا و جۆرە ڕۆحیی و دەروونییانە بدوێت، کە یارۆیی نێرەر(شاعیر)تێیدا ژیاوە، بۆیە هەریەک لەو ئاوازە شیعرییانە وەک دەزگا و ئامێرێکی مۆسیقی دادەنرێن، بەشێوەیەک هەریەک لەو ئاوازە شیعریانەش وەک ئامێرێکی مۆسیقی گوزارشت لە بار و دۆخێکی ڕۆحی دیاریکراو دەکەن.)) (عمران پور،١٣٨٤: ١٣٧)، لەم ڕووەوە ئاوازی شیعری وەک ڕەگەزێکی شیعریی کاریگەر ڕۆڵ دەبینێت، لە بونیادی تۆندا( Laurence Perrine) دەربارەی ئاوازی شیعری نوسیویە: ((ئەو ئاواز و مۆسیقاییەی شیعر دوو ڕۆڵی گرنگیان هەیە:

١.لەزەت بەخشە.

٢.دەتوانێت یارمەتی بەهێزکردنی مانا و پتەوکردنی پەیوەندییەکانی بدات.) (پرین، ٢٠٠٨: ٩٠)، هەڵبەت ئەو ڕاستییە نابێت لەبیر بکەین، کە ئاوازی شیعری لە دوو یەکەی ئاوازی ترەوە سەرچاوە دەگرێت: ((ئاوازی شیعر دوو چەشنە، (ئاوازی دەرەوە، ئاوازی ناوەوە)ئاوازی دەرەوە: ئاوازی دەرەوە بەهۆی کێش و سەرواوە ئەنجام دەدرێت. سەبارەت بە ئاوازی ناوەوە: بریتیە لە ڕێکخستنی ڕێکی و جوانی وشە و دەستەواژەکانی ناو دێڕە شیعر، بە شێوەیەک پەیوەندی بەیەکەوە گونجاندن لە نێوان دەنگ، یان تیپی دوای وشەکان دەبێت، ئەمەش هەندێ جار شاعیر بە مەبەست هەوڵی ڕێکخستنیان دەدات هەندێ جاریش لە ڕێگەی ڕێکەوتەوە دروست دەبن.)) (محمود،٢٠٠٧: ١٤٢)، بەڵام وادەردەکەوێت مۆسیقای ناوەوەی شیعر زیاتر ڕۆڵ ببینێت لە دروستکردن و نواندنی جۆرەکانی تۆندا، چونکە

((مۆسیقایی ناوەوەی شیعر خۆی لە ڕێک خستنێکی ورد و جوانی وشەکانی ناو دێڕە شیعر و پاش و پێش کردنیان و دووبارە کردنەوەیاندا دەردەخات و بەمەش ئاوازێکی ڕەوان بە شیعرەکە دەبەخشێت، کە هەندێ جار لە مۆسیقای دەرەوەی شیعر کاریگەرترە)) (مستەفا،٢٠٠٧: ٩٠)، بەمشێوەیە تۆن وەک تەکنیکێکی هونەریی بۆ نواندن و خستنەڕووی خۆی سود لە گشت تەکنیک و هونەرەکانی ڕەوانبێژیی وەردەگرێت؛ کەواتە نوسەر دەتوانێت سود لە هەموو ئەو ڕەگەزانە ببینێت، بۆ دروستکردن و نواندنی تۆن لە ناو چیرۆکدا؛ بۆ وێنە لە ڕێگەی ڕێکخستن و چۆنییەتی چنینی وشە و ڕستەکان و هەڵبژاردنی شێوەزار، هەروەها دەنگ و ئاوازەی وشە و ئاوازی ڕستەکانەوە؛ هاوکات بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژیی؛ ((ڕەمز و هێما، خوازە، پەندی ئەدەبیی و کەلتوریی و مێژووییەوە...تد نێرەر دەتوانێت تۆن بسازێنێت.)) (میرصادقی،١٩٩٤: ٦٧٥)، لەسنوور و پێکهاتەی دەقدا، لە ڕێگەی بەکارهێنان و نواندنی گوزارە و دەربڕاوی شیعرییەوە، دەتوانرێت توانستی ئەندێشەکردن و وێناسازیی لە زەینیی خوێنەردا ببزوێنێت. بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە، (٢/١-٣) لەم توێژینەوەیەدا.

## ٢/ ١-٦) خاڵبەندی:

خاڵبەندی(punctuations): یەکێکی ترە لەو ڕەگەز و تەکنیکە هونەریانەی لە بەرهەمی نوسراودا، بە هۆی نیشانە گەلێکی دیارەوە بەکاردەهێنرێن، کە بەپێی هونەری بەکارهێنانیان ڕۆڵ دەبینن، لە ڕوونی و وردبینی پەیامە زانیارییەکانی نوسەر بۆ وەرگر لە بەرهەمەکەیدا؛ هەر ئەم ڕۆڵ و بایەخە گرنگەی خاڵبەندی وای کردووە، گەورە شاعیر و نوسەری ڕوسی( Vladimir Vladimirovich Mayakovsky)سەبارەت بە خاڵبەندی بڵێت: ((میتۆدی خاڵبەندی سادە کە خۆی لە(.- ، - ؟ - !) دەبینێتەوە بەراورد بە هەمەڕەنگی تۆن و ئەو هەستانەی مرۆڤی پێشکەوتووی ئەمڕۆ لەبەرهەمەکانیدا دەیانخاتەڕوو، یەکجار هەژارە، ئەگەر چی ئەمانیش ڕۆڵیان هەیە لە دروستکردن و پێکهێنانی تۆندا؛ بۆیە ئەم بابەتە(مایکۆڤسکی)خستە سەر ئەو بۆچوونەی، بیر لە شێوازێکی تر بکاتەوە، بۆ خستنەڕووی گشت ئەو بار و هەست و سۆزانەی وتن، کە لە ڕێگەی تۆن و تەرزەکانییەوە دەنوێنرێت لە بەرهەمەکاندا، کە خۆی لە داهێنانی بیردۆزی(Theory) برگەکردنی شێوە پلیکانەیی شیعرییدا دەبینێتەوە)) (کابلی،١٣٧٦ :٥٥)، لەم ڕووەوە ((گەر هاتوو نیشانانەکانی خاڵبەندی لە کردەی نوسیندا بەدروستی بەکارهێنران، دەبنە هۆی سەرنج ڕاکێشانی نوسینەکە و کردەی خوێندنەوە و تێگەیشتن ئاسان دەکەن.)) (Gunner, 2019: online)، بۆ وێنە: ((... ئەو بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامی پرسیارەکەی بێت ، گوتی: «حەتمەن گوتویەتی نابێ لەگەڵ فەرهاد...»)) (نەهایی، ٢٠١٩: ٦٢)، ئەم نمونەیە بەشێکی وەرگیراوە لە دەقی ڕۆمانەکە، لەسەرتاسەری ڕۆمانەکە نوسەر هەوڵی داوە، سود لە

هونەرەکانی خاڵبەندی ببینێت، بەمەبەستی بەهونەرییکردنی زیاتری بەرهەمەکە و ورد و ڕوونتر گەیاندنی پەیامە تایبەتەکانی بە وەرگر. لەو نموونە وەرگیراوەی سەرەوەدا، گفتوگۆی نێوان دوو کەسێتی بەدیاردەکەوێت، بەناوی (مەجید- هەلاڵە)، کە خوشک و بران، نوسەر بۆ خۆ بەدوور گرتن لە دووبارەکردنەوە، سودی لە تەکنیکی خاڵبەندی(...) وەرگرتووە، لەهەمان کاتدا مەبەستیشی گەیاندووە، نیگەرانی و دڕدۆنگی و بێ ئۆقرەیی کەسێتی هەلاڵە نیشاندەدات، ئاخۆ دەبێت شێرزادی مێردی چی بە مەجیدی برای وتبێت!؟ دەربارەی بەریەکەوتنەکانی خۆی و فەرهادی مامە فەتاحی؛ هەروەها سودی لە نیشانەکانی تری خاڵبەندی وەک:( : ، «») بینیوە بەشێوەیەک هەریەک لەم نیشانانە ڕۆڵدەبینن، لە ڕوون گەیاندنی پەیامی ئەو کەسێتییانەدا؛ هاوکات لە دروستکردنی تۆنی وتراوەکەیشدا، کە ( تۆنی بێ ئۆقرەیی)ە، بۆیە ((هەر دەقێک نیشانەکانی خاڵبەندی بۆ دانرا تێگەیشتنی ڕوونتر دەبێت- گرنگترین ئامرازی ئاسانی تێگەیشتنی واتایە... _ لەڕێی خاڵبەندییەوە نوسەر دەتوانێت، بە بێ ماندوو بوون بە ئاسانی پەیامی نوسینەکەی بگەیەنێت.)) (بایز ،سادق، ٢٠٢٠: ٣)؛

هەربۆیە دەکرێت ((هێمایەک لە هێماکانی خاڵبەندی دەتوانێت مەبەستی نامەیەک بگەیەنێت، لەم ڕووەوە بۆ هەموو پێنوس بەدەستێکی کورد کوردی نوس، پێویستە کەم تا زۆر ئاگاداری ڕۆڵ و گرنگی نیشانەکانی خاڵبەندی بێت، تا بە شێوەیەکی دروست هەر کام لەو نیشانانە بناسێت و لە جێکەوتەی دروستی خۆیاندا بەکاریانبهێنن.)) (نیکرەفتار،٢٠١٣: ٣٩)، لەم ڕووەوە خاڵبەندی وەک بەشێک لە ڕێنوسی هەر زمانێک ڕۆڵی گرنگ دەبینێت، لە ڕوون بێژی و گەیاندنی پۆینتە پەیامی ورد و مەبەستدار؛ هەروەها (ئەورەحمانی حاجی مارف) لە فەرهەنگی (زاراوەی زمان ناسی)دا دەربارەی خاڵبەندی نوسیویە: ((نیشانەکانی خاڵبەندی لە نوسیندا بۆ دابەشکردنی تێکست لە ڕووی سینتاکس و واتاوە بەکار دەهێنرێن...)) (حاجی مارف، ٢٠١٤: ١١٨)، کەواتە خاڵبەندی وەک تەکنیک و هونەرکاری لە ئاستی نوسیندا ڕۆڵ دەبینێت، لە ڕوونکردنەوە و خستنەڕووی بەشە واتا و مەبەستی بەشەکی و گشتەکی دەقەکە، چونکە ((لە نوسیندا ئەرکی دابەشکردنی تێکست بەسەر ڕستەدا ڕستەش بەسەر پارچەی جیاوازدا ئەو نیشانانە بەجێی دێنن، کە بە ناوی نیشانەکانی خاڵبەندییەوە ناسراون...)) (حاجی مارف، ٢٠١٤: ١١٩)، بۆ وێنە: ((...« هەتیوە بەرەڵایەکی وەک تۆ لەو شاخ وداخە، لەناو ئەو شەڕوشۆڕ و تەق و تۆقە ڕابکێشم و بتهێنم بۆ ئێرە. ئەوان زۆریان بۆ نەهێنامایە ئێستا تۆ لەوێ...» ئەوسا دەیگوت: «خودایە من لەکوێم؟ من کێم؟ چۆن ژیاوم؟ چۆن دەژیم؟ »)) (نەهایی، ٢٠١٩: ٢٥)، بەسەرنجدان لەم نموونە وەرگیراوەی ڕۆمانەکە نوسەر هاوئاهەنگ لە هەڵبژاردنی وشە و دەربڕینی گونجاو بۆ خستنەڕووی باری زەینیی و دەروونیی کەسێتییەکەی، ڕەچاوی بەکارهێنانی نیشانەکانی خاڵبەندی وەک: ( : « ، . ... » ؟) کردووە، بۆیە ئەم وردەکارییەی نوسەر لە نوسینەکەیدا ڕوونی و ورد بینی زیاتر دەدات بە خوێنەر، تا باشتر لە پەیام و مەبەستە قووڵەکانی نوسەر بگات. لە سەرەتای

ئەو نموونەی سەرەوەدا دەستەواژەی (هەتیوە بەرەڵایەک) ڕاستەوخۆ تۆنی هەڵاڵە دەنوێنێت، بەرامبەر بە شێزاردی مێردی، کە (تۆنی سوکایەتی)یە، بەڵام کۆپەلەکانی تری هەمان نموونە (تۆنی سەرکۆنەکردن)ی تێدایە دەربارەی خۆی و خێزانەکەی؛ پاشان لە دوا کۆپەلەی دەربڕینەکەیدا (تۆنی پرس و ڕامان) بەدیاردەکەوێت.

لەم ڕووەوە خاڵبەندی وەک هونەرێک لە ڕێکخستن و ڕازاندنەوە لە ئاست و پێکهاتەی نوسیندا، هاوئاهەنگ بە تەنیشت ڕەگەزە هونەریەکانی ناو پێکهاتەی(دەق) ڕۆڵ دەبینن، لە دەستنیشان کردن و نواندنی هەست و مەبەستە پەنهانەکی و خشکەییەکانی یارۆی نێرەر لە بەرهەمەکەیدا، هەڵبەت لە ڕێگەی تۆن و جۆرەکانیەوە، نێرەر دەتوانێت ئەو بار و کەش و دۆخە هەستەکیی و سۆزەکیی و زەینیی و دەرونییانەی مەبەستیەتی، بۆ وەرگر بگوازێتەوە، چونکە ((تۆن کوتومت بەو مەبەستە دێت، کە نێرەر(نوسەر)خۆی ون دەکات و لەڕێگەی تۆنەوە ڕۆڵی خۆی دەداتە کەسێتییەکانی ناو بەسەرهاتەکەی)) (سحرای،حەیدەری،میرزای، ١٣٩٠: ٧٨).

هێماکانی خاڵبەندی وەک بەشە پێکهاتەیەکی گرنگ لە چۆنییەتی ڕێکخستنی لایەنی شێوە و ناوەڕۆکی دەقدا ڕۆڵی یەکجار گرنگ دەبینن؛ کەواتە ((ئاواز و خاڵبەندی دوو منداڵی یەک باوکن چ ئەم و چ ئەو یاریدەی نیشاندانی پێوەندی ڕێزمانی لە نێوان ڕستەکان و پارچەکانیدا دەدەن و واتای دەقەکە دەردەخەن. بەڵێ دەق بەبێ نیشانەکانی خاڵبەندی مانای ون نابێ. هەر بەو چەشنەش بەبێ ئاوازیش. ئەگەر چی دەکرێ چەند ڕستەیەک بەبێ ئاواز بوترێ، بەڵام جوانی و جەوهەری نامێنێ و تێگەیشتن لێی زەحمەت دەبێ. بێ گومان، وشە نابێت لە ئاواز بێبەش بکرێ، چونکە ئاواز جەوهەری قسەیە. تێکستی بێ خاڵبەندیش وەک قسەی بێ ئاوازە)) (حاجی مارف،٢٠١٤: ١١٩)، ئەگەر چی تا ڕادەیەک تەمومژی واتایی لە سەرنجەکانی دانەری ئەم فەرهەنگەدا هەستی پێدەکرێت، بەڵام درکی بە پەیوەندی هاو ئاهەنگی(خاڵبەندی_ئاواز) لە ئاستی نوسیندا کردووە؛ هاوکات تا ڕادەیەک گرنگی هەریەک لە ئاواز و خاڵبەندی لە ئاستی (وتن و نووسین)دا بەرباسداوە؛ بۆیە ((نیشانەکانی خاڵبەندی دەتوانن مەبەستی دی بگەیەنن، بەتایبەت نیشاندانی واتای گوتەیە...لە کۆتایشدا حاڵەتی وا هەیە، کە نیشانەکانی خاڵبەندی بۆ دیاری کردنی ئاوازی گوتە بەکاردەهێنرێ)) (ئەورەحمانی حاجی مارف، ٢٠١٤: ١٢٠_١٢١)، بەمشێوەیە خاڵبەندیش ڕۆڵی گرنگی خۆی دەبینێت لە سازاندن و نواندنی تۆندا.

نوسەر عەتا نەهایی لە چۆنێتی ڕێکخستن و نوسینی ئەم ڕۆمانانەدا، هەنگاو بە هەنگاو هەروەک چۆن لەسەر ئاستی تەکنیکە هونەرییەکانی ڕۆمان گەشە و بەرەو پێشچوونی بەخۆوە دیوە، لەسەر ئاستی نوسینیش سودی لە تەکنیکە تازەکان بینیوە، بەشێوەیەک ئەم گەشەسەندن و تازەگەرییانەی لە ڕۆمانەکاندا ڕەنگ پێداوەتەوە بۆ وێنە: (ڕۆمانی گوڵی شۆڕان) بەیەکەم بەرهەمی چاپکراوی دادەنرێت،

بە بەراورد بە ڕۆمانەکانی دواتری تا ڕادەیەک لە ڕووی تەکنیکی هونەرییەوە سادەتر دەبینرێت، لەگەڵ ئەوەیشدا نوسەر توانیویەتی جۆرێک لە دابەشکردن و پۆلێن کاری بۆ چیرۆکی ئەم بەرهەمەی بکات، کە خۆی لە هەشت بەشی یەک بە داوی یەکدا دەبینێتەوە؛ هەڵبەت ئەم دابەشکردنەیش بەشێکە لە تەکنیک و هونەرەکانی خاڵبەندی، دەبێتە هۆی سەرنجڕاکێشانی خوێنەر و باشتر پەی بردن بە ڕوانگە و گۆشە نیگا فەلسەفیی و فکریی مرۆییەکانی نوسەر؛ بەڵام نوسەر لەدووهەم ڕۆمانی بڵاوکراوەیدا (باڵندەکانی دەم با) لە هەردوو ئاستی هونەریی ڕۆماننوسی و هونەریی نوسینەوە گەشە و بەرەوپێشچوونی زیاتری بە خۆوە بینیوە، چونکە لە ڕووی چیرۆکی بەرهەمەکەوە ئەم ڕۆمانەی دەچێتە خانەی (مێتا ڕۆمان)، کە ئاستێکی هونەری بەرزە لە نوسیندا. نوسەر بۆ نیشاندانی جیاوازی و سنوری دیاری هەریەک لە چیرۆکە دیارەکانی ئەم بەرهەمەی، بە شێوەیەکی هونەریی سودی لە تەکنیکەکانی خاڵبەندی و چۆنێتی ڕێنوسکردنیان بینیوە، بۆ وێنە: ((**کز و ماتە فەرهاد. کەیل و دڵ تەنگ. لەپشت سێ پایە و تابلۆکەی دانیشتووە. ڕەنگی گرتووەتەوە. ڕەش و شین و ... دەمە فڵچەیەکی لێ هەڵدەگرێت و بە تابلۆکەیدا دەسوێت.**)) (نەهایی،٢٠١٩: ١٢٢)، وەک لەو دەقەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، لەهەر شوێنێکدا باس و بابەتی چیرۆکی کەسێتی فەرهاد دەست پێبکات نوسەر نوسینەکەی تۆخ کردووە.

لەڕووی پۆلێن و دابەشکردنی بەشەکانی ئەم بەرهەمەی دابەشی کردووە، بۆ بیست و چوار بەشی یەک بە دوای یەکدا هاتوو، بەشێوەیەک لە سەرەتای هەر بەشێکدا لاپەڕەیەکی بێ ژمارەی تایبەت کردووە بە ناونیشانی ئەو بەشە، بەڵام نوسەر لە دوا ڕۆمانیدا بە ناونیشانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە) بە بەراورد بە دوو ڕۆمانەکەی پێشتری گەشە و بەرەوپێشچوونی باشی بە خۆیەوە بینیوە چ لە ئاستی هونەریی ڕۆمان نوسیندا ، یان لە ئاستی هونەریی نوسین و تەکنیکەکانی خاڵبەندیدا بووبێت، چونکە ڕۆماننوس بەشێوەیەکی ورد و مەبەستدار، بۆ گەیاندنی بیر و هەستی جیاواز، لە ڕێگەی تۆن و تەرزەکانییەوە، سودی لە هێماکانی خاڵبەندی بینیوە، بە ڕادەیەک لە پنت و بەشە جیا جیاکانی ئەم ڕۆمانەدا، بەشێوەیەکی هونەریی هێماکانی خاڵبەندی بەکارهێنراون، کە لەڕێگەیانەوە تۆنی تایبەتمەند، بۆ نواندنی هەست و گۆشە نیگای تایبەتمەند بەدیارخستووە؛ هاوکات لەڕووی پۆلێن و دابەشکردنەوە؛ نوسەر ئەم بەرهەمەی دابەشکردووە بۆ نۆ بەشی یەک بەدوای یەکدا هاتوو، بەشێوەیەک لاپەڕەیەکی بێ ژمارەی بۆ سەرەتای هەر بەشێک تایبەت کردووە.

## ٢/٢ڕۆڵ و گرنگیی تۆن لە کاری ئەدەبییدا

### ٢/٢-١) ڕۆڵی جوانیناسیی تۆن

جوانیناسی(aesthetica) باس و بابەتێکی بایەخدار و گرنگ بووە، لە ڕوانگەی ئەدەبناس و تیۆردانەرانی جوانی ناسییەوە، بەشێوەیەک چەندین باس و بابەتیان دەربارەی نوسیووە،((جوانیناسی (Aesthetics): لقێکە لە فەلسەفە، گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەی چەمکی (جوانی)، وەک ڕووخسارێکی جیاکەرەوەی کارەکانی هونەر، ئەو سەرەتا دروست و ساغانە پێشنیاز دەکا، کە حوکوم دانە ئیستاتیکیەکان پشتیان پێدەبەستێت.)) (میراودەلی ،٢٠٠٥: ١٢)، بەم پێیە جوانیناسی سەرەتا و ڕیشەیەکی فەلسەفی هەبووە، لە هەناوی فەلسەفەوە سەری هەڵداوە، بەڵام لە ئەدەبدا جوانیناسی وەک لقێک لە زانستی ئەدەبناسیی لە گشت ئەو ڕەگەز و بنەما پێکهێنەرە ئەدەبیی و هونەریانە دەتوێژێتەوە، کە پێکهێنەری جوانین لە کارە ئەدەبییەکاندا.

(شێخ نوری شێخ ساڵح) دەربارەی جوانیناسی دەڵێت: ((... ئەو تەئثیرەی لە قسەیەکی جوان بۆمان حاسڵ ئەبێت لەگەڵ چاوپێکەوتنی لوحەیەک و بینایەکی چاک و جوان گوێ لەموسیقا گرتنێکی خۆش دا عەینەن تەئثیرە.)) (ساڵح، ١٩٢٦: ٢)، مامۆستا نوری لەم بۆچوونەیدا سەرەداوی گەڵاڵەکردنی تیۆرێکی جوانیناسیی بەدیارخستووە، جوانی وەک ڕەگەز و پێکهاتەیەکی هونەریی هاوئاهەنگ و جۆش خواردووە، لەناو خودی بەرهەمە هونەرییەکەدا، کەواتە خودی جوانی پێکهاتەیەکی دەرەکی و هاوردەکراو نییە، بۆ ناو بەرهەمەکە، بەڵکو دەرهاویشتە و هەڵقوڵاوی کۆی ئەو ڕەگەزە پێکهێنەرانەی بەرهەمەکەیە.

لەم سۆنگەیەوە تۆن وەک تەکنیک و ڕەگەزێکی ئەدەبیی و هونەریی، دەرهاویشتە و هەڵقوڵاوی خودی ڕەگەزەپێکهێنەرەکانی کارە ئەدەبیی و هونەرییەکەیە دەبێت؛ کەواتە ((دیارترین کەرەستە و ڕەگەزەپێکهێنەرەکانی بەرهەمێکی ئەدەبیی، ئەو زنجیرە دەنگانەیە، ئاواز، هێز، ئاوازە، دەنگی وشەکان، بە پێی ڕێسا و یاسا و تانوپۆی تایبەت بە تەنیشت یەکەوە دادەنرێن و دەچنرێن، کە بە سەریەکەوە پێکهاتەیەک (Stricture) دروست دەکەن، کە لێکەوتەی جوانیناسی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتە بوون.)) (عمران پور، ١٣٨٤: ١٤٤)، کەواتە ئامانج لە لێکەوتە جوانیناسییەکان (مەبەست لە بەهای ئیستاتیکی بەدەستهێنانی گونجان و ڕێکخستن و جوانییە لە کاری هونەرییدا.)) (مستەفا، ٢٠٠ ٩: ١٧)، بەمشێوەیە ڕەگەزەپێکهێنەرەکانی کارە ئەدەبیی و هونەرییەکان ڕۆڵیان، دەبێت لە ئەفراندن و دروستکردنی جوانیدا، لەم ڕووەوە ((تۆنی هەر بەرهەمێکی ئەدەبیی ڕۆڵی لە هێنانە بوونی جوانیناسی بەرهەمەکەدا دەبێت؛ ئەگەر چی دەنگەکان (ئاواز، هێز ، ئاوازە، بڕگەو وشەکان) خۆ بە خۆ هیچ بەهایەکی

جوانیناسیان نییە، بەڵام شێوازی دانان و چنینی دەنگەکان لە تەنیشت یەکترەوە، هەروەها ئەو دەنگ و ئاوازەی  لەکاتی گۆکردنیاندا پێیان دەدرێت تۆنی بەرهەمەکە دەنوێنن، کە بەهای ئیستاتیکیان هەیە.)) (عمران پور،١٣٨٤: ١٤٤)، لەم ڕووەوە تۆنی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی، زادە و هەڵقوڵاوی کۆی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی  ئەو پێکهاتە هونەرییە دەبێت، کە نوسەر لە چۆنێتی داڕشتەی دەقەکەدا، بەشێوەیەکی ورد و هونەری بەرجەستەیان دەکات. بۆ وینە: « خانزاد سەری هەڵبڕی. نیگایان کەوتە گفتگۆ. ((چ خۆشە تا تاریکان کەسمان نەبزوێیین!» لاس پێی وابوو لە دڵی خۆیدا ئەوەی گوت. خانزاد بیستی و سروەی بزەیەک بە رووومەتیدا تێپەڕی. «تۆش واناڵێت؟» ئەو پرسیارە بێدەنگییەکەی تاراندا. لاس لە گوتنی پەشیمان بۆوە. خانزاد هۆشی وەبەر خۆی هاتەوە و گوتی: «دیارە شوکور چاک بوویتەوە.» )) (نەهایی،٢٠١٩: ٥٤). ئەو نمونەیە دەقی گفتوگۆی نێوان دوو کەسێتییە، بە ناوەکانی (لاس و خانزاد) کە لە سەرەتا و دەستپێکی لاوێتییدان؛ لە تۆنی دەربڕینەکانیاندا ترس و شەرم و تامەزرۆیی هەستی پێدەکرێت، ڕۆماننوس بۆ گەیاندی هەستی شیرینی دڵداری، وێناکردنی باری زەینییی و دەروونیی و جەستەیی ئەو دوو دڵخوازە، سودی لە چەند وێنەیەکی هەست بزوێن وەرگرتووە، وەک: (نیگایان کەوتە گفتگۆ- خانزاد بیستی و سروەی بزەیەک بە ڕوومەتیدا تێپەڕی) لەو وێنە هونەرییانەدا، درک بە جوانییناسی دەکرێت،  کە بار و هەست و سۆزی هەریەک لەو کەسێتییانە نیشاندەدات، بەشێوەیەک چێژ و بەهای جوانناسی، بە خوێنەر دەدات.

((هەلاڵە ڕەسمێکی بچووکی برایمۆکی  لە دەلقێکی ڕوون و شەفافی شیشەییدا کەپس کردبوو. دوای ئەوەی کە برایمۆک مردبوو ڕەسمە کەپس کراوەکەی بە پەتێکی ڕەشەوە دەکردە ملی. دواتر کە چوو بۆ سوید، پەتە ڕەشەکەی بە زنجیرێکی زیوی سپی گۆڕیەوە. ڕەسمەکە لە بن کراس و ژێر کراسەکەیەوە، وەک پلاکی ملوانەیەکی پڕ بەها لە مابەینی مەمکەکانی ئاوێزان بوو. پلاکێک کە جاروبار مەمکەکانی ئازار دەدا. وەک ئەوەی چڕنووقیان لێ بگرێت،  یان بیانگەزێت. هەلاڵە بەو گەستنەی دادەچڵەکی.  زەردەخەنەیەکی دەکرد و لەبەر خۆیەوە دەیگوت: «برایم...هەتیو...»)) (نەهایی،٢٠١٩: ٤٨)، لەو نمونەیەدا درک بە دوو تۆنی جیاواز دەکرێت، تۆنێک گێڕەرەوە سەعیدی ڕەحمانی، لەسەر زاری هەلاڵەوە باسی ئەو هەست و حاڵەتە دەکات، لە کەسێتی هەلاڵەدا ڕوویداوە؛ هاوکات وێناکردنێکی جوانیناسی نیشانداوە.

تۆنێک لە دەربڕینەکانی هەلاڵە خۆی دەنوێنێت، هەستی ترس و شەرم و توڕەیی و شادی دەگەیەنێت، بەشێوەیەک دەتوانرێت درک بە وێناکردنێکی جوانیناسی چێژ بەخش و سەرنجڕاکێش دەکرێت.

## ٢/ ٢-٢) ڕۆڵی دەروونناسییانەی تۆن

جیهانی دەروونی مرۆڤ جیهانێکی پەنهان و نەبینراو نادیارە، بەشێوەیەک ئاڵۆز و تێکچڕژاوە، ئەو کارلێک و کارتێکەر و گۆڕانانەی تێدا ڕوودەدەن، هیچی کەمتر نییە، لە جیهانی بینراو هەستپێکراوی دەرەوە و دەوروبەری مرۆڤ. لەم ڕووەوە بۆ پەیبردن بە جیهانی دەروونی هەر کەسێتییەکی هونەریی لە بەرهەمی نوسەرندا، پشت بە تۆن و جۆرەکانی دەبەستێت، چونکە ((تۆن دیارخەری باری هەستەکی و سۆزەکی و هزرو ئەندێشەی شاعیرە لەبەرهەمەکەیدا بۆ خوێنەر، لەم ڕووەوە دەکرێت لەڕێی تۆنەوە پەی بە (بیرو باوەڕ، ئایدۆلۆژیا، ڕوانگەی فەلسەفی، پێگەی کۆمەڵایەتی، باری دەروونی)ی نێرەر ببرێت.)) (عمران پور،١٣٨٤: ١٤٤)، لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونەوە دەتوانرێت، درک بە باری دەروونی هەریەک لە کەسێتییەکانی ڕۆمانەکانەکانی عەتا نەهایی بکرێت، چونکە ((خوخدە دەروونییەکانی هەر کەسێتییەک لە ئاوازی وتن و تۆنی وتراوەکانیدا هەستی پێدەکرێت، بۆیە تۆن دەبێتە ئاوێنەنوێنی دەروونی نێرەر (نوسەر)، لەم ڕێگەیەوە وەرگر (خوێنەر) دەتوانێت پەی بە باری هەستەکیی و زەینیی و دەروونیی کەسێتییەکان ببات و لە باری هەست و هەڵوێست و کەسایەتییان تێ بگات.)) (عمران پور،١٣٨٤: ١٤٤)، کەواتە تۆن وەک تەکنیکێکی هونەریی لە پێکهاتەی دەقدا، لەتواناییدایە، دەروونناسێنیی وتراوەکانی نێرەر بێت.

بۆ وێنە: ((وسوو ئاغا خاڵە نایەریش چوون بۆ ماڵی خات ئامە، نازدار هۆش خۆی هاتبووەوە، بەڵام بەکەس دابین نەدەکرا. خۆی لە قوڕنە قوژبنی ژوورەکە دەئاخنی دەگریا و هاواری دەکرد: « توخودا فریام بکەون... دەمبەن... دەمکوژن...»)) (نەهایی،٢٠١٩: ٤٦)، بەسەرنجدان لەو نموونە درک بە (تۆنی دەروونی) دەکرێت، چوونکە گوزارشت لە دۆخی ناجێگری دەروونی کەسێتییەک دەکات، بەناوی نازدار، بەشێوەیەک نوسەر هەوڵیداوە لە ڕێگەی چەند دەربڕاوێکەوە، بریتین لە: (بەکەس دابین نەدەکرا- توخوا فریام بکەون- دەمبەن دەمکوژن) وێنای ئەو دۆخە دەروونییە بەرجەستە بکات، بە ئاستێک خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی ئەو چەند دەربڕاوەی سەرەوەدا بتوانێت درک بە باری دەروونی و تۆقینی کەسێتی نازدار و دایکە کلۆلەکەی بکات و هەژانی دەروونی تیا دروست بکات؛ هەڵبەت بۆنەی ئەم وتراوانە دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو دەمەی وسوو ئاغا و خاڵە نایەر دەچنە سەردانی خات ئامە، بۆ مەبەستی دڵنەوایی کردنیان، بەهۆی پەلاماردان و دەست درێژیکردنە سەر نازداری کچیان لەلایەن حسێن ئاژانەوە، کە پیاوی دەستەڵاتە.

**((لای خۆی بڕاندوویەتیەوە، بەندبازیی پێ ناکرێت. دەوامەی ئەم وەزعە دەشێ ترسناک بێت. ترسناک بۆ کاڵێ. ژن ئەگەر دڵ بە خەونەکانی ببەستێت، ئەگەر چارەنووسی بە پیاوەوە گرێ بدات، بە چارەنووسی پیاوەوە، بە چارەنووسی وشەیەکەوە.))** (نەهایی، ٢٠١٩: ١٤٤)، لەو دەقەی سەرەوەدا

درک بە تۆنی دەروونیی دەکرێت، بەوەی باری دەروونیی کەسێتی (فەرهاد، کاڵێ) دەکرێت، کە دوو کەسێتی ناو ئەم ڕۆمانەن. نوسەر لەسەر زاری گێڕەرەوەی ئەم چیرۆکەوە (میهرەبان)، لە شێوەی خۆدواندن دا لەسەر زاری فەرهادەوە، لەو چەند دێرەدا وێناکردنێکی بەرجەستەیی دەروونیی و زەینیی فەرهاد دەکات، بەشێوەیەک خوێنەر دەتوانێت درک بە باری دەروونی کەسی قسەکەر بکات و هاوبەشی خەم و دۆخە دەروونییەکەی بکات، چونکە نوسەر لە ڕووی هەڵبژاردنی وشە و جێکەوتەکانیانەوە وردی و کارامەیی خۆی نواندووە، بۆ وێنە: (ژن ئەگەر دڵ بە خەونەکانی ببەستێت- ئەگەرچارەنووسی بە پیاوەوە گرێ بدات - بە چارەنووسی  پیاوەوە- بە چارەنووسی  وشەیەکەوە - وشەکان مانای جیاوازیان هەیە لە لای ژن و پیاو.)، هەڵبەت لەسەر زاری فەرهادەوە وەک خوێندکار و هونەرمەندێک، ئەم سەرنجە وردە دەربارەی جیاوازی کاردانەوە دەروونیی و زەینییەکانی خانمان و پیاوان بۆ وشەکان بەدیاردەکەوێت، کە ڕەنگدانەوەی هەندێک لە گریمانە  دەروونییەکانە دەربارەی جیاوازییە سایکۆلۆژییەکانی هەر دوو تۆخمەکەیە، ئەمەیش لەلایەک توانای درک پێکردنی  نوسەر نیشاندەدات، لە بەرجەستەکردنی جیاوازی  ئەم لایەنە نادیار و شاراوانەی مرۆڤ؛ هەربۆیە کار دەکاتە سەر دەروونی خوێنەر و دەهەژێنێت و دەیخاتە ناو بیرکردنەوەوە.

((هەلالە زۆر جار هەستی دەکرد، کە عوسە بۆر بە دواوەیەتی. ئێواران کاتێک بە تاریک و ڕوونی کۆڵاندا تێدەپەڕی، بە تەنیا یان لەگەڵ هەر کەس بووایە، هەستیدەکرد پیاوێک بە چەقۆیەکەوە بەشوێنیەوەیەتی. بۆیە دەترساو، بێ ئەوەی بوێرێت ئاوڕی لێبداتەوە پێی گورج دەکرد.)) (نەهایی، ٢٠١٩: ٤٠)، لەم دەقەی سەرەوەدا درک بە (تۆنی سایکۆلۆژی) دەکرێت، چونکە نوسەر لە ڕێگەی گێڕەرەوەوە، کە (سەعیدی ڕەحمانی)یە، لە سەرزاری کەسێتی (هەلالە)وە وێنای باری دەروونی هەلالە دەکات، بەشێوەیەک خوێنەر بتوانێت پەی بە سایکۆلۆژیای کەسێتی (هەلالە) ببات، هەر لە قۆناخەکانی منداڵیی و مێر منداڵییەوە؛ هەڵبەت گەڕانەوە بۆ ئەو قۆناخ و سەردەمە منداڵییە و شۆڕبوونەوە بۆ جیهانی دەروونیی ئەم کەسێتییە کردەیەکی چێژ بەخشە،  بۆ لایەنە پرسنەکەی خوێنەر- لە لایەکی ترەوە توانا و باڵادەستی نوسەر نیشاندەدات، لەبەرهەمەکەیدا لەو وێناکردن و ڕۆچوونە ناو دەروونیی کەسێتییەکان، هاوشێوەی دەروونناسێک، بەڵام لە کردەیەکی ئەدەبییدا. نوسەر بە بەکارهێنانی هەریەک لە دەستەواژەکانی (عوسەبۆر ،بە چەقۆکەیەکەوە ، بەدوایەوە، هەستی دەکرد)، توانیویەتی بە وردی لە ڕێگەی ئەو چەند وتراوەوە پەی بەو ترس و تۆقینە ببرێت، کە لەمنداڵییەوە تیایە چێنراوە لە ڕێگەی دایکی و خێزانەکەیەو، کە نمونەیەکی کلتوری کوردییە؛ ئیتر هەنگاو بە هەنگاو ئەم ترسە لە دەروونی هەلالەدا لەگەڵی گەورە دەبێت و ڕۆژێک عوسەبۆر ڕۆژێکی تر  حەمە ڕەشید ئاغای باوکی ، ڕۆژێکی تر شێرزادی مێردی دەبن بە عوسەبۆر، یان هاشێوەی عوسەبۆر لە زەینی هەلالە دا وێنا دەبن، تا دوا جار ئەم ترس و وێنا زەینیی و دەورووونییەی دەبنە ڕاستی و کۆتای بە هەبوونی کەسێتیی هەلالەدێنن.

((دەیگوت: هەلاڵە ئەم شارە بە هەموو جوانی و ڕواڵەتیەکەیەوە، دەڵێی ئەژدیهایەکە کەڵبەی لە ڕۆحم گیرکردووە خەریکە هەنجن هەنجنم ئەکات. خەریکە قوتم دەدات.)) (نەهایی، ٢٠١٩: ٢١٤)، بە سەرنجدان لەو نموونە وەرگیراوە، درک بە (تۆنی دەروونیی) دەکرێت، چونکە هەریەک لە وتراوەکانی: (هەژدیها-کەڵبە-ڕۆحم-قوتمدەدات) گوزارشت لە باری(دەروون ناجێگیری)ی کەسێتی (شێرزاد) دەکەن. نوسەر (دەروونناس) ئاسا توانیویەتی وێنای باری دەروونیی ئەم کەسێتییە، لە تابلۆی وشەدا بکێشێتەوە؛ هەڵبەت لە ڕێگەی هەڵبژاردنی دەربڕاوی دروست بۆ (جێکەوتە)ی دروست، وەک تەکنیکێکی هونەریی ئەنجامیداوە، چونکە لەو وتراوەی سەرەوەدا هەست بە ترس و دڕدۆنگی و نیگەرانی، تەنانەت تۆقینی شێرزاد دەکرێت، لە بەرامبەر کەلتوور و شارستانییەتی ئەوروپییدا، وەک هاوبێ نیشتیمانێکی ڕۆژهەلاتی ئاوارەی هەندەران، لەو کرانەوە و پێشکەوتنانە دەتۆقێت، بە شێوەیەک دەبێتە (گرێی دەروونیی) و مۆتەکەی گیانی (کابوس) و ژیان لە خۆی و ژن و منداڵەکەیشی هەراسان دەکات. نوسەر سەرکەوتوو بووە لەم دەروون نوێنییەی کەسێتییەکاندا، بە ڕادەیەک لە خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانانەدا وەرگر (خوێنەر) دەکرێت گریمانەی ئەوە بکرێت، کە دووچاری وروژانی هەستەکیی و سۆزەکیی دەکات و هاوبەشی دەکات لە خۆشی و ناخۆشییەکانی کەسێتییەکاندا، دیارە ئەم کارە لە ڕێگەی تۆن و تەرزەکانیەوە توانراوە بنوێنرێت. بەمشێوەیە تۆن وەک تەکنیکێکی هونەریی و ئەدەبیی دەروون نوێنی نێرەرە، دەبێت لە کارە ئەدەبیی و هونەرەییەکاندا.

## ٢/ ٢-٣) ڕۆڵی تۆن لە بەدیهێنانی دۆخدا

تۆن چ وەک تەکنیک، یان ڕەگەزێکی هونەریی، لە کارە ئەدەبیی و هونەرییەکاندا هاوئاهەنگ لەگەڵ ڕەگەزەپێکهێنەرەکاندا، ڕۆل دەبینێت لە گوێزانەوە و نواندنی ئەزمونە هەستەکیی و سۆزەکیی و زەینییەکانی نێرەر (نوسەر) بەتایبەت لە ڕۆمانی نوێدا بە هۆی ئەو گۆڕانکارییە نوێیانەی لە سەر ئاستی هونەریی ڕۆمانەکاندا ڕوویاندا، ڕۆل و گرنگی تۆنی زیاتر پیشاندا؛ هەربۆیە ((تۆن بە جۆرێک کاریگەری لە سەر وەرگر بەجێدەهێڵێت، هاوبەشی پێدەکات لە ئەزمونە هەستەکیی و سۆزەکییەکانی نێرەردا، بەم پێ کاریگەبوونەیش دەوترێت دۆخ.)) (عمران پور، ١٣٨٤: ١٤٦)، چونکە ((کاتێک نێرەر (نوسەر) ئەزموونێکی سۆزداری دەکات، سەربارى کارە ئەدەبییەکەی دەکات، بۆ وەرگر (خوێنەر)ی دەگوێزێتەوە، بۆیە وەرگریش بە ئەزموونە سۆزەکییانەی نێرەر بارگاوی دەبێت، بەشێوەیەک دەکرێت، ئەوەی نێرەر خۆشی دەوێت، ئەمیش پێیخۆشبێت، یان ئەوەی ئەو ڕقی لێبێت، ئەمەیش پێیخۆشنەبێت.)) (عمران پور، ١٣٨٤: ١٤٦)، لەم ڕووەوە نوسەر لەم ڕۆمانانەیدا (گوڵی شۆڕان،

باڵندەکانی دەم با، گرەوی بەختی هەڵاڵە) بەشێوەیەکی هونەریی  توانیویەتی ڕوانگە و ئەزموونە کەسییەکانی خۆی بۆ خوێنەر بگوێزێتەوە.

بۆ وێنە: ((ئەو بەکەمی میوانەکانی دەدواند. لەبەر خۆیەوە وەڵامی هەواڵ پرسییانی دەدایەوە و ئەوسا بێدەنگ دەبوو. کە میوانەکان دەڕۆشتن و ماڵەکە چۆڵ دەبوو، هەڵدەستا. دەچووە ژوورێکی تر. ژوورێکی بچووکی لاپەڕ کە تاقە پەنجەرەکەی ڕوو لە حەسار بوو.  لەوێش لەبەر پەنجەرەکە دادەنیشت و لە دەرەوەی دەڕوانی.)) (نەهایی،٢٠١٩: ٢٣٨)، لەو نمونەیەدا لەسەر زاری گێڕەروەی یەکەمەوە، هەست بە باری ناهەمواری رۆحیی و دەروونیی کەسێتی میهرەبان دەکرێت، چونکە دەربڕاوەکانی وەک: (بێدەنگ دەبوو، ژوورێکی بچووکی لاپەڕ، لە دەرەوەی دەڕوانی) گوزارشت لە دۆخی خراپی دەروونیی ( میهرەبان) دەکەن، لە تەرزی تۆنی گێڕانەوەدا، بەشێوەیەک خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی ئەو دێڕانەدا، درک بەو بارە دەروونییەی کارەکتەرەکە، هەیەتی دەکات و کاری تێدەکات و دەیخاتە دۆخی ڕامانەوە.

((هەڵاڵە لە کۆڵان  لەگەڵ منداڵانی هاوتەمەنی، لە بن دیواری ماڵی یەکێک لە دراوسێکانیان، لەژێر سێبەری لق و پۆپی دارتووەکەیاندا کە ئاودیوی دیوارەکە بوو بوو، دانیشتبوو. دە تا پازدە منداڵ بوون کە دوای نانی نیوەڕۆ، بەفیتووی یەکێک لە هاوڕێکانیان هاتبوونە دەر. سەرەتا ویستبوویان تۆپێن بکەن. هێشتا دوو شەقیان لە تۆپەکە نەدابوو کە ژنە دراوسێکەیان سەری لە پەنجەرەی ماڵەکەیەوە دەرکێشابوو، نەڕاندبووی: «ئەوە بەم قرچەی نیوەڕۆیە تۆپێن دەکەن؟ ناڵێن خەڵک بە لای ناخێریانەوە ڕاکشاون پشوو دەدەن؟» )) (نەهایی،نەهایی: ٤٢)، بەسەرنجدان لەو نمونەیە، گێڕەرەوە لە یادەوەری هەڵاڵەوە، باس لەو بارودۆخ و موعاناتانە دەکات، منداڵی کورد هەیەتی، چونکە نەخوێندنەوەو لەبەرچاونەگرتنی تایبەتمەندی قۆناخەکانی تەمەنی منداڵ و دەستەبەرنەکردنی شوێن و جێگای تایبەت بۆ یاری کردنی منداڵان، وای کردووە منداڵان لە بارودۆخێکی ناهەمواردا قۆناخەکانی منداڵی و منداڵییان بگوزەرێنن، بەشێوەیەک هەمیشە هەست بە ترس و هەڕەشە و چاو سورکردنەوەی گەورەکان بکەن.  ڕۆماننوس سەرکەوتوانە توانیویەتی باری ئەو موعاناتەی منداڵان بۆ خوێنەر بگوێزێتەوە، بەڕادەیەک خوێنەر بکەوێتەوە یادەوەری منداڵی خۆیی و درک بە ناهەمواری ئەو دۆخە بکات، چونکە تۆنی دەربڕینەکانی ژنە دراوسێکە سەرکۆنەکەر و چاو سوررکردنەوە دەگەیەنێت، دەربڕاوی (هێشتا دوو شەقیان لە تۆپەکە نەدابوو) لە تۆنی گێڕانەوەی گێڕەرەوەدا، هەستی بێ دەستەڵاتی و بێ دەرتانی و بەدبەختی ستەم لێکراوی بە خوێنەر دەدات، کە ئەو منداڵانە لە ڕەوشێکی یەکجار خراپدان و بە خراپی مامەڵەیان دەکرێت؛ هەربۆیە لە خوێندنەوەی ئەو دێڕانەدا، خوێنەر بە قووڵی درک بەو دۆخە دەکات، بە شێوەیەک دەچێتە دۆخی ڕامان  و بیر کردنەوە.

### ٤-٢/٢) تۆن بە دیهێنەری شێوازە

ئاشکرایە تۆن لە پێکهاتەی کارە ئەدەبیی و هونەرییەکاندا، وەک تەکنیکیکی هونەریی، کەرەستە و ئامرازێکی بەرجەستە و بینراو نییە، بەڵام هەستی پێدەکرێت، چونکە تۆن بۆ فۆرمەلەکردنی خۆی دەکرێت سود لە گشت ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی شێواز وەربگرێت، چونکە پەیوەندیەکی هاوتەریبی لە نێوان تۆن و شێوازدا، بەدیدەکرێت لەم بارەیەوە ئەرستۆ دەڵێت: (( لەدواندا دەبێ ئاگاداری ئەمانە بین: هۆکارو کەرەستەکانی قایل پێ کردن، دووەم شێواز، یان ئەو زمانەی، کە بەکاردێ، سێیەم ڕێکخستنی وتەکان)). (کاکی،٢٠٢٠: ١٥)، لەو بۆچوونەی ئەرستۆدا درک بە بنەما پێکهینەرەکانی تۆن دەکرێت، وەک تەکنیکیکی هونەریی لە ئاستی وتندا، ئەگەرچی ئەرستۆ تەنیا لە ئاستی وتندا ئاماژەی بۆ ئەو بنەما پێکهینەرانە کردووە، لە کردەی دواندا، بەڵام لە ئاستی نوسینیشدا بۆچوونەکەی هەر ڕاست دێتەوە، چونکە کردەی نوسینیش هاوشێوەی کردەی وتن، زادەی بیری مرۆڤە؛ لەم ڕووەوە ((دەکرێت تۆن وەک هۆکاری بەدیهێنەری شێواز سەرنج بدرێت)) (عمران پور،١٣٨٤: ١٤٥)، دیڤید کریستاڵ دەربارەی شێواز بۆچوونێکی هەیە، کە تۆن و شێواز لە ژێر یەک پێناسەدا دەنوێنرێت. لەو بارەیەوە دەڵێت: ((جۆرەکانی ئاخاوتن یان نوسینمان بۆ دیاریدەکات، کە لەگەڵ هەڵوێستە جیاوازەکاندا دەگونجێت، هەروەک هەوڵی بەرەوپێشبردنی زانیارییەکانمان و دەستگرتنمان بەسەر ئەم جیاوازییانەدا دەدات، کە هەندێکیان لە سەرەتای تەمەنمانەوە فێریان بووین)) (حەمە ڕەشید،٢٠١٣: ٢٢٤)، لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونەوە (تۆن- شێواز) هاوشێوە دەردەکەون، بەڵام ئێمە بەو شێوەیە نایبینین، هەروەک لەبەشەکانی تری ئەم توێژینەوەیەدا خراوەتەڕوو، دەتوانین بڵێن تۆن و شێواز هاوسنوور و لە ناو یەکدا دەنوێنرێن، بەڵام شێواز زیاتر گشتێتی بەرهەمە ئەدەبیی و هونەرییەکان دەنوێنێت، کەچی تۆن سەرەڕای بەدیارخستنی گشتێتی کارە ئەدەبیی و هونەرییەکان پۆلێنیکاری وردترمان لەو بەرهەمانەدا بۆ دەکات. شێواز(Style) هەربۆیە تۆن: ((لەگەڵ هەموو ڕەگەزەکانی شێوازدا پەیوەندی تەنگا و تەنگی هەیە، وەک(زمان، وشەکان، واتاسازی،...تد)) (میرصادقی،١٩٩٤: ٦٧٥)، لەم سۆنگەیەوە گەر سەرنج لەم ڕۆمانانەی ڕۆماننوس بدرێت، لە کۆی تۆنە بەکارهاتووەکانی ئەم بەرهەمانەیدا (گوڵی شۆڕان، باڵندەکانی دەم با، گرەوی بەختی هەڵاڵە)دا لە شێوازی نوسینی ئەم ڕۆماننوسدا، بەگشتی درک بە سێ جۆرە تۆنی بنجی بنەڕەتی دەکرێت، وەک شێوازی باو و بەرچاوی عەتا نەهایی دەکرێت لە نوسیندا لێک بدرێتەوە، کە بریتین لە: ( تۆنی ڕەخنەیی- پرسیاریی نەرێنیی) بەتایبەت تۆنی نەرێنی یەکێکە لەو تۆنانەی دەکرێت، بەتایبەتمەندی شێوازی دیاری ئەم نوسەرە لە کردەی نوسیندا هەژمار بکرێت.

## ٢/ ٢-٥) ڕۆڵی تۆن لە ناساندی کەسێتییەکاندا

بەهۆی ئەو ڕۆڵە گرنگەی تۆن و جۆرەکانی دەیبینن، بە تایبەت لە ڕۆمانی نوێدا ((کشانەوە و نائامادە بوونی ڕاستەوخۆی نوسەر لەبەرهەمەکەیدا، هەستی پێدەکرێت، بەرەخساندنی زەمینە گەلی لەبارو گونجاو، لەگەڵ ڕەوتی چیرۆک و ڕووداو و سروشتی کەسێتییەکاندا دەبینرێت، کە لە ڕێگەی تۆن و جۆرەکانییەوە جێبەجێ دەکرێن)) (فتاحی، ١٣٨٦: ١١٣)، بەمشێوەیە نوسەر ئەو هەژموون و ئامادە بوونە ڕاستەوخۆیەیی لەبەرهەمەکەدا کاڵ دەبێتەوە و چیتر ناتوانێت ڕۆبۆتئاسا جوڵە بە کەسێتییەکان بکات، بەڵکو بە شێوەیەکی سروشتی هونەری ڕەوتی ڕووداو و جوڵەی کەسێتییەکان پیشاندەدرێن. بۆ زانیاریز زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە (١/٣) شیکاری ڕۆڵی تۆن لە نواندنی کەسایەتی کەسێتییەکاندا.

## ٢/ ٢-٦) ڕۆڵی تۆن لە ڕوونکردنەوە و دەستنیشانکردنی قۆناغە ئەدەبییەکاندا

تۆنی کارە ئەدەبیی و هونەرییەکانی هەر قۆناغ و سەردەمێکی ئەدەبیی و هونەریی، زادەی ڕۆژگاری خۆیەتی، لەم سۆنگەیەوە دەستنیشانکردن و بەدیارخستنی تۆنی هەر بەرهەمێک، کە شەقڵی ئەو سەردەمە دەنوێنێت تێیدا نوسراوە، یان دەربارەی دەنوسرێت، بۆیە (تۆنی گێڕانەوەی چیرۆک دەبێت لەگەڵ ئەو کات و سەردەمەی نوسەر تێیدا دەژی بگونجێت...) (میر صادقي، ١٣٩٤: ٦٧٣)، لەم ڕووەوە پێویستە تۆنی هەر بەرهەمێک ڕەنگدانەوەی ئەو سەردەم و ڕۆژگارە بێت تێیدایە، یان دەربارەی دەنوسرێت، چونکە مەرج نییە، نوسەران تەنیا لە ڕوانگەی ئەو سەردەمەوە بنوسن، کە دەژین تێیدا، بەڵکوو دەکرێت دەربارەی هەر قۆناغ و سەردەمێک، کە بخوازێت بۆ بەرهەمەکە بنوسن، بەڵام پێویستە کارامەیی خۆیان بەکاربخەن، بەشێوەیەک بتوانن بە دروستی (تۆنی گونجاوی ئەو سەردەمە)ی، کە بەرهەمەکەی دەربارەی نوسراوە لە بەرچاوبگرن، تا لە نرخی هونەریی کەم نەبێتەوە و سەر لە خوێنەریش نەشێوێنێت. نوسەر و ڕەخنەگری ڕوسی (مخیائیل باختین) ((دەیەوێت پر سەیری ئەدەب و هونەر بکەین، مۆدێلێکی تعبیرکردنی بێوێنە، هەر بابەتێک بگری مێژوویێک، ئایدۆلۆجیایەک و ئەندێشەیەکی لە پاڵە)) (عومەر، ٢٠٠٥: ٢٦-٢٧)، کەواتە لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین: هەر کارێکی ئەدەبیی و هونەریی ئاوێنە و وێنانوێنی سەردەمی خۆیەتی؛ هەربۆیە دەبێت تایبەتمەندیەکانی تۆنی ئەو سەردەم و قۆناغە ئەدەبیی و هونەرییە لە بەرچاوبگیرێت. فەیلەسوفی ئەڵمانی (جۆن گۆت فرەد) دەڵێت: ((هەر سەردەم و قۆناغ و ڕۆژگارێک، خاوەن تۆن و دەنگ و ڕەنگ و بۆنی تایبەت بە خۆیەتی)) (عمران پور، ١٣٨٤: ١٤٦)، گەر لەم ڕوانگەیەوە سەرنج لەم رۆمانانەی، (عەتا نەهایی) بدریت، ئەو تۆنانەی ڕۆمانی گوڵی شۆڕان لە خۆی گرتوون، ئاوێنەنوێنی چلەکانی

سەدەی ڕابردوو نیوەی یەکەمی سەدەی  بیستەمە، بەڕادەیەک خوێنەر بە سانایی درک بەو سەردەم وو ڕۆژگارە دەکات، بەڵام تۆنگەلێک لە ڕۆمانی باڵندەکانی دەم با دا، خۆیان دەنوێنن، وێناوێنی هەفتاکان و هەشتاکانی نیوەی دووەمی هەمان سەدەی پێشووە، کە گوزارشت لە(بێ هیوایی، خامۆشیی، گۆشەگیریی، فەرامۆشی...تد) دەکەن؛ ڕۆماننوس هاوشێوەی ڕۆمانی گوڵی شۆڕان، لە نوسینی ئەم ڕۆمانەیشدا، سودی لە ڕووداوەکانی ئەو ساڵانە وەرگرتووە، لە تەرزێکی ئەدەبیی و هونەرییدا، توانیویەتی هەوێنی ئامادەکردنی ئەم بەرهەمەی بە دەست  بهێنێت.

سەبارەت بەو تۆنانەی لە ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵەدا، نوێنراون، گوزارشت  لەسەردەمانێکی دواتر دەکەن، کە زیاتر بیر و هەستی ( ترس، تۆقین، دەستگیرکردن، ئاوارەیی، چاوەڕوانیی، نیگەرانی، نامۆ و یادەوەری ... تد)دەگەیەنن؛ ڕۆماننوس زنجیرە ئاسا توانیویەتی، بۆ نوسینی ئەم بەرهەمەی سود لە ڕووداوەکانی ئەو ساڵانە وەربگرێت، کە کۆتایی هەشتاکان و نەوەدەکانی نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمە، بەمشێوەیە تۆنی هەر بەرهەمێک زادەی خودی ئەو بەرهەمە دەبێت و وێنانوێنی ڕۆژگاری خۆی دەبێت.

## ٣/٢ دیارترین جۆرەکانی تۆن و پۆلێنە تۆنییەکان

## ٢/ ٣-١) شیکاری پۆلێنی تۆن لە ڕووی سەرچاوەی دروستبوونەوە

تۆن: ڕستێک تەکنیک و هونەرکارییە، لە هەردوو ئاستی ووتن و نوسینی(دەق)دا دەنوێنرێت، چونکە تۆن ((دەنگ و ئاوازی دەربڕینەکانی نوسەرە دەکرێت شێواز و جۆری جیاواز لە خۆ بگرێت، بۆ وێنە: تۆنی پێکەنیناوی، هەرزەگۆیانە، جدی، ساتێر یان هەرجۆرە تۆنێکی تر بێت نوسەر بۆ دارشتەی چیرۆکەکەی لەبەرچاوی بگرێت)) (میر صادقی، ١٣٩٤: ٦٧١)

یەکێک لەو پۆلێنانەی بۆ جۆرەکانی تۆن کراوە، لە ڕوانگەی سەرچاوەی دروستبوونی تۆنەوەیە، لەم ڕووەوە ( ئەبو نەصری فارابی) ((تۆن دابەشدەکات بۆ:

١- توانستی دەربڕین و ئەداکردنی تۆنی پڕ و تەواو، کە تایبەتمەندی مرۆڤە.

٢- توانستی دەربڕین و ئەداکردنی تۆنی دانراو، کە لە ئامێرەکانی مۆسیقا پەیدا دەبن.

جۆری یەکەم بە پێی جۆرەکانی شیعر، یان بە پێی مەبەستەکەی دابەشدەبێت، بۆ  چەند جۆرێک وەک: تۆنی گۆرانی، تۆنی شیوەن گێران، تۆنی قەسیدە خوانی، ئاواز خوێندن و جۆرەکانی تر، بەڵام

سەبارەت بە جۆری دووهەم تۆنی هەڵقوڵاو لە ئامێرە مۆسیقایەکانەوە، تەنیا وەک تەواوکەر و یاریدەدەری تۆنی تەواو تایبەت بە مرۆڤ، دەسازێنرێن و دەخرێنەڕوو.)) (ئازەر نوش،١٣٩١: ٢٢-٢٣).

لەم ڕوانگەیەوە سەرچاوەی پەیدابوونی تۆن لە مرۆڤدا، سروشتی و فسیۆلۆجی(Physiology)ە، واتە ئەرکی ئەو ئۆرگان و ئەندامانەن، کە لە پێکهێنان و دەربڕینی تۆندا هاوکارن، لە ڕاستیدا ئەم پۆلینکردن و تێڕوانینەی فارابی بۆ تۆن، زیاتر چەمکە مۆسیقییەکەی تۆن دەگەیەنێت، بەڵام ئەودەنگە جیاوازانەی لە ئامێرەکانی مۆسیقاوە پەیدادەبن، پێویستییەکی گیانی و دەروونی مرۆڤە، ئەم بۆچوونەیی فارابی دەماناباتەوە بۆ گریمانەکانی پەیدابوونی زمان لە مرۆڤدا لەم بارەیەوە: ((گریمانەی بانگ و قیژەی هەست دەربڕ ( The pooh-pochTheroy) بەپێی ئەم گریمانەیە کە بۆ یەکەمجار زانای ئەڵمانی (شتاینتال) و دەستەیەک لە ڕووناکبیران لەسەدەی نۆزدەدا خستیانە بەردەست، زمان لەو دەنگە غەریزانەوە پەیدابووە، کە مرۆڤ بۆ دەربڕینی خۆشی و ناخۆشی و ئازار و پەستی بەکارهێناوە، بە باوەڕی ئەم گریمانەیە یەکەم گوتن لەزماندا لە شێوەی سەرسوڕماندا بووە.)) (فتاح،٢٠١١: ١٥)، لە ڕوانگەی ئەم گریمانەیەوە پەیدابوونی زمان لە مرۆڤدا، دەباتەوە بۆ ئەو دەنگ و هاتوو و هاوارانەی مرۆڤی سەرەتایی، دەریانبڕیووە بۆ گوزارشتکردن لە هەستگەلی جیاواز، کە تا ئێستایش، ئەو دەنگ و قیژە و هاتووهاوارانە، لەناو زماندا بوونییان هەیە، زۆرجار بۆ وێنە لە کاتی کارە قوڕس و گرانەکاندا مرۆڤ جۆرە دەنگ و ئاواز وگۆرانییەک دەردەکا، کە دەبێتە هۆی حەوانەوە و ووزەپێدانی، بۆ وێنە: ((لە کاتی دەربڕین و پیک کاریدا، دەنگ و ئاوازی(هەە، هئاە،هاە) یان کاتێک کارێکی بە هەرەوەرزی دەکرێت، وەک درەو و دەسکەنە کردن ....تد جۆرێک لە دەنگ و ئاواز دەردەکەن بە (قولە و هات و هاوار) ناسراوە بەم کارە جۆش وخرۆشێک دەدەن بەخۆیان و بەشێوەیەک کارەکەیان باشتر لەبەر دەڕوات.)) ( ابراهیم،٢٠٢٢: چاوپێکەوتن).

لە پۆلێنێکی تریدا (ئەبو نەصری فارابی) لە کتێبی (موسقي كبير)دا لە ڕوانگەی دەربڕینی مەبەستی جیاوازەوە تۆن دابەشدەکات بۆ سێ جۆری سەرەکی ((چێژبەخش، کاردانەوە، ئەندێشەسازی)) ( ئازەرنوش، ١٣٩١: ٢١)، ئەم سێ جۆرە تۆنە بە شێوەیەکی سروشتی کار لە مرۆڤ دەکەن، ((تۆنی چێژبەخش بۆ دەستەبەرکردنی ئاسودەیی پشووی دەروونیی بەکاردەبرێت، تۆنی کاردانەوە کاتێک بەکاردەبرێت کەسی بەکارهێنەر بیەوێت خرۆشانێکی دەروونی دەرببڕێت، یان بۆ بەرامبەری بگوێزێتەوە، هەرچی تۆنی ئەندێشەسازیشە پەیوەستە بە هونەری شیعر بێژی و وتاردانەوە، هەروەها جۆری تۆنی چێژبەخش بۆ دروستکردنی کاردانەوەی دەروونی بەکاردەبرێت، هاوکات هەردووجۆری چێژبەخش و کاردانەوە لە تۆنی ئەندێشەسازییدا بەکاردەبرێن)) (ئازەرنوش،١٣٩١: ٢٢)، بەمشێوەیە

پۆلێنکردنەکەی فارابی بۆ تۆن، لە ڕوانگەی هەست و مەبەستی قسەکەرەوەیە، کەواتە مەبەستی نێرەر، کە بریتییە لە ناوەڕۆکی قسە (وتراو) جۆری تۆنی نێرەر بەدیار دەخات بۆ وەرگر.

## ٢/ ٣-٢) پۆلینی تۆنی  فەرمی و نافەرمی

### ٣/٢-٢-١) شیکاری تۆنە فەرمییەکان:

یەکێکی تر لەو پۆلێنانەی بۆ تۆن دەکرێت پۆلێنێکی دوانییە بەگشتی لەم جۆرە پۆلێنکردنەدا تۆن دابەش دەکات بۆ دوو جۆری سەرەکی (فەرمی و نافەرمی) (Formal tone and Informal tone).

تۆنی فەرمی (Formal tone) : مەبەست لەم جۆرە تۆنە، ((ئەو  تۆنانەیە بەشێوەیەکی باو و بەرفراوان لە نوسینی زانستی و ئەکادیمی و گفتوگۆ تێر و تەسەلەکاندا بەکاردەهێنرێت (Colonia, 2021: Online) لەڕوانگەی ئەم پێناسەیەوە تۆنی فەرمی بنجی و بنەڕەتییە، کە زیاتر لە گفتوگۆ و نوسینی ناوەندە ئەکادیمی و زانستی و مامەڵە فەرمییەکاندا بەکاردەبرێت؛ لە شێوازناسییدا بە(شێوازی فەرمی) باسکراوە مەبەست لە شێوازی فەرمی: ((هەڵبژاردنە لە نێوان چەند دەربڕینێکی هاوشاندا)) (فەتاح ،٢٠١٠: ٨٧)، لەم ڕووەوە شێواز گشتگیرترو فروانترە، بەڵام تۆن وەک تەکنیکێکی هونەریی لە مەودا فراوانەکەی شێوازدا دەنوێنرێت، بەشێوەیەک بۆ فۆرمەلەکردن و دروستکردنی تۆن و تەرزەکانی، سەرەڕای ڕەگەزگەلی (زمانیی، ئەدەبیی...)  سود لە بنەما و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی (شێواز)یش دەبینرێت؛ هەربۆیە ((لەم بارەیەوە زمانناسان سێ تاپێنج  شێوازیان بۆ زمانە جیاوازەکان دیاریکردووە، بەڵام بەگشتی بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەشیدەکەن، کە ئەویش فەرمی، نا فەرمییە...)) (حەمەڕەشید، ٢٠١٣: ٢٢٥)

گرنگترین  تایبەتمەندییە دەربڕاوەکانی تۆنی فەرمی: ((ڕێک و ڕەوان و بێ توێکڵ، بەڕێزانە، داتا زمانییە کۆنکریتی و ڕێزمانییەکان بەکاردەهێنرێن، بەدەرە لە هەستی خودی و زیاتر بابەتیی دەنوێنێت)) (Colonia, 2021: Online)، بەمشێوەیە ئەو تۆنانەی دەچنە ژێر پۆلێنی تۆنی فەرمیییەوە؛ زیاتر ڕەوان و ڕاشکاو و بێ چاپۆشیکردن و بەدەر لە هەرجۆرە هاسۆزیکردنێک؛ لەم سۆنگەیەوە لەو تۆنانە دەدوێن، دەچنە سنوری تۆنی فەرمییەوە، نوسەر عەتا نەهایی لەم ڕۆمانانەیدا (گوڵی شۆڕان، باڵندەکانی دەم با،  گرەوی بەختی هەڵاڵە) بەشێوەیەکی هونەریی و بەپێی جۆری (کەسێتی، پنت و بابەت)ی ڕۆمانەکان مامەڵەی لەگەڵ تۆن و تەرزەکانی کردووە.

١-تۆنی واقیعیانە: (( ئەو تۆنەیە بەدەرە لە هەر جۆرە هەست و سۆزێک ڕاست و بابەتیانە دەنوێنرێت)) (highlandhs.org)عەتا نەهایی لە چەندین شوێنی ڕۆمانەکاندا تۆنی واقیعانەی بەرجەستە کردووە، بەشێوەیەک گۆشە نیگا و ڕوانگەی ورد بە خوێنەر دەگەیەنێت. بۆ وێنە: ((خان تووڕە ببوو. هەستابووە سەرپێ. چاوی لێ دەرپەڕاندبوون. دەستی بۆ دەمانچەکەی بەر پشتێنی بردبوو، ئەوسا بە ڕق و تووڕەییەوە، وەها کە حەزی کردبوو لە باتی قسەبۆ کردن تفیان لێ بکات، گوتبووی: «من شەرەفی ئێوە دەپارێزم. ئێستا ئێوە حاکمن. سبحەینێ حوکمەت بگەڕێتەوە، چارشێو لەسەر ژنەکانتان دادەماڵێ و سەریان پێ ڕووت دەکا. خۆشتان دوولنگە لە پێ بکەن. هەتیوە شارستانی شوێنتان دەکەون و شاربەدەرتان دەکەن.»)) (نەهایی،٢٠١٩: ٨٧)، بەسەرنجدان لەو نمونەیە درک بە تۆنی واقعیانە دەکرێت، چونکە هەریەک لە دەربڕاوەکانی (خان تووڕە ببوو، تفیان لێ بکات، من شەرەفی ئێوە دەپارێزم... تد) گوزارشت لەو واقیعە دەکەن، لەو پنتەی ڕۆمانەکەدا خان وەک دەستەڵاتداری ناوچەکە، خەڵکەکەی پشتی تێدەکەن بەمەیش خان تەنیا دەمێنێتەوە، لەم دۆخەدا خان هەست بە مەترسی ئەو واقعە دەکەن، لەسەر تەرزی تۆنی واقیعیانە شیکاری ئەو واقیعەیان بۆ دەکات، بەمەیش تۆنی واقیعیانە بەرجەستە بووە، بەڵام هەریەک لە تۆنەکانی: (تورەیی، سەرکۆنەکردن، سوکایەتی پێکردن، ڕوونکردنەوە، هاندان ئاگادارکردنەوە) هەستی پێدەکرێت.

٢- تۆنی زانستی و ئەکادیمی: ((ئەو تۆنەیە بەشێوەیەکی ڕوون و ڕاستەوخۆ و بابەتیانە پیشاندەدرێت)) (Vaid, 2022: online) تۆنی زانستی لە ڕۆمانەکاندا بۆ گەیاندنی مەبەست و گۆشە نیگای زانستی بەکارهێنراوە. بۆ وێنە: ((... گریمان بۆ باوکیشی گوتبێ، ئەم باوکە هەمان باوکی شیعرەکانی پێشووی نییە. پیاوێکی نموونەیی پیرۆز لە زەین و دەروونی شاعیردا. بەڵکوو خۆشەویستێکە، کە لە دەرەوەی زەین و دەروونی شاعیریش بوونی هەیە....» ئەوسا گوتی: « ئەگەر لەم ڕوانگەوە درێژە بە خوێندنەوەی شیعرەکان بدەین بۆمان دەردەکەوێ شاعیر وردە وردە ئەو پیاوە نمونەییە پیرۆزە، ئەو خۆشەویستە، لە زەین و دەروونی خۆی دەهێنێتە دەر و لە بەرامبەر خۆی دایدەنێ. بە ڕای من تایبەتمەندی سەرەکیی ئەم پرۆسەیە بریتین لە، یەکەم، شاعیر بە دابڕان لەو پیاوە زەینییە لە خۆی نزیک دەبێتەوە. لە ناسینی خۆی. لەسەربەخۆیی خۆی وەک مرۆڤ و ئافرەت نزیک دەبێتەوە. دووهەم ئازادیی شاعیرە. شاعیر بۆ ئەوەی بتوانێ بژی و بنوسێ و تەجرەبەی شیعری تایبەت بە خۆی ببێ، پێویستی بەم ئازادی و سەربەخۆییە هەیە.)) (نەهایی، ٢٠١٩: ٨٥)، بۆنەی ئەم دەقە، گفتوگۆی ئێوارە کۆڕێکی زانستیی و ئەدەبییە، کە (میهرەبان) وەک شارەزاو ئەدەبناسێک خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن بۆ دەستنوسی دەفتەرە شیعرێکی خانمی تلووعی دەکات، نوسەر بە پێی تایبەتمەندی کەسێتییەکە و بۆنەی گفتوگۆکە لە سنوری دەقەکەدا، ڕەچاوی بابەتیبوون و زانستی بوونی دەربڕاوەکانی خودی کەسێتییەکەی کردووە، بەم کارەیشی توانیویەتی تۆنی زانستی بەرجەستە

بکات؛ هاوکات لە ئاستێکی قووڵدا بەشێوەیەکی زانستی و ئەدەبیی ڕەخنەی هەڵسەنگێنەری نازانستیی و ناهونەرییەکان و شاعیرە لاو و تازە دەستپێکەرەکان دەکات.

٣- تۆنی ڕاشکاویی: ئەو تۆنەیە تێدا کەسی قسەکەر هەست و کاردانەوەی خۆی دەربارەی ڕەتکردنەوەی بابەتی مەبەستدار نیشاندەدات. بۆ وێنە: ((هەڵاڵە گوتی: «دەبێ شتێکت پێ بڵێم کاک شێرزاد، کارێکی زۆر خراپت کردووە کە لە کوردستان و بەر لەوەی بێیت بۆ ئێرە، ئەم قسانەت پێ نەگوتووم...»)) (نەهایی، ٢٠١٩: ٢٠٤)، بەکارهێنانی وشەی (کاک) لەونمونەیەدا، وای کردووە تۆنی دەربڕینەکەی هەڵاڵە دەستنیشان بکات، کە تۆنێکی فەرمییە؛ هەروەها تۆنی بەڕێزانە و تۆنی رەتکردنەوەی تێدایە، چونکە شێرزاد لەسەر کاغەز هاوسەریەتی، بەڵام هەڵاڵە هیوا براوی دەکات، بە دەربڕینی دەستەواژەی (کاک شێرزاد).

٤- تۆنی بابەتیی: ئەو تۆنەیە بیرو بۆچوونی بابەتیانە بەشێوەیەکی لۆژیکی واقعیانە دەنوێنێت. بۆ وێنە: ((مەجید گووتی: «بەڵام ئەمە تەنیا تایبەت بەژنان نییە. زۆر جار پیاوەکانیش داب و نەریت و ئەخلاقی خەڵکی وڵاتەکەی خۆیان لە بیر دەچێتەوە و بەها کەلتورییەکانی خۆیان فەرامۆش دەکەن.)) (نەهایی، ٢٠١٩: ٥٨)، لەو دەقەی سەرەوەدا نوسەر بە وردی دەربڕینەکانی کارەکتەری (مەجید)ی هەڵبژاردووە، بەشێوەیەک لەگەڵ کەسێتی مەجیدا هاوئاهەنگە، چونکە مەجید خاوەن بیرو باوەڕی چەپە خوێندەوار و بیر کراوەیە (Open man)، هەربۆیە بەشێوەیەکی بێ لایەنانە و واقیعیانە لە کێشەکە دەڕوانێت، بەمەیش لە تەرزی وتنیدا (تۆنی بابەتیانە) هەستی پێدەکرێت.

٥-تۆنی جدی : یەکێکی ترە لەو تۆنانەی دەچێتە پۆلێنی تۆنی فەرمییەوە لەم جۆرە تۆنەدا تا ڕادەیەک هەست و سۆز نواندن کەمدەبێتەوە بە ئاستێک  وەرگر هەست بە بەبێ سۆزی نێرەر دەکات بۆ وێنە: ((گوتی: «گوێ بگرە ڕەعنا خانم، من نەهاتووم بڵێم بۆ شووت بە باوکم کردووە.نەهاتووم بڵێم نەدەبوو شووت پێ بکردایە. نەهاتووم گلەییت لێ بکەم یان لەگەڵتدا بە شەڕ بێم یان هەر شتێکی تر . هاتووم  بڵێم هەرچی ڕووی داوە. ئەوەی کراوە، کراوە. تۆ خانمێکی بەڕێز و کچی پیاوێکی بەڕێزی. باوکی منیش ... باسی باوکم ناکەم بۆ خۆت دەزانی کێیە. کەواتە چۆن بێ قرە و بەدزییەوە خۆت لێ مارە کردووە، ئێستایش دەبێ هەروا بێ قرە و بێ دەنگ تەڵاقی لێ وەربگریت.»)) (نەهایی، ٢٠١٩: ٩١)، لەو نموونەیەدا نوسەر بەشێوەیەک دەربڕینەکانی هەڵاڵەی ڕێکخستووە لەگەڵ کەسێتی هەڵاڵە و بۆنەی قسەکردنەکەدا هاوئاهەنگن؛ بە ئاستێک تۆنی قسەکردنی هەڵاڵە (فەرماندەرانە، بنج برانە، بێ سۆزانە...تد) خۆی دەنوێنێت، بەمەیش (تۆنی جدی) لە نوسینەکەدا درکی پێدەکرێت.

٦-تۆنی فێرکاری(Learn tone) یەکێکە لەو تۆنانەی نوسەر لە ڕۆمانەکەدا ڕەنگی پێداوەتەوە بۆ وێنە: ((برایمۆک دەیگوت: « گوێ بگرە هەلالە تۆ دەوری ژاندارک دەبینی. دەوری فەرماندەی سوپایەکی ڕزگاریخواز کە گرتوویانە و خەریکن مەحکەمەی دەکەن. تۆ دەبێ لەم دادگایەدا بەوپەڕی متمانەکردن بە خۆت و بیر و بۆچوون و کردارەکانت، قسە بکەیت. دەبێ بە شێوەیەک بدوێیت کە سۆزی بینەری شانۆکە بە لای خۆتدا ڕابکێشیت. دەبێ بەسەر ڕەوتی مەحکەمەکەدا زاڵ بیت.»)) (نەهایی، ٢٠١٩: ١٣٩-١٤٠)، بەسەرنجدان لەو نموونە، دەربڕینەکانی برایمۆک وەک مامۆستا و دەرهێنەرێکی شانۆیی دەردەکەوێت، هەڵبەت ئەم شانۆیە لە شاخ پێشکەش دەکرێت، برایمۆک وەک دەرهێنەرێک ئەرکی ئامادەکردنی پێسپێراوە، هەلالەیش ڕۆڵی کەسێتێکی ژاندارک پێدراوە، بۆیە سەرنج و ڕێنمایە وردەکانی دەرهێنەر تۆنی فێرکاری دەنوێنن، بەمشێوەیە نوسەر چەندین جۆری تری تۆنی وەک (هەواڵیی، ڕەخنەیی، کارگێڕی، بازرگانی، لێپرسینەوە...تد) لە ژێر پۆلێنی تۆنی فەرمیدا بەکارهێناوە.

## ٢-٢-٣/٢) شیکاری تۆنە نافەرمییەکان

تۆنی نافەرمیی(Informal tone): ((ئەو تۆنەیە پێچەوانەی تۆنی فەرمییە، زیاتر لە گفتوگۆی ڕۆژانە و باس وبابەتە باوەکانی ڕۆژانە بەکاردەهێنرێت)) (linskills.com)، لەم ڕووەوە تۆنی نا فەرمی، یان ئەو تۆنانەی لە سنووری تۆنی نافەرمییدا هەژمار دەکرێن، زیاتر لە پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکاندا، کە نزیکی و ناسین و ئاشنایەتیی تێدایە لە نێوان بەکاربەرانیدا بەکاردەهێنرێن، چونکە ((تۆن بەشێکی گرنگی واتایە بەشێوەیەک ڕەنگە گرنگترین پێکهێنەری واتا بێت لەکاتی پەیوەندیکردن لەگەڵ منداڵ و ئاژەڵی ماڵی ...تد تۆنی وتن زۆر گرنگترە؛ لەو وشانەی بەکاردەهێنرێن...)) (perrin,1963: 1)، بەلام ((چۆنێتی هەڵبژاردنی وشەکان و چۆنێتی بەکارهێنانیان لەبەرهەمەکەدا دەکرێت بەهێزترین هۆکار بێت بۆ دروستکردن و نواندنی تۆن و گۆشەنیگای نوسەر)) ( Highlandhs.org)، کەواتە (( هاوشێوەی ئاستی وتن تۆن لە نوسیندا گرنگە)) (yourdictionary.com)، لەم ڕووەوە نوسەر عەتا نەهایی توانیویەتی لەم ڕۆمانانە (گوڵی شۆران، باڵندەکانی دەم با، گرەوی بەختی هەلالە)دا چەندین جۆری تۆنی جیاواز بەکاربهێنێت؛ لەم باسەدا هەوڵدەدەین شیکاری پوختەی ئەو تۆنانە بکەین، کە دەچنە ژێر پۆلێنی تۆنی نافەرمییەوە.

١-تۆنی واقیعی: یەکێکە لەو تۆنانەی لە هەردوو ئاستی تۆنی فەرمی و نافەرمییدا بەدیاردەکەوێت. بۆ وێنە: ((فەرخە بە توڕەیەوە دەیگوت: «پێویست ناکات خۆت فیدا بکەیت، ڕاستەدەکەیت دەست لە

جولەکەیی هەڵبگرە» لەیلا لە ناخەوە پێی پێدەکەنی چۆن شتی وا دەکرا؟ فەرخە لێی دەپاڕایەوەو دەیگوت «دڵنیابە ئەگەر بکرایە من ئامادە بووم لەبەر تۆ واز لە دینەکەم بهێنم لەیەکتر تێنەدەگەیشتن» لەیلا نەیدەتوانی واز لە چارەنوسی بێنێت، بەلای ئەوەوە جوولەکە بوون بەمانای هاوبەشی لە چارەنوسی هۆزەکەی بوو دەیگوت: ناتوانم لە پێناو دڵی خۆمدا هاوبەشی ئەو سوکایەتییە بکەم کە چارەنوسی هۆزەکەمە)) (نەهایی،٢٠١٩: ١٤٠)، لەم نموونە وەرگیراوەدا گفتوگۆی نێوان دوو کەسێتییە، بە ناوی فەرخە کوڕە لاوێکی بە ئاین موسڵمانە، دڵی چۆتە سەر لەیلای مام شەلەمۆ بە ئاین جوولەکەیە. نوسەر بە وردی توانیویەتی ئەو موعاناتە نیشان بدات، کە ئاینە جیاوازەکان بۆ تاکی دروست دەکەن، ئەوانەی خۆشەویستی یەکەن، بەڵام ئەو جیاوازییە واقیعییە ئاینییەی تێیدان بەربەستە، لە بەردەم هاوسەرگیرییەکەیاندا دەربڕاوەکانی فەرخە لاوێکی سەر گەرمی تازە پێگەیشتووە، تۆنی ناواقیعیی دەنوێنن، زیاتر گوزارشت لە هەستەکانی دەکات، بەڵام دەربڕاوەکانی لەیلا تۆنی ڕاستی نوێن و واقیعی دەنوێنن، چونکە بەپێی ئاینی جوو مەرجی بە جوولەکە بوون ئەوەیە، ئەوکەسە دایکی جوولەکە بێت؛ هاوکات نوسەر لە دوا دێڕی دەربڕاوەکەی لەیلادا حەقیقەتێکی تاڵ دەخاتەڕوو، کە ڕەهەندی مێژوویی هەیە، ئەویش ئەو سوکایەتییە زۆرە بووە، لەلایەن موسڵمانەکان بە جووەکان کراوە، بەمشێوەیە نوسەر توانیویەتی تۆنی واقعیانە ( Logical tone)بەرجەستە بکات و گۆشەنیگای ڕەخنەیی خۆیشی لە ئاستێکی قووڵدا، لە ڕێگەی ئەم تۆنەوە بۆ خوێنەر بگوێزێتەوە.

٢-تۆنی دۆستانە، (خاکە ڕایی): ئەو تۆنەیە هەستی نزیکایەتی و هاورێتی دەنوێنێت، لەم جۆرە تۆنەدا هەست بە گەرموگوڕی قسەکەر بۆ گوێگر دەکرێت. ((«بۆ ئەو کچە لە خەو دەکەن؟ لێی گەڕێن با لای فەرزانە بخەوێت. ئێوەیش بچن لە ژوورەکەی من بخەون. منیش لەهۆڵەکە لەسەر کاناپەکە ڕادەکێشم.»)) (نەهایی، ٢٠١٩: ١٦٠)، لەم نموونەدا سەعیدی ڕەحمانی بە تۆنێکی خۆمانە مامەڵەی میوانەکانی دەکات، کە شێرزاد و هەلالە و ئارەزووی کچیانە چۆنێتی هەڵبژاردن و ڕێکخستنی دەقەکە، سادەیی کەسی قسەکەر و گەرموگوڕی ئەومان بۆ دەنونێنێت لەو میوندارییەدا، تۆنی دەقەکە تۆنێکی دۆستانەیە (Casual tone)؛ سەرنج بەکارهێنانی وشەی(کاناپەکە) زیاتر تۆنی بەکارهێنەرەکەی ڕوون دەکاتەوە، کە هۆکاری ئەم بەکارهێنانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سەعیدی ڕەحمانی کوردێکی کرماشانی نیشتەجێی وڵاتی سویدە.

٣-تۆنی ئەویندارى (Loved tone): لەم ڕۆمانەدا نوسەر لە چەند شوێنی جیاوازدا توانیوەیەتی ئەم جۆرە تۆنە بەرجەستە بکات، بۆ وێنە: ((هەلالە پرسیارە بێ پێشەکی و کتوپڕییەکەی دووبارە کردەوە. «نەتگوت منت خۆش دەوێت یان نا؟» -«ها؟ چی؟» کەواتە برایمۆک بە هەڵە نەچوو بوو. ئەو

بەحاستەم سەری وەرسووڕاند و نیگای لەو دیمەنە بەربڵاووەوە بۆ هەڵاڵە گوێزایەوە.«ئەرێ خۆشم دەوێی... زۆرم خۆش دەوێی... ئەوەندەم خۆش دەوێی کە...»)) (نەهایی، ۲۰۱۹: ۱٤٤-۱٤٥)، لەو نموونەی سەرەوەدا گفتوگۆیەکی ئەڤیندارانە لە نێوان هەڵاڵە و برایمۆکدا خۆی دەنوێنێت ، شێواز و چۆنێتی دەربڕینەکانی هەردوو کەسێتییەکە شەرم و شکۆ پێوە دیارە، بەتایبەت ئەو دەربڕینەی برایمۆک، کە دەڵێت :(ها؟ چی؟) ترس و دڕدۆنگی بەدیار دەخات، بەمشێوەیە نوسەر بە لەبەرچاوگرتنی  باری کەلتوری و کوردی و هەستیاری بابەتی ئەویندای نا ئارامی باری دەروونی وشە و دەربڕاوە زمانییەکانی بە وردی دەستنیشانکردووە، بەم کارەیشی توانیوەیەتی سەرەڕای تۆنی ئەویندای تۆنی ترس و دڕدۆنگی...تد لەو کورتە نوسینەدا بنوێنێت.

٤-تۆنی گەپجاڕی: ((ئەو تۆنەیە بەشێوەیەکی گاڵتە ئامێز دەنوێنرێت، کە مەبەستی ڕەخنەیی و توانجی لە خۆ گرتووە)) (Indeed editorial team, 2021: Online)، نوسەر ئەم جۆرە تۆنەی بەکارهێناوە بۆ گەیاندنی ڕوانگەی ڕەخنەیی. بۆ وێنە: ((مەجید لێی پرسیبوو :« کۆبوونەوەکەت پێ چۆن بوو، دایە؟» دایکی گوتبووی: « کۆمەڵە خوازبێنییەکی باش بوو. ئینشاڵا بەخێر دەیان زەماوەندی خۆشی لێ دەکەوێتەوە.» مەجید بە سەرسووڕمانەوە پرسیبووی: «خوازبێنی؟ زەماوەند؟ خوازبێنی و زەماوەندی چی دایە؟!» «وەڵا ڕۆڵە هەر پیاوێک هەڵدەستا و قسەی دەکرد، ئەوەندە بە جوانی و ڕێک و پێکی  باسی ژن و پێویستی پاراستنی مافی ژنانی دەکرد کە نەک هەر کچانی عازەب، بەڵکوو ژنانی بە مێردیش بەر تەماع دەکەوتن حاشا لە مێردەکانیان بکەن و دەست لە منداڵەکانیان هەڵگرن و هەرچی زووە خۆیانیان لێ مارە بکەن...»)) (نەهایی،۲۰۱۹: ۷٥-۷٦)، بە سەرنجدان لەو نموونە وەرگیراوەدا چەند تۆنێکی جیاواز درک دەکرێن وەک: ((تۆنی پرسیاری، پرسن، پرس و ڕامان و توانج ئامێز، ڕوونکردنەوە، گەپجاڕی...))، بەڵام تۆنی بنجی و بنەڕەتی تۆنی گەپ جاڕییە، چونکە گفتوگۆکە لەنێوان هەردوو کەسێتی مەجید و سەعادەتی دایکیدا ڕوویداوە، کە پاش بەشداریکردنی  سەعادەت خان لەو کۆبوونەوەی بە بۆنەی(هەشتی مارس) ڕۆژی خانمان ڕێکخرابوو، ئەم گفتوگۆیە دروست دەبێت؛ دەبینین نوسەر بەشێوەیەکی هونەریی و لۆژیکی دەربڕینەکانی سەعادەت خانی لەبەرچاو گرتووە، بە ئاستێک هەست بە زیادە گۆیی و سادەیی و نەچوونە بەرخوێندن دەکرێت؛ هاوکات بە توانج و گاڵتە جارییەوە باس لە ناوەڕۆکی کۆبونەوەکە دەکات، بەمەیش تۆنی توانج ئامێز، گەپ جاڕی سازاندووە. لە ئاستێکی قووڵدا (Connotation) نوسەر لەسەر تەرزی تۆنی(ڕەخنەیی) ڕەخنەی عەقڵیەتی پیاوانی شاخ و شۆڕش دەکات، کە تەنیا بە دروشم لەگەڵ دۆزی مافی خانماندا بوون، ئەگینا هەرگیز بەکردار لە واقیعدا بە تەنگ پاراستنی کەسایەتی خانمی کوردەوە نەبوون؛ ئەوەتا نوسەر بۆ نیشاندانی ڕووی ڕاستەقینەی ئەو سەرکردانە، بەتایبەت لە دۆزی خانماندا، لەسەر زاری ژنە سەرکردەیەکی  نەخوێندەواری دێ نشین بەشداری ئەو کۆبونەوەیە، پشت ڕاستی ئەو ڕاستییە

دەکاتەوە. بەمشێوەیە نوسەر سەرکەوتوانە توانیویەتی چەندین تۆنی تری وەک: ( هاوڕێیانە، دایکانە، باوکانە، نزا کاری، دەروونیی، هەرزەکارانە...تد) لەم بەرهەمەیدا بەشێوەیەکی ورد و تایبەت، بۆ گەیاندنی مەبەست و گۆشە نیگای تایبەت بەکار بهێنێت.

٥-تۆنی توڕەیی (Angry tone): ((هەستێکی سروشتی و بنجییە مرۆڤ لەژیاندا چەندین جار ئەزموونی دەکات، بەشێوەیەک دیارخەری هاوسەنگی و تەندروست باشی کەسەکەیە، واتە ئەگەر هەستی تووڕەیی لەکەسێکدا نەبێت، ئەوا کەسێکی نا سروشتییە، بەڵام ئەگەر ڕێک نەخرێت ئەنجامی نا هەموار و چاوەڕوان نەکراوی لێدەکەوێتەوە)) (هیدایەتی، رضای،١٣٩٩: ٢٤٨)، نوسەر ئەم هەستە مرۆییەی لەم بەرهەمانەیدا بەرجەستە کردووە بۆ وێنە: ((دایکی و خانزاد لەسەر بانیژەکە بوون، بەسەریاندا نەڕاندی: «کەس نەبوو تاڵانیتان بۆ بکات؟! ئەمە نەبێ؟» )) (نەهایی،٢٠١٩: ٧٥)، کەسی توڕە (لاس)ە لەدایک و هاوسەرەکەی توڕە دەبێت، چونکە دەرفەتی ئەوەیانداوە، برا مێر منداڵەکەی بچێت بۆ تاڵانی؛ هەڵبەت بۆنەی ئەم دەربڕاوە، کاتی هێنانەوەی فەرخەیە لەناو ئاپۆڕای تاڵانچییاندا. نوسەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەستەواژەی (بەسەریاندا نەڕاندی)، هەروەها چێوەی داڕشتنی لایەنی ڕستەسازی دەقەکە تۆنی ئەو وتراوەیان دەست نیشانکردووە، کە تۆنی (توڕەیی)ە

٦-تۆنی سەرکۆنەکەرانە (Sermon tone): ((مەبەست لە تۆنی سەرکۆنەکەرانە ئەو تۆنەیە هەستی نیگەرانی و ناڕەزایی و ڕەخنەیی نیشاندەدات بەرامبەر بەکەسی سەرکۆنەکراو)) (خاکبازی،حیدری، ١٣٩٩: ١١٦)، عەتای نەهایی لەم رۆمانەیدا( باڵندەکانی دەم با) بەشێوەیەکی بەرچاو تۆنی ڕەخنەیی و پرسیاریی و سەرکۆنەکەرانەی بەرجەستە کردووە، دەتوانین بڵێن: تۆنی هەمەکی ئەم بەرهەمەی زیاتر خۆی لە سێ جۆرە تۆنەدا دەبینێتەوە بۆ وێنە: ((بارام دەیگوت: «شەقی زەمانە هەموویانی گۆڕیوە. پارە تۆ و سەدانی وەک تۆی پێ لە بیر بردونەتەوە.» دەیگوت: «لە ناو هەموویاندا تۆ کڵاوت چووە سەر. تۆ و چەند کەسێکی وەک تۆ. بەقسەی ئەوان وازتان لە ژیان و کەس وکارتان هێنا و شوێن خەونێکی منداڵانە کەوتن.)) (نەهایی،٢٠١٩: ٥٦-٥٧)، بەسەرنجدان لەو نموونەیە تێدەگەین، کەشی گشتی دەقەکە سەرکۆنەکەرانەیە چەند بارە کردنەوەی جێناوی سەربەخۆی کەسی دووەمی تاک لە دەربڕینەکانی قسەکەردا تۆنی دەربڕینەکەی لە ئاستی سەرکۆنەکردنەوە بەرەو ئاستی تۆنی ڕەخنەیی توندی دەبات، تەنانەت لە دوا دێڕی دەربڕاوەکەیدا تۆنی تاکی سەرکۆنەکەر بەخشکەیی دەچێتە سنوری تۆنی سوکایەتی پێکردنەوە؛ هاوکات بەپێی بۆنەی قسەکردنەکە، لە ئاستێکی قووڵدا نوسەر ڕەخنەیی عەقڵیەتی چەپە شۆڕشگێڕەکانی کۆتاییەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دەکات، چونکە ئەم گفتوگۆیە لە نێوان (بارام) و (میهرەبان) ڕوویداوە.

## ٢/ ٣-٣) پۆلێنی تۆنی ئەرێنی و نەرێنی

### ٣/٢-٣-١) شیکاری تۆنە ئەرێنییەکان:

تۆنی ئەرێنی (Positive tone): مەبەست لە تۆنی ئەرێنی ئەو تۆنانەیە، کە ناوەڕۆکێکی ئەرێنی و ڕێزدارانەیان لە خۆ گرتووە، بەشێوەک لە ئاستی تۆنی ئەرێنیدا هەست بە نەرمی نواندن و میهرەبانی... تد دەکرێت؛ هەربۆیە نوسەر بۆ خستنەڕووی کەشێکی ئەرێنی لە ڕێگەی دروستکردنی تۆنی ئەرێنییەوە، هەوڵدەدات زیاتر سود ((لەو وشە ئەرێنیانە ببینن، کە هەڵگری واتا و مەبەستی ئەرێنی قووڵن، چونکە ئەو وشە مەبەست قووڵە ئەرێنیانە هەستی خۆشی و بیری ئەرێنی لای وەرگر(خوێنەر) دەربارەی بەرهەمەکە دروست دەکەن)) (Geraghty, 217: online )، لەم ڕووەوە هەست بە کەشێکی ئەرێنی و پڕ لە نەرمونیانی لە دەقەکەدا دەکرێت؛ تەنانەت ئەو وشانەی هەڵگری واتا گەلێکی نەرێنین، لە ڕێگەی تەکنیکی چۆنیەتی جێکەوتە و سەروڕێزکردن و چنینیانەوە تێبینی کراوە، کە لە واتا نەرێنییەکانیانەوە بگۆڕێن بۆ واتای ئەرێنی؛ چوونکە بۆ ((مرۆڤی کارامە، زمان وەک هەویر وایە بە دەستیەوە و چۆنی بوێت، بە ئەرێنی یان نەرێنی دەتوانێت بەکاریبهێنێت. زمان چەکە مرۆڤ دەتوانێت بە هۆی ئەو چەکە ئەبستراکیییەوە لە کۆمەڵدا بژی و جێگەی خۆی بکاتەوە، هاوکات هەر بەو چەکە ڕێز و بێڕێزی خۆی دەربڕبڕێت.)) (حەمەڕەشید، ٢٠١٣، ٣٢)، لەم ڕووەوە زمان وەک ئامرازێکی کاریگەر ڕۆڵدەبینێت، لە بونیادی تۆن و تەرزەکانیدا، بەڵام ((تۆن چۆنیەتی گوزارشتکردن لە شتێک، یان چۆنیەتی گەیاندنی پەیامێک دەستنیشان دەکات، کە باری هەست و هەڵوێستی نوسەر دەربارەی هەر بابەتێک، یان بابەتی باس لێکراودا خۆی دەبینێتەوە.)) (Vaid, 2022, online ) تۆن وەک تەکنیکێکی هونەریی لە هەردوو ئاستی (وتن_نوسین)دا هەر لە ڕێگی زمانەوە دەنوێنرێت، چونکە لەم ڕووەوە ((کاتێک باسی تۆن دەکەین لە زماندا، مەبەستمان ئەو بەشەی دەربڕینەکەیە، کە باری هەست و هەڵوێستی نێرەر (نوسەر) بەرامبەر بە بابەتەکەی دەردەخات...))(Perrine, 1963:1 ) نوسەر عەتا نەهایی لەم ڕۆمانانەیدا (گوڵی شۆران، باڵندەکانی دەم با، گرەوی بەختی هەڵاڵە)، بەشێوەیەکی ئەدەبیی و هونەریی هەندێک لە ڕوانگە و گۆشەنیگاکانی لە ڕێگەی تۆنە ئەرێنییەکانەوە خستووەتەڕوو، لەم باسەدا بە نمونەی وەرگیراو لە ڕۆمانەکانەوە شیکارییان دەکەین.

١-تۆنی دڵنیایی (Assertive tone): ((ئەو تۆنەیە توانا و باڵادەستی ئاسودەیی و پێدانی دڵنیایی نیشاندەدات، ئەم تۆنە ئەرێنییە لەگەڵ هەستی ئەرێنی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەردا هاوئاهەنگ دەبێت و خۆشحاڵی دەکات)) (Indee editorailteam, 2021: Online)، لە ڕوانگەی تۆنی ئەرێنییەوە نوسەر لەم ڕۆمانەیدا (گوڵی شۆران)، توانیویەتی لەچەندین شوێنی ڕۆمانەکەدا تۆنی ئەرێنی و جۆرە جیاوازەکانی بەرجەستە بکات، بەڵام تۆنی ئەرێنی کزترین تۆنە لەسەر ئاستی گشتی دەقی ڕۆمانەکەدا،

چونکە ئەم ڕۆمانە ڕەنگدانەوەی ساڵەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمە، کە پڕن لە ڕووداوگەلی شەڕو شۆڕ و ململانێ و کەوتنەوەی ڕووداوگەلی مەرگەسات ئامێز، بەڵام سەرەڕای بەرجەستەکردنی ئەو ڕۆژەگارە ناهەموارانە نوسەر توانیویەتی لێرەو لەوێ لە سنوری دەقەکەدا بۆ گەیاندنی گۆشە نیگاو ڕوانگەی خۆی سود لە تۆنی ئەرێنی ببینێت. بۆ وێنە: ((کوێخا هەباس گوتی: «خۆتان بە لێقەوماو نەزانن کەندومان پڕە لە گەنم و جۆ و هەرزن، تا بەشی کرد پێکەوە دەیخۆین، لێشمان بڕا پێکەوە ڕوو لە کەرەمی خوا دەکەین.»)) (نەهایی، ٢٠١٩: ٢١-٢٢)، بۆنەی ئەو وتراوەی سەرەوە کاتی ئاوارە بوونی خەڵکی شارە، کە دایک و باوکی لاس و پور حەلاو و دایک و باوکی و دایک و باوکی دایە گوڵێ و خەڵکی تریش ڕوویان لە ماڵی کوێخا هەباس ناوە. نوسەر لە دەربڕاوەکانی کوێخا هەباس دا لایەنی دێ نیشنی و باوەڕداری بە خودا دەستەڵاتداری و پاڵپشتی و دڵنیا کردنەوە بەرجەستە کردووە، بۆیە ئەو تۆنەی کوێخا هەباس تۆنێکی ئەرێنی لە جۆری دڵنیایی پێدانە؛ هاوکات نوسەر گۆشەنیگای تایبەتی خۆیشی گەیاندووە، کە لایەنگری ویستی ئەرێنی و چاکە خوازییە.

٢-تۆنی ئامۆژگاری ، دایکانە: بۆ وێنە: ((دایکی دەیگوت: کچم خۆ کافر نابیت، ئەگەر دەستێک بە خۆتدا بێنیت، بەو سەر و قژ و ڕوومەت و چاو و برۆیەتا، بەو لەش ولارە جوانەتا؛ دەیگوت: سا وەڵا دەستێک بە خۆتدا بێنیت تۆزێک قەدری خۆت بگری، هەموو ئەم دۆڵ و دەربەندە کچی وەک تۆ جوانی تێدا نییە.)) (نەهایی، ٢٠١٩: ١٣٦-١٣٧)، لەم نموونەدا دەربڕاوەکانی (دایکی، کچم) دەستنیشانی گفتوگۆکە دەکات، کە لە نێوان دایک و کچێکدایە، بەمشێوەیە سەرەڕای تۆنی ئامۆژگاری، هەریەک لە تۆنەکانی (دایکانە، دۆستانە، هاندان، سەرکۆنەکەرانە) هەستیان پێدەکرێت. لەدێڕی یەکەمی نموونەکەدا تۆنی ئامۆژگاری و تۆنی سەرکۆنەکەرانە؛ هەروەها لە دێڕی دووهەمی نموونەکەیشدا سەرەڕای بەدەوامی تۆنی ئامۆژگاری، تۆنی هاندانیش هەستیان پێدەکرێت، ئەگەرچی تۆنی گشتی نموونەکە ئامۆژگاری ئامێزە، بەڵام لە ئاستێکی قووڵدا تۆنی دڕدۆنگی و نیگەرانی هەیە، لە دەربڕینەکانی (سەعادەت خان)دا بۆ (هەڵاڵە)ی کچی، چونکە هەڵاڵە پۆشاکی پیاوان دەپۆشێت، بەشێوەیەک لە سروشتی (مێینەیەتی) ڕاستەقینەی خۆی دوورکەوتووەتەوە، بۆیە سەعادەت خان وەک دایکێک خەم لە داهاتووی کچەکەی دەخوات، خەم خواردنەکەیشی تەنیا لە ڕوانگەی دایکایەتییەوەیە.

٣-تۆنی نۆستالیژیانە: ((ئەو تۆنەیە تێدا هەستی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو لەڕێگەی یادەوەرییەوە دەنوێنرێت، بەشێوەیەک بەهۆی دەربڕینی هەستی خۆشی، یان ناخۆشییەوە درک بە کەسایەتی ئەو کەسە دەکرێت، کە ئەم تۆنە بەکاردەهێنێت.)) (literarydevices.net)، لێرەدا تۆنی نۆستالیژیانە بە چەمکە ئەرێنییەکەی بەکارهاتووە، بۆ وێنە ((هەڵاڵە چووبووەوە بۆ قوتابخانە، قوتابخانەیەک کە شەش ساڵ دەرسی لێ خوێندبوو، هەر ساڵە و لە پۆل و ژوورێک، لەگەڵ سی یان چل کچۆڵەی دیکەی

هاوتەمەنی. هەموویان بە ڕێز لەسەر کورسییە درێژەکان، شان بەشانی یەکتر دادەنیشتن. مامۆستاکەیان ژنێکی میهرەبان بوو. دوای تەواوکردنی دەرسەکەی، یاریی لەگەڵ دەکردن، گۆرانی پێ دەخوێندن.)) (نەهایی،٢٠١٩: ٣٦)، کەسی گێڕەرەوە سەعیدی ڕەحمانییە لە ڕێگەی یادەوەری هەڵاڵەوە، کە پێشتر لێی بیستووە لەسەر تەرزی تۆنی نۆستالیژیانە، دەگەڕێتەوە بۆ قۆناخی منداڵیی هەڵاڵە و یادەوەرییەکانی لە خوێندنگەدا؛ بەشێوەیەک ئەم گەڕانەوەیە هەستی خۆش و ئەرێنیی دەگەیەنێت، بە وەرگر بە رادەیەک لە کاتی خویندنەوەی ئەو دێرانەدا هەستی خۆشی و ئەرێنی بوون دایبگرێت، چونکە هەستی ئەرێنیی لە تۆنی ئەو نموونەیەدا فۆرمەلە بووە: گەر وردتر سەرنج لە نموونەکە بدرێت درک بە تەکنیکی فلاشباک دەکرێت، بەڵام تۆنێک لە نموونەکەدا خۆی دەنوێنێت، تۆنی نۆستالیژیانەی ئەرێنییە. مەبەست لە فلاشباک لە ڕۆماندا: ((فلاشباک، یەکێکە لە تەکنیکە گرنگەکانی ڕۆمان، کە وەک ئاوێنەیەک وایە شاکەس یان کەسێتییەکان بەهۆیەوە ڕابردووی خۆیانی تێدا دەبینن، لەکاتی ئێستادا گوزارشتی لیدەکەن. واتە فلاشباک کاتی ئێستا بەکاتی ڕابردووەوە گرێدەدات.)) (قادر،٢٠٠٩: ٨٧)، بەمشیوەیە لە نواندنی ئەم تەکنیکە گرنگەدا، تۆنی نۆستالیژیانە بەکاردەهێنرێت.

## ٢-٣-٣/٢) شیکاری تۆنە نەرێنییەکان

تۆنی نەرێنی: (Negative tone) ئەو تۆنەیە بەشێوەیەکی نەرێنی گوزارشت لە باری هەست وهەڵوێستی نێرەرەکەی دەکات. نوسەران بۆ گەیاندنی هەستگەلێکی نەرێنی زیاتر سوود لە هەڵبژاردنی ئەو ((وشە تۆن نەرێنییانە دەبینن، کە توانای گوێزانەوەی هەست و هەڵوێستی قووڵی نەرێنییان هەیە لە بەرهەمەکانیاندا)) (..Geraghty, 2017,Online)، بۆ گەیاندنی هەستگەلی نەرێنی، لەم جۆرە تۆنەدا تێبینی دەکرێت، زیاتر سوود لە وشە و دەستەواژە و هەست بریندارکەرە نەرێنییەکان وەربگیرێت؛ هاوکات چۆنییەتی هونەرکاری جێکەوتەی ئەو یەکە زمانییانە و چنینیان لە پێکهاتەی دەقەکەدا، تەرز و جۆری ئەو تۆنە نەرێنییانە نیشاندەدات، هەروەها ئاستی نەرێنیبوونەکە لە ڕووی چۆنییەتی و چەندێتییەوە دەستنیشان دەکات.

١-تۆنی نیگەرانی (Worried tone): ((ئەو تۆنەیە هەستی نیگەرانی دەنوێنێت، بەشێوەک ئەم هەستی نیگەرانییە دەگوێزێتەوە بۆ خوێنەر دەربارەی بابەت و مەبەستی باسکراو، کە نەزانراو و ناڕوونە، ئەمەیش هەستی دوو دڵی و خرۆشانی دەروونیی و ترس بۆ وەرگر دروست دەکات.)) (Colonia، 20121: Online)، تۆنی نیگەرانی یەکێکە لەو تۆنانەی دەچێتە پۆلێنی تۆنی نەرێنییەوە، نوسەر لەم

ڕۆمانەیدا (گوڵی شۆڕان) بەشێوەیەکی دیار ئەم تۆنەی بەکارهێناوە، دەتوانین بڵێن یەکێکە لە سێ تۆنە دیارەکەی ناو ئەم بەرهەمەی. بۆ وێنە: (( ڕیش سپی پیاو ماقووڵ ئەوانەی لە خۆیان ڕووسور بوون بیریان لەوە کردبووەوە کە چی بەرەو پیری داگیرکەری نوێ ببەن و شەرمی چی پاشەکەشەیان پێ دەکات. پێشتر قورئانیان بەرەو پیری سوپای خەلیفە بردبوو، گوێیان نەدابوویە و گووتبوویان قورئانی کوردان بە غەڵەت نوسراوە.)) (نەهایی،٢٠١٩: ١٩)، لەو نموونەدا هەستی ترس و پەشۆکان و شڵەژانی دەروونیی هەیە، چونکە بۆنەی وتنەکەی کاتی هێرشی لەشکری سووری ڕووسە بۆ سەر شارەکەیان. خەڵکی شار ترساو و تۆقیون، هەربۆیە بەشێک لە کەسە دیارەکانی شار گفتوگۆ و تەکبیری ڕێگە چارەیەک دەکەن ،تا پێش بە هەر ڕووداوێکی نەخوازراو بگرن، بەڵام دڕدۆنگ و نیگەرانن، بەمەیش تۆنی نیگەرانی لەو وتراوەدا بەرجەستە بووە. نوسەر لە ئاستێکی قووڵدا بەراوردی هاوشێوەبوونی هەردوو لەشکری ئیسلامی مەبەست (ئیمپراتۆریەتی عوسمانی)یە و لەشکری سوور دەکات مەبەست (لەشکری سووری ڕووسی) بێ باوەڕ، کە هیچ جۆرە جیاوازییەکیان نەبووە، لە کووشتن و بڕین و دەست درێژی و تاڵانیکردندا نوسەر بە مەبەست لە ڕێگەی تۆنی نیگەرانییەوە توانیویەتی ئەم بەستنەوە ئەنجام بدات، چونکە بەکارهێنانی وتراوی (قورئانی کوردان بەغەڵەت نووسراوە) لە لایەن لەشکری خەلیفەی موسڵمانانەوە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، کە سەروماڵی کوردیان بۆ خۆیان حەڵاڵ کردووە.

٢- ئەوقبوون (Astonishing tone): (( ئەو تۆنەیە گوزارشت لە هەست و خرۆشانی مرۆڤ دەکات، لە بەرامبەر ڕووداوگەلێکی یەکجار خۆش، یان نا خۆش لە کەسی سەرسوڕماودا هەستی پێدەکرێت.)) (هیدایەتی، رضای،١٣٩٩: ٢٥١)، تۆنی ئەوق بوون لە هەردوو ئاستی ئەرێنی و نەرێنی دا بەدیاردەکەوێت، چونکە دەتوانرێت هەستگەلی ئەرێنی و نەرێنی پێ بنوێنرێت، بەڵام لێرەدا بۆ خستنەڕووی هەستی نەرێنی بەکارهێنراوە. تۆنی ئەوقبوون یەکێکی ترە لەو تۆنانەی نوسەر لەم بەرهەمەیدا، باڵندەکانی دەم با بەشێوەیەکی دیار بەرفراوان ڕەنگی پێداوەتەوە، هەڵبەت بۆ نیشاندانی هەستگەلی نەرێنی نەک ئەرێنی، چونکە یەکێک لە تۆنە دیارەکانی ئەم ڕۆمانە تۆنی نەرێنییە. بۆ وێنە: ((هیچیان لەو کورە گەنج و جەربەزانە نەچووبوون کە ئەو بەجێی هێشتبوون. ئەو کوڕە گەنجانە باسی کار و کاسبی و قەرزو قۆڵە و چەک و سفتەیان نەدەکرد. باسی ئیدارە و پلە و پایەیان نەدەکرد. باسی ماڵ و دووکان و ماشێنی خۆیان و خەڵکی تر... باسی داهاتووی منداڵەکانیان... نەیان دەگوت کڵاوت سەر چووە گەڕایتەوە. گەڕایتەوە بۆ ناو ئەم خەڵکە کە لە هیچ ناگەن؟!)) (نەهایی،٢٠١٩: ٣٩)، بە سەرنجدان لەو نموونە وەرگیراوە، درک بە هەستی ڕامان و حەپەسان و ئەوق بوون دەکەین، چونکە

بەراوردێکە لە نێوان ئێستا و جارانی هاوسەنگەرەکانی کەسی ئەوق بوو (میهرەبان)، کە زیاتر لە سی ساڵ دووری و دابڕان دەگەڕێتەوە بۆ ناویان، هەربۆیە ڕووبەڕووی شۆک و ئەوق بوونێکی یەکجار ترسناک دەبێتەو. نوسەر بۆ نیشاندانی هەستی ئەوق بوونی کەسێتی میهرەبان بە شێوەیەکی وردو هونەری وشە و دەربڕاوەکانی بۆ هەڵبژاردووە، لە چەند ڕوانگەیەکەوە بەراوردی ئێستایان دەکات، ڕابردوویەک پڕ لە شەرەف و شانازی، بەڵام ئێستایان  خۆ پەرست و پارە پەرستی و گەل نەویستی دەنوێنێت، نوسەر بۆ نیشاندانی ئاستی قووڵی ئەوق بوونەکەی کەسێتی ناو ڕۆمانەکەی زیاتر لە پێنج جار ئامرازی (نەرێی) بەکارهێناوە، بەمەیش تۆنی ئەوق بوونی نەرێنی بەرجەستە کردووە؛ هاوکات لە ئاستێکی قووڵدا ڕەخنەی شۆڕشگێرە چەپەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دەکات، کە زۆربەیان پێچەوانەی بیرو ڕێبازەکەیان بوون بە دەوڵەمەند و سەرمایەداری گەورە بەسەر خەڵکەوە؛ نوسەر ئەم تۆنە ڕەخنەییە لە هەستی ئەوق بوون و بەداخ بوونی کەسێتی ڕۆمانەکەیەوە دەنوێنێت، کە گۆشە نیگای خودی نوسەرە دەربارەی ئەو ڕابردووە.

٣-تۆنی نامۆیی: ئەو تۆنەیە هەستی نامۆیی دەنوێنێت، بەشێوەیەک درک بە هەستی نامۆیی و دڵەڕاوکێ تێیدا دەکرێت. بۆ وێنە: ((فەرهاد وەک حەیوانێک هەستی  بەبورکان یان بوومەلەزرە کردبێ، نائارام و بێ قەرار، بەژوورەکەیدا، بەناوی دووکەڵی جگەرەی من و ئەودا، دەهات و دەچوو، خۆی بە دیوارە ڕەش و تاریکەکاندا دەکوتا. لە پڕ شانی ئێسکنی بەر سەعاتە کۆن و لە کارکەوتووەکەی سەر سنگی دیوارەکە کەوت. سەعات زرینگەیەکی لێ بەرز بووەوە و کەوتە خوار ئەو چوو هەڵیگرتەوە. شیشە ڕەش و تاریکەکەی نەشکابوو، دیسان هەڵیواسییەوە. فەرهاد  گوێی پێ نەدا. ئاگای لێ نەبوو؟ وەک خەوگەڕی لەڕ و لاواز و بێ تەکان خۆێ بەم لاولادا دەپەلۆسی و پچڕ پچڕ ورێنەی دەکرد.)) (نەهایی، ٢٠١٩: ١٤٠)، لەو نموونەیەدا درک بە تۆنی نامۆیی دەکرێت، چونکە لە تۆنی دەربڕینەکانی گێڕەرەوەی یەکەمدا، لە خستنەڕووی کەشی ئەو ژوورەی، کە خۆیی و گێرەرەوەی دووهەمی تێدایە ( میهرەبان)، بەتایبەت لە باسکردن و وێناکردنی کەسێتی (فەرها)دا، بە تەواوی خوێنەر هەست بە کەشێکی نامۆ دەکات و هەژانی دەروونی تێدا دروست دەکات، چونکە کەسێتی فەرهاد وەک پاڵەوانی چیرۆکەکەی میهرەبان لەمێژە مردووە، بەڵام تارمایی ئاسا ( شەبەح) لە زەینیی هەردوو گێڕەرەوەی دیاری ئەم ڕۆمانە (باڵندەکانی دەم با) زیندوو دەکرێتەوە و واقیعانە دەنوێنرێت، کە هەستی ترس و نەرێنیی بوون بە خوێنەر، دەگەیەنێت، بەمشێوەیە ئەوتۆنانەی دەچنە سنوری تۆنی نەرێنییەوە پانتایەکی فراوانیان لەم بەرهەمەدا داگیر کردووە.

٤-تۆنی کەلتوری: ئەو تۆنەیە ڕەنگدانەوەی سیما  کلتورییەکانە. نوسەر بە وردی ئەم جۆرە تۆنەی بۆ گەیاندنی ڕوانگەی خۆی لەم ڕۆمانە (گرەوی بەختی هەلاڵە)دا بەکارهێناوە.  بۆ وێنە: ((حەمەڕەشید ئاغا وتی: من کچەکم ناوێت، کە لە سێبەری خۆیشی بترسێت من کورێکم دەوێت، کە لە هیچ نەترسێت- هەلاڵە گوتی: من لە هیچ ناترسم...)) (نەهایی، ٢٠١٩: ٤٢)، لەم نموونەدا درک بەتۆنی نەرێنی دەکرێت، چونکە حەمەڕەشید ئاغا بە کەم لە خانمان دەڕوانێت، بەشێوەیەک ترس دەکاتە سیمای دیاری کچان، بەڵام نەترسی دەکاتە سیمای کوڕان،  هەڵبەت ئەم بۆچوونە ڕەهەندی کەلتووریی و مێژوویی و دەروونیی هەیە. سەرنج بەکارهێنانی وشەی (هیچ) لای هەر دوو کەسێتییەکە تۆنی بنجبڕانە دەنوێنێت؛ هاوکات لە ئاستی قووڵی دەقەکەدا، نوسەر دەیەوێت لە سەر تەرزی تۆنی ڕەخنەیی ڕەخنەی ئەو کلتوورە ڕۆژهەڵاتییە و بە تایبەت کوردییە بکات. گەر وردتر سەرنجی نموونەکە بدرێت: ئامرازەکانی نەرێکردن ئاماژەی خۆی هەیە، بەتایبەت چەند جار دووبارەبوونەوەی، لە دەربڕینەکانی حەمەڕەشید ئاغادا تۆنی (دڕدۆنگی، نیگەرانی، بێ ئۆقرەیی، نالۆژیکی، ناپەروەردەیی،...تد) هەستیان پێدەکرێت.

٥-تۆنی خۆ سەرکۆنەکردن: ئەوتۆنەیە تێدا کەسی قسەکەر سەرکۆنەی خۆی دەکات تۆقیو و نائارام دەدوێت. نوسەر سودی لەم تۆنە بینیوە، بۆ نیشاندانی پەیوەندی نێوان خانمان و پیاوانی ڕۆژهەڵاتی: ((هەلاڵە دەیگوت: نەمزانی چۆنبوو؟ ، کە پێمگەیشتەوە- من بەم هەموو هۆشیاریەمەوە بە درێژایی هەڵات هەڵات و ڕاکەڕاکە لە ساتەوەختێکدا من لێی غافڵ بووم- ئەویش لە هەمان ساتەوەختدا هەڵیکوتایە سەر لەشم وەک ڕاوچییەکی ماندوو چنگی لە دڵ ودەروونم گیرکرد)) (نەهایی، ٢٠١٩: ٢١١)، لەم نموونەدا کەسی قسەکەر هەلاڵەیە، کە بۆ سەعیدی ڕەحمانی دەردەدڵەکانی دەکات، بەڵام تەنیا دەردەدڵکردن نییە، بەڵکوو لە سەر تەرزی تۆنێکی نەرێنی وێناکردنی پیاوان بە ڕاوچی خانمان بە نێچیر، هەڵبەت ئەم بۆچوونە وێنای دارستانێکمان بۆ دەکات، نەک کۆمەڵی مرۆیی. نوسەر زۆر وردبینانە توانیویەتی (کەینونە مێینەکە)ی جیهانی دەروونی خۆی وەک پیاوێک بنوێنێت؛ هاوکات لە ئاستێکی قووڵی دەقەکەدا ڕەخنەی ئەو عەقڵیەتە نامرۆڤانەیە دەکات. سەرنج دەستەواژەکانی (لێی غافڵبووم،ڕاوچی ماندوو، چنگی لە دڵ و دەروونم) دەستەواژەی یەکەم تۆنی هەل پەرستی دەنوێنێت، لە دووهەمیاندا شێرزاد بە ڕاوکەرێکی هەل پەرست دەچوێنێت، لە سێهەمدا جارێکی تر شێرزاد بە دڕندە وێنا دەکات، کە چنگی لە دڵ و دەروونی ئەم گیرکردووە.

٦-تۆنی هەڕەشە ئامێز: ئەو تۆنەیە هەستی توند و شەڕەنگێزی کەسی بەکارهێن دەنوێنێت. نوسەر بۆ نیشاندانی هەستی شەڕەنگێزی کەسێتییەکان سودی لەم تۆنە بینیوە. بۆ وێنە: ((شێرزاد گوتی: ئەوە دەڕۆم، بەڵام دڵنیابە هەروا سوک و ئاسان دەستبەردار نابم)) (نەهایی، ٢٠١٩: ٢١٧)، وەک هەمیشە شێرزاد و هەڵاڵە دەبێت بە شەڕیان، بەڵام تۆنی ئەو دەربڕینەی شێرزاد هەڕەشە ئامێزە، ئەوەتا لە دوا وتراودا بە تۆنەکی هەڕەشە ئامێز و دوژمنانە بە هەڵاڵە دەڵێت: بە سانایی دەستبەردارتان نابم. سەرنج لە ئاستێکی قووڵدا نوسەر بەوردی رەخنەی عەقڵیەتی پیاوانی ڕۆژهەڵاتی دەکات.

ئەوەی جێی سەرنجە لەم ڕۆمانەدا، نوسەر زیاد لە پەنجا جۆر تۆنی جیاوازی بۆ گەیاندنی بیر و گۆشەنیگای جیاواز بەکارهێناوە، بەشێوەیەک لە ڕێگەی هەر جۆرە تۆنێکەوە توانیویەتی باری هەست و هەڵوێستی خۆی دەربارەی ڕووداو و پێشهاتەکان بەشێوەیەکی هونەریی بخاتەڕوو؛ هەڵبەت بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەبەستە وەک ڕێگەیەکی هونەریی نوێ لە ژانری ڕۆماندا، نوسەر سودی لە چۆنیەتی (تۆنی وتراوەکان)ی هەر کەسێتییەک وەرگرتووە، چونکە ((تۆنی قسەکردنی هەر کەسێتییەک، وێنانوێنی باری هەست و هەڵوێستی زەینی و دەروونی نیشاندەدات و دەبێتە ناسنامەی)) (میر سادقی، ١٣٩٤، ٦٧٢)، لەم ڕووەوە نوسەر توانیویەتی هونەرکاری بکات، کە لە ڕێگەی تۆنی کەسێتییەکانەوە بتوانێت شوناس و ناسنامەیان بۆ خوێنەر ئاشکرابکات. بۆ وێنە: تۆنگەلێک کەسێتیی (شێرزاد) بەکاریدەهێنێت نەرێنین، کە خودی ڕاستەقینەی شێرزادمان وەک پیاوێک بە خوغدە زەینی و دەروونیەکانیەوە پێدەناسێنێت، وەک (مرۆڤ) لە تەرزی کەسێتییەکی هونەرییدا، بەڵام ئەو تۆنانەی کەسێتیی (هەڵاڵە) بەکاریان دەبات، زیاتر ئەرێنین، کە گوزارشت لە خودی کەسێتیی هەڵاڵە دەکەن، وەک (مرۆڤ) هەروەها وەک (خانمێک) بەم وردەکارییەی نوسەر توانیویەتی بەشێوەیەکی هاوسەنگ لەم بەرهەمەیدا، هەر دوو (کەینونە نێرینە و مێینەکە)ی بپارێزێت، واتە: کاتێک دەربارەی خەون و خولیا، یان کێشە و موعاناتەکانی خانمان تۆ وەک خوێنەر هەست ناکەیت ئەمە نوسینی پیاوێکە، بەڵکوو دەتوانرێت درک بە خانمێکی وردەکار بکرێت، کەچی هەر هەمان نوسەر کاتێک لە سەرزاری کەسێتییەکی (نێرینە)وە دەنوسێت، تەنیا بەر (کەینونەی نێرینە) دەکەوین، نەک (کەینونەی مێینە) نوسەر سەرکەوتوانە بەشێوەیەکی هونەریی و ئەدەبیی لۆژیکیانە توانیویەتی لە چۆنیەتی هەڵبژاردنی وتراوەکانی کەسێتییەکانی ناو ئەم ڕۆمانانەیدا ئەم لایەنانە بپارێزێت و لە بەرچاویان بگرێت.

٧-تۆنی نۆستالیژیانە: ((ئەو تۆنەیە تێدا هەستی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو لەڕێگەی یادەوەرییەوە دەوێنرێت، بەشێوەیەک بەهۆی دەربڕینی هەستی خۆشی، یان ناخۆشییەوە درک بە کەسایەتی ئەو کەسە دەکرێت، کە ئەم تۆنە بەکاردەهێنت.)) (literarydevices.net)، لێرەدا تۆنی نۆستالیژیانە،یان تۆنی یادەوەری بە چەمکە نەرێنییەکەی بەکارهێنراوە. بۆ وینە: ((هەلالە ڕوخساری گرژ و مۆنی مودیرەکەیشی لە قاپی ڕەشی چارشێوەێکدا وە بیر دەهاتەوە، کاتێک تەڕەشوولێکی لێ بەدەستەوە دەگرتن و ... هەلالە ئیش و ئازاری تەڕەشوولەکەشی لە بیربوو. گریانی خۆی و هاوڕێکانیشی لە بیربوو. ... ئەوسا منداڵەکان پێدەکەنین بە پێکەنینەوە دەچوونە حەوشەی قوتابخانە، چوار چوار و پێنج پێنج دەستیان دەخستە ناو دەستی یەکتر و گۆرانیان دەخوێند.گۆرانی نا، سرود)) (نەهایی،٢٠١٩: ٣٦-٣٧)، لەم دەقەدا کەسی گێڕەرەوە (سەعیدی ڕەحمانی)یە، کە لە یادەوەری هەلالەوە یادەوەرییەکی منداڵی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە، بەڵێ بەگشتی تۆنی نموونە وەرگیراوەکە (یادەوەری، منداڵی، شادی...تد) هەستیان پێدەکرێت، کەچی لە ئاستێکی قووڵی دەقەکەدا، لە سەر تەرزی تۆنی ئەرێنی، درکی تۆنێکی تر دەکرێت، ئەویش تۆنی (ڕەخنەیی)ە، بە مەبەست نوسەر دەیەوێت ڕەخنەی سیستەمی خوێندن و چۆنیەتی ئیدارەدانی بکات، لە ڕێگەی یادگەی کەسێتی منداڵیی هەلالەوە، کە نەک هەر لە کۆلان و ماڵەو، بگرە لە سنوری فێرگەیش لە سایەی ئەو سیستەمە پەروەردەیەوە، هێشتا یاری و پێکەنین، کە دوو تایبەتمەندی سروشتی ڕاستەقینەی منداڵانن، لێیان قەدەغەیە بەمشێوەیە نوسەر وردبینانە بۆ خستنەڕووی گۆشەنیگاکانی دەبارەی حاڵەت و دیاردە ورووداو و پێشهاتەکان، لە سنووری ئەم کارە ئەدەبییەدا، سودی لە چەندین تەکنیکی (زمانیی، ئەدەبیی، هونەرییی...تد) وەرگرتووە، لە چۆنییەتی دروستکردنی تۆن و تەرزە جیاوازەکانی.

لەم ڕووەوە دەتوانرێت بوترێت تۆنی نەرێنی و جۆرەکانی پانتایەکی گەورەیان لە ڕۆمانەکانی عەتا نەهاییدا گرتووە، بەتایبەت (گرەوی بەختی هەلالە)، بەشێوەیەک تۆنی نەرێنی سیمای دیاری ئەم بەرهەمەی نەهاییە، چونکە لە کۆی پەنجاو سێ تۆنی بەکارهاتوو، زیاتر لە بیست و هەشت تۆنیان دەچنە خانەی تۆنی نەرێنییەوە، هەربۆیە تۆنی دیار لەم ڕۆمانەدا تۆنی نەرێنییە.

# بەشی سێیەم

## شیکاری تەکنیکەکانی تۆن لە هەر سێ ڕۆمانی( گوڵی شۆڕان، باڵندەکانی دەم با ،گرەوی بەختی هەڵاڵە)دا

## ١/٣) شیکاری ڕۆڵی تۆن لە نواندنی کەسایەتی کەسێتییەکاندا

### ١-١/٣) ڕۆڵی تۆن لەبەرجەستەکردنی کەسایەتیی کەسێتییەکانی ڕۆمانی گۆڵی شۆڕان دا

ڕۆمان وەک پێگەیشتووترین ژانری ئەدەبیی، لە توانایدایە مرۆڤ و ژیان بە کۆی ئاڵۆزی و هەستە ئاشکرا و شاراوەکانییەوە بنوێنێت؛ لەم سۆنگەیەوە خستنەڕووی کەسایەتی هەر کەسێتییەک لە ڕۆماندا، پێویستی بە تەکنیک گەلێکی ورد و هونەریی هەیە، تا بتوانرێت وێناکردنی کەسایەتی کەسێتییەکان، بەشێوەیەکی هونەریی بەرجەستە بکرێن، بەتایبەت لەزەینی وەرگر (خوێنەر)دا؛ لەم ڕووەوە تۆن وەک تەکنیکێکی هونەریی، ڕۆڵ دەبینێت لە نواندن و بەرجەستەکردنی خوخدە زەینیی و دەروونییەکانی هەر کەسێتییەکدا. ((نوسەر بۆ نواندن و خستنەڕووی کەسێتیی دیاری ناو چیرۆکەکەی شێوازێکی دەربڕین و جۆرێکی تۆن هەڵدەبژرێت، کە لەگەڵ ئەزموونە کەسیی و ژینگەی خێزانیی و کۆمەڵایەتی خوخدەی دەروونیی ئەو کەسێتییەدا بگونجێت، تا لەو ڕێگایەوە شێوازی بیرکردنەوەی ئەو کەسێتییە نیشان بدات و کەسایەتییەکی وای پێ ببخشێت لە کەسێتییەکانی تری ناو بەرهەمەکە جیاواز بێت؛ بەشێوەیەک هەر کەسێتییەک بەپێی تایبەتمەندییە سۆزداری و هزرییەکانی خۆی زمانی تایبەت بە خۆی دەبێت، کە لە زمانی هاوکەسێتییەکانی تری ناو چیرۆکەکە ناچێت؛ هەربۆیە تۆن ناسنامە و پێناسی کەسێتییە)) (میرصادقی، ١٣٩٤: ٦٧٢)، لەم ڕووەوە هەوڵدەدەین لە ڕێگەی تۆنی هەر کەسێتییەکەوە شیکاری کەسایەتی ئەو کەسێتییە بکەین و تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی بخەینەڕوو:

بۆ ئەم مەبەستە بە پێی زنجیرەی مێژووی بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکان کاریان لەسەر دەکەین.

ڕۆمانی گوڵی شۆڕان یەکەمین ڕۆمانی چاپکراوی عەتا نەهاییە لەم ڕۆمانەدا زیاتر لە پانزە کەسێتی بەدیاردەکەون، لەبەر کەمی ماوە سنورداری تویژینەوەکە تەنیا باس لە پێنج لەو کەسێتیانەی دەکەین.

#### کەسایەتی لاس

یەکێکە لە کەسێتییەکانی ئەم ڕۆمانە، وەک کەسێتیکی دیار دەردەکەوێت، ئەگەر وەک نمونەیەکی سمبولی وەری بگرین، گوزارشت لەچەپە خەبات گێرەکانی کورد دەکات، لەکاتێکدا خان بڕیاری دابوو شار بسوتێنێت هاوشێوەی خەڵک خێزانی لاسیش شاریان چۆڵ دەکرد، بەڵام لاس بڕیاری مانەوە دەدات، نەک ڕۆیشتن لەگەڵ خێزانەکەی بۆ وێنە: ((وسووئاغا لەبەری پاڕابۆوە و ڕیشی لەمست نابوو: « ئەمە گاڵتەی پێ ناکرێ، کوڕم.» دایە گوڵێ بەسەریدا گریابوو:«دەردەکەم لێ مەکە بە دوو دەرد،لاس.» لاس بەقسەی کەسیانی نەکردبوو.تەنانەت گوێی بە خانزادیش نەدابوو. تازیەبار و

زەیستان بوو. هێشتا چلەی مەرگی دایکی و حەوتەی لە دایکبوونی  یادگار نەچووبوو.)) (نەهایی، ٢٠١٩: ٨٤)، ئەم نمونەیە بێ هەڵوێستی لاس و کەمتەرخەمی نیشاندەدات، بەرامبەر بەهاوسەر و منداڵە ساواکەی لەو ئاوارەیی و دەربەردەرییەدا خۆیان لێ دادەبڕێت لێیان جیا دەبێتەوە، لە کاتێکدا وەک لە دەقەکەوە دەردەکەوێت، هاوسەرەکەی پێویستییەکی زۆری بە هەبوونی لاس هەیە، لەلایان بێت، بەڵام ئەو دڵ ڕەقانە خۆی بەدوور دەگرێت لێیان بەم بێ هەڵوێستییەی لاس بەشێک لە کەسایەتی ڕوون دەبێتەوە، کە خاوەن کەسایەتێکی هەڵەشە و کەمتەرخەم؛ هەروەها لەسەر زاری گێڕەرەوە وێنای زەینیی و دەروونیی  ئەم کەسێتییە دەکات، کە خاوەن کەسایەتێکی ناواقیعی و بیر تەسک و کورت بینە، چونکە لەسەر زاری لاس خۆیەوە هۆکار و ئامانجی دابڕان لەخێزانەکەی مانەوەی لەماڵەکەیاندا ڕووندەکاتەوە ((« من ئەو ئەتکەم بە شانی خۆم ڕەوا نەبینی.» لەو کاتەدا پێی وابوو ساڵانێک بەسەر ئەم شەوەدا تێپەڕیوە و ئەو بە شانازییەوە بۆ منداڵەکەی دەگێڕێتەوە. چرا فانووسەکەی هەڵگرت و خۆی بە دیوەخاندا کرد. تفەنگەکەی  باوکی هەڵگرت و لەشانی کرد. لە دڵی خۆیدا بڕیاری دا نەهێڵێ تاقە پیالۆکەیەک لە ماڵی ئەوان بە تالان ببەن.)) (نەهایی، ٢٠١٩: ٨٦)، لەو دەقە وەرگیراوەدا کەسایەتی ئەم کەسێتیە بەدیار دەکەوێت، کە هەستی بەرتەسکی پاراستنی ماڵی خۆیان ئەوی لە شار سوتانەکەدا هێشتبووە، نەک بیری نیشتمانی و پاراستنی شار، ئەمەیش کەسایەتی ئەم کەسێتییە زیاتر دەنوێنێت؛ هاوکات لە ئاستێکی قووڵدا نوسەر وێنای عەقڵییەتی خەباتگێڕە کوردەکانمان بۆ دەکات تا چ ڕادەیەک خاوەن کەسایەتێکی کورت بین و ناوچەیی بوون.

لاس خاوەن  کەسایەتییەکی نەتەوەییە گەر سەرنجێک لە تۆنی دەربڕینی لاس بدرێت لەم نمونەیەدا ((لاس دوای ساڵێک لە باوکی ڕاسپاردبوو:« پێی بڵێن بۆ هێنانی جەڕە ئاوەکە دەڕۆم.» ئەو قسەی کاتێک گوتبوو کە بڕیاری دابوو ژن و منداڵ و کەسوکاری بە جێ بێڵێ و شوێن ئەو خەونە بکەوێ کە بارام سابڵاخی لە دەمێکەوە کەرەسەی لە مێشکیدا خستبوو. دوای شار سوتان لاس گوتی: «ئەگەر درەختەکانی ناو شاریش هەڵبدەنەوە و چۆلەکە لەسەر لق و پۆپیان بجریوێننەوە، من ناگەڕێمەوە.»)) (نەهایی، ٢٠١٩: ٩٦)، درک بە کەسێتییەک دەکرێت خاوەن کەسایەتییەکی نیشتمانییە، چونکە لە پێناوی ڕزگارکردنی نیشتمان ماڵ و خێزان و شارەکەی بەجێدەهێڵێت و چەک هەڵدەگرێت، بەڵام گەر سەرنجێک لە کۆی ئەو دەقە وەرگیراوە بدەین تێدەگەین، ئەم بڕیارەی لاس لە تێگەیشتنی خۆیەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو لە لایەن کەسێتییەکی ترەوە بەناوی بارام سابڵاخییەوە دەخرێتە مێشکییەوە؛  بەم کارەیش نوسەر بە وردی کەسایەتی ئەم کەسێتییەی بەرجەستە کردووە، کە خاوەن کەسایەتێکی سەربەخۆ و بەهێز نییە، گەر وەک نمونەیەکی سمبولی سەیر بکرێت لە ئاستێکی قووڵدا گوزارشت لە ناکارایی تاکی کورد دەکات، کە هەمیشە بەکارهێنراو بووە و نەیتوانیوە ببێتە کارایی ڕاستەقینەی خۆی.

## گرنگترین تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی دایە گوڵێ

دایە گوڵێ: یەکێکە لە کەسێتییە دیارەکانی ئەم ڕۆمانە، کە زۆربەی ئەرکی گێڕانەوەی لە ئەستۆی ئەودایە؛ هەربۆیە نوسەر بە وردی لە چۆنیەتی نیشاندانی کەسایەتی ئەم کەسێتییەدا هاوسەنگی لە نێوان تۆنی ئەم کەسێتییە و تایبەتمەندی کەسایەتییدا لەبەرچاو گرتووە، بۆ وێنە لەم هەڵوێستەیدا ((دایە گوڵێ بەلایەوە سەیر نەبوو لاس بێز لە هیوا بکاتەوە. لەیەکەم شەوەوە هەستی پێ کردبوو. لە دڵی خۆیدا گوتبووی: «هەموویان بێز لەیەکتر دەکەن.» لاس ئێستا بەئاشکرا دەیدرکاند: «بێزی لێ دەکەم. ڕقم لێیەتی.» دایە گوڵێ لەبەرخۆیەوە گوتی: «کڵۆڵینە هەمووتان ڕقتان لە یەکترە.»)) (نەهایی ،٢٠١٩: ١٠٩)، لەم دەربڕینانەی دایە گوڵێ دا درک بە کەسایەتێکی بە ئاگا دەکرێت، چونکە سەرەڕای گەیاندنی مەبەستە ڕەخنەیەکەی دایە گوڵێ لە ڕەخنەکردنی لاس دا ، کە بێز لە هیوای برای دەکاتەوە؛ هاوکات لە ئاستێکی قووڵدا نوسەر مەبەستی بووە، لەسەر زاری ئەم کەسێتییەوە ڕەخنەی گەلێک بکات، کە تاکەکانی یەکتریان خۆش ناوێت و گیانی یەکتر قبووڵ کردن لە نێوانیاندا نییە، گەر سەرنج لە دەقەکە بدەینەوە هەریەک لە وتراوەکانی (هەمووتان ،لە دڵی خۆیدا، کڵۆڵینە، لە بەرخۆیەوە) ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن مەبەست و پەیامەکە لە کێشەیەکی خێزانییەوە فراوان دەکات بۆ دۆزی نەتەوەیەک، هەروەها ئەوەیش ڕووندەکاتەوە، سەبارەت بە کێشەی نەبوونی گیانی یەکتر قبووڵکردن لە ناو کوردا، هێشتا گوێیەک نییە، بۆ بیستنی ئەم ڕاستییە.

واقیعبینی و هەستی بەرپرسیاری لە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی دایە گوڵێ، لەم خۆ دواندنەیدا بەدیاردەکەوێت: ((ئەوسا وەک ئەوەی مان و نەمانی بە دەست خۆی بووبێ، بڕیاری دەدا.«نا... نابێ بمرم...نابێ خۆ لەو ئەرکە قورسە بشارمەوە. نابێ بە جیان بێڵم و پشتیان لێ بکەم...» ئەو بڕیارە هێز و توانای پێ دەبەخشی.)) (نەهایی،٢٠١٩: ١٥٥)، بەمشێوەیە هەستی بەرپرسیارییەتی و گیانی قوربانیدان لە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی ئەم کەسێتییەن، گەر وەک نمونەیەکی سمبولی لێی بڕوانرێت گوزارشت، لە حەقیقەتی کەسایەتی ژنی کورد دەکات؛ هەربۆیە گەر بە وردی سەرنجی دەربڕینەکانی ئەم کەسێتییە بدرێت درک بە هەستی مێنەیی و لە خۆ بوردووی و بەخشندەیی دەکرێت، گوزارشت لە کەسایەتی و کەینونەی مێینە دەکەن، نوسەر زۆر جوان توانیویەتی ئەم وردکاریی و هاوئاهەنگییە لە تۆنی دایە گوڵێ و کەسایەتییدا دروست بکات.

**کەسایەتی خاڵە نایەر**

یەکێکە لەو کەسێتیانەی جیاواز لە هاوکەسێتییەکانی تری ڕۆمانەکە دەردەکەوێت و مامەڵە دەکات، بەشێوەیەک لە تۆنی ئەم کەسێتیەدا درکی کەسایەتییەکی(ڕۆحانی)دەکرێت بۆ وێنە: ((پرسییان: « ئەریَ خاڵە بۆ خانزاد؟ خۆ خەزاڵ خۆشتربوو.» ئەویش هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و لەبەر خۆیە گوتی: « خەزاڵ؟... ئای یای خەزاڵ...»)) (نەهایی، ٢٠١٩: ٣٠)، بۆنەی ئەم دەربڕینەی خاڵە نایەر کاتی ناونانی کوڕەکەی دایە گوڵیَ و کچەکەی خات حەلاوە، بەو پێیەی خاڵە نایەر وەک کەسێتییەکی ڕۆحانی مامەڵە دەکات، لە ڕێگەی (ئاگایی باڵا)وە واتە چاوی سێهەمیانەوە توانای درک کردن و بینینی شتانێکیان هەیە- مەرج نیە کەسانی نا ڕۆحانی هەیانبێت، مەبەست لە چاوی سێهەم: ((بنکەی شەشەم لە نێوان هەردوو برۆدایە لەسەر نێوچەوان و سەروی لوت، ئەم بنکەیە پەیوەندی بە جیهانی بەرزەوە هەیە و پێی دەڵێن چاوی سێیەم و تێڕوانین و پێشبینی و هەستکردن و ناسینی خود بە مرۆڤ دەبەخشێت.)) (حەمەمیرزا، ٢٠١٧: ٨١)، نوسەر لەڕێگەی تۆنی ئەم کەسێتییەوە توانیویەتی کەسایەتێکی ڕۆحانی پیَ ببەخشێت، بۆ وێنە لە بۆنەی ناونانی دوا منداڵی دایە گوڵیَ خۆی دەپارێزیَ، چونکە بەهۆی ئەو ئاگاییە باڵاییەوە، کە هەیەتی هەروەک دواتر لە کەسایەتی ئەو منداڵەدا دەردەکەوێت، خاڵە نایەر زانیویەتی سەرەئەنجام داهاتوویەکی خراپی دەبێت، هەروەک لە دەقەکەدا هەستی پێدەکرێت: ((... دوای ئەوە لە دایک بووبوو، مەلۆتکەیان کردبوو بەپێی داخوازی دایکی، بردبوویان لە بن دارە تووەکە لە کۆش خاڵە نایەریان نابوو.« بانگی بە گوێدا بدە خاڵە.» خاڵە نایەر ئەگەر چی دەمی پیرۆز بوو، ناوی خۆشی دەبینییەوە، بەڵام خۆی لەو ئاهەنگە دزییۆوە. دوای ئەوە بە حاستەم دەمی بە کوڵمییەوە نابوو دوعای خێری بۆ کردبوو، ناردبوویەوە. « ناولێنانەکەی دادەنێین بۆ ڕۆژێکی تر. ئێستا هیچم لە یاد نیە.» نەدەبوو خاڵە نایەر ناوی خۆشی لە بیر نەبیَ. بەڵام نەدەکرا زۆریشی لیَ بکەن. دایە گوڵیَ لەوە ترسابوو.«نەکا خاڵە شتێک بزانیَ؟ نەکا منداڵەکە نەژیَ؟»)) (نەهایی، ٢٠١٩: ٣٨)، گەر سەرنجێک لە دەقەکە بدرێت دەربڕینەکانی ((بە حاستەم دەمی بە کوڵمییەوە نابوو، دوعای خێری بۆ کردبوو)) ئەو ئاماژەیە دەدەن خاڵە بە ئاگاییە لە خراپی منداڵەکە، هەروەک دواتر پێشبینیەکەی بە ڕاست دەگەڕێت، چونکە ئەو منداڵە (فەرخە) بوو، کەسایەتێکی لادەر و خراپەکاری لێدەردەچێت، کە لەباسی خستنەڕووی کەسایەتی (فەرخە)دا سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی ئەم کەسێتییە دەدوێت.

## کەسایەتی فەرخە

یەکێکە لە کەسێتییەکانی ئەم ڕۆمانە ڕۆڵی کەسێکی لادەر و یاسا شکێن و ناواقیعی و  هەستەکیی دەبینێت مەبەست لە کەسێتی هەستەکی ئەو کەسێتییە: ((کار بە هەست و سۆزەکانی دەکات بۆ بەڕێکردنی ژیانی ڕۆژانەی)) (ساڵح، ٢٠٢٠: ٢٧)، واتە نالۆژیکیانە ژیان دەکات، بەشێوەیەک لە زۆربەی کار و بڕیارەکاندا پشت بە هەستەکانی دەبەستێت. نوسەر زۆر باش توانیویەتی لەم کەسێتییەدا تایبەتمەندی هەستەکی، وەک بەشە پێکهێنەرێکی کەسایەتی لە ڕێگەی تۆنی ئەم کەسێتییەوە بەرجەستە بکات؛ لەم ڕووە گەر سەرنج لە ناوی ئەم کەسێتییە بدرێت (فەرخە) لە کرمانجی ناوەڕاست شێوەزاری هەولێردا بۆ منداڵی شیرە خۆرە بەکاردێت، دیارە نوسەر بە مەبەست ئەم ناوەی بۆ هەڵبژاردووە، چونکە ((ناو دەبێتە دەرخەری برێک لە سیفاتی کەس و نوسەریش کۆمەک دەکات بۆ گەیاندنی ئەو مەبەستە)) (کەسنەزانی،٢٠١٢: ١٢٠)، لەم سۆنگەیەوە گەر سەرنج لە تۆنی دەربڕین و کارەکانی ئەم کەسێتییە بدرێت، بە وردی مەبەستی ناولێنانەکەی لە لایەن نوسەرەوە ڕووندەبێتەوە بۆ وێنە: ((بەڵام فەرخە بە تووڕەییەوە دەیگوت: « پێویست ناکا خۆت فیدا بکەی. ڕاست دەکەی دەست لە جوولەکەیی هەڵبگرە.» لەیلا لە ناخەوە پێی پێدەکەنی. چۆن شتی وا دەکرا؟ فەرخە لێی دەپاڕایەوە و  دەیگوت: «دڵنیابە  ئەگەر بکرایە من ئامادە بووم لەبەر تۆ واز لە دینەکەم بهێنم.»)) (نەهایی، ٢٠١٩: ١٤٠)، هەستەکی بوونی فەرخە ببووە سیمای زاڵی کەسایەتی، بەتایبەت لەو هەڵوێست و مامەڵەیەیدا بەرامبەر بە حەرەم و خێزانی برا بێ سەرو شوێنەکەی نیشانی دەدات ((فەرخە بۆ یەکەم جار هەستی بەوە کرد ناتوانێ بە چاوی براژن سەیری خانزاد بکا. ئەو ڕۆژە کە نیگای ترسنۆک و سڵۆکی لە درزی دەرکەی ژێرخانەوە لەشی ڕووتی خانزادی دەدۆزی. خانزاد خۆی دەشت.)) (نەهایی،٢٠١٩: ١٤٥)، بەمشێوەیە نوسەر توانیویەتی پارێزگاری لە بەرجەستەکردنی تۆنی ئەم کەسێتییەدا بکات بۆ نواندنی کەسایەتی.

## کەسایەتی یادگار

یەکێکە لەو کەسێتیانەی لەم ڕۆمانەدا بەتایبەت لەبەشی هەشتەم و کۆتاییدا ڕۆڵی کەسێتییەکی دیار دەبینێت؛ هەڵبەت نوسەر واقیع ئاسا لەسەر تەرزی زمانێکی ئەدەبیی لەم ڕۆمانەدا چوار نەوەی نواندووە نەوەیەک باوک و دایکی (وسووئاغا) و (دایە گوڵێ)ن نەوەیەکیش، کە دایە گوڵێ و هاوشێوەکانیانن نەوەی دوای ئەمانیش منداڵەکانیانن، بەڵام نەوەی چوارەم( یادگار، هێرۆ) دەینوێنن، ئاشکرایە نوسەر بەمەبەست ئەم کارەی کردووە و ویستویەتی سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو گۆڕان و

جیاوازیانە ڕابکێشێت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر ڕوودەدەن؛ هاوکات بابەت و تێمەی ڕۆمانەکە ئەم شێوە بەکارهێنانەی خواستووە. یادگار وەک نەوەی چوارەم و نەوەی دایە گوڵێ، لەم ڕۆمانەدا بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەی لەم کەسێتییە دایە ، کەسایەتێکی جیاواز و نوێ خواز و ئێستا خواز بۆ وێنە لەم خۆ دواندنەیدا یادگار لە پاڵ نرخاندنی دایکیدا خۆیشی دەنرخێنێت، بەشێوەیەک ئاست و پلەی نرخاندنی دایکی دەگێڕێتەوە بۆ ئاستی نرخ و شکۆمەندی خۆی بەم کارەیش تایبەتمەندێکی جیاواز بە کەسایەتی خۆی دەبەخشێت، جیای دەکاتەوە لە هاو کەسێتییەکانی تری ناو ڕۆمانەکە ((بۆیە دەمگوت: «سەرت بەرز بگرە دایە، سەر بەرز بگرە شەرم مەکە... تۆ دایکی منی، کەواتە پاکترین مرۆڤی.»)) (نەهایی، ٢٠١٩: ١٨٣)، نوسەر بۆ نیشاندانی جیاوازییەکانی ئەم کەسێتییە توانیویەتی لە ڕێگەی تۆنی ئەم کەسێتییەوە کەسایەتی بنوێنێت، بۆ وێنە لەم خۆ دواندنەیدا دەڵێت: ((لەو کاتەدا لە هەمیشە کەمتر حەزم بە دیتنی باوکم دەکرد.هێشتا دەرفەتی ئەوەم بوو خۆم بۆ ئەو هەستە سەرزەنشت بکەم. «داوەشێی، باوکت دوای پانزە ساڵ مردن ژیاوەتەوە و گەڕاوەتەوە، چۆن نابێت بەرەو پیری بچی؟» سور دەمزانی ئەوە قسەی دڵم نییە، بۆیە مێشکی داگیر نەکردم...)) (نەهایی، ٢٠١٩: ١٧١)، گەر سەرنجێک لەم نموونە وەرگیراوە بدرێت، درک بە تۆنی ئەم کەسێتییە دەکرێت، کە بە تەواوی پشتی لە ڕابردوو کردووە سەرلەبەری فەرامۆش کردووە، تەنانەت بینینی باوکیشی وەک بەنرخترین بەشێک لەو ڕابردووە، چونکە ئەوەی ئەم کەسێتییە لە دەوروبەرو و پێشینانی جیادەکاتەوە گرنگی دانەیەتی بە کاتی ئێستا، بە ڕادەیەک سیمای بەهێزی کەسایەتی پێکدێنێت؛ گەر ئەم کەسێتییە وەک نمونەیەکی سمبولی بۆ کورد سەیر بکرێت، ئەوا پێچەوانەی بارە سایکۆلۆژی ئاوەزییەکەی کوردە، چونکە تاکی کورد هەمیشە ڕابردوو خوازە، بەشێوەیەک هەر ئەم ڕابردوو خوازییە وای لە کورد کردووە بەدرێژای مێژوو نەیتوانیووە، سود لە ئێستا و دەرفەتە زێڕینەکان وەربگرێت؛ هەمیشە لە ڕابردوودا ژیاوە و ئەو ڕابردووەی لاواندۆتەوە، بێ ئەوەی هیچ جۆرە پەند و وانەیەکی لێ وەربگرێت بۆ باشترکردنی ڕەوەشی ژیانی لە ئێستا و داهاتووی خۆیدا.

بۆ وێنە لەم گفتوگۆیەی نێوان یادگار و دایە گوڵێدا بە ئاشکرا ئەم تێگەیشتنە نوێیە هەستی پێدەکرێت ((پێش ئەوەی لە پەنجەرەکە دوور کەومەوە و لە ژوورەکە برۆمە دەر، لە دایەگوڵێم پرسی: «بۆ ئەو بنەدارە سووتاوە نابڕیتەوە؟» دایە گوڵێ دیار بوو لەو کاتەدا چاوەڕوانی ئەو پرسیارە نەبوو. هەستایە سەر پێ و لە من و پەنجەرەکە نزیک بۆوە. ئەوسا لە کاتێکدا هەردووکمان سەیری بنەدارە سووتاوەکەمان دەکرد، گوتی: «ئەو حەوشە قەت بێ دارتوو نەبووە کوڕم.» گوتم: «بەڵام ئەو دارە ساڵەهایە سووتاوە» دایە گوڵێ گوتی: « بنەدارە سووتاوەکەی پێشوومان کاتێک بڕییەوە کە نەمامێک لەجێی چەقابوو. ئێستاش هەر کاتێک نەمامێکت چەقاند، ئەوە دەربڕینەوە.» گوتم: «من نەمام بچەقێنم ؟!»)) (نەهایی، ٢٠١٩: ١٧٨)، لە دەقی گفتوگۆکەدا درک بە دوو تۆنی جیاوازدەکرێت، تۆنێک

سەرگەرمی ڕابردووە و ڕابردوو پیرۆز دەکات دایەگوڵێ نوێنەرایەتی دەکات، چونکە ئەو بنە دار تووە سوتاوە وەک سمبولێک مێژوو و سەرگوزشتەی بنەماڵەیەک، شارێک نەتەوەیەک دەنوێنێت، بەڵام بەپێچەوانەی دایەگوڵێیەوە لە تۆنی یادگاردا هیچ جۆرە سمبول و پیرۆزیەک لە بنە دارە سوتاوە نییە، بگرە دیمەنێکی نا چیز و بێ سودە، بۆیە پێشنیازی لابردن و سڕینەوەی دەکات، چونکە یادگار سەر بە نەوەی ڕابڕدوو نییە، سەرلەبەری ئەو ڕابردووە ڕەت دەکاتەوە، بەتایبەت لەدوا دێڕی گفتوگۆکەدا، کە دەڵێت: (من نەمام بچەقێنم؟!) بە ئاشکرا بانگەشەی بیری ئێستا خوازی دەکات.

دەکرێت گریمانەی ئەوە بکرێت نوسەر بە مەبەست ئەم کارەی کردبێت، تا زەنگ ئاسا ئەم پەیامە بەگوێی ئاوەزیی نەتەوەکەی بدات، کە لاواندنەوە و بە پیرۆزکردنی ڕابردوو، نەوە لە دوای نەوە بەردەوامی نابێت و دەکرێت لە قۆناخێکا بوەستێت، بخرێتە ژێر پرسیارەوە هەرسی پێبهێنرێت.

## ٢-١/٣) ڕۆڵی تۆن لەبەرجەستەکردنی کەسایەتی کەسێتییەکانی ڕۆمانی باڵندەکانی دەم با دا

باڵندەکانی دەم با دووهەم ڕۆمانی چاپکراوی نوسەرە بەروارد بە ڕۆمانی گوڵی شۆڕان لە ڕووی تەکنیک و بابەت و تێمەی ڕۆمانەکەوە گەشە و بەرەوپێشچونی زیاتری بە خۆوە بینیووە، بە ڕادەیەک چیرۆکی دوو ڕۆمان بە هاوتەریبی لەم بەرهەمەدا پێکەوە دەنوێنرێن، کە ڕۆمانەکە دەباتە خانەی میتا ڕۆمانەوە.

لەم ڕۆمانەدا زیاتر لە بیست و پێنج کەسێتی ڕۆڵ دەبینن، ئێمە تەنیا پێنج لە کەسایەتی ئەو کەسێتیانە دەخەینەڕوو ( میهرەبان، جلالی، بارام، ئەفسانە، لەیلای تلووعی)

### کەسایەتی میهرەبان

یەکێکە لە کەسێتییەکانی ئەم ڕۆمانە و ڕۆڵی گێڕەرەوە دەبینێت لە چیرۆکی فەرهاد و کاڵێ، نوسەر لە ڕێگەی تۆنی ئەم کەسێتییەوە توانیویەتی تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی بەرجەستە بکات، بۆ وێنە لەسەر زاری مونیرەی خوشکییەوە بێ موبالاتی و کەم تەرخەمی وەک تایبەتمەندییەکی کەسایەتی ئەم کەسێتییە بەدیاردەکەوێت ((گوتی: « ئێستا دەزانم ئەم هەموو ساڵە بە هەڵە چووم. تۆ هێشتا گەنجی، گەورە نەبووی. دوا ساڵەها، دوا ئەو هەموو نووسین و خوێندنە... دوا چل پەنجا ساڵ تەمەن، هێشتا گەورە نەبووی. بە پێچەوانەی خەڵکی تر کە گەورە بوون. بە پێچەوانەی خەڵکی تر کە...»)) (نەهایی، ٢٠١٩: ٢٣٣)، بەوپێیەی ((پێشکەشکردن و لێکدانەوەی کارەکتەر ئامانجی سەرەکی ڕۆمانە و

ڕۆماننوس بۆ ئەوە چیرۆکەکەی دەهۆنێتەوە، تا خوێنەر لە سروشت و ژیانی کارەکتەر بگات.)) (یعقوب، ٢٠٢١: ١١)، لەم سۆنگەیەوە نەهایی هەوڵیداوە لە ڕێگەی تۆنی هەر کەسێتییەکەوە کەسایەتی بنوێنێت، بۆ وێنە لەو گفتوگۆیەی نێوان جلالی و میهرەباندا بەئاشکرا درک بە کەمتەرخەمی میهرەبان دەکرێت بەرامبەر بە خۆشەویستییەکەی، کە (ئەفسانە)یە ( جەلالی گوتبووی: « تع دەبێ لەوە شەرمەزار بی کە ئەو کچە کلۆڵەت لە گومان و چاوەڕوانییدا هێشتووەتەوە. دەبێ لەوە شەرمەزار بی کە ناچی...»)) (نەهایی، ٢٠١٩: ١٥٣)، کەمتەرخەمی بێ موبالاتی گرنگی نەدان بە ژیانی تایبەتی لە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی نوسەرە، نەهایی زۆر باش توانیویەتی ئەم تایبەتمەندیانە لە کەسایەتی میهرەباندا بنوێنێت، چونکە میهرەبان لەم ڕۆمانەدا رۆڵی نوسەر و ڕەخنەگر و هەڵسەنگێنەرێکی ئەدەبیی دەبینێت، بۆ وێنە لە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی دەفتەرە شیعرەکەی خانمە شاعیر (لەیلای تلووعی) بە ئاشکرا درک بە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتییەێکی هەڵسەنگێنەر و ڕەخنەگرێکی ئەدەبی لە تۆنی دەربڕینەکانی میهرەباندا دەکرێت ((گوتی: « لەم نموونە شێعرانەدا شتێکی شاز و نوێ نییە. هەموو کەس باوکی خۆی خۆش دەوێ و هەموو کەس، تەنانەت ئەوانەی کە شاعیریش نین بە وەها زمانێک باسی ئەو خۆشەویستە دەکەن. بەڵام لەیلا ...» ئەو خۆشحاڵ بوو کە گوتی لەیلا. گوتی: « بەڵام لەیلا وردە وردە ئەم قۆناغە تێدەپەڕێنێ و هەڵوێستی لە بەرامبەر چەمکە گشتییەکان و تێمی سەرەکی شێعرەکانی دەگۆڕێ.  لەمەدوا ئیتر بە زمانی هەموو کەس و بەشێوەی هەموو کەس لە عەشق و خۆشەویستی نادوێ. لەمەودوا واز لەو ڕێگە گشتییە دێنێ کە هەموو خەڵک پیایدا دەڕۆن و تێدەکۆشێ ڕێگەی خۆی لە ڕێگەی خەڵکی تر و زمانی خۆی لە زمانی خەڵکی تر و تەنانەت بۆچوونی خۆی لە بۆچوونی خەڵکی تر جیا بکاتەوە.)) (نەهایی، ٢٠١٩: ٨٤)، بەمشێوەیە لە تۆنی دەربڕینەکانی میهرەباندا، تایبەتمەندی کەسی هەڵسەنگێنەر و ڕەخنەگری ئەدەبیی، نیشاندراوە، کە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی (میهرەبان)ن.

## کەسایەتی جەلالی

یەکێکە لەو کەسانەی  لەم ڕۆمانەدا ڕۆڵی کەسێتییەکی لاوەکی دەبینێت، نوسەر بە مەبەست ئەم جۆرە کەسێتیانە بەکاردەهێنێت، چونکە ((گرنگی کارەکتەرە ناسەرەکییەکان لەوەدایە، کە رێ بۆ  گێڕانەوەی ڕۆمانەکە خۆش دەکەن)) (یعقوب، ٢٠٢١: ١٣)، لەم ڕووەوە جەلالی هاوڕێ و هاوخەباتی دێرینی میهرەبان بووە وەک کەسێتێکی لاوەکی ڕێ خۆش دەکات بۆ گێڕەرەوەی یەکەم، تا وردتر چیرۆکی میهرەبان بگێڕێتەوە، بەتایبەت لە خستنەڕووی چیرۆکی (ناسری و ئەفسانە)دا؛ هاوکات

پەیوەستکردنەوەی بە ڕابردووی میهرەبانەوە، چونکە ڕۆژگارێک ئەفسانە هاوخەبات و دڵداری میهرەبان بووە.

ئەگەرچی جەلالی وەک کەسێتێکی لاوەکی دەردەکەوێت، بەڵام خاوەن دەنگ و ڕەنگی خۆیەتی ،بەشێوەیەک نوسەر لە ڕێگەی تۆنی ئەم کەسێتییەوە توانیوویەتی تایبەتمەندییە پێکهێنەرەکانی کەسایەتی بنوێنێت، کە خاوەن کەسایەتییەکی گۆڕاو واقع بین و لۆژیکییە بە پلان و بەرنامەیە بۆ ژیانی خۆی و بە بنەما کاردەکات، بۆ وێنە گەر سەرنجی ئەم گفتوگۆییەی نێوان جەلالی و میهرەبان بدرێت درک بە ئەو تایبەتمەندییانە دەکرێت، لە کەسایەتی جەلالی دا ((گوتبووی: « لەم سێ چوار ساڵەدا کە بوومەتە پیاوی ماڵ. شەو نەبووە لای ژن و منداڵەکەم ڕۆژم نەکردبێتەوە.» ئەوسا هەستابوو. لەتری دابوو. ئەو گوتبووی: «ئەی لەوەپێش؟» « لەوەپێشم لەبیر نەماوە. فەرامۆشم کردووە.»)) (نەهایی،٢٠١٩: ١٥٦)، ئەم درک پێکردن و هەستی بەرپرسیارتییە لە دیارترین تایبەتمەندی کەسایەتی ئەم کەسێتییەیە، نەک تەنیا بەرامبەر بە ماڵ و منداڵەکەی، بگرە بەرامبەر بە دۆست و هاوڕێکانیشی بەهەمان تێگەیشتنەوە مامەڵە دەکات، بۆ وێنە لەم مامەڵەیدا لەگەڵ میهرەبانی هاوڕێی دا هەستی پێدەکرێت ((گوتبووی: «لەدرێژترین شەوی ساڵدا هاتووم خەمی ژیانت لەگەڵ بە با بدەم.» وەک زۆربەی شەوانی جومعە کە دەهات و خەمی ژیانی لەگەڵ بە با دەدا.)) (نەهایی،٢٠١٩: ١٥١).

**کەسایەتی بارام**

یەکێکە لەو کەسێتییانەی ڕۆڵ دەبینێت برا گەورەیی میهرەبانە و ڕۆڵی کەسێتییەکی دژ دەبینێت، هەڵبەت لەم ڕۆمانەدا: ((ڕۆماننوس بە پێی پێویست چەند کارەکتەرێکی دژ دروست دەکات، کە کارەکتەری ناسەرەکی، یان مامناوەندین ئەم کارەکتەرانە، یان ئەوەتا هانی کارەکتەرە سەرەکییەکە دەدەن، کاتێک ڕووداوەکان بەرەو پێش دەبات، یا سەربەستی بۆ کارەکتەرە سەرەکییەکە دروست دەکەن بۆ زاڵبوون بەسەر کێشەکاندا دەبن، بە بەشێکی ناسەرەکی لە کارەکتەری دژ)) (یعقوب،٢٠٢١: ١٣)، لەم سۆنگەیەوە گەر سەرنج لە تۆنی ئەم کەسێتییە بدرێت، لە دەربڕین و مامەڵەکانییدا، وەک کەسێتییەکی دیار، یان مامناوەندی دەردەکەوێت، کە هەندێکجار کاریگەری دەخاتە سەر کەسێتییەکانی تر و ڕەوتی ڕووداوەکان بەرەو پێش دەبات؛ هەربۆیە نوسەر بە وردی کاری لەسەر چۆنێتی دروستکردنی تۆنی (بارام) کردووە، لە نواندنی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی کەسایەتییدا، کە هەڵگری خەسڵەتگەلێکی وەک چاوچنۆکی و هەلپەرستی و خۆپەرەستی و پاوەنکارییە، بۆیە ((ڕۆماننوسی ورد بین وا دەکات یەکەم دیداری خوێنەر لەگەڵ کارەکتەری بەڕادەیەک و دیار و بەرچاو بێت، کە خوێنەر

بیری نەچێتەوە، بتوانێت شێوازی ڕەفتار و هەڵسان و دانیشتنی بهێنێتە بەرچاو، دواجار بیرۆکەیەکیش دەربارەی تایبەتمەندێتی، یان خەسڵەتی بێ هاوتا و سەرنج ڕاکێشی کارەکتەرەکەی وەکو چاوچنۆکی، سستی، زۆر بیرکردنەوە، بێ باکی، درێتی، ...تد هەڵهێنجێنێت)) (یعقوب، ٢٠٢١: ٢١-٢٢)، لەم ڕووەوە نەهایی توانیویەتی سەرکەوتوانە سود لەم تەکنیکە هونەریانە وەربگرێت لە چۆنێتی دروستکردن و داڕشتەی کەسێتییەکان و تایبەتمەندییەکانی کەسایەتییاندا.

بۆ وێنە لە تۆنی ئەم گفتوگۆیەیی نێوان بارام و میهرەبانی برایيدا درک بە چاوچنۆکی و هەلپەرستی بارام دەکرێت، وەک تایبەتمەندێکی دیاری کەسایەتی ((گوتبووی: « یەکی هەشتا ملوێن تمەن. ڕەنگە زیاتریش. بەڵام من بە هەشتا ملوێن دەبمە خاوەنی شەش دانگی کارخانەکە و ئەو هەتیوە تازە پیاکەوتووەی شەریکم دەردەپەڕێنم.»)) (نەهایی،٢٠١٩: ١٣٠)، بەمشێوەیە چاوچنۆکی و پاوەنکاری بووە بە تایبەتمەندی کەسایەتی ئەم کەسێتییە، هەربۆیە نوسەر بە وردی پارێزگاری لەپاراستنی تۆنی ئەم کەسێتییە کردووە، کە ڕۆڵی یەکجار گرنگی بینیوە، لە چۆنێتی نواندن و بەرجەستەکردنی کەسایەتییدا، بۆ وێنە لەسەر زاری گێڕەرەوەی یەکەمەوە لە پەسنی بارامدا، لە ڕێگەی بەکارهێنانی وتراوی ( کێچ کەوتبووە کەوڵی)، کە ئیدیۆمێکی کلتوورییە، توانیویەتی تایبەتمەندییە چاوچنۆکی و پاوەنکارییەکەی بارام بگەێنێتە ترۆپک، بەڕادەیەک بەرجەستەو واقیع ئاسا دەینوێنێت، بەشێوەیەک خوێنەر بێزی لێ بکاتەوە و ڕقی لێی بێت. ((قەباڵەی فرۆشتنی ماڵەکە ئامادە بووبوو. تەنها ئیمزای فرۆشیارەکانی مابوو. ئیمزای فرۆشیارەکان و دووسەد و چل ملوێن تمەن کە بانک نەخت دەیدا. کێچ کەوتبووە کەوڵی بارامەوە. پێیەکی لە بانک و پێیەکی تری لە نەخۆشخانە، لەماڵی مونیرە...)) (نەهایی، ٢٠١٩: ٢٣٦).

### کەسایەتی ئەفسانە

یەکێکە لەو کەسێتییانەی لەم ڕۆمانەدا دەردەکەوێت، هاوخەباتگێڕ و دڵداری میهرەبان بووە، گەر وەک نمونەیەکی سمبولی ژنی کورد سەرنج بدرێت، گوزارشت لە ڕەوشی ژیانی خانمانی کورد دەکات، کە هەمیشە شەرم و ترس و لە خۆ بوردون و قوربانیدان لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی کەسایەتیانە؛ لەم ڕووەوە گەر سەرنج لە تۆنی ئەفسانە بدرێت، درک بە زۆربەی ئەو تایبەتمەندیانە دەکرێت وەک بەشە پێکهێنەرێک لە کەسایەتی ئەفسانەدا خۆیان دەنوێنن، کە کەینونە مێینەکەی ئەفسانەی بەرجەستەکردووە، بۆ وێنە لەو گفتوگۆییەی نێوان ئەفسانە و میهرەباندا بەدیاردەکەوێت: ((ئەفسانە دەیگوت: «واز ناهێنێ. هەموو ڕۆژێک شوێنم دەکەوێ. هەموو شەوێک کەسێک دەنێرێتە خوازبێنیم.

دەترسم ئاخرەکەی ...» ئەو توورە دەبوو. هەڵدەچوو. دەیگوت: «دەڵێم رۆژێک لە ناوەڕاستی شەقامدا بەری پێ بگرن، لە ئوتۆمبێلەکەی بیهێننە خوار و کام لات دێشێ...بیکوتن.» ئەفسانە دەترسا. دەترسا و پێدەکەنی. دەیگوت: « بەشەڕ و لێدان ناکرێ. خەڵک پێ دەزانن و حەیامان دەچێ.»)) (نەهایی،٢٠١٩: ١٥٨)، بە سەرنجدان لەو دەقە وەرگیراوە هەست بە ترس و شەرم دەکرێت، لە تۆنی دەربڕینەکانی ئەفسانەدا، گوزارشت لە تایبەتمەندی کەسایەتی ئەفسانە دەکات وەک خانمێک. نوسەر بە وردی جیاوازی نیشانداوە لە تۆنی دەربڕینەکانی ئەفسانە و میهرەباندا، لە تۆنی ئەفسانەدا میهرەبانی لێبوردن و ترس و شەرم نیگەرانی خۆیان دەنوێنن، بەڵام لە تۆنی میهرەباندا هەڵچوون و تورەیی و توندوتیژی و گیانی تۆڵەکردنەوە هەستی پێدەکرێت.

## کەسایەتی لەیلا تلووعی

یەکێکە لەو کەسێتییانەی لەم ڕۆمانەدا، ڕۆڵی کەسێتییەتی لاوەکی دەبینێت. ئاشکرایە ڕۆماننوس وەک کەسێتییەکی لاوەکی سودی لە بەرجەستەکردنی ئەم کەسێتییە بینیوە، وەک تەکنیکێک بەکاریهێناوە، بۆ دروستکردنی کاریگەری لە سەر کەسێتیی سەرەکی (میهرەبان)، چونکە بۆ دروستکردنی ڕایەڵەی پەیوەندی لە نێوان خانمی تلووعیی و میهرەباندا، بۆ مەبەستی دروستکردنی کاریگەری و چوونەوەیە بۆ ڕابردوو و یادەوەریەکانی میهرەبان، لەم ڕووەوە خانمی تلووعی بۆ میهرەبان (ئەفسانە)ی کۆنەدڵداری، بیردێنێتەوە، هەربۆیە لێرەوە پێویستی دەرکەوتنی خانمی تلووعی و ئاشناکردنی بە میهرەبان دەردەکەوێت، چونکە سەرەڕای ئەو پێویستیانە، هاوبەشی تریش لە نێوانیاندا، بوونی هەیە، وەک: ئەوەی خانمی تلووعی خانمە شاعیرێکی دیاری شارەکەیە؛ هاوکات میهرەبانیش چیرۆکنووسێکی بە ئەزموونی هەمان شارە، بەمشێوەیە گفتوگۆ ئەدەبییەکانیش کۆیاندەکاتەوە.

لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی خانمی تلووعی (کراوە، بەدرک، ئەرێنی)، بە ڕادەیەک خۆشبینی و ئەرێنیبوونەکەی، بووە بە سیمای دیاری کەسایەتی ئەم کەسێتییە، بۆ وێنە: ((لەیلا گوتی: «کە بە ژوورەکاندا دەگەڕام، بیرم لەوە دەکردەوە، بۆ نووسەرێکی وەک ئێوە، ئەم ماڵ و حەسارە گەورە- نەیگوتبوو ئەم ماڵ و حەسارە چۆڵ و کاولە- باشترین شوێنە بۆ نووسین.» ئەو بە بزەیەکی تاڵەوە سەری لەقاند. گوتی: «کارێک کە من دەیکەم.» چارەنووسێکی سەیربوو. ماڵ و حەسارێکی چۆڵ و کاول و... ئەو کچە چەندە دڵنیا دەیگوت: باشترین شوێنە بۆ نووسین.)) (نەهایی، ٢٠١٩: ٦٠)، بە سەرنجدان لەو نموونە وەرگیراوەی دەقەکەدا، لە تۆنی دەربڕینەکانی خانمی تلووعیدا درک بە هەستی خۆشحاڵی و نرخاندن و ئەرێنیبوون دەکرێت، چونکە دەربڕاوی (ئەم ماڵ و حەسارە گەورەیە،

باشترین شوێنە بۆ نووسین) ئەو ئاماژەیە دەدات، کە زۆر بە ئەرێنی، باری هەست و هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەو ماڵ و حەسارە گەورەیە و ئەو شێوە ژیانەی میهرەبان وەک نووسەرێک دەیگوزەرێنێت، نیشانداوە، بەشێوەیەک ئەم هەستی ئەرێنیبوونەی بووە بە دیارترین تایبەتمەندی کەسایەتی ئەم کەسێتییە.

هەندێ جار ڕۆماننوس بۆ خستنەڕووی تایبەتمەندییەکانی یەکێک لە کەسێتییەکانی ناو بەرهەمەکەی دەکرێت، وەک تەکنیکێک لە ڕێگەی پەسنی کەسێتییەکانی ترەوە سروشت و تایبەتمەندی کەسێتییەک بخاتەڕوو، عەتا نەهایی بە وردی کاری بەم تەکنیکە کردووە، ئەوەتا بۆ خستنەڕووی تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی کەسێتیی خانمی تلووعی، سودی لە دەربڕینەکانی کەسێتییەکی وەک (جەلالی) وەرگرتووە، بۆ وێنە: ((جەلالی گوتی: «من دەمێکە لەیلا تلووعی دەناسم. لە دوو سێ ساڵ لەمەوبەرەوە، لەیلا دوا ئەوەی دەرسی تەواوکرد، بە هیوا بوو لە ئێدارەی ئێمە دابمەزرێ.» بە زەردەخەنەوە گوتی. گوتی: «لەیلا کچێکی عاقڵ و پڕ بەهرەیە.)) (نەهایی، ٢٠١٩: ٢١٣)، گەر سەرنج لەو نموونە وەرگیراوەی دەقەکە بدرێت، لە تۆنی دەربڕینەکانی جەلالیدا، بەرامبەر خانمی تلووعی، درک بە بیر و هەستی نرخاندن و بە باش زانینی دەکرێت، کە خانمێکی بەهرەمەند و جیاواز و تایبەتە، بەمشێوەیە ڕۆماننوس لەسەر زاری کەسێتییەکی تری ناو ئەم بەرهەمە، لایەنی ئەرێنی بوون و بەهرەمەندی و ژیر بێژی ئەم کەسێتییە دەخاتەڕوو، کە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی ئەم کەسێتییە دەنوێنن.

### ٣-١/٣) ڕۆڵی تۆن لە بەرجەستەکردنی کەسایەتیی کەسێتییەکانی ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵە دا

گرەوی بەختی هەڵاڵە دوای (گوڵی شۆران - باڵندەکانی دەم با) سێهەمین ڕۆمانی چاپکراوی عەتا نەهاییە، ئەوەی جێگای سەرنج و هەڵوێستەکردنە بەراورد بە دوو ڕۆمانەکەی پێشووی لە دارشتەی ئەم ڕۆمانەیدا وردتر و پێگەیشتوو تر تەکنیک و بنەما هونەرییەکانی بەکارهێناوە، بەتایبەت لە چۆنێتی دروستکردن و پاراستنی تۆنی کەسێتییەکاندا هەستی پێدەکرێت، بەشێوەیەک بۆ هەر کەسێتییەک لە دەرکەوتە و دیالۆگەکەکانییدا، سەربەخۆیی لە جۆری کەسێتیی و تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی ڕەچاو کراوە، چونکە ((دیالۆگ چەند ڕەگەزێکی گرنگی تێدایە، کە بۆ ڕۆماننوس زۆر گرنگن، دەتوانێت لەم ڕێگەیەوە زۆر شت دەربارەی کارەکتەرەکەی بخاتەڕوو، لە ناوەڕۆکی دیالۆگەکەوە شێوازی دەربڕینی خەسڵەتەکانی کارەکتەرەکە دەردەکەون، بە زەبر و زەنگە، نەرمو نیانە، شەرمنە، ڕوو کراوە...تد، یان ئەو جوڵەیەی لە ئاخاوتندا دەیکات، دەتوانێت شتێک دەربارەی کارەکتەرەکە بخاتەڕوو بۆ نمونە دەشێت سەرداگرتنە خوارەوە لەکاتی ئاخاوتندا، بەڵگەی متمانە بەخۆنەبوون بێت، یان لاوازی

کارەکتەرەکە بێت)) (یعقوب، ٢٠٢١: ٢٥-٢٦)، یەکێک لەو بنەما دیارە هونەرییانەی لە داڕشتەی گفتوگۆکانی ئەم ڕۆمانەدا خۆی دەنوێنێت، شێوازە دراماتیکییەکەیەتی، بۆیە ((لە بەرهەمی دراماتیکییدا قسەکردن یان مامەڵە کردن بەشێوەیەکە شتەکان زۆر جدی تر، خراپتر، ترسناکتر، زۆر سەرنجڕاکێش و لە ناکاو دەهێنرێنە بەرچاو و نیشاندەدرێن، کە پڕ لە کردار و جۆش و خرۆش دەبێت)) (dictionary.cambridge. org)، لەم سۆنگەیەوە گەر سەرنج لە تۆنی کەسێتییەکانی ئەم ڕۆمانە بدرێت، زادە و هەڵقوڵاوی ئەو شێوازە دراماتیکییەن نوسەر لە داڕشتەی ئەم ڕۆمانەیدا بەکاریهێناوە، چونکە ((نوسەری کارامە و باڵا دەست بەسەر زماندا تۆنی کەسێتییەکانی کارە ئەدەبییەکەی، لە ڕێگەی زەمینەسازی گونجاوەوە دەهێنێتە بوون، بەشێوەیەک ڕەوشی کەسێتی و باری زەینیی و دەروونی بەرجەستە دەکرێن و نیشاندەدرێن، بەهۆی تەکنیکەکانی ڕستەسازییەوە ئەنجام دەدرێت، کە خۆی لە چۆنێتی هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەکان، هەروەها چۆنێتی دانان و چنین و جێکەوتەی ڕستەسازییەوە، بەتایبەت بەهۆی ڕۆڵمەندکردنی وشەگەلێکەوە، کە لە زەینیی خوێنەردا زرنگانەوە دروستدەکەن.)) (هیدایەتی، رضای، ١٣٩٩: ٢٤٨)، لەم ڕووەوە نەهایی بە وردی کاری لەسەر ئەو تەکنیکە هونەرییانە کردووە بەتایبەت لە چۆنێتی هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەکان و جێکەوتەی ڕستەسازییانەوە، کە لە زۆربەی گفتوگۆی نێوان کەسێتییەکاندا درک بەم هونەرکارییانە دەکرێت.

یەکێک لەبنەما هونەرییەکانی ئەم ڕۆمانە گفتوگۆیە(Dialogue)، ((بەتایبەت گفتوگۆی دراماتیکی وەک ئامرازێکی هونەری بەکاردێت بۆ خستنەڕووی ڕەوشی کەسێتییەکان، بۆ وەرگر(خوێنەر) لە کارە ئەدەبییەکاندا)) (piasevoli,2014: Online)، کەواتە ((یەکێک لە پێشمەرجەکان و تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانێکی سەرکەوتوو ئەوەیە کە دراماتیک بێت. لێرەدا مەبەست لە دراماتیک «شانۆیی» نییە، چونکە زاراوەی دراماتیک لە ئەدەبدا مانایەکی تریشی هەیە کە بریتییە لە نواندن و پیشاندانی ناڕاستەوخۆی ڕووداوەکان وباری زەینیی کەسایەتییەکان؛ بە واتایەکی وردتر، لە ڕۆماندا دراماتیکبوونی گێڕانەوە واتە بەکارهێنانی وتووێژی نێوان کەسایەتییەکان بەشێوەیەک کە خوێنەر لەڕێگەی وتووێژەکان و نەک لەڕێگەی وەسفی گێڕەوەوە لە کەشوهەوای دەرەکیی دیاردە و ڕووداوەکان و باری ناوەکی و زەینیی کەسایەتییەکان تێبگات. ئەمەیە یەکێک لە ڕێگەکانی ڕەچاوکردنی بنەواشەی نواندنەوە لە ڕۆماندا.)) (سەجادی،٢٠١١: ٧١)، کەواتە لەشێوازی گێڕانەوەی دراماتیکییدا، هەر کەسێتییەک گوزارشت لە ڕەوشی دەرەکی و ناوەکی خۆی دەکات، نەک گێڕەرەوەی هەموو شت زان؛ هەربۆیە لەم چەشنە گێڕانەوەیەدا بەر چەندین لەکەسێتیی جیاواز دەکەوین، بەشێوەیەک لە نواندنەوەی هەر کەسێتییەکدا، درک بە جۆری کەسێتی و تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی دەکرێت.

((یەکێک لەو هەوڵانەی بۆ نواندن و ورد بوونەوە و سەرنجدان بەکەسایەتی جیاوازی کەسایەتییەکان ئەوا ئەو هەوڵە لەڕێگەی پیشاندانی لەحنی جیاوازی ئەو کەسایەتییانەوە بە ئەنجام دەگات)) (سەجادی،٢٠١١: ٦٥)، لەم ڕووەوە سەرنجدان لە چۆنێتی دروستکردن و بەرجەستەکردنی تۆنی کەسێتییەکان لە هەر سێ ڕۆمانەکەدا ((گوڵی شۆ نۆڕان، باڵندەکانی دەم با، گرەوی بەختی هەڵاڵە)دا بە بەراورد بە تۆنی کەسێتییەکانی گوڵی شۆڕان و باڵندەکانی دەم با، نوسەر ورد و قوڵتر کاری لەسەر دروستکردن و نواندنی تۆنی کەسێتییەکانی ئەم بەرهەمەی کردووە، چونکە (لەم ڕۆمانەدا هەر کەسایەتی و لەحنی جیاوازی خۆی هەیە و ئەمەیش پێچەوانەی تایبەتمەندی زاڵی ڕۆمانی کوردییە)) (سەجادی،٢٠١١: ٦٥)، بۆ ئەم مەبەستە هەوڵدەدەین لەم ڕۆمانەدا لە ڕێگەی خستنەڕووی تۆنی هەر کەسێتییەکەوە، تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی ئەو کەسێتییە بەرباس بدەین، هەڵبەت نوسەر لەم بەرهەمەیدا زیاتر لە بیست وپێنج کەسێتی جیاوازی نواندووە، بەڵام لەبەر سنورداری کارەکەمان تەنیا تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی و جۆری کەسێتی چوار لەو کەسێتییانە دەخەینەڕوو:

### کەسایەتی هەڵاڵە

یەکێکە لە کەسێتییە دیارەکانی ئەم ڕۆمانە تەنانەت ناونیشانی ڕۆمانەکە لە ناوی ئەمەوە وەرگیراوە، چونکە خاوەن کەسایەتێکی فرە کەسێتییە (سەرکێش، یاخی، گۆڕاو، هەستیار، بوێر، بزێو، سایکۆلۆژی چڕ)، دیارە هەر بەهۆی ئەو کەسایەتییە ئاڵۆزەی هەیەتی وای لە نوسەر کردووە، ڕۆڵی کەسێتییەکی دیار ببینێت.

بۆ وێنە ((هەڵاڵەوتی: «ئەی چی بکەم؟ بەم ڕۆژە درێژانە ئەگەر نەچمە دەر و بەقسە و گفتوگۆی لەگەڵ خەڵک کات بەسەر نەبەم لەماڵەوە چی بکەم؟» باوکی گوتی: «چۆن دەبێ نەزانی چی بکەیت؟» بە توڕەییەوە گوتی. ویستی بڵێ تۆش وەک هەموو کچێکی تر، وەک گوڵاڵە... هەڵاڵە گوتی: « دەزانم چی بکەم بابە گیان.» بە زەردەخەنەوە گوتی. «دێم بۆ لای تۆ. دێم چەک هەڵدەگرم و لەگەڵ تۆ دەبم.»)) (نەهایی ،٢٠١٩: ١٢٨-١٢٩)، گەر سەرنجی ئەم گفتوگۆییەی نێوان هەڵاڵە و باوکی بدرێت لە تۆنی دەربڕینەکانی هەڵاڵەدا درک بە کەسایەتییەکی یاخی دەکرێت، چونکە ڕەتکردنەوەی یاسا کلتورییەکانە، بەوەی پێویستی دەکات خانمان لە ماڵەوە بن، بەڵام هەڵاڵە یاسا شکێنی دەکات نەک تەنیا هەر چوونە دەرەوە هەڵدەبژێرێت، بەڵکو بیرۆکەی چەک هەڵگرتنیشی هەیە، بەمەیش لە هاوڕەگەزەکانی تری جیا دەبێتەوە و سەرکێشی و یاخیگەری دەبنە تایبەتمەندی کەسایەتی ئەم کەسێتییە، کە بەلای هاوسەردەمەکانییەوە خاوەن کەسایەتییەکی نا ئاسایی و بێ وێنە بووە، بەشێوەیەک هەمیشە جێگا سەرنج و تێڕامان بێت بۆ وێنە: ((هەڵاڵە تەواو نزیک بووەوە. کوڕەکان بە عەجایباتییەوە سەیریان دەکرد. تا دەنگی هەڵنەبڕیبوو و قسەی نەکردبوو. پێیان وانەبوو کچ بێت.

هەلاڵە وەک پیاوان دەستی هەڵبڕی و بەیانی باشی لێ کردن.)) (نەهایی، ٢٠١٩: ١٣٢)، لە نمونەکەوە درک بە تایبەتمەندیەکی تر دەکرێت لە کەسایەتی هەلاڵەدا، کە تایبەتمەندییەکی کەسایەتی پیاوانە، نەک ژنان؛ هەڵبەت ئەم تایبەتمەندییە پیاوانەیە لەکەسایەتی هەلاڵەدا تەنیا لە مامەڵەییدا ڕەنگی نەدابووەوە، بەڵکوو بیرکردنەوەو تەنانەت شێوازی پۆشینیشی گرتبووەوە، بێ ئەوەی توانج و قسەی خەڵکی کاری تێ بکات، تا ڕۆژێک گولاڵەی خوشکی پێیدەڵێت: ((« مردووت مرێ، دە لەم کەوڵە کوڕانەیەت وەر دەر! سەیر کە دەڵێی کورە شوان و سەپانیت!» گولاڵە کاتێک ئەوەی دەگوت کە هەلاڵە تازە بیری کچێکی پشت گوێ خراوی فەرامۆش کراو کەوتبووەوە کە پاش ساڵانێکی زۆر لە تاریکترین سووچەکانی دەروونیەوە سەرەتاتکەی دەکرد)) (نەهایی،٢٠١٩: ١٣٣)، لە نموونەکەدا، درک بە تایبەتمەندییەکی کەسایەتی ئەم کەسێتییە دەکرێت، کە تایبەتمەندی مێینەیە، دیارە نوسەر بە ئاگا بووە لەم تایبەتمەندییە مێینەیە، هەربۆیە بە وردی ئەم لایەنەی مێنییەی بەدیار خستووە، کە ژنان زیاتر گوێ لە هاو ڕەگەزی خۆیان دەگرن و دەتوانن کاریگەریان لەسەر دابنێن، هەروەک چۆن گولاڵە توانی کاریگەری لەسەر هەلاڵە دابنێت، بەشێوەیەک کەسایەتییە مێنییەکەی بیر بێنێتەوە و ڕەوتی ژیانی بگۆڕێت، لە پیاوبوونەوە بەرەو ژن بوون ئاڕاستە بێت، بەڵام بەدرێژایی ژیانی هەژموون و کاریگەری ئەم قۆناغە بەسەر قۆناغەکانی تری ژیانییەوە هەستی پێدەکرێت، کە خۆی لە ململانێ و بە دەنگ هاتن لەسەر مافەکانیدا خۆی دەبینێتەوە.

بۆ وێنە: ((سەرچاوەی هەموو ئەو شەڕوشۆڕانەی بۆ کەلتوور و مێژووی پڕ لە توندوتیژیی نەتەوەکەی گێڕابووەوە. بەرنامەکەی ئەگەرچی کورت بەڵام توند بوو. ئەو بەرنامە زۆر کەسی تووڕە کردبوو، هەرکەس کە بیستبووی. شێرزادیش بیستبووی. گوتبووی: «ئەو قسانە لە تفی بەرەوژوور دەچن. لە وەڕینی سەگ لە کونی خۆی.» هەلاڵە گوتبووی: «چاوت لێیە من بە هەڵە نەچووم. ئەوەش لە هەڵوێستی کوردانە. ئەو هەڵوێستەی تۆ نموونەی کەلتوور و عەقڵی کوردییە.»)) (نەهایی، ٢٠١٩: ٦٤-٦٥)، بە سەرنجدان لە نموونەکە ئەو گفتوگۆیە لە تۆنی دەربڕینەکانی هەلاڵەدا درک بە کەسایەتییەکی شیکەرەوە ڕەخنەگر دەکرێت، بەڵام توند و گشتگیر خۆی دەنوێنێت، ئەمەیش بۆ ئەو سایکۆلۆژیا چڕەی هەلاڵە دەگەڕێتەوە، کە هەژموونی کەینوونە نێرینەیەکەی بەسەر کەینوونە مێینەییەکەیدا زاڵە، لۆژیکی و بابەتییوون لە تایبەتمەندییە دیارەکانی کەسایەتی ئەم کەسێتییە بەتایبەت پاش نیشتەجێ بوونی لە وڵاتی سوید بۆ وێنە: ((هەلاڵە گوتبووی: «ژنی پەنابەر لێرە بە پێچەوانەی وڵاتی خۆی ئاگاداری مافەکانی هەیە و بە مرۆڤ بوونی خۆی دەزانێت. کەواتە هەر کاتێک بزانێ مافەکانی پێشێل دەکرێت و مێردەکەی وەک مرۆڤ سەیری ناکات و وەک مرۆڤ لەگەڵیدا ناجووڵێتەوە حازر نابێت لەگەڵی بژی و لێی جیا دەبێتەوە.»)) (نەهایی،٢٠١٩: ٥٧)، گەر بە وردی لەو نموونە وەرگیراوە بڕوانرێت، لە تۆنی دەربڕینەکانی ئەم کەسێتییەدا درک بە کەسایەتییەکی هۆشیار، وردبین

بەراوردکار و هەڵسەنگێنەر و ڕەخنەگر لۆژیکی و بابەتی دەکرێت، بەشێوەیەک گەر سەرنجی بەشی یەکەمی نموونەکە بدرێت، لە ئاستێکی قووڵ و نەوتراو دا ئاماژە بە ڕەوشی خراپی ژنانی پەنابەر دەکات بەر لە هاتنیان بۆ هەندەران؛ هاوکات نەزانی و بێ ئاگایی ژنان نیشاندەدات سەبارەت بە مافەکانیان، هەروەها خستنەڕووی ڕەوشێک تێیدا پیاوان ستەم کار و یاسا و دەسەڵاتیشن، بە ڕادەیەک هیچ دەرچەیەکی یاسایی ئەوتۆ نییە، کە مافەکانی مرۆڤ بەگشتی و مافەکانی ژن بەتایبەت بپارێزێت، بەڵام لە بەشی دووەمی نموونەکەدا بەتەواوی ڕەوشەکە پێچەوانە دەبێتەوە لەوێ ژنان هاوشێوەی پیاوان بە یاسا مافەکانیان پارێزراوە، بەشێوەیەک خودی ژنان هۆشیارن بە مافە یاسایی و مرۆییەکانیان (ژنی پەنابەر لێرە بەپێچەوانەی وڵاتی خۆی ئاگاداری مافەکانی خۆی هەیە و بە مرۆڤ بوونی خۆی دەزانێت.)

**کەسایەتی سەعادەت**

یەکێکە لەو کەسێتییانەی لەم بەرهەمەدا ، ڕۆڵی کەسێتییەکی مامناوەند دەبینێت، کە هیچ جۆرە گۆڕان و گەشە و پەرەسەندێک لە کەسایەتی ئەم کەسێتییەدا ڕوونادات، گەر وەک نموویەکی سمبولی لێی بڕوانرێت، گوزارشت لە کەسایەتی مێینە دەکات لە کومەڵی کوردیدا، چونکە زیاتر ڕۆڵی هاوکار و خزمەتگوزار دەبینێت، کە ڕەهەندی کەلتوری هەیە. لە دیاترین تایبەتمەندییەکان کەسایەتی ئەم کەسێتییە، خاوەن کەسایەتییەکی (گرینۆک ، چاو بە فرمێسک، نەریتی، کۆنەپارێز، نیگەران و ترساو...تد)، بەڵام بێدەستەڵاتی گرینۆکییەکەی بووە بە تایبەتمەندی دیاری کەسایەتی بۆ وێنە: ((پانزە ساڵ؟! سەعادەت گریابوو. خاتوو ئامین بەسەری خۆیدا کێشابوو، ڕوومەتی خۆی ڕنیبوو. حەمەڕەشید ئاغا گوتبووی: «مەگرین. ئەم وەزعە پانزە ساڵی تر ناخایەنێ.» حەمەڕەشید ئاغا لەپشت میلەکانی زیندانەوە بۆ دڵ خۆشی دانەوەی دایک و ژن و منداڵ و کەس و کارەکەی ئەوەی گوتبوو. هەموویان دڵ خۆش ببوون، جگە لە سەعادەتی خێزانی کە دڵ تەنگ و نیگەران هەروا گریابوو.)) (نەهایی،٢٠١٩: ٢٠)، لەو نموونە وەرگیراوەی دەقەکەدا، درک بەو تایبەتمەندییەی سەعادەت خان دەکرێت، کە گریان و فرمێسک هەڵڕشتنە، بەڕادەیەک تایبەتمەند دیاری ئەم کەسێتییە دەنوێنێت؛ تەنانەت دەربڕینی: (هەموویان دڵخۆش بوون جگە لەسەعادەتی خێزانی، دڵتەنگ و نیگەران هەروا گریابوو) گوزارشت لە دۆخێک دەکات، کە هەمووان بەقسەکەی حەمەڕەشید ئاغا دڵخۆش دەبن، کەچی ئەم دڵخۆشییە سەعادەت ناگرێتەوە، بەشێوەیەک گریان و نیگەرانییەکەی دەبنە سیمای دیاری کەسایەتی، چونکە سەعادەت وەک خانمێک، دایکێک خاوەن ماڵ و منداڵ باش دەزانێت، دوورکەوتنەوەی مێردەکەی چ تەنیایی و سەختییەکیان بۆ دروست دەکات.

بەسەرنجدان لە نموونەکە، هەڵبژاردنی ناوی سەعادەت بۆ ئەم کەسێتییە لەلایەن ڕۆماننوسەوە، دەکرێت وەک ناولێنانێکی دژبەری سەرنج بدرێت، چونکە ڕەوشی ژیانی سەعادەت کەسایەتی ئەم کەسێتییە، بە تەواوی پێچەوانەی واتا و فەلسەفەی ناوەکەیەتی، ڕەنگە نوسەر بە مەبەست ئەم کارەی کردبێت، بەشێوەیەک لەئاستی نەوتراودا پرسی ناوی باش بۆ خاوەنەکەی باشی دەهێنێت، لای خوێنەر بورووژێنێت.

ڕۆماننوس لە تەواوی پنت و بەشەکانی ئەم ڕۆمانەدا، تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی ئەم کەسێتییەی، لە تۆنی دەربڕینەکانی خودی خۆی و هاوکەسێتییەکانی تریشدا، لەبەرچاوگرتووە، کە دەکرێت وەک خاڵێکی هونەریی بەهێز، سەرنج بدرێت، بۆ وێنە: ((دایکی دەگریا. وەک هەمیشە دەخزایە ژوورەکەی و لە قەراخ پەنجەرەکە، لە پاڵ قۆری و سەماوەرەکە دادەنیشت و دەگریا. دایەگەورە دەیگوت: «بەس بگری سەعادەت! بەس بگری کچی خۆم! ئەم گری گریەی تۆیە منداڵەکانی وەڕس کردووە و لەماڵەوە تاراندوونی.»)) (نەهایی،٢٠١٩: ٢٦)، بەسەرنجدان لە نموونە وەرگیراوەی دەقەکە درک بە تۆنی ڕوونکردنەوە لە دەربڕینەکانی گێڕەرەوەدا دەکرێت، کە (سەعیدی ڕەحمانی)یە، بەشێوەیەک تیشکی خستۆتە سەر ڕەوشی ناهەمواری سەعادەت، لە گریان و حەسرەت کێشانێکی سەختدا، ژیان دەکات، بەڵام لە تۆنی دەربڕینەکانی دایە گەورەدا سەرەڕای نیشاندانی لایەنە گرینۆکەکەی سەعادەت، وەک تایبەتمەندییەکی کەسایەتی؛ هاوکات درک بە تۆنی (ئامۆژگاری، دایکانە، سەرکۆنەکردن، دۆستانە) دەکرێت، چونکە دەربڕاوی (کچی خۆم) تۆنی دایکانە دەنوێنێت. بەمشێوەیە، گریان و ترس و نیگەرانی لە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی ئەم کەسێتییەن.

### کەسایەتی شێرزاد

یەکێکە لەو کەسێتییانەی لەم ڕۆمانەدا دەرکەوتووە، چونکە دەکەوێتە سنوری بازنەی خێزانی هەڵاڵەوە، گەر وەک نمونەیەکی سمبولی لەم کەسێیەتییە بڕوانرێت، گوزارشت لە کەسایەتییەکی ڕۆژهەڵاتیی دەکات، لەم ڕووەوە گەر سەرنج لە تۆنی ئەم کەسێتییە بدرێت، زیاتر هەست بە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتییەکی ناڵۆژیکیی و هەستەکیی دەکرێت، چونکە ((کەسایەتی هەستی کار بە هەست و سۆزەکان دەکات، بۆ بەڕێکردنی ژیانی ڕۆژانەی)) (ساڵح،٢٠٢٠: ٢١٧)، لەم ڕووەوە گەر سەرنجی دەربڕین و دەرکەوتەو مامەڵەکانی ئەم کەسێتییە بدرێت، درک بە ئەم هەستەکیی بوونەی دەکرێت، وەک تایبەتمەندییەکی کەسایەتی بۆ وێنە: ((«نەمتوانی. ڕەنگە لەگەڵ باوکت نەبوومایە، ئەگەر پاش ڕۆشتنی تۆ سەردانی ماڵتانم نەکردایە و زوو زوو دایکتم نەدیبایە، بمتوانیایە فەرامۆشت کەم. بەڵام هەموو ساتێک کە باوکتم دەبینی و، هەموو ڕۆژێک کە دەچوومە لای دایکت و وەک جاران بە میهرەبانییەوە وەری دەگرتم، دیسان بیری تۆ دەکەوتمەوە. بیری ئەو عەشق و خۆشەویستییە سەیرە

که تۆ تەنانەت ئاگاشت لێ نەبوو. کەس ئاگای لێ نەبوو.»)) (نەهایی،٢٠١٩: ١٨٨)، بەسەرنجدان لە تۆنی شێرزاد لەو نمونەیەدا درک بە تایبەتمەندییە هەستەکییەکەی کەسایەتی شێرزارد دەکرێت، بەشێوەیەک جۆرێک لە نەزانی و ساویلەکەیش نیشاندەدات، بەتایبەت لەو دەربڕینەیدا کە دەڵێت: (بیری ئەو عەشق و خۆشەویستییە سەیرە کە تۆ تەنانەت ئاگاشت لێ نەبوو.) گەر شێرزاد وەک نمونەیەکی سبمولی لێی بڕوانرێت، نمایندە و نوێنەرایەتی کلتووری رۆژهەڵات بەگشتی کورد بەتایبەت دەکات، چونکە لەم جۆرە کلتوورانەدا بێ ئەوەی هیچ ئازادییەک بە ڕەگەزی بەرامبەر بدەن، بەتایبەت پیاوان لای خۆیانەوە بڕیاری یەکلاکەرەوە دەدەن، تەنانەت بە هێنان و خواستنی یان کوشتنی، ڕەگەزی بەرامبەر، بەگشتی ئەم شێوە مامەڵە کردنە بۆتە سیمای دیار و تایبەتمەندی ئەم جۆرە کلتوورانە.

یاساخی و لە یاسا دەرچوون یەکێکی ترە لەتایبەتمەندییەکانی کەسایەتی شێرزاد بۆ وێنە: ((هەڵاڵە بەدەم داگەڕانەوە کیفەکەی کردەوە و بۆ کارتی سواربوونەکەی گەڕا. گوتی: «تۆش بلیت ببڕە، با وەک دوێنێت بەسەر نەیەت.» دوێنێ شێرزاد وەک زۆر جاری تر بێ بلیت سوار ببوو. پۆلیس لە پشکنیندا پێی زانیبوو، جەریمەی کردبوو.)) (نەهایی، ٢٠١٩: ١٦١)، بەم شێوەیە نوسەر توانیویەتی پارێزگاری لە تۆنی ئەم کەسێتییە بکات، بە ڕادەیەک لە تەواوی ئەو پنت و پەرەگراف و بەشانەی ئەم کەسێتییە ڕۆڵی تێدا دەبینێت، هاو ئاهەنگە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی کەسایەتیدا، کە کەسایەتییەکی بێ بەڵێن و فێڵباز و یاسا شکێن ترسنۆک و کۆنە پارێز و ناشارستانییە.

**کەسایەتی سەعیدی ڕەحمانی**

یەکێکە لەو کەسێتییانەی لەم ڕۆمانەدا ڕۆڵی نوسەر و ڕێکخەری ئەم ڕۆمانە دەبینێت، هاوکات بۆ خۆیشی دەبێتە کارەکتەرێکی کارای ئەم بەرهەمە؛ لەو ڕووەوە سەعیدی ڕەحمانی ئوستادی زانکۆ و چیرۆک نوسە، نوسەر بە وردی هەوڵی داوە لە ڕێگەی چونێتی دروستکردنی تۆنی ئەم کەسێتییەوە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی بنوێنێت؛ هەڵبەت بەکارهێنانی ناوی تایبەت بۆ ئەم کەسێتییە مەبەستدارە، نوسەر ویستویەتی هەر لە سەرەتاوە واقیع ئاسا ئەم کەسێتییە لە زەینی خوێنەردا بەرجەستە بکات، چونکە ((ناوی تایبەتی گونجاوترین ناونانە لە چیرۆکدا، وەک زادەی بیر و ئەندێشەی چیرۆک نوس دەردەکەوێت و بونیادی تەواونەکراوی کەسێتییەکەی پێ تەواو دەکات، تا وەک هەبوویەکی (موجود) هەمەشتدار ڕووبەڕووی خوێنەری بکاتەوە، ئەمجۆرە ناوە دەبێتە هۆی چەسپاندنی وێنەی کەسێتی لە زەینی خوێنەردا.)) (کەسنەزانی، ٢٠١٢: ١١٢)، سەرەڕای ئەو وردەکارییەی نوسەر لەناوونانی ئەم کەسێتییەدا کردوویەتی، ئەتەکێت و هۆشیارییەکی بەرزیشی بۆ فەراهەم هێناوە، کە لە زەینی خوێنەردا دەمێنێتەوە و تا ڕادەیەک هاوسۆزیشی بۆ بنوێنێت، بۆ وێنە: ((سەعید پرسیارەکەی دووبارە کردەوە: «نەتگوت کامەیانت پێ چاکترە؟ ئەو پیاوە دەم بەپێکەنینە یان ئەم پیاوە؟» « ئەم پیاوە...» ویستی

درێژەی بداتێ کە سەعید هەڵیدایە: « بەڵام بە پێچەوانەی تۆ، شێرزاد ئەو پیاوە قسە خۆش و دەم بە پێکەنینەی بە لاوە پەسندترە. وانییە؟»)) (نەهایی، ٢٠١٩: ١٠٣)، نموونەکە ئەو پەیامە دەدات، ئەم کەسێتییە بە هۆشیارییەوە مامەڵە دەکات لەگەڵ هاوبەرامبەرەکانی، بەپێی ئاستی تێگەیشتن و هۆشیارییان درک بە بەکارهێنانی تۆنی جیاواز دەکرێت لەدەربڕینەکانیدا؛

ئەوەتا ئەو شێوازەی لەگەڵ شێرزادی مێردی هەلاڵەدا بەکاردەهێنێت، تۆنگەلێکی گاڵتە و نوکتە ئامێز دەنوێنێت، هەربۆیە کەسایەتییەکی کۆمیدی دەدات بە سەعیدی ڕەحمانی، بەڵام هەمان کەسێتی کاتێک لەگەڵ هەلاڵە مامەڵە دەکات، شێوازی دەربڕینەکانی دەگۆڕێن، بەشێوەیەک گوزارشت لە کەسایەتی دەکەن وەک گەورە نوسەر و مامۆستایەکی زانکۆ بەرجەستە دەبێت، دروست ئەم تەکنیکی تۆن گۆڕکێیە (Shift tone of takanic) فەرمایشتێکی محمد(د.خ) بە بیر دێنێتەوە فەرموویەتی: ((امرنا ان نكلم الناس على قدر عقولهم.)) (السخاوي،١٤١٨: ١/٢٩٤)، لەم فەرموودەیەدا پەیامبەر (د.خ) فەرمانمان پێدەکات، بەپێی ئاستی ژیری و تێگەیشتنی کەسی بەرامبەر قسە بکەین.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی سەعیدی ڕەحمانی ئەرێنیی بوونیەتی، بەشێوەیەک لە تەواوی تۆنی ئەم کەسێتییەدا درک بە مرۆڤ دۆستی و ژیان دۆستی و گەشبینی و دانای و میهرەبانی دەکرێت بۆ وێنە: ((سەعید گوتی: «تۆ و شێرزاد ژن و مێردێکی زۆر چاکن. هەردووکتان میهرەبان و بەڕێزن، بەڵام ...» «بەڵام چی؟» «بەڵام زۆر لێک جیاوازن. هەر کامەتان مرۆڤی باشی دنیایەکی جیاوازن.»)) (نەهایی،٢٠١٩: ١٠٣)بەسەرنجدان لە نموونەکە درک بە تێڕوانینی ئەرێنی و بابەتیانەی ئەم کەسێتییە دەکرێت، کە بەرپرسیارانە مامەڵەی ڕووداو پێشهاتەکان دەکات، بۆ وێنە: ((سەعید گوتی: « من دەڵێم لە قسەکردن و وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامە و میدیاکان، دەبێ وشیار بین. نابێ قسەیەک بکەین کە دەنگدانەوەکەی بە زیانی خۆمان و پەنابەرانی تر بشکێتەوە. نابێ هەڵوێستێک بگرین کە لەلایەنە جوان و ئینسانییەکانی کەلتووری کوردی و ئێرانی پێشێل بکات.» گوتی: «دیارە ئەم جەنایەتە قورسە کاری کردۆتە سەر ژیان و هەست و شعووری هەموومان، بەڵام نابێ هەموو بەرپرسایەتییە ئینسانی و ئەخلاقی و نەتەوایەتییەکانمان لە بیر بباتەوە.)) (نەهایی،٢٠١٩: ٢٤٥)، ئاشکرایە بۆنەی ئەو نموونەیە پاش بریندارکردنی هەلاڵە لە لایەن هاوسەری پێشویەوە، کە گفتوگۆیەکی دۆستانەیە لە نێوان سەعیدی ڕەحمانی و مەجیدی برای هەلاڵە و ناسر بەڕێوبەری ئیدارەی ڕادیۆیە بوو لە وڵاتی سوید، کە بە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان پەخشی دەکرد؛ دەبینین لە تۆنی دەربڕینەکانی سەعیدی ڕەحمانی دا کەسایەتییەکی بە درک و دوور بین و هۆشیار و ئەرێنی خۆی وێنا دەکات، بەشێوەیەک خوێنەر دەتوانێت درک بەم تایبەتمەندییانە بکات، لە کەسایەتی ئەم کەسێتییەدا.

## ٢/٣) شیکاری تەکنیکەکانی تۆنگۆڕکێ لە هەرسێ ڕۆمانی گوڵی شۆڕان، باڵندەکانی دەم با، گرەوی بەختی هەڵاڵەدا

### ١-٢/٣) تەکنیکەکانی تۆنگۆڕکێ لە ڕۆمانی گوڵی شۆڕان دا

تۆن تەکنیکێکی هونەریی و ئەدەبییە، ڕەهەندی زمانیی و دەروونیی و کۆمەڵایەتیی و مێژوویی و فەلسەفیی هەیە، کە نێرەر لە ڕێگەیەوە دەتوانێت ناکۆتا باری هەست و هەڵویست و مەبەست و پەیامگەلی جیا جیا بگەێنێت. لەم ڕووەوە ((تۆن بریتییە لە میتۆدی مامەڵەکردنی نوسەر، لەگەڵ بابەت و کەسێتییەکانی چیرۆکەکەیدا)) (میرصادقی،١٣٩٤: ٦٧١)، کەواتە تۆن ئەو هونەرکارییەیە، نوسەر لە داڕشتەی بەرهەمەکەیدا دەینوێنێت، بۆ دروستکردن وگەیاندنی مەبەست و هەستگەلی تایبەت، لەم سۆنگەیەوە تۆن زادەی توانستی ئەدەبیی و هونەریی و زمانی و ڕوانگەی زەینیی و دەروونیی نێرەر (نوسەر)ە، دەکرێت گریمانەی ئەوە بکرێت، گۆڕانی بەسەردا بێت، یەک شێوە یەکجۆر نەمێنێتەوە لەبەرهەمێکدا، چونکە ((تۆنی شیعرێک، یان چیرۆکێک نەگونجاوە، لە سەرەتاوە تا کۆتای یەکجۆر نەگۆڕ بێت، پێویستە گۆڕانی بەسەردا بێت، گەر گۆڕانی بەسەردا نەیەت، ئەوا ڕەوشێکی تاقەت بڕۆکێن (جاڕسکەر) بۆ خوێنەر دروست دەکات؛ هەربۆیە چۆن بەپێی جۆری بابەت تۆنیش دەگۆڕێت، بەهەمان شێوە لەسنوری یەک بەرهەمیشدا پێویستە تۆنەکان بگۆڕێن.)) (خاکبازی،حیدری،١٣٩٩: ١١٥)، لەم سۆنگەیەوە تۆن نیشاندەر و وێنانوێنی بارە هەستەکییەکانی نێرەرە، بۆیە جێگیر و یەکجۆر نانوێنێت، چونکە ئاشکرایە هەستەکان بەردەوام لە هەڵچوون و داچوون و گۆڕاندان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، تەنانەت لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر لە کەسێکدا بە جێگیر و یەک ئاستی نامێنێتەوە؛ بەمشێوەیە هەر گۆڕانێک لە هەستەکانی نێرەردا ڕوودەدات، گریمانەی ئەوە دەکرێت، لە تۆنی ئەو کەسەدا ڕەنگبداتەوە، هەر ئەمەیە وادەکات، کە تۆنەکان زوو زوو بگۆڕێن.

((تۆنگۆرکێ(Shift tone) ئەو گۆڕینەیە، لە شێوازی نوسینی نوسەر و چۆنێتی تەرکیزکردن و بەکارهێنانی زمان دا ڕوودەدات، کە واتا و مەبەست دەگۆڕێت.)) (Fazely,2022: online)، هەربۆیە ئەم تۆنگۆڕکێیە: ((هەمەڕەنگییەک لە بەرهەمەکەدا دەهێنێتەبوون.)) (خاکبازی،حیدری،١٣٩٩: ١١٦)، بەمشێوەیە بەهۆی ئەو هەمەڕەنگی و جوانیناسییەی لە دەقەکەدا دروستی دەکات، تام و چێژێکی جوانیناسیانەی تایبەت، بەخوێنەر دەدات، بە ڕادەیەک خوێنەر دەرگیر و کەمەنکێشی بەرهەمەکەی دەکات، بۆ بەردەوامی و خوێندنەوەی تەواوی بەرهەمەکە؛ چونکە ((ئەو جیهانەی چیرۆکنوس بەهۆی فەزاوە دروستی دەکات، کاریگەری لەسەر ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر هەیە. لەلایەکی دیکە کاریگەری ئەوەی بە دوای ڕووداوەکاندا بچین، هەست بە ئیستاتیکای گێڕانەوە بکەین. فەزا هەوەڵین هۆکاری ئەو

هەڵچوونانەیە، کە خوێنەری لە کاتی خوێندنەوەی چیرۆکدا تووشی دەبێ. لەگەڵ گۆڕینی فەزا بەهۆی جۆراوجۆری ڕووداو و دەلالەتەکان سەرنجی خوێنەر بەلای گێڕانەوەکەدا ڕادەکێشێ و کاریگەری لەسەر چێژی خوێنەر دەبێت.)) (حەمە مەنتک،٢٠١٨: ٧٠-٧١)، هەربۆیە ((تێگەیشتن و پەی بردن بە واتا و مەبەستی تۆنگۆڕکێکانی بەرهەمێک، ئەوە لە خوێنەر دەخوازێت بە مەعریفەوە گریمانە و مەزندەی ئەو هونەرکارییە بکات، نوسەر ئەنجامی داوە، کە مەبەستی چییە.)) ( Fazelg,2022: online)، چونکە ((نوسەریش دەتوانێت وشە لەبەرهەمەکەیدا بۆ واتا و مەبەستێک بەکاربهێنێت، نەک هەر واتا ئاشکراکەی نەگەیەنێت، بەڵکو واتای پێچەوانەیش بگەیەنێت؛ هاوشێوەی شانۆکارێک لەکاتی نواندن دا لە ڕێگەی ئاوازی وتنیەوە دەتوانێت واتای وشە بگۆڕێت.)) (میرصادقی،١٣٩٤: ٦٧٣)، کەواتە پێویستە: ((خوێنەر خوێندنەوەی مەعریفە ناسانە بۆ کەسایەتییەکان، یان سیستەمی فکری نوسەرەکە بکات، نەک ئەوەی، کە خودی بەشێوەیەکی ئاشکرا سیستەمی فکری خۆی دەربخات.)) (سەجادی،٢٠١١: ٧١)، چونکە ((شتێکی ئاشکرایە، کە مەبەست لە گێڕانەوە لە ڕۆماندا، گەیاندنی بابەت و بیرۆکەی ڕۆمانەکەیە لە نوسەرەوە بە خوێنەر.)) (یعقوب،٢٠١٩: ١٦٧).

((ڕۆڵ و کاریگەری تۆنگۆڕکێکان زۆر سەرنجڕاکێش و سەرنج نوێنن، هەربۆیە زۆربەی نوسەران تۆنگۆڕکێکان بە قازانجی خۆیان بەکاردەهێنن، بەشێوەیەک تۆنگۆڕکێیەک دروست دەکەن لە بەرهەمەکانیاندا بۆ خوێنەر، تا لەڕێگەیەوە بەهەستێک، یا ئەزموونێکی تایبەت بگەن.)) (Fazely,2022: online)، لەم ڕووەوە گەر سەرنج لەم ڕۆمانە بدرێت، درک بە چەندین تۆنگۆڕکێی جیاواز دەکرێت، کە نوسەر بەشێوەیەکی هونەریی ئەنجامی داون، بۆ گەیاندنی مەبەستی جیاواز و هەستی تایبەت بۆ وێنە: ((...بە تەبارەکەدا هەڵگەڕن. لووتیان پڕ بوو لە بۆکرووز. دارتووەکەی ناوەڕاستی حەوشە سووتابوو. باڵای ئەستووری ڕەژی بوو. بە بیرەوەریی ئەوان نەمامی ئەو دارە نەچەقیبوو. بەڵام سووتانی لەگشت ڕووداوەکانی ئەو ساڵە زیاتر خەمباری کردن. «ئەی ئەوە چییە؟» نەمامێکی تازە، لەوە دەچوو لەسەر دڵی دارە سووتاوەکە ڕوابێ، بەڵام بستێک بەولاوەتر بوو. نەمامێکی ساوای شۆخ. یەکێک لە بنیدا ڕاکشابوو جووتێک کڵاشی ژێر سەر نابوو ئەژنۆی بەسکیەوە نووساندبوو. وەک منداڵێک دەچوو لە سکی دایکیدا. وسووئاغا بە ئاگای کردەوە کابرا هەستا و تۆزی لە خۆی سڕی. پیرێکی ڕیش کلوو بەفری نێوچاوان ڕوون بە دەم زەردەخەنەیەکەوە کە بە خەوتوویش لەسەر لێوی بوو، گوتی: «هاتنەوە؟ بەخێر بێنەوە.»)) (نەهایی،٢٠١٩: ٢٨)، لەم نمونەیەدا درک بە دوو تۆنی جیاواز دەکرێت، لەبەشی یەکەمی نمونەکەدا تا پێش دەربڕینی (ئەی ئەوەچییە؟) درک بە هەستی خەم و بێ تاقەتی دەکرێت، چونکە وسووئاغا خێزانەکەی گەڕاونەتەوە سەر ماڵە سوتێنراو و ڕوخێنراوەکەیان، تۆنێک لە چۆنێتی گواستنەوەی ئەو دیمەنانەوە بە خوێنەر دەگات (بێ هیوا و ڕەشبینانە)یە، چونکە گەڕاونەتەوە سەر ماڵ و شارێکی وێرانە، کە هیچ سیمایەکی ژیانکردنی

تێدا نابینرێت، بەڵام لە ناکاو نوسەر تۆنگۆڕکێیەکی ئەنجامداوە تۆنەکە لە خەمگینیەوە دەگۆڕێت بۆ خۆشی، بەشێوەیەکە خوێنەر، دەتوانێت درک بەم گواستنەوەیە بکات لە هەستی نەرێنیبوونەوە بۆ هەستی ئەرێنیبوون؛ هەربۆیە لەبەشی دووەمی نمونەکەدا درک بە هەستی خۆشحاڵی دەکرێت، چونکە بە پێچەوانەی بەشی یەکەمەوە دەرکەوتنی نەمامە تووێک لە نزیک دار تووە سوتاوەکە و کەسێک لەو دۆخەدا گوزارشت لە دەستپێکردنەوەی ژیان دەکەن، بەمەیش تۆنەکە دەگۆڕێت خودی ئەم گۆڕانەیش لە ڕێگەی دەستەواژەی پرسیاری (ئەی ئەوە چییە؟) ئەنجامدراوە، کە بە تۆنگۆڕکێی لەناکاو (Suddenly shift tone) دەناسرێت. ئەوەی لەم تۆنگۆڕکێیەدا تێبینی دەکرێت، ڕەوتی چیرۆک لە هەمان (شوێنکات)دایە، واتە کات و شوێن نەگۆڕاون، بەڵام تۆن لە ڕووی جۆرییەوە گۆڕاوە، هەر وەک لە شیکردنەوەکەدا بەدیارکەوت، تەنانەت درک بە جیاوازی پلەی هەست گۆڕکێکانیش دەکرێت، لە تۆنێکەوە بۆ تۆنێکی تر، بەمشێوەیە دەکرێت لە هەمان شوێنکاتی چیرۆکەکەدا هەست بە چەندین تۆنی جیاواز بکرێت، چونکە تۆن وێنانوێنی باری دەروونی نێرەرەکەیەتی، هەربۆیە هەرکەسێتییەک لەم ڕۆمانەدا خاوەن سەربەخۆیەکی ئەوتۆیە لە کەسایەتیدا گوزارشت لە بار و هەست و هەڵوێستەکانی خۆی دەکات.

بۆ وێنە: ((«خەمتان نەبێ، ڕۆژی خۆشمان لەبەرە.» ئەو دەیگوت و لاس دەیقۆستەوە. وسووئاغابە بێ باوەڕییەوە سەری لێ ڕادەوەشاندن دایە گوڵێ دڵنیا بوو «کەڵەکی کورد سەر ناگرێ...» خانزاد لە هەموویان پەرۆشتر، لەبەر خۆیەوە دەیگوت: «بە ئێمە چی کێ حکومەت دەکا.»)) (نەهایی، ٢٠١٩: ٧٨)، گەر بە وردی سەرنج لە نموونەکە بدرێت هەست بەجیاوازی تۆنەکان دەکرێت، لە نێوان قسەکەرەکاندا، تۆنگەلێک لە قسەکانی بارام و لاس دا خۆیان دەنوێنن، گەشبین و ئەرێنیین، بە ڕادەیەک درک بە هەستی خۆشحاڵی و دڵنیایی دەکرێت لە تۆنی دەربڕینەکانی بارام دا، کە دەربارەی ئایندەی شۆڕش و دامەزراندنی دەستەڵاتێکی کوردییە، بەڵام نوسەر لە هەمان شوێن کاتی گفتوگۆکەدا دوو تۆنگۆڕکێ ئەنجامدەدات، سەبارەت بە هەمان تەوەر، بەڵام جیاواز و پێچەوانەی ئەو تۆنەی، کە بارام و لاس بەکاریانهێناوە؛ لە کاتێکدا (وسووئاغا، دایە گوڵێ، خانزاد) ڕاستەوخۆ بەشدار نەبوون لە گفتوگۆکەدا، بەڵام نوسەر لەڕێگەی تەکنیکی تۆنگۆڕکێیەوە توانیویەتی باری هەست و هەڵوێستی هەریەک لەو کەسێتیانە بنوێنێت، بەشێوەیەک لە قسەکانی بارام و لاسەوە تۆنگۆڕکێی یەکەم ڕوودەدات بۆ وسووئاغا و دایە گوڵێ لێرەدا هەستێک وسووئاغا دەینوێنێت بێ متمانەی و نادڵنیاییە، کە لە ڕێگەی زمانی ئاماژە نوسەر توانیویەتی ئەم تۆنگۆڕکێیە ئەنجام بدات؛ لە هەمان کاتدا دایە گوڵێ بە دڵنیاییەوە هەڵوێستەکەی وسووئاغای هاوسەری دەسەلمێنێت، بەشێوەیەک لە تۆنی دەربڕینەکەی دایەگوڵێ دا (کەڵەکی کورد سەر ناگرێ) هەست و هەڵوێستی پێچەوانەیان لە ئاستی گومانەوە بەرز دەبێتەوە بۆ ئاستی دڵنیایی؛ هەربۆیە لە هەمان تۆنگۆڕکێدا درک بە جیاوازی بڕ و

ڕێژەی هەست و هەڵوێست دەکرێت، لە نێوان وسووئاغا- دایە گوڵێ دا، کەچی لە تۆنی دەربڕینەکەی (خانزاد)دا، کە دەڵێت: («بە ئێمە چی کێ حکومەت دەکا.»)، بەتەواوی ئەو پەرۆشی و خەمخۆرییەی لە تۆنەکانی (بارام، لاس، وسووئاغا، دایەگوڵێ)دا هەستی پێدەکرێت وەک ڕایەڵێکی هاوبەش لە نێوانیاندا، سەبارەت بە ئیدارەدانی وڵات فەرامۆش دەبێت، بە مەیش هەڵوێستێک لە تۆنی (خانزاد)دا بەدیاردەکەوێت، بە گرنگ نەگرتنی بابەتی تەوەری گفتوگۆکەیە، بەمشێوەیە هەروەک لە شیکردنەوەکاندا بەدیارکەوت لەم نموونەیەدا، چەند تۆنگۆڕکێیەک ئەنجامدراوە، کە بەهۆی هەریەک لەو تۆنگۆڕکێیانەوە نوسەر توانیویەتی بارو هەست و هەڵوێستی هەریەک لە کەسێتییەکان بخاتەڕوو؛ هاوکات پاشخانی ڕۆشنبیری و ئاستی هۆشیاریان سەبارەت بە تەوەری بەرباس نیشانبدات، بەڕادەیەک خوێنەر چێژی ئیستاتیکی و مەعریفی لێ بەرێت، بەشێوەیەک بتوانێت درک بە ڕوانگەی زەینیی و دەروونیی کەسێتییەکان بکات هەستی لایەنگری، یان دژایەتی خۆی لە ئاستییان لە بەرامبەردا نیشانبدات.

.

## ٢-٢/٣) تەکنیکەکانی تۆنگۆڕکێ لە ڕۆمانی باڵندەکانی دەم با دا

باڵندەکانی دەم با یەکێکی ترە لە ڕۆمانەکانی نوسەر (عەتا نەهایی)، کە تەکنیک و هونەرکاری نوسەری پێوە دیارە، چونکە لەم ڕۆمانەدا زیاد لە چەند چیرۆکێک ئامادەیە، کە هاوتەریب پێکەوە دەڕۆن، تەنانەت گێڕەرەوەی هەر چیرۆکێک تایبەتمەندی و سەربەخۆیی خۆی هەیە، لە ڕووی کەسایەتی و جۆری کەسێتییەوە، هەربۆیە لەم ڕۆمانەدا بەر چەندین جۆری تەکنیکی تۆنگۆڕکێ دەکەوین، کە بەهۆیانەوە خوێنەر دەتوانێت باشتر پەی بەو گۆڕانە ناوەکییانە ببات، کە لە دەروونی هەر کەسێتییەک ڕوودەدەن؛ هاوکات ئیستاتیکایەکی یەکجار سەرنج ڕاکێش و بەچێژ لە بەرهەمەکەدا دروستکردووە، بەڕادەیەک خوێنەر دەرگیر و کەمەنکێشی خۆی بکات، لەم سۆنگەیەوە گەر بە وردی سەرنج لەم ڕۆمانە بدرێت، هەست بەو جوانیناسییەی گێڕانەوە دەکرێت، کە تەکنیکەکانی تۆنگۆڕکێ بەتایبەت ڕۆڵیان بینیوە لە بەرجەستەکردن و نواندنیدا. بۆ وێنە: ((ئەو مژێکی قووڵی لە جگەرەکەی دا و نیگای چاوەڕوانی بەسەرەولێژی شەقامەکەدا شۆڕکردەوە. چاوەڕوان؟ لەیلای لە خوار شەقامەکە دی. گورج و خێرا دەهات. دەتگوت کەسێکی بە شوێنەوەیە. وەک ئەفسانە کە گورج و خێرادەهات و ئەو دەیزانی ناسری بەشوێنەوە بووە. ناسری کە سوار پژۆیەکی سەوزی مودێل باڵا دەبوو، جاروبارەیش لە کۆشکی لاوان تاری دەژەند...)) (نەهایی،٢٠١٩: ١٥٧-١٥٨)، بە سەرنجدان لە نمونەکە درک بە تۆنگۆڕکێکان و چۆنێتی ئەو گواستنەوە و گۆڕینانە دەکرێت، کە بەسەر هەست و هەڵوێستی قسەکەرەکاندا دێت، لەبەشی یەکەمی نموونەکە تا پێش وشەی(وەک) هەستی ترس و نامۆیی و

گومانکردن دەگەیەنێت، تۆنێک لەم بەشەدا خۆی فۆرمەلە دەکات، تۆنی (ترس و تۆقین)ە، بەڵام هەڵوێستێک ئەم تۆنە نواندویەتی مەزەندە و گریمانەکاری تێدایە، نەک دڵنیایی، کە دەربارەی ڕەوشی هاتنەکەی (لەیلای تلووعی)یە بۆ لای میهرەبان لە پارکی گەورەی شار، بەڵام لە دوای وشەی (وەک سەرنج لە دەقەکە بدرێت، تا وشەی (بە شوێنەوە بووە) هەمان بابەتە ئاماژە بۆ ڕەوشی ژیانی خانمان دەکات، کە لەلایەن کەسانی ترەوە بەتایبەت لە لایەن پیاوانەوە هەراسان دەکرێن. تۆنێک لەم بەشەی نمونەکەدا بەدیاردەکەوێت، تۆنی ترس و هەراسان کردنە، بەڵام پلەی هەستی ترسانەکە ئاستی گریمانەیی تێدەپەڕێنێت، دەچێتە پلەی دڵنیاییەوە، چونکە کرداری (دەیزانی) ئەو ڕاستییە دەگەیەنێت هەستی ترساندنەکەی لە حەقیقەتەوە سەرچاوەی گرتووە، نەک وەهم؛ بەڵام لە بەشی سێیەمی نمونەکەوە دیسان تۆنگۆڕکێیەکی تر ڕوودەدات، دەربارەی کەسێتێکی تر بە ناوی (ناسری) تۆنێگەلێک لەم بەشەدا بە دیاردەکەوێت، تۆنی گێڕانەوەیە، کە هەستی  خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی و هەستی ئیرەیی پێبردن لە لایەن ئەوانی ترەوە دەنوێنێت؛ هەربۆیە لەم بەشەی نموونەکەدا هاوشێوەی تۆنەکەی باس و تەوەرکەیش گۆڕاون، هەڵبەت ئەم تۆنگۆڕکێیانە لەلایەک بکێشی (Drama) دەدات بە چیرۆکەکانی ڕۆمانەکە، لە لایەکی تریشەوە هەمەڕەنگی و چێژێکی جوانیناسی لە دەقەکەدا دەهێنێتەبوون.

لەو نموونەیەدا دوو تۆنگۆڕکێ نیشاندرا تۆنگۆڕکێی یەکەم لە ڕێگەی وشەی (وەک) ئەنجامدراوە ئەم تۆنگۆڕکێیە بە تۆنگۆڕکێی هاوشێوەکردن دەناسرێت، بەڵام تۆنگۆڕکێی دووهەم بە تۆنگۆڕکێی بە تەوەرەییکردن دەناسرێت، چونکە ناوی ناسری لەسەرەتای تۆنگۆڕکێکەوە بەکارهێنراوەتەوە، بەمشێوەیە ڕەوتی حیکایەت لە کردەی بە چیرۆک کردندا دەچێتە سەر چیرۆکی (ناسری و ئەفسانە)؛ هاوکات شوێنکاتی چێرۆکەکە دەگۆڕێت بۆ ڕابردوو، لە ڕێگەی یادەوەری  گێڕەرەوەی دووهەم لەم ڕۆمانەدا، کە میهرەبانە، بەمشێوەیە تەکنیکی فلاش باکیش(Flashback) دەکەوێتە سنوری تەکنیکی تۆنگۆڕکێیەوە، بەڵام مەرج نییە لە هەر تۆنگۆڕکێیەکدا  فلاشباک بەدیار بکەوێت بۆ وێنە: ((بارام دەیگوت:« میوانی من دەبن.  بەیانی زوو گۆشت و برینج و کەلوپەلی پێویست دەکڕم و دوانیوەڕۆش خێزانم دەچێ خواردنێکی خۆشمان بۆ ساز دەکا.» مونیرە گوتی: «نا، براژن بەتەنها پێڕاناگا. من و ڕووناک دەچین و ...» ئەو ملی نەدا. گوتی: «میوانی منن. کەواتە ...» هەموویان پێکەنین: « بڵێی ئەوەندە ئازا بی و خواردنی ئەو عالەمەت پێ ساز بکردرێ؟!»  ئەو گوتی: « لە ڕستووران بۆتان دێنم. پێم خۆشە نمەکی منیش بکەن.» ئەوان ڕازی نەدەبوون. دەیانگوت: «عەیبە...داوەشانە...» مێردی مونیرە گوتی: «عەیب ئەوەیە قۆڵی لێ هەڵنامالن و ژنێکی بۆ نەهێنن، عەیب ئەوەیە چۆن هاتووەتەوە هەرواش...» مونیرە نەیهێشت بڵێ هەرواش بگەڕێتەوە. ناچار گوتی: «هەرواش بمێنێتەوە.»)) (نەهایی،٢٠١٩: ١٦٧)، لەو نموونەیەدا چەند تۆنگۆڕکێیەکی جیاواز بەدیارکەوتوە،

بەشێوەیەک هەریەک لەو تۆنگۆڕکێیانە باری هەست و هەڵوێستی قسەکەرەکەی دەنوێنێت. لە دەربڕینەکانی بارام دا، کە دەڵێت: (لە ڕستووران بۆتان دێنم. پێم خۆشە نمەکی منیش بکەن.) درک بە هەستی خۆبردنە پێشەوە و خۆ باش نیشاندان لافی برا گەورەیەتی دەکرێت، بەسەر ئەوانی تردا، بەڵام دوڕدۆنگ و نیگەرانە لە چۆنێتی گەیاندنی هەڵوێستەکەیدا، چونکە ئەوە لە خۆی و خێزانەکەی ڕانابینێت، بۆیە دەربڕاوی (پێم خۆشە نمەکی منیش بکەن) بەکارهێناوە، کە بە وردی هەستی درۆزنانەی ئەم کەسێتییە نیشاندەدات؛ هاوکات لافی گەورەیی و دەوڵەمەندی لێدەدات، بەوەی کە دەڵێت: (لە ڕستووران بۆتان دێنم)، بەشێوەیەک درک بە هەستی شارنیشینیش لە هەڵوێستیدا دەکرێت، پاش هەڵوێستەکەی بارام تۆنگۆڕکێ دەکات بەدەربڕینی (ئەوان ڕازی نەدەبوون) بۆ تۆنی تر، بەبێ ئەوەی تەوەری باسەکە بگۆڕێت، کە (بانگخوان کردن)ی خێزانییە لە لایەن بارامەوە، بەڵام کەسێتییەکان دەگۆڕێن هەڵوێستی پێچەوانەیشان نیشانداوە بەڕادەیەک سەرسام و بێ متمانەن لە بارام و هەڵوێستەکەی دەڕوانن، هەروەها هەستی بە خۆدا شکانەوە غیرەتمەندی لە تۆنی خوشکەکانی بارامدا هەستی پێدەکرێت، کە دەڵێن: (عەیبە...داوەشانە...) هەستی پەرۆشی و بە خەمەوە بوونی خوشکانە بەرامبەر بە بارامی برایان نیشاندەدا، کە هەستێکی تەواو ئەرێنی و دڵسۆزانە و کوردەوارییانەیە. تۆنەکەیش دەگۆڕێت بۆ تۆنی خاکەڕایی و خوشکانەیە، کە وەک تایبەتمەندییەکی کەینونەی مێیینە، ڕۆماننوس لە پنت بە پنتی ئەم بەرهەمانەیدا، توانیویەتی بە پارێزگارییەوە بینوێنێت، دەکرێت وەک خاڵی بەهێز و تایبەتمەندی ئەم نوسەرە سەرنج بدرێت.

بەڵام لە تۆنگۆڕکێی دووەمدا، بەتەواوی تەوەری باسەکە دەگۆڕێت، لە بابەتی بانگخوان کردنەکەی (بارامە)وە بۆ بابەتی ژنهێنانەکەی میهرەبان، هاوکات باری هەست و هەڵوێست و خودی قسەکەرەکەیش دەگۆڕێن، قسەکەر دەبێتە هاوسەری مونیرەی خوشکیان باری هەستەکی دەربڕینەکانیشی بە تەنگەوە بوون و پەرۆشی دەنوێنێت، بەرامبەر بە میهرەبانی ژن برای، هەروەها تۆنەکەیش دەگۆڕێت بۆ تۆنی بیر هێنانەوە ئاگادار کردنەوە و سەرکۆنەکردن، کە کردەی تۆنگۆڕکێکە بە دووبارەکردنەوەی وشەی (عەیب) ئەنجامدراوە، بەمشێوەیە هاوسەرەکەی مونیرە لە ساتەوەختی گفتوگۆکەدا لە دەمی هاوسەرەکەی، کە مونیرە وەریدەگرێت و کردەی تۆنگۆڕکێکە دروست دەبێت کە بە (تۆنگۆڕکێی تەوەریی) ناسراوە، بە بێ ئەوەی شوێنکاتی چیرۆکەکە بگۆڕێت، بەمشێوەیە تەکنیکەکانی تۆنگۆڕکێ ئەو توانایە دەدەنە (نوسەر) بابەت و مەبەستی جیاواز لە بەرهەمەکەیدا بهێنێتە بوون، کە لەڕێگەیانەوە هەستی هەژاندن و ورژاندن لە دەروونی خو ێنەردا دروست دەکەن، کە خۆی لە لایەنگری و هاو خەمی کردنی خوێنەر، یان ڕق لێبوونەوە دوژمنایەتی کردنی بۆ ئەو کەسێتییە دەبینێتەوە لێرەوە خوێنەر دەبێتە بەشدارێکی ڕاستەوخۆی هەڵهێنجان و بەرهەمهێنانی بیر و واتا لە پێکهاتەی دەقدا، چونکە نوسەر دەتوانێت لەڕێگەی تەکنیکەکانی تۆنگۆڕکێیەوە، بە وردی گوزارشت لە

باره هەستەکیی و سۆزەکیی و دەروونیی و زەینییەکانی کەسێتییەکانی ناو بەرهەمەکەی بکات، بەمشێوەیە نوسەر دەرفەتی چوونە ناو زەین و دەروونی وەرگر( خوێنەر)ی بۆ دەڕخسێت، کە وەک هەبوویەکی ئامادە لە سنوری دەقدا مامەڵەی دەکات. تەکنیکی تۆنگۆڕکێ هێندە ورد و تێکچڕژاوی فرە جۆر و فرە ڕەهەندە، لە چۆنێتی نواندنی هەستە جیاواز و گۆڕاوەکانی هەر کەسێتییەکدا، لەم سۆنگەیەوە دەکرێت گریمانەی بابەتگەلی وردتر و قوڵتر و فرە ڕەهەند تر بکرێت، کە بەهۆی ئەم تەکنیکە هونەرییەوە دەنوێنرێن و بەرجەستە دەکرێن، لە پێکهاتەی دەقدا؛ هەربۆیە دەکرێت لە سنووری یەک (تۆنی بنجی)دا (Pure tone) لەهەمان تەوەر و بابەت دا درک بە جیاوازی باری هەست و هەڵوێستی قسەکەرەکان (کەسێتییەکان) بکرێت.

بەمشێوەیە لە سنوری یەک تۆنی بنجیدا ئەم هەست گۆڕکێیانە ڕوودەدەن، بەڕادەیەک دەکرێت بەپێی ڕێژەی بەرزی یا نزمی هەستی نوێنراو لە کردەی هەست گۆڕکێکەدا تۆنی بنجی نێرەر بە ئاڕاستەی سنوورەتۆنی تر بگۆڕێت، بۆ وێنە: ((هەستی بە برسیایەتی کرد. ڕۆشتە ئاشپەزخانە. دەرکی یەخچاڵەکەی کردەوە و لە شتێک گە ڕا کە بیخوا. بەدرێژایی ئەم هەموو ساڵە لە شتێک گەڕابوو بیخوا. لە هەر کوێ بوو، لە شاخ، لە عێراق، لە تورکیا... تەنانەت لە ئورووپاش... مونیرە دەیگوت: « خوشکت بمرێ، کەواتە لەم هەموو ساڵەدا کەس نەبووە پیاڵەیەک چاییت بۆ دەم کا و پاروویەک نانت بۆ ساز کا؟»)) (نەهایی،٢٠١٩: ٣٠-٣١)، گەر بەگشتی سەرنج لەو نمونەیە بدرێت درک بە تۆنی(ڕوونکردنەوە و بەخەمەوەبوون) دەکرێت لە تۆنی دەربڕینەکانی دوو کەسێتی جیاوازدا، لە تۆنی دەربڕینەکانی قسەکەری یەکەمدا، کە گێڕەرەوەی چیرۆکی میهرەبانە هەست بە تۆنی ڕوونکردنەوە و بە خەمەوە بوون دەکرێت، بەڵام بڕ و ڕێژەی بەخەمەوە بوونەکە کز و لاواز دەنوێنێت، بەڕادەیەک زیاتر بابەتیانە و بێ لایەنەنانە نیشاندراوە، چونکە دەربڕینەکانی گوزارشت لە(تۆنی فەرمی)دەکات، ئەگەرچی لە دەربڕینەکانی ئەم قسەکەرەیشدا درک بە ئاوەرایی و دەربەدەربوونی میهرەبان دەکرێت؛

سەرنجی خوێنەر بۆ وێناکردنی ڕەوشی ژیانی ئەم کەسێتییە ڕادەکێشێت، بەڵام گەر پلەی پەرۆشبوونی ئەم هەست دەربڕە لە هەمان تەوەر و جۆری تۆندا، بەراورد بکرێت بە بڕو ڕێژەی پەرۆشبوونی هەست دەربڕی دووهەم، کە مونیرەیە یەکجار لاواز و بابەتیانە دەردەکەوێت، بەڵام لە تۆنی دەربڕینەکانی مونیرەدا هەست بە پەرۆشی و بە خەمەوەبوونێکی زۆر دەکرێت، سەبارەت بە خراپی ڕەوشی ژیانی میهرەبان، بە ڕادەیەک پلەی پەرۆشی مونیرە دڵسۆزی و دڵ پێ سوتانیشی تێدایە، کە هەستێکی بەرزی مرۆییە؛ هاوکات تایبەتمەندی ئەم کەسێتییە و کەسایەتیشی نیشاندەدات، وەک خانمێک ئەم هەستی بە خەمەوە بوونە تایبەتمەندییەکی کەینونەی (مێینە)یە، چونکە لەنمونەکەدا بە ئاشکرا هەست بە جیاوازی دڵ پێ سووتان، بۆ کەسێتی میهرەبان لە دەربڕینەکانی ئەو دوو

کەسێتییەدا دەکرێت، بەڵام لە دەربڕینەکانی مونیرەدا کە دەڵێت: (خوشکت بمرێ، کەواتە لەم هەموو ساڵەدا کەس نەبووە پیاڵەیەک چاییت بۆ دەم کا و پارووییەک نانت بۆ ساز کا؟) پلەی پەرۆشی و هەست دەربڕینەکە دەگاتە ئاستی خۆبەخت کردن وەک خوشکێک (مێینەیەک) درک بە ئەو هەموو نەهامەتییانە دەکات، کە بەسەر براکەیدا هاتووە لە تاراوگەدا، تۆنەکەیش دەگۆڕێت لە فەرمییەوە بۆ نا فەرمی، چونکە پەیوەندییەکە لە پەیوەندییەکی فەرمییەوە گۆڕاوە بۆ پەیوەندییەکی نا فەرمی، هەربۆیە هەستی دڵسۆزی و بە خەمەوەبوونی خۆی نیشاندەدات، بەشێوەیەک خوێنەر درک بە ئەم جیاوازیانە دەکات و چێژ و بەهرەیشی لێ وەردەگرێت؛ هاوکات لە ئاستێکی قووڵدا گریمانەی ئەوە دەکرێت نوسەر مەبەستی بووبێت پرسی ڕەخنەکردنی ئەو کلتوورە لای خوێنەر بووروژێنێت، کە خانمان وەک هۆکاری خزمەتگوزاری بۆ پیاوان دەزانێت، بەمشێوەیە لەو تۆنگۆڕکێیەدا درک بە هەست گۆڕکێکانیش دەکرێت، ئەمەیش هەمەڕەنگیەک دەدات بە بەرهەمەکە و خوێنەر کەمەنکێشی خوێندنەوەی خۆی دەکات.

## ٣-٢/٣) تەکنیکەکانی تۆنگۆڕکێ لە ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵەدا

بەراورد بە دوو ڕۆمانەکەی پێشوو لەم ڕۆمانەدا وردتر و قووڵتر فرە ڕەهەند تر، تەکنیکەکانی تۆنگۆڕکێ بەکارهێنراون، چونکە ڕۆماننوس سەرکەوتووانە توانیویەتی لەم بەرهەمەیدا لە چۆنێتی بەکارهێنانی ئەم تەکنیکەدا، بەرەوپێشچوونی باش بەخۆوەوە ببینێت و بە لوتکە بگات، چونکە لەم ڕۆمانەدا لە هەناوی تۆنگۆڕکێکاندا درک  بە چەند تەکنیکێکی تر دەکرێت، لەوانە: (فۆڕشادوینگ، فلاشباک، مونتاژ شوێن...تد)، مەبەست لە فلاشباک ئەوەیە: ((پاڵەوان دەگەڕێتەوە بۆ ناو سنووری کەسێتی خۆی و لەڕێگای فلاشباکەوە ڕووناکی دەخاتە سەرباری زاتی خۆی واتە شێوازی گێڕانەوە لە گێڕانەوەی مەوزوعیەوە دەبێتە گێڕانەوەی زاتی)) (قەرەداخی،٢٠٠٨: ٢٣)، بەڵام فۆڕشادوینگ: ((تەکنیکێکی گرنگی ئەدەبییە، کە نوسەر دەتوانێت بەکاربهێنێت، بۆ دروستکردن و بونیاتنانی توانای پێشبینیکردن لە زەینیی خوێنەردا، تا لە لەکردەی خوێندنەوەی بەرهەمەکە بەردەوام بێت، چونکە پێشبینیکردن وەک ئامرازێکی ئەدەبیی بەکاردەهێنرێت، بۆ ئاماژەدان بە ڕووداو و پێشهاتەکان، کە دواتر لە بەشەکانی تری بەرهەمەکەدا ڕوودەدەن.)) (MasterClass, 2021: Online)، کە تەکنیکەکانی تۆنگۆڕکێیان تێکچڕژاو فرە ڕەهەندتر کردووە، بەڕادەیەک دەتوانرێت درک بە باری هەست و هەڵوێستی هەر کەسێتییەک بکرێت و پەیوەست بکرێتەوە بە ڕەهەندە کلتووریی و مێژوویی و ئەو هەلو مەرجانەی، کە ڕۆڵ دەبینن لە پێکهێنان و فۆرمەلەکردنی ئەو جۆرە هەست و هەڵوێستانەدا، بەمشێوەیە خوێنەر دەتوانێت هەست بەو هەڵوێستە  جیاوازانە بکات، بێ ئەوەی

درێژبڕی و زیادەگۆیەکی ئەوتۆ کرابێت، خوێنەر لە تەوەر و بابەتی بنەڕەتی ڕۆمانەکە دوور بخاتەوە، چونکە نوسەر لە داڕشتەی ئەم ڕۆمانەدا، کورد بڕی و وێنا کردنی هونەریی وردی ئەنجامداوە، کە درک بە تەکنیکی ئابووری کردن و دەست پێوەگرتن لە چۆنێتی بەکارهێنانی دانە زمانییەکاندا دەکرێت، هەربۆیە کردەی پاڵفتەکردنی تەوەر و بابەت و ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ئەم ڕۆمانە بەشێوەیەکی هونەری ئەمجامدراوە.

بۆ وێنە: ((... کە ئێوارە دەبوو هەڵاڵە دڵی تەنگ دەبوو، یان کە دڵی تەنگ بوایە ئێوارەبوو. ئەم وڵاتە ئێوارەی مەعلوومەی نییە. بە پێچەوانەی کوردستان. ئەوێ ئێوارەی بوو، ئێوارانی دڵ تەنگ، ئەو کاتە کە خۆر لە کۆتایی نیوە سووری ڕۆژانەیدا ماندوو و هیلاک دەگەیشتە لووتکەی شاخەکان، گەورەتر و دیارتر لە ساتەکانی لەوەبەر، لە پشت هەورە تەنکەکانەوە ڕۆشناییەکی زەعفەرانی ڕەنگی پێدا دەپژاندن.)) (نەهایی،٢٠١٩: ١٤)، لەو نموونەیەدا لەسەر زاری گێڕەرەوە درک بە دوو هەستی جیاواز دەکرێت، لە دەروونی هەڵاڵەدا، کە جیاوازی ئاو و هەوا هۆکار و کارتێکەری دەروونی ئەم کەسێتییە بۆ نیشاندانی ئەو هەستە جیاوازانە. ((لە چیرۆکی کلاسیکدا هێندە گرینگی بە وەسفی کەش و هەوا دراوە، هێندە گرینگی بە بنیادی کەش و هەوا وەکو لایەنێکی ئێستێتیکی نەدراوە. ئەگەر وەسفەکان لاببەین، یان کورتیان بکەینەوە، ئەوا کاریگەری ناکاتە سەر لایەنی هونەری چیرۆکەکە، چونکە وەکو شتێکی لاوەکی وەسفەکە کراوە. لە چیرۆکی مۆدێرندا بەشێوەیەکی دیکە مامەڵەی لەگەڵ کراوە، چونکە لێرەدا وەها تەماشای کەشو هەوا کراوە، کە کاریگەریان لەسەر ژیانی ئێمە هەیە. کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر دەروونی کارەکتەر هەیە.)) (حەمە مەنتک،٢٠١٨: ٥٦-٥٧) ئاشکرایە لەم ڕۆمانەدا بەهۆی شێوازە دراماتیکییەکەیەوە کەش و هەوا و دیاردە سروشتییەکان، سەرەڕای واتای سروشتیان مەبەستی تریش دەگەیەنن؛

وەک لە نمونەکەدا بە دیارکەوتووە لە ڕێگەی خستنەڕووی ئاو و هەوای وڵاتی سویدەوە، کە کەشێکی کەئیبی هەیە، نوسەر توانیویەتی گوزارشت لە ڕەوشی نا هەمواری هەڵاڵە بکات، بە ڕادەیەک وێنای ڕەوشی دەروونی ئەم کەسێتییە بکات، کە لە چ بارێکی نەرێنی و دڵ گیراندایە ؛ هاوکات پەیوەستی کردۆتەوە بەو کەشە کەئیبییەی وڵاتانی قوتبی باکوور (ئەسکەندەنافی)هەیانە؛ هەربۆیە هەڵاڵە وەک ڕۆژهەڵاتییەکی نیشتەجێی لە وڵاتی سوید ئاشنا بە دیمەنی دڵگیر و دڵڕفێنی ساتەوەختەکانی خۆر نشین نامۆ و بێزار دەبینرێت، بۆیە دەکەوێتە یادی دیمەنی خۆرنیشنی نیشتمانەکەی، بەشێوەیەک لە ڕێگەی یادەوەرییەوە وێنای دیمەنی خۆرنیشینی کوردستان دەکات، بەڕادەیەک باشتر و خۆشتر دەینرخێنێت و ئارەزووی بینینەوەی زەردەپەڕی ئێوارانی ئەوێ دەکات؛ نوسەر بۆ وێناکردنی هەستی تامەزرۆیی ئەم کەسێتییە لە تابلۆیەکی هونەریی و ئەدەبیی بەرزدا گرتەی دیمەنی خۆرنشینی ئێوارانی

کوردستان  چرکاندووە؛ لەم سۆنگەیەوە خوێنەر دەتوانێت لەهەمان ساتدا درک بە دوو هەستی جیاواز بکات لە دوو کیشوەر و وڵاتی جیاوازدا. تۆنێک لەنموونەکەدا بە دیارکەوتووە تا پێش وشەی(بە پێچەوانەی کەئیبی)یە، بەڵام لە دوای وشەی (بەپێچەوانەی) تۆنێکی تر خۆی وێنا دەکات، کە (تۆنی ئەرێنی و خۆش بینی)یە، چونکە هەڵوێستی نرخاندن و وابەستەیی و تامەزرۆیی هەڵاڵە بۆ کوردستان نیشاندەدات، کە هەستێکی سروشتی هەر بونەوەرێکە وەک هەستی زادگە وابەستەی تامەزرۆیی لە تاکی دوورکەوتوودا دروست دەکات، بەشێوەیەک کاریگەری لەسەر ڕەوشی ژیانی دادەنێت، لێرەوە گریمانەی ئەوە دەکرێت نوسەر بەمەبەست پرسی ڕەوشی دەروون و ژیانی تاکی پەنابەر لای خوێنەر بووروژێنێت؛ هاوکات کردەی تۆنگۆڕکێکە لە ڕێگەی دەربڕاوی(بە پێچەوانەی) ئەنجامدراوە، کە بە تۆنگۆڕکێیەکی دژبەری دەناسرێت. لە سنووری ئەم تۆنگۆڕکێیەدا تەکنیکێکی تر بەدیارکەوتووە، ئەویش تەکنیکی (مونتاژی شوێن)ە ((بریتییەلە گۆڕانی شوێن لە کاتێکی جێگیردا)) (محەمەد،٢٠٠٦: ١٧٧)، بەمشێوەیە لە سنووری ئەم تۆنگۆڕکێیەدا تەکنیکی مونتاژی شوێن بەکارهێنراوە، بەڵام مەرج نییە لە هەر تۆنگۆرکێکدا مونتاژی شوێن بە دیاربکەوێت، کەواتە تەکنیکی تۆنگۆڕکێ گشتگیرتر و فرە ڕەهەندترە، بۆیە دەکرێت چەندین تەکنیکی تری هونەریی و ئەدەبیی لە هەناوی ئەم تەکنیکەدا بەدیار بکەون.

بۆ وێنە: ((دەیگوت: « من تێناگەم تۆ چۆن دڵت دێ لێرە و لەوێ بە خراپ باسی حیزبە کوردییەکان و هەڵوێستە سیاسییەکانیان دەکەیت.» دەیگوت: « ئێمە هەرچیمان هەیە لەسایەی ئەو حیزبانەوە هەمانە.» «ئێمە چیمان هەیە شێرزاد؟» هەڵاڵە پێدەکەنی. وەک هەمیشە کە پێدەکەنی و شێرزاد پێی پەست دەبوو.)) (نەهایی،٢٠١٩: ٦٤) لەو نموونەیەدا تۆنگۆڕکێیەک دەبینرێت، لە تۆنی دەربڕینەکانی شێرزادەوە بۆ تۆنی دەربڕینەکانی هەڵاڵە دەگۆڕێت؛ ئەو نموونەیە دەقی مشتومڕی ژن و پیاوێکی کوردی نیشتەجێی وڵاتی سویدە، لە هەمان شوێنکاتی چیرۆکەکەدا تۆنگۆڕکێکە ڕوویداوە، واتە گۆڕان بەسەر کات و شوێندا نەهاتووە تەنانەت تەوەری گفتوگۆکەیش نەگۆڕاوە، بەڵام هەست بە جیاوازی تۆنی شێرزاد لەگەڵ تۆنێک کە هەڵاڵە بەکاری دەبات دەکرێت، بەشێوەیەک لە تۆنی دەربڕینەکانی شێرزاد دا هەست و هەڵوێستی خۆش باوەڕی هەواداری و سادەیی و ساویلکەیی و هەڵخەڵەتاوی دەبینرێن، چونکە تۆنێکی هەستەکی و نالۆژیکییە، بەڵام لە تۆنی دەربڕینەکەی هەڵاڵەدا درک بە هەڵوێستی واقیعی و لۆژیکی بابەتیانە دەکرێت، بە تایبەت کاتێک بە پرسیارێکی ژیرمەندانە لەسەر بنەمای حەقیقەت نوێنی کە دەڵێت: ( ئێمە چیمان هەیە شێرزاد؟!) مێژووی ئەو حیزبە سیاسییە کوردییانە و حەقیقەت و فەلسەفەی کاریان دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بە ڕادەیەک لە ئاستێکی قووڵدا پرسی ڕەخنەیی لەلای خوێنەر سەبارەت بە چۆنێتی بەگژداچوونەوەی وەهم گەرایی دەورووژێنێت.

لەم ڕۆمانەدا چەندین جۆری تۆنگۆڕکێ بەدیارکەوتووە، کە هەریەک لەو تۆنگۆڕکێیانە بۆ ڕێکخستن و گەیاندنی هەست و هەڵوێستی تایبەت بەکارهێنراوە، بەشێوەیەک تەنیا لە ئاستی هەستگۆڕکێ و تۆنگۆڕکێی نێوان ڕوونادات، بەڵکوو نوسەر سەرکەوتووانە توانیویەتی ئەم تەکنیکە بەکاربهێنێت، لە چۆنێتی گۆڕینی ڕەوتی چیرۆکی ڕۆمانەکە بۆ ڕەوتی حەکایەت پاشان لە حەکایەتیشەوە بۆ چیرۆکەکە، گۆڕینی ئەنجامداوە، کە بە تەکنیکی تۆنگۆڕکێی چیرۆکی دەناسرێت، چونکە لە چەندین شوێنی ئەم ڕۆمانەدا خاڵی هاوبەش و هاوتەریب لە نێوان تەوەر و بابەتی ڕۆمانەکە لەگەڵ تەوەر و بابەتی حەکایەتەکە دەبینرێت، چونکە (( پێکهاتەی ئەم ڕۆمانە لانی کەم لە چەندین ژێر گەلاڵەی خۆیدا، بەپێی بنەمای حەقایەتێکی کۆنی کوردی داڕێژراوە، ئەم تایبەتمەندییە دەمان گەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین رۆمان وەک ژانرێکی نوێ لە خوڕا هەڵنەقولاوە و جۆرە یەکگرتوویەکی لەگەڵ ئەدەب و بەشە فەرهەنگییەکانی تری سەردەمانی ڕابردوودا هەیە)) (سەجادی،٢٠١١: ٧٥)، بەم شێوەیە لەم بەرهەمەدا ئاوێتەکردنێکی هونەری ورد هەیە، لە نێوان حەکایەتی (خاتوو کڵاو زەڕ و میرخوناوک) لەگەڵ تەوەر و تیمەی بنەڕەتی ڕۆمانەکە، بە ڕادەیەک ئەو ئاوێتەکردنە هونەرییە ئەنجامدراوە، وەک بڵێی دوو ڕووی دراوێک بن، چونکە ((ڕۆمان لە خۆڕا و لە بۆشاییدا نەهاتووەتە دی، بەڵکو مێژوویەکی گێڕانەوەیی دەوڵەمەندی لە پشتەوەیە. ئەم ڕوانینە نەک هەر ئاوڕدانەوەیە لەو مێژووە، بەڵکو بە جۆرێک بنیاتنانی ئەدەبی نوێیە لەسەر میراتی ئەدەبیی نەتەوەییمان)) (سەجادی،٢٠١١: ٧٥)، لەم ڕووە لەبەر ڕۆشنایی ئەو حیکایەتە خۆماڵییە نوسەر هەوڵی داڕشتەی تانوپۆی ئەم بەرهەمەی داوە، کە بەرهەمەکەی سەرنجڕاکێشتر و فرە ڕەهەندتر کردووە، بەشێوەیەک لە بەرهەمێکی ئەدەبیی و هونەریی سەردەمییدا، درک بە چێژی دڵڕفێنی حکایەت و سەرگوزشتەی خۆماڵیش دەکرێت، کە خوێنەر سەراسیما  و کەمەنکێشی ئەو هەمەڕەنگییەی دەکات.

بۆ وێنە: ((« هەڵاڵە گوتی: نازانم. ئەوەندە دەزانم کە میرخوناوک پاش ئەوەی دێوەکان دەکوژێ و کانی و سەرچاوەی شارەکەی ڕزگار دەکات، لە پاداشتی ئەو خزمەتەیدا پاشا، خاتوو کڵاوزێڕی کچی خۆی دەداتێ.» سەعید گوتی: «وەک باوکی تۆ کە لە پاداشتی خزمەتەکانی  شێرزادا تۆی داوەتێ.»)) (نەهایی،٢٠١٩: ١٠١) لەو نمونەیەدا هەست بە دوو تۆنی جیاواز دەکرێت، کە لە ڕێگەی (تۆنگۆڕکێی چیرۆکی)یەوە ئەنجامدراوە مەبەست لە تۆنگۆرکێی چیرۆکی ئەو تەکنیکە لە ڕێگەیەوە ڕەوتی گێڕانەوە چیرۆک گۆڕکێ دەکات، واتە لە چیرۆکێکەوە بۆ چیرۆکی تر گواستنەوە ڕوودەدات، هەروەک لەو نمونەیەدا بەدیارکەوتووە، ڕەوتی گێڕانەوە لە حیکایەتی خاتوو کڵاوزەڕ و میرخوناوکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ چیرۆکە هونەرییەکە؛ هاوکات کردەی تۆنگۆڕکێی چیرۆکیش ڕوودەدات، لە تۆنی حیکایەتەوە دەگۆڕێت بۆ تۆنی چیرۆکە هونەرییەکە، ئاشکرایە لە تۆنی حیکایەتدا باس و بەسەرهات و هێزانێک دەردەکەون، سەروو توانای ژیری و مرۆیین، بەمەیش تۆنگەلێک لە ڕەوتی گێڕانەوەی

حیکایەتدا گەلاڵە دەبن، بەتۆنەکانی حیکایەت دەناسرێن، بەڵام لە ڕەوتی گێڕانەوەی چیرۆکی هونەرییدا باس و بەسەرهات و ڕووداو گەلێک نیشاندەدرێن، کە گوزارشت لەمرۆڤ و ژیانی و خواست و ڕوانگە زەینیی و دەروونییەکانی دەکات؛ هەربۆیە تۆنگەلێک لە ڕەوتی گێڕانەوەی چیرۆکی هونەرییدا بەدیار دەکەون، کە بە تۆنی چیرۆکە هونەرییەکان ناسراوە، کەواتە لەم جۆرە تۆنگۆڕکێ چیرۆکییانەدا تۆنگۆڕکێکە تەنیا لە ئاستی چیرۆکییدا نابێت، بەڵکوو لە ئاستی دەربڕینی هەست و هەڵوێستیشدا دەبینرێت. هەستێک لە تۆنی هەلاڵەدا بەدیارکەوتووە، هەستی پڕ چێژی منداڵییە، چونکە درک بەو تێگەیشتن و هەستە منداڵییەی دەکرێت، لە تۆنی گێڕانەوەکەیدا، بەڵام هەست و تێگەیشتنێک لە تۆنی دەربڕینەکەی سەعیدی ڕەحمانییدا بەدیارکەوتووە، هەستی بەراوردکاری و ڕەخنەگرتن و حەسرەت کێشان و توانج لێدانە.

تەکنیکەکانی تۆنگۆڕکێ دەرفەتی پێویست بەشێوەیەکی ورد و هونەریی بۆ نوسەر دەڕەخسێنێت، تا لە کردەی گێڕانەوەدا یارییەکی هونەری لەگەڵ کاتی گێڕانەوەدا بکات، بەڕادەیەک دەکرێت لە کورتە پەرەگرافێکدا هەر سێ دەمە بنەڕەتییەکەی کاتی تێدا دەربکەوێت، بێ ئەوەی کردەی گێڕانەوەکە نالۆژیکیی بکەوێتەوە، چونکە لە ڕێگەی تەکنیکەکانی تۆنگۆڕکێوە هونەرکارییەکی ئەوتۆ دەنوێنرێت، تا ڕادەیەک پێویستی پەیوەستبوون و پێکەوەهاتنی ئەو تەوەر و بابەت و ڕووداو بەسەرهاتانە نیشاندەدات، کە خوێنەر سەرا سیما و کەمەنکێشی ئەو هەمەڕەنگی تێکچڕژانەی دەقەکە دەبێت، بەشێوەیەک دەتوانرێت گریمانەی ئەوە بکرێت هەیەجان و چێژی هونەریی و ئەدەبیی بە خوێنەر ببەخشێت و لە ئاست چاوەڕوانی خوێنەردا بێت بۆ وێنە: ((ئەوسا گوتی: «ئێوە ئێستایش هەر لە فلەمینسبێرگ دەژین؟ ئێستایش لە خانووەکەی جاراندان؟» شێرزاد تا ئەو ڕۆژە هیچی دەربارەی من و حاڵ گوێزانەوەکەم بۆ فلەمینسبێرگ نەبیستبوو. نەیدەزانی کە ماوەیەکە منیش بووم بە دراوسێیان. ئەگەر بیزانیایە... هەلاڵە دەیگوت: « سەعید، تۆ دەڵێی ئەگەر شێرزاد بزانێت بوویت بە دراوسێمان، چی دەکات!؟» «چی دەکات!؟» گوتم: «تۆ ئێستا ژنێکی تەڵاقدراو و سەربەستی. شێرزاد زۆریش شێت بێت لەم ڕاستییە تێدەگات.»)) (نەهایی،٢٠١٩: ٢٦١-٢٦٢) لەم نمونەیەدا هەست بە سێ کاتی جیاواز دەکرێت:

ا. دەمی ڕابردوو لەکاتی گێڕانەوەکە ئەو کاتەیە شێرزاد لە ماڵی مامە فەتاح پرسیار لە هەلاڵە دەکات.

ب. دەمی ئێستای کاتی گێڕانەوەکە سەعیدی ڕەحمانی وەک گێڕەرەوەیەکی ئەم ڕۆمانە ڕوونکردنەوە دەدات.

**پ**. دەمی داهاتووی کاتی گێڕانەوەکە هەلالەیە، ترس و دەردە دڵەکانی بۆ سەعیدی ڕەحمانی دەکات، بەمشێوەیە هەر سێ دەمە جیاوازەکەی کاتی گێڕانەوە هاوشێوەی دەمەکانی کاتی واقیعی بەرجەستەکراون، بەڵام مەبەستدار و پەیامدار کراون، کە بەهۆی تەکنیکەکانی تۆنگۆڕکێیەوە ئەنجامدراون، بەهونەرکارییەکی ئەوتۆ ئەنجامدراون، کە خوێنەر ڕازی دەکەن.

بە هەمانشێوەی کات گۆڕکێی کاتی گێڕانەوە، شوێن گۆڕکێیش ڕوویداوە، شوێن لە ماڵی مامە فەتاح دەگۆڕێت بۆ جێگایەکی تر، ماڵی هەلالە، یان سەعیدی ڕەحمانی دەکات، بەڵام گەر وردتر سەرنجی نموونەکە بدرێت لە تۆنی دەربڕینەکانی شێرزادا درک بە تۆنی پرسن (Curious tone) دەکرێت، کە هەستی پیلانگێڕی و شەڕەنگێزی ئەم کەسێتییە نیشاندەدات، چونکە لە دەربڕینەکەی شێرزادا جۆرێک لە شڵەژانی دەروونی لە چۆنێتی وتنیدا هەستی پێدەکرێت، بەشێوەیەک گریمانەی پیلانگێڕی و توندوتیژی نواندنی لێدەکرێت، بەرامبەر بە هاوسەری پێشووی، یان سەعیدی ڕەحمانی مامۆستا و دۆستی هەلالەیە. لە تۆنی دەربڕینەکانی سەعیدا وەک ڕێکخەر و گێڕەرەوەیەک لەم ڕۆمانەدا هەست بە تۆنی ڕوونکردنەوە دەکرێت (Explain tone)، لەم تۆنەدا دەربڕینی (تا ئەو ڕۆژە) ئاماژە بە مەودایەکی نەزانراو دەکات لە نێوان ئەو دەمەی شێرزاد قسەکەی تیا کردووە، لەگەڵ ئەو دەمەی مامۆستا سەعید ڕوونکردنەوەی تێدا دەکات، بۆیە لە ئاستێکی قووڵدا درک بە هەستی نیگەرانی و بوونی مەترسی دەکرێت، ئەوەتا لە زەینیی دا بە هەلالە دەڵێت: (نەیدەزانی کە ماوەیەکە منیش بووم بە دراوسێیان. ئەگەر بیزانیایە)، بەڵام ئەم هەست بە مەترسیکردنە لە تۆنی دەربڕینەکانی سەعید دا بەئاشکرا نەنوێنراوە، چونکە سەعید وەک نێرینەیەک ناڕاستەوخۆ کاردانەوەی خۆی نیشاندەدات، ئەمەیش تایبەتمەندییەکی کەسایەتی نێرینەیە، بەڵام لە تۆنی دەربڕینەکانی هەلالەدا تۆنی ترس و تۆقین و بێ ئۆقرەیی دەبینرێت، کە گوزارشت لە ڕەوشی نا هەمواری زەینیی و دەروونی هەلالە دەکات، ئاشکرایە بە سروشت مێینە لە نێرینە هەستیارترە و زووتر درک بەشتەکان دەکەن و زیاتریش کاریگەریان لەسەر دادەنێت.

لە دەربڕینەکەی هەلالەدا کرداری (چی دەکات!؟) ئاماژەیە بۆ کاردانەوەیەکی کردەیی لە لایەن شێرزادەوە بۆ سەر هەلالە، چونکە کردەی کردن جووڵەی جەستەی وەک هەڵکوتانە سەر و هێرش و پەلاماردان و توندوتیژی جەستەیی دەگەیەنێت، بۆیە لە زەینی هەلالە دا شێرزاد کابووسی مەرگێتی و بۆ خۆیشی تەسلیم و بەزیووە. لە دوا بەشی نموونەکەدا لە تۆنی وەڵامدانەوەی سەعید بۆ هەلالە هەستی ترس و نیگەرانیەکەی سەعید زیاتر خۆی وێنا دەکات، بەتایبەت لە ترس و سەرسامیدا کردەی (چی دەکات!؟) دووبارە دەکاتەوە، کە ئەم دووبارەکردنەوەیە، هەمان مەبەستی سەرەوە دەگەیەنێت، کە لە دەربڕینەکانی هەلالەدا خرانەڕوو؛ هەربۆیە لەو نموونەیەدا درک بە سێ تۆنگۆڕکێ دەکرێت،

هەروەک لە شیکردنەوەکاندا نیشاندران، سەرەڕای گۆڕینی تۆنەکان بە هەمانشێوە هەست بە گۆڕان جیاوازی بڕ و ڕێژەیی هەست و هەڵوێستەکان دەکرێت، لە هەر تۆنگۆڕکێیەکدا، بەمشێوەیە تەکنیکەکانی تۆنگۆڕکێ توانست و سەلیقەی نوسەر نیشاندەدەن لە داڕشتەی کارە ئەدەبییەکەیدا، هاوکات و جوانناسییەکی بەچێژ و سەرنج ڕاکێش دەبەخشن بە کردەی گێڕانەوە، کە خوێنەر سەرسام و کەمەنکێشی کردەی خوێندنەوەی دەبێت.

## ٣/٣) شیکاری کاریگەری ڕوونکردنەوەی تۆن لەسەر بونیادی دەق و زەینی خوێنەر

### ٣/٣-١)کاریگەری ڕوونکردنەوەی تۆن لەسەر بونیادی هونەریی دەقی ڕۆمانەکان

تۆن تەکنیکێکی هونەریی و ئەدەبییە نوسەر لە بەرهەمەکەیدا دەینوێنێت، تا ورد و قووڵ و فرە ڕەهەند تر زەمینەی گونجاو بسازێنێت، بۆ نواندن و نیشاندانی هەست و هەڵوێستە جیاوازەکان، چونکە تۆن وەک تەکنیکێکی هونەریی هاوئاهەنگ لەگەڵ ڕەگەزە هونەرییەکانی دەقدا، دەرفەت و زەمینەی گونجاو بۆ هەر کەسێتییەک دەڕەخسێنێت، تا گوزارشت لە تایبەتمەندی کەسایەتی و جۆری کەسێتیی خۆی بکات، لەم ڕووەوە گریمانەی ئەوە دەکرێت، ((نوسەر لە بەرهەمەکەیدا بە وریاییەوە مامەڵەی تۆن بکات، بەشێوەک خۆی بە دوور بگرێت لە هەر جۆرە زیادەگۆیی و زۆر لە خۆ کردنێک، یان نواندنی ساختانە، تا تۆنی گونجاو هاوئاهەنگ لەگەڵ بەرهەمەکەیدا بسازێنێت)) (خاکبازی، حیدەری،١٣٩٩: ١١٢-١١٣)، کەواتە دەرفەتەکانی دەرکەوتنی هەژموونی نوسەر لە پێکهاتەی دەقدا بە تەواوی کز و لاواز دەبێت و هیچ ڕایەڵەیەکی ڕاستەوخۆ نابینرێت بۆ دەرکەوتنی دەست تێوەردانی نوسەر لە پێکهاتەی دەقەکەدا، هەربۆیە: ((یەکێک لە ئەرکەکانی فەزا لە ناو پرۆسێسی گێڕانەوەدا، کەمکردنەوەی، یان کپکردنی دەنکی چیرۆکنووسە. هاوکات بوار بۆ دەنگی ئەوانیتر لە دەقدا دەڕەخسێنێت.)) (حمە مەنتک، ٢٠١٨: ٧٠)، لەم ڕووەوە دەستبەرکردن و نواندنی تۆنی کەسێتییەکان لە ڕێگەی زەمینەسازی گونجاوەوە، پێویستییەکی هونەریی و ئەدەبییە، کە پێویستە نوسەر لێی بە ئاگا بێت، چونکە (کاتێک لە وردەکاری گێڕانەوە ورد دەبینەوە، ئینجا گێڕانەوەکە لە هەر گۆشە نیگایەکەوە بێت، ڕووبەڕووی چەندین ئاڵۆزی دەبینەوە، یەکێک لەو ئاڵۆزییانە تێکەڵکردنی دەنگی نوسەرە لەگەڵ ئەو دەنگەی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە.)) (یعقوب،٢٠١٩: ١٦٩)، لەم سۆنگەیەوە ((ڕوونکردنەوەی تۆنی کەسێتییەکانی چیرۆکەکە، کارێکی هەڵەیە، چونکە لەلایەک ئاستی نە شارەزایی و لاوازی توانستی هونەریی نوسەرەکە نیشاندەدات، لەلایەکی ترەوە لە ئاستی هونەریی کارە بەرهەمەکە کەم دەکاتەوە.)) (هیدایەتی، رضای،١٣٩٩: ٢٤٨)، لەم ڕوانگەیەوە گەر بە وردی سەرنجی داڕشتەی دەقی هەر سێ

ڕۆمانەکە بدرێت، توانست و شارەزایی (عەتا نەهایی) بەدیاردەکەوێت، بەشێوەیەک هەست بە باڵادەستی نوسەر دەکرێت، لە چۆنێتی نواندنەوەی تۆنی کەسێتییەکاندا، هەرچەندە ((دەرخستنی لەحنی کەسایەتییەکان یەکێکە لە کارە هەرە سەختەکان بۆ هەر نوسەرێک. نوسەر بۆ نواندنەوەی لەحنی کەسایەتییەک پێویستی بە بەکارهێنانی زمانێکی پڕ لە ئیماژ هەیە، کە تێیدا وێنەی دیداری و بیستەنییەکان بە شێوەیەک دادەنرێن کە ئەقڵی ئەو کەسایەتییەش هەر بەهەمان شێوە بەکاریان ئەهێنێ.)) (سەجادی،٢٠١١: ٦٤-٦٥)، کەواتە لەبەرۆشنایی ئەو بۆچوونانەی خرانەڕوو، سەبارەت بە قورسی و زەحمەتی کردەیی بەرجەستەکردن و نواندنی تۆنی کەسێتییەکان سەرنج لە هەر سێ ڕۆمانی (گوڵی شۆڕان، باڵندەکانی دەم با، گرەوی بەختی هەڵاڵە) بدرێت، لە هەندێک باردا نوسەر سەرکەوتوو نەبووە لە چۆنێتی نواندنی تۆنی کەسێتییەکاندا، چونکە جار و بار هەوڵی ڕوونکردنەوەی تۆنی هەندێک لە کەسێتییەکانی داوە.

لە ڕۆمانی گوڵی شۆڕاندا کردەی ڕوونکردنەوەی تۆنی کەسێتییەکان زیاتر دەردەکەوێت، بە بەراورد بە (باڵندەکانی دەم با، گرەوی بەختی هەڵاڵە) بەشێوەیەک ئاستی حاڵەتی تێپەڕاندووە، تا ڕادەیەک وەک دیاردەیەک لە سەرتاسەری دارشتەی دەقی ڕۆمانەکەدا دەرکەوتووە؛ دەکرێت گریمانەی ئەوە بکرێت، نوسەر ئەو توانستە هونەرییەی لە باڵندەکانی دەم با پاشان لە گرەوی بەختی هەڵاڵەدا بەرجەستەی کردووە، لەسەر وەختی نوسینی گوڵی شۆڕاندا نەیبووبێت، چونکە ڕۆمانی گوڵی شۆران یەکەم ئەزموونی ڕۆمان نوسینی (عەتا نەهایی)ە، هەربۆیە لە چۆنێتی کردەی نواندنی تۆنی کەسێتییەکانی ئەم ڕۆمانەیدا هەست بە ڕوونکردنەوەی تۆنەکان دەکرێت بۆ وێنە: ((دەستی لە خواردن کێشایەوە. دایە گوڵێ چایەکی بۆ تێکرد و بە داماوەییەوە لێی پرسی: «دەچیتە دەر؟!»)) (نەهایی، ٢٠١٩: ٣٥) ئەو نموونەیە بەشێکە لە گفتوگۆی نێوان لاس و دایکی، پاش پانزە ساڵ لە بێ سەر و شوێن بوونی گەڕاوەتەوە، هاوسەرەکەی بەشێوەیەکی ناباو لەگەڵ فەرخەی برای لاس هاوسەرگیری کردووەتەوە، لەوەها دۆخێکدا دایە گوڵێ دڕدۆنگ و نیگەرانە لە چوونە دەرەوەی لاس و تێکەڵاوبوونەوەی لەگەڵ خەڵکیدا، هەربۆیە لە بەیانیەک لەو بەیانییانەی پاش گەڕانەوەکەی دایکی ئەو پرسیارەی ئاراستە دەکات (بە داماوییەوە لێی پرسی دەچیتە دەر؟!) تۆنێک لەو دەربڕینەدا خۆی دەنوێنێت، تۆنی بێ ئۆقرەیی و دڕدۆنگییە لە سەر شێوەی پرس نیشاندراوە، کە هەستی ترس و بە خەمەوەبوونی دایە گوڵێ نیشاندەدات، ئەگەرچی پەیامێک نێرەر مەبەستی بووە، گەیشتووە، بەڵام بە بەکارهێنانی دەستەواژەی (بە داماوییەوە) ئەوە دەگەیەنێت نوسەر هەوڵێ ڕوونکردنەوەی تۆنی دەربڕینەکەی دایە گوڵێی داوە، لە کاتێکدا بەبێ ڕوونکردنەوەکەیش گەر لەو جێکەوتەی لە دەقەکەدا هەیەتی سەرنجی دەربڕینەکەی دایە گوڵێ بدرێت هەمان مەبەست دەگەیەنێت.

نوسەر زۆر جار بۆ نیشاندانی هەستی بە خەمەوەبوونی کەسێتییەک لە کەسێتییەکانی ناو ئەم ڕۆمانە، هەوڵی داوە تۆنی دەربڕینی ئەو کەسێتییە ڕوونبکاتەوە بۆ وێنە: ((لاس بەخەمەوە گوتی: «کلۆڵە، پێم وا نییە بژی.»)) (نەهایی،٢٠١٩: ٤٦)، بۆنەی ئەم دەربڕینە ڕووداوی دەست درێژیەکەی حسێن ئاژانە بۆ سەر نازداری کچی خات ئامە، کە دۆست و ئاشنای ماڵی لاسن؛ لەوەها ساتێکدا نوسەر بۆ نیشاندانی هەستی پەرۆشی و بەخەمەوە بوونی لاس بۆ قوربانی ئەو کارەساتە، نوسەر هەوڵی ڕوونکردنەوەی تۆنی دەربڕینەکەی لاسی داوە، چونکە دەستەواژەی (بەخەمەوە) ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ڕوونکردنەوەی تۆنی ئەو دەربڕینە، لە کاتێکدا گەر سەرنج لە دەربڕینەکە بدەینەوە بێ ئەو دەستەواژەیە هەمان هەست و هەڵوێستی پەرۆشبوونی قسەکەرەکەی، کە لاسە دەگەیەنێت، چونکە دەربڕاوی (کلۆڵە) هەستی بێکەسی و بێ دەستەڵاتی ستەملێکراوی و قوربانی بوون دەگەیەنێت.

خانزاد یەکێکە لەو کەسێتییانەی لەم ڕۆمانەدا ڕۆڵ دەبینێت، وەک کەسێتییەکی هونەریی؛ نوسەر هەوڵی ڕوونکردنەوەی تۆنی ئەم کەسێتییەی داوە، بەشێوەیەک ڕوونکردنەوەکەی نوسەر لە تۆنی دەربڕینەکانی ئەم کەسێتییەدا بۆ مەبەستی نیشاندانی ترس و دڕدۆنگی ڕامانە، دەربارەی بابەتگەلێکی ڕامیاری، بەڵام گەر سەرنجی دەقی ئەو گفتوگۆیە بدرێت، لەو جێگەوتەدا لە دەقەکەدا گرتوویەتی، دەکرێت گریمانەی ئەوە بکرێت ڕوونکردنەوەکەی نوسەر زیادە و ناپێویست دەبینرێت، چونکە تۆنێک لەو دەربڕینەدا خۆی دەنونێنێت، هەستی ترس و ڕامانی قسەکەرەکەی  نیشاندەدات بۆ وێنە: ((کەشەفە چاکەی دایە دەستی و دووراو دوور چاوی لە لاس بڕی. لاس پێدەکەنی. خانزاد دەیزانی ئەو بە تێکشکانی ئەرتەشی حوکمەت خۆشحاڵە، بەڵام لە خۆشحاڵیی میوانەکان نەدەگەیشت. «مەگەر ئەوان پیاوی حوکمەت نین؟!» خانزاد بە سەر سووڕمانەوە ئەوەی لە دایە گوڵێ پرسی. «ئەوان بۆ دەبێ خۆشحاڵ بن؟!» دایە گوڵێش بەلایەوە سەیر بوو. سەری بەرز کردەوە و گوتی: «منیش تێناگەم. شتەکان لە جێی خۆیاندا نین.»)) (نەهایی،٢٠١٩: ٧٢)، کەواتە بەسەرنجدان لە نموونەکە بەو ڕاستییە دەگەین، دەستەواژەی (بە سەرسووڕمانەوە) لە دەربڕینەکانی خانزدا زیادە و ناپێویست بەدیاردەکەوێت، چونکە خودی دەربڕینەکە بێ ئەو دەستەواژەیەش هەمان مەبەست دەگەیەنێت، بە هەمانشێوە دەستەواژەی (بەلایەوە سەیر بوو) هەوڵی نوسەر نیشاندەدات ، بۆ ڕوونکردنەوەی تۆنی دەربڕینەکانی دایە گوڵێ،  لەکاتێکدا گەر بێ ئەو دەستەواژەیە، سەرنجی دەربڕینەکەی دایە گوڵێ بدرێت، درک بە هەمان هەست و هەڵوێست دەکرێت؛ هەربۆیە  دەستەبەرکردن و نواندنی تۆنی کەسێتییەکان چۆنێتی پاراستنیان، بە شێوەیەکی هونەریی یەکێکە لە ئەرکە ورد و سەختەکانی ناو کردەیی نوسین، کە پێویستە نوسەر بە ئاگاییەوە مامەڵەی بکات، چونکە لە بەرچاوگرتنی تۆنی کەسێتییەکان لە هەر بەهەرمێکی ئەدەبیدا ئاستی باڵادەستیی و توانستی هونەریی نوسەر و ئاستی هونەرکاری کارە ئەدەبییەکە نیشاندەدات.

## نمونەی تۆنی ڕوونکراوە لە ڕۆمانی باڵندەکانی دەم با دا

پاش گوڵی شۆڕان باڵندەکانی دەم با دووهەم ڕۆمانی بڵاوکراوەی عەتا نەهاییە، بۆیە بەراورد بە گوڵی شۆڕان لە ڕووی ئاستی هونەرییەوە گەشە و بەرەوپێشچوونی زیاتری بە خۆوە دیوە، ((ڕۆمانی باڵندەکانی دەم با، لە سێ ڕووەوە نوێکاریی تێدا بوو: یەکەم، لە باری تەکنیکی گێڕانەوەوە کە بە نوێکارییەک لە ڕۆمانی کوردیدا دەژمێردرێ؛ دووەم لەڕووی هەوڵدان بۆ خوڵقاندنی شوێنکاتێکی مۆدیرن لە ڕێگەی ئاماژەدان بە هەندێ توخمی هاوچەرخ؛ سێیەم، بەهۆی هەوڵدان بۆ نواندنەوە و تاقیکردنەوەی لەحنی ئەو کەسایەتییانەی ڕۆمانی کوردی پێشتر ئاوڕی لێ نەدابوونەوە.)) (سەجادی، ٢٠١١: ٦٣)، کەواتە لەم بەرهەمەیدا وردتر و باشتر کاری کردووە بۆ بەرجەستەکردن و نواندنی تۆنی کەسێتییەکان، بە شێوەیەک درک بە ئەو هەوڵدان و هونەرکارییەی نوسەر دەکرێت لە داڕشتەی دەقی ڕۆمانەکەدا، بەڵام لێرەو لەوێ بە ئاگاییەوە بووبێت، یان نائاگایی کردەی ڕوونکردنەوەی تۆنی هەندێک لە کەسێتییەکان بەسەر نوسەردا تێپەڕیووە؛ هەربۆیە لە چۆنێتی بەرجەستەکردن و نواندنەوەی تۆنی کەسێتییەکاندا هەست بە ڕوونکردنەوەی تۆنەکان دەکرێت، کە لە ئاستی هونەریی ڕۆمانەکە کەمدەکاتەوە، بەڵام کردەی ڕوونکردنەوەی تۆن لەم بەرهەمەدا لە ئاستی حاڵەتدایە، بەشێوەیەک نەبووەتە دیاردەیەکی سەرتاپاگیر لە بەرهەمەکەدا، چونکە ((دەرخستنی لەحنی کەسایەتییەکان یەکێکە لە کارە هەرە سەختەکان بۆ هەر نوسەرێک. نوسەر بۆ نواندنەوەی لەحنی کەسایەتییەک پێویستی بە بەکارهێنانی زمانێکی پڕ لە ئیماژ هەیە، کە تێیدا وێنەی دیداری و بیستەنییەکان بە شێوەیەک دادەنرێن کە ئەقڵی ئەو کەسایەتییەش هەر بەهەمانشێوە بەکاریان ئەهێنێ.)) (سەجادی،٢٠١١: ٦٤-٦٥)، لەم ڕووەوە شیکاری چەند نمونەیەکی ڕوونکردنەوەی تۆنی هەندێک لە کەسێتییەکان بەرباسدەدەین:

بۆ وێنە: ((گوتم: «فەرهاد لە ماڵ نایەتە دەر. ساڵانێکە لە ماڵ نەهاتووەتە دەر.» «ساڵانێکە لە ماڵ نەهاتووەتە دەر؟» بەسەرسووڕمانەوە پرسی. بە بیریدا هات کە بڵێی ئەوەندە پیر بێ خانەنشین بووبێ؟ بە بیریدا نەهات کە لەم وڵاتە بۆ ئەوەی کەسێک خانەنشین ببێ، پێویست ناکا حەتمەن پیر بووبێ ...)) (نەهایی،٢٠١٩: ١٠)، ئەم نموونەیە دەقی گفتوگۆی نێوان دوو کەسێتی جیاوازە، کە هەردووکیان ڕۆڵی گێڕەرەوە دەبینن، بەڵام گەر بە وردی سەرنجی تۆنی دەربڕینەکەی میهرەبان بدرێت، درک بە تۆنی ئەوق بوون دەکرێت، کە هەستی ڕامانی میهرەبان بەرامبەر زانیارییەکەی گێڕەرەوەی یەکەم دەربارەی ڕەوشی ژیانی فەرهاد نیشاندەدات، بەڵام نوسەر هەوڵی ڕوونکردنەوەی ئەم تۆنەی داوە بەوەی دەستەواژەی ( بەسەرسووڕمانەوە)ی بەکارهێناوە، لە کاتێکدا پەیامی دەربڕینەکە بەڕوونی گەیشتووە، کەچی نوسەر لە ڕێگەی زیادەگۆییەوە هەوڵی ڕوونکردنەوەی تۆنی

ئەو دەربڕینەی داوە؛ هەربۆیە گەر بێت و ئەو دەربڕینە بێ دەستەواژەی (بە سەرسووڕمانەوە) بنوسرێتەوە هەمان پەیام تێگەیشتن دەدات، چونکە دووبارەکردنەوەی دەربڕینی (سالانێکە لەماڵ نەهاتووەتە دەر؟!) تۆنی پرس و ڕامان دەنوێنێت.

بەمشێوەیە کردەی ڕوونکردنەوەی تۆن لەم بەرهەمەیدا هەستی پێدەکرێت، کە لەئاستی پلەی هونەریی بەرهەمەکە دەهێنێتە خوارەوە، چونکە گەر بە شێوەیەکی ورد و هونەری سەرنجی لەو نموونانە بدرێت، کە نوسەر هەوڵی ڕوونکردنەوەی تۆنەکانییانی داوە، بەتایبەت لە ڕوانگەی زانست و مەعریفەی(تۆنناسی)یەوە، هەریەک لەو ڕوونکردنەوانە ناپێویست و ناهونەریی کەوتوونەتەوە، بەشێوەیەک لەو جێکەوتانەی لە ڕۆمانەکەدا گرتوویانە، شتێک بۆ سەر دەقەکە سەربار ناکەن، بگرە ناپێویست سەربار دەنوێنن، بۆ وێنە: ((... پەردە چیندار و کۆن و دڕاوەکانیشیان شتبوو، هەڵیانواسیبووەوە. ئەو بە توانجەوە گوتبووی: «بەس نییە ئەمانەش ماون!»)) (نەهایی،٢٠١٩: ٣٠)، تۆنێک لەو نموونەیەدا بەدیارکەوتووە تۆنی توانج ئامێزە، کە هەست و هەڵوێستی میهرەبان نیشاندەدات، بەرامبەر ئەو مامەڵە خراپەی بارامی برای کردوویەتی، بۆیە دەقی ئەو نمونەیە بە بێ زانینی بۆنەی وتنی و ئەو جێکەوتەی لە دەقی ڕۆمانەکەدا گرتوویەتی هەر ئەو پەیامە دەگەیەنێت؛ کەواتە بەکارهێنانی دەستەواژەی (بە توانجەوە) ناپێویست و زیادەیە لەو دەربڕینەدا؛ گەر بێت و بێ ئەو نمونەیە بنوسینەوە بە بێ دەستەواژەی (بە توانجەوە) هەمان پەیامی پێشو دەگەیەنێت، بێ ئەوەی هیچ جۆرە کەمییەک لە گەیاندنی مەبەستدا بەدیار بکەوێت، چونکە داڕشتەی ڕستەسازی دەربڕینەکەی میهرەبان کە دەڵێت: (بەس نییە ئەمانەش ماون!) تۆنی توانج ئامێز دەنوێنێت.

### کردەی ڕوونکردنەوەی تۆن لە ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵەدا

بەراورد بە دوو ڕۆمانەکەی پێشوو کردەی ڕوونکردنەوەی تۆنی کەسێتییەکان لەم بەرهەمەی دا زۆر بە کەمی هەستیپێدەکرێت، کە لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێناپەڕێنێت، چونکە ئەم بەرهەمە هەڵقوڵاوی یەک خەرمان لە ئەزمونی ئەدەبیی و هونەرییە، کە نوسەر بە شێوەیەکی کارەکی گوزەراندوویێتی؛ هەربۆیە لەم ((ڕۆمانەدا هەر کەسایەتییەک لەحنی جیاوازی خۆی هەیە، ئەمەیش پێچەوانەی تایبەتمەندی زاڵی ڕۆمانی کوردییە.)) (سەجادی، ٢٠١١: ٦٣)، لەم ڕووەوە نوسەر هەوڵیداوە بە شێوەیەکی هونەریی لە کردەی نواندن و بەرجەستەکردنی تۆنی کەسێتییەکاندا، خۆی بە دووربگرێت لە هەر جۆرە ڕوونکردنەوەیەک، بۆ تۆنی کەسێتییەکان، بەلام ((نواندنی لەحنی کەسایەتییەکان یەکێکە لە کارە هەرە سەختەکان، بۆ هەر نووسەرێک)) (سەجادی، ٢٠١١: ٦٤)، لەم

سۆنگەیەوە گەر سەرنج لە کردەی ڕوونکردنەوەی تۆن لەم ڕۆمانەدا بدرێت، لە هەندێ باردا هەست بەهەوڵی ڕوونکردنەوەی تۆنی کەسێتییەکان دەکرێت بۆ وێنە: ((گوتی: «ئێمە دوو ڕێ زیاترمان لەبەر نییە ئاغا. یان وەک پێشوو خانوویەکمان بۆ بگریت و لەگەڵ خۆت بژین، یان بڕۆینەوە بۆ شارەکەی خۆمان و خۆمان تەسلیمی حکوومەت بکەینەوە.» سەعادەت بە ترس و شەرمەوە، لە کاتێکدا سەری داخستبوو چاوی لە کۆشی خۆی و کەوشەکانی حەمە ڕەشید ئاغا بڕیبوو، ئەمانەی گوت.)) (نەهایی،٢٠١٩: ٨٥-٨٦)، ئەو نموونەیە بەشێکە لە دەربڕینەکانی سەعادەت خان لە بەردەم حەمەڕەشید ئاغای هاوسەریدا، بۆنەی ئەو قسانە ئەوەیە سەعادەت خان ژنی دووەمی بەسەردا هێنراوە، بۆیە وەک جۆرێک لە سکاڵاکردن لەو هەموو کەمتەرخەمی و بێ موبالاتییەی حەمەڕەشید ئاغا لە ئاست ماڵ و خێزانەکەیدا کردوویەتی، بەڵام بەدەر لەو زانیارییانە، گەر نموونەکە لە دەقی ڕۆمانەکە بخوێنرێتەوە، درک بە تۆنی داواکاری و پاڕانەوە دەکرێت، بەشێوەیەک دەربڕینی (چاوی لە کۆشی خۆی و کەوشەکانی حەمە ڕەشید ئاغا بڕیبوو) ناڕاستەوخۆ لە خوێنەری دەگەیەنێت، کە کەسی قسەکەر لەو پەڕی ترس و لاوازیدایە، بە ڕادەیەک هەست بە بێ ئۆقرەیی و بێ دەستەڵاتی دەکرێت، چونکە دیمەنی چاو تێبڕینی قسەکەر بۆ پێڵاوەکانی قسە بۆ کراو لە ئاستێکی قووڵ و نەوتراودا، ئاماژەیە بۆ بێ دەستەڵاتی مێینە و دەستەڵاتداری نێرینە. گەر وردتر لەو نموونەیە بڕوانرێت، هەست بە ڕوونکردنەوەیەکی زیادە و ناپێویست دەکرێت، دەستەواژەی(بە ترس و شەرمەوە) هەوڵی نوسەر نیشاندەدات بۆ ڕوونکردنەوەی تۆنی دەربڕینەکانی سەعادەت خان، لەکاتێکدا بێ ئەو دەستەواژەیە گەر نمونەکە بنوسرێتەوە هەمان بیر و مەبەست دەگەیەنێت، چونکە تەکنیکی داڕشتەی لایەنی ڕستەسازی نموونەکە، بەشێوەیەکی هونەریی ئەوتۆ داڕێژراوە، دەتوانرێت زۆر بەباشی درک بە ڕەوشی جەستەیی و دەروونیی ئەو کەسێتییە بکرێت، بەمشێوەیە کردەی ڕوونکردنەوەی تۆن لە هەر سێ ڕۆمانەکەدا، بە بڕ و ئاستی جیاواز هەستی پێدەکرێت، کە بەشێوەیەکی ڕێژەیی لە ئاستی هونەریی بەرهەمەکانی، هێناوەتە خوارەوە.

## ٢-٣/٣) کاریگەری ڕوونکردنەوەی تۆن لەسەر زەینی خوێنەر

ئاشکرایە کردەی نوسین لە نوسەرەوە دەست پێدەکات لای خوێنەر بە لوتکە دەگات، لەم ڕووەوە گەر سەرنج لە کردەی نوسین بدرێت، هاوشێوەی دوو جەمسەرە، نوسەر لە لایەک و خوێنەریش لە لایەکی تر، هاوکات خودی بەرهەمەکەیش ڕۆڵی ڕایەڵ و پردی پەیوەندی نێوان ئەو دوو جەمسەرە دەبینێت، بەم شێوەیە هەستکردن بە خوێنەر و پێویستی درکپێکردنی لە سنوری دەقدا، مەرجێکی بنەڕەتییە لە مەرجەکانی هەر بەرهەمێکی سەرکەوتوو، چونکە لە کردەی نوسیندا. ((لەسەرەتای هەر

ڕۆمانێک ئەو دوو ئەرکە کێشەیانە و جاری وایە دژی یەکیشن. ئەگەر ڕاگەیاندن بە مانای ڕوونکردنەوە و وەسفکردن بێ ئەو شتە دەبێتە هۆی دواکەوتنی گێڕانەوەی چیرۆک سەرنج ڕاکێشان دەکاریێ، کە هەرچی زووتر گێڕانەوەی چیرۆک دەست پێ بکا. نوسەرێک کە بیهەوێ زۆر زانیاری بدا، لە مەترسی ئەوە دایە خوێنەر تووشی بێزاری بکا، بەڵام نووسەرێک کە گەرەکییەتی زۆر سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕاکێشێ لە مەترسی ئەوە دایە کە خوێنەر بە جۆری پێویست ئاگادار نەکاتەوە.)) (ژووڤ،٢٠٢٠: ٤٩–٥٠)، بەم پێیە نوسەری شارەزا و بە توانا لە کردەیی نوسیندا خۆی بە دوور دەگرێت لە هەر جۆرە زیادەگۆیی و ڕوونکردنەوەیەکی ناپێویست، چونکە گریمانەی ئەوە دەکات بۆ خوێنەر ڕەوشێکی بێزارکەر دورست بکات، هەربۆیە لەبەرچاوگرتنی هاوسەنگی لە نێوان و نوسەر و خوێنەردا وای لە نوسەر و ڕەخنەگری ئەمریکی(Wayne C. Booth) کردووە لە پەرتووکی (هونەری ڕەوانبێژی لە گێڕانەوە)دا بڵێت: ((نوسەر لە ناو دەق... وێنەیەکی خۆی دروست دەکا لەگەڵ وێنەیەکی خوێنەرەکەی: وێنەی خوێنەر لە پاڵ "خود"ی دووەمی خۆی دروست دەکا. سەرکەوتووترین خوێندنەوەی دەقیش ئەوەیە، کە "خود"ە دروستکراوەکان، واتە خوێنەر و نووسەر بەتەواوی لەگەڵ یەکتر ڕێککەون و بگونجێن.)) (یعقوب،٢٠١٩: ١٦٥)، بۆدروستکردن و دەستەبەرکردنی ڕایەڵەی پەیوەندی لە نێوان نوسەر و خوێنەردا، تۆن وەک تەکنیکێکی هونەریی و ئەدەبیی لەپێکهاتەی دەقدا ڕۆڵی یەکجار گرنگ دەبینێت، لەبەرجەستەکردن و وێناکردنی خوێنەر لە سنوری دەقدا.

لەئەنجامدا ((نوسەر ئامادەبوونی ڕاستەوخۆی خۆی لە دەقەکەدا بکێشێتەوە، بەهەڵبژاردن و دانانی تۆنی گونجاو و ئاوئاهەنگ لەگەڵ کەش و پێگەی کەسێتییەکان و بابەتی چیرۆکەکە، بە وێناسازییەکی لۆژیکییانە بەرهەمێکی هونەری بهێنێتەبوون)) (خاکبازی،حیدری،١٣٩٩: ١١٣)، بەو پێیەی ((تۆن ڕەگەزی کلیلیی چیرۆکە، ڕۆڵ و کاریگەری بەسەر ناوەڕۆک و پێکهاتە و ڕەگەزە هونەرییەکانی تری چیرۆکەکەوە بەدیاردەکەوێت)) (هیدایەتی، رضای، ١٣٩٩: ٢٤٨)، هەربۆیە مامەڵەکردنی تۆنی کەسێتییەکان و چۆنێتی بەرجەستەکردن نواندنیان بەمەبەستی وێناکردنی بار و ڕەوشی جەستەیی و دەروونییان، کارێکی هونەریی یەکجار ئاڵۆز و تاقەت پڕوکێنە بۆ نوسەر، چونکە ((دەبێت نوسەر خۆی بە دوور بگرێت لە هەر جۆرە زۆر لە خۆکردن و زیادەگۆییەک، بەشێوەیەک تۆنی دروست و هاوئاهەنگ لەگەڵ بەرهەمەکەیدا بگونجێنێت.)) (خاکبازی،حیدری،١٣٩٩: ١١٢)، کەواتە ((ئەو نوسەرەی زۆر شت پیشاندەدات زۆر خوێنەر هان نادات بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانەکە، لەسەردەمێکی لە پێشتردا ڕۆماننووس لەم کارەدا سەردەکەوت، ئەو کەسەی زۆر هانی خوێنەر بدات، ناچار دەبێت ئەو کارە ڕابگرێت، تا بتوانێت هەندێ شتی سەرەکیش پیشان بدات.)) (ژووڤ،٢٠٢٠: ٥٠).

لەم سۆنگەیەوە دەکرێت بوترێت: هەر جۆرە هەوڵدانێک، دەربارەی ڕوونکردنەوەی تۆنی کەسێتییەکان، نازانستیی و ناهونەریی دەبێت، چونکە لە ئاستی هونەریی بەرهەمەکە کەمدەکاتەوە و زەینی خوێنەر کەنەفت ئیفلیج دەکات)، لەم ڕووەوە گەر سەرنج لە کردەی ڕوونکردنەوەی تۆن بدرێت، لە هەر سێ ڕۆمانەکەدا، بە ئاشکرا هەست بە جیاوازی کردەی ڕوونکردنەوەی تۆن دەکرێت لە ڕۆمانەکاندا، بەڵام بڕ و ڕێژەی ڕوونکردنەوەی تۆنەکان لە نێوان ئەو سێ ڕۆمانەدا جیاوازن.

لە ڕۆمانی گوڵی شۆڕاندا کردەی ڕوونکردنەوەی تۆنەکان ئاستی حاڵەتی تێپەڕکردووە و بووەتە دیاردە، بە شێوەیەک گریمانەی ئەوە دەکرێت، کاریگەری نەرێنی لە سەر زەینی خوێنەر دروستبکات و ڕەوشی کردەی خوێندنەوە بگۆڕێت بۆ کەشێکی بێزارکەر و تاقەتپڕووکێن، بۆ وێنە: ((دایە گوڵێ بە ساردییەوە وەڵامی دایەوە: «هەستێ چی بکا؟! مەچەکی خۆی بکرۆژێ؟»)) (نەهایی،٢٠١٩: ٣٣) ئەو نموونەیە بەشێکە لە دەقی گفتوگۆی نێوان لاس و دایکی، تەوەری گفتوگۆکەیان دەربارەی کەسێتییەکی تری ناو ئەم ڕۆمانەیە، بە ناوی (هیوا)، کە برای لاسە، وەک نمونەیەکی سمبولی (کەمئەندام) پێشکەشکراوە، کە جگە لە (مەچەک کرۆژتن) هیچ کارێکی تر ناکات؛ لە ئاستی قووڵدا دەکرێت ئەو خوێندنەوەی بۆ بکرێت، گەر وەک نموونەیەکی سمبولی لێی بڕوانرێت، سەرەڕای واتای دژبەری، دەکرێت بە مەبەست ناوی هیوای لێنرابێت، چونکە چەمکی هیوا لە زەینی تاکی کورد دا جگە لە ئاوارەیی و بەدبەختی وماڵوێرانی هیچی تر ناگەیەنێت، هەڵبەت پشتبەست بە بابەت و تێمەی ئەم ڕۆمانە ئەو هەڵهێنجانە بۆ شیکاری چەمکی هیوا لەم بەرهەمەدا؛ بە ڕاست دەزانرێت؛ هاوکات ڕەهەندێکی ڕەوتی بیری پوچگەرایی نیشاندەدات.

بێ زانیارییەکانی سەرەوە، گەر سەرنج لەو نموونە بدرێت، هەست بە تۆنی بێزاری و ڕەشبینی دەکرێت، تەنانەت ئەگەر دەستەواژەی (بە ساردییەوە) لە نمونەکەدا لاببرێت، دەتوانرێت درک بە هەمان هەست و هەڵوێست بکرێت، چونکە تەکنیکی دارشتەی (وتراوەکە) بە شێوەیەک دانراوە، مەبەستی قسەکەرەکەی دەگەیەنێت؛ کەچی نوسەر هەوڵی ڕوونکردنەوەی تۆنی ئەو کەسێتییەی داوە، کە توانای وێناکردن و دۆزینەوە و هەڵهێنجان لە خوێنەردا سست و بێ گیان دەکات؛ کەواتە ((ڕۆڵی نوسەر گرنگییەکی زۆری هەیە، لە چۆنێتی خستنەڕووی ئەو بابەتانەی، کە دەیانگێڕێتەوە، ڕۆماننووس دەبێت ئاگاداری ئەوە بێت، کە گێڕانەوەی دەق بەتەنها وێناکردنی ڕووداوێک نییە، لەسەر بنەمای پێکهاتەکانی گێڕانەوە و جۆری گێڕەرەوە، بەڵکو زۆرجار بێ ئاگای لە ماوەی نێوان پێکهاتەکاندا گرفتی هونەری زۆری بۆ ڕۆمان دروستدەکات، وەک ماوی نێوان نوسەر و گێڕەرەوە و خوێنەر)) (هادی،٢٠١١: ٨٤)، بەمشێوەیە کردەی ڕوونکردنەوەی تۆنی کەسێتییەکان لەم ڕۆمانەدا زاڵبوون و دەرکەوتنی هەژموونی نوسەرە لە کردەی گێڕانەوەدا، چونکە وەک بنەمایەکی هونەریی لە پێکهاتەی دەقدا نەتوانراوە بەباشی

پارێزگاری لە مەودا و سنووری نێوان نوسەر و گێڕەرەوە بکرێت، لەم ڕووەوە ڕوونکردنەوەی تۆنی هەر کەسێتییەک دەچێتە کردەیی دەستتێوەردانی نوسەر، کە کاریگەری خراپ لە کردەی خوێندنەوەدا دروست دەکات.

**کردەی ڕوونکردنەوەی تۆن لە ڕۆمانی باڵندەکانی دەم با دا**

بەراورد بە ڕۆمانی گوڵی شۆڕان ڕوونکردنەوەی تۆن لەم بەرهەمەدا کەمتر بەدیارکەوتووە، چونکە ئاشکرایە نوسەر قۆناخێکی ئەدەبیی و هونەریی ئەزموون کردووە، باڵندەکانی دەم با دووهەمین ڕۆمانی چاپکراوی (عەتا نەهایی)ە، ڕەنگدانەوەی ئەو ئەزموونە ئەدەبییەی نوسەری پێوە دیارە، کە بەگشتی نوسەر لەم بەرهەمەیدا خۆی بە دوور گرتووە، لە ڕوونکردنەوەی تۆنی کەسێتییەکان، بەڵام هەندێ جار کردەی ڕوونکردنەوەی تۆنی هەندێ لە کەسێتییەکان بەسەر نوسەردا تێپەڕیووە، بەشێوەیەک لە داڕشتەی دەقی ڕۆمانەکەدا هەستی پێدەکرێت؛ هەربۆیە لە ئاستی هەیەجان و سەرنجراکێشی خوێنەر بۆ بەرهەمەکە کەمدەکاتەوە، بەتایبەت لەو پنت و پەرەگرافانەی هەوڵی ڕوونکردنەوەی تۆنی داوە، بۆ وێنە: ((بەڵام بارام بە تیز و توانجەوە دەیگوت: «شەقی زەمانە هەموویانی گۆڕیوە. پارە تۆ و سەدانی وەک تۆیی پێ لە بیر بردوونەتەوە.» دەیگوت: «لە ناو هەموویاندا تۆ کڵاوت چووە سەر. تۆ و چەند کەسێکی وەک تۆ. بەقسەی ئەوان وازتان لە ژیان و کەس و کارتان هێنا و شوێن خەونێکی منداڵانە کەوتن ئەوسا ئەوان پشتیان لە خۆتان و خەون و کەس و کارتان کرد... کە تۆ ڕۆیشتی، هاوڕێ زۆر نزیک و خۆشەویستەکانت لە ڕێبازیشدا خۆیان لێ لادەداین؛ وەها کە ئێمە گول بین. لە پرسەی باوکیشمدا زۆربەیانم نەدی...»)) (نەهایی،٢٠١٩: ٥٦-٥٧)، لەو دەقەدا تۆنێک خۆی دەنوێنێت، کە تۆنی (سەرکۆنە کردن)ە، بەڵام گەر بە وردی سەرنج لە دەقی نموونەکە بدرێت ڤۆلیۆم ئاسا هەست بە جیاوازی بەرزی و توندی هەست و هەڵوێستی قسەکەرەکە دەکرێت، بەشێوەیەک دەکرێت پۆلێن بکرێت بۆ سێ ئاستی جیاواز:

ا. لە سەرەتای نمونەکەوە تا وتراوی (پێ لەبیر بردونەتەوە) سەرکۆنەکردنە گشتییە، تا ڕادەیەک هەڵاوێردن و جیاکردنەوەی کەسێک هەستی پێناکرێت، بۆیە هەستی سەرکۆنەکردنە ئاسایی بەدیارکەوتووە.

ب. لە دەستەواژەی (لە ناو) تا وشەی (کەوتن) هەست و هەڵوێستی کەسی سەرکۆنەکەر بەشێوەیەکی ئەوتۆ توند دەبێت بۆ ئاستی سوکایەتی پێکردن، چونکە هەریەک لە دەربڕینەکانی (تۆ کڵاوت چووە سەر ... شوێن خەونێکی منداڵانە کەوتن) ئاستی ڕەخنە گرتنەکە لە سەرکۆنەکردنەوە دەگۆڕێت بۆ

سوکایەتی، بەشێوەیەک میهرەبان و هاوڕێکانی و ئەو مێژووە دەخاتە ژێر پرسیارەوە، تەنانەت لە هەموو پیرۆزیەک دایان دەماڵێ و بە خەونی منداڵانە خەباتگێڕییەکەیان وێنا دەکات.

**پ.** لە دوا بەشی نمونەکەدا قسەکەر ڕووی دەمی هەر لە میهرەبانە، بەڵام تەرکیز دەخاتە سەر خراپی هاو خەباتگێرەکانی میهرەبان سەرکۆنەیان دەکات، ئەم بەشەی دەربڕینەکە هۆی هەڵچوونی بارام ڕووندەکاتەوە ئەو ڕقەی هەیبووە بەرامبەر هاوڕێکانی میهرەبان، بە میهرەبانی دەڕژێت، بۆیە هەستی سەرکۆنەکردنەکە ئاسای دەردەکەوێت، بەڵام نوسەر هەر لەسەرەتای نموونەکەوە هەوڵی ڕوونکردنەوەی تۆنی داوە، چونکە دەستەواژەی (بە تیز و توانجەوە)ی بەکارهێناوە، ڕاستەوخۆ ئەو ئاماژەییە دەدات، نوسەر ویستویەتی بە باشی هەڵوێستی بارام بەرامبەر بە میهرەبان نیشان بدات، لە کاتێکدا گەر لە ڕوانگەی گریمانەی تۆنناسییەوە سەرنج لەو نموونەیە بدرێت، تەکنیکی ڕستەسازی و هونەرەکانی چواندن و دووبارە کردنەوە... تد ئەوە نیشاندەدەن بە بێ کردەی ڕوونکردنەوەکەی نوسەریش هەمان پەیام دەگەیەنێت، هەربۆیە ئەو ڕوونکردنەوەیە زیادە و ناپێویست دەبێت، چونکە هیچ ئەرکێکی هونەریی و واتایی لە دەقی نمونەکەدا لە خۆ نەگرتووە، ((لێرەیشەوە ڕۆماننووس دەردەکەوێت ، تا چەند ئاگاداری شوێن و دەربڕینی گێڕەرەوەیە)) (هادی،٢٠١١: ٨٦)، کەواتە پێویستە نوسەر بە ئاگایەکی باشی هونەرییەوە کردەی نوسینی دەقی بەرهەمەکەی ئەنجام بدات، تا بە دوور بێت لە هەر جۆرە ڕوونکردنەوە و زیادەگۆیەکی ناپێویست و نا هونەریی.

**کردەی ڕوونکردنەوەی تۆن لە ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵەدا**

گرەوی بەختی هەڵاڵە سێهەمین ڕۆمانی چاپکراوی عەتا نەهاییە، پاش گوڵی شۆڕان و باڵندەکانی دەم با، لەم بەرهەمەدا هەست بەو ئەزموونە ئەدەبیی و هونەرییەی نوسەر دەکرێت، بەتایبەت لە چۆنێتی بەرجەستەکردن و نواندنی تۆنی کەسێتییەکاندا، بەشێوەیەک ((بە تەواوی دەستەڵاتی سەرنجڕاکێشی عەتا نەهایی لە نووسینی ڕۆماندا دەردەخات، ئەو دەستەڵاتەی لە دوو ڕۆمانە پێشووەکەیدا بە تەواوی دەرنەکەوت.)) (سەجادی،٢٠١١: ٦٤)، چونکە لەم بەرهەمەدا لە ڕێگەی کۆمەڵە تەکنیکێکی هونەریی و ئەدەبییەوە، لەپێکهاتەی دەقی ڕۆمانەکە درک بە ئاستی سەردەمییانەی ئەم بەرهەمەی دەکرێت، لە چۆنێتی ڕێزگرتن لە هەستی خوێنەر، بەشێوەیەک ((... لەم ڕۆمانەدا دیارە نووسەر هەموو ڕستەکانی بەپارێزەوە بەکارهێناوە و ڕێزی لە وشە و خوێنەری ئەمڕۆ گرتووە. لەم ڕۆماندا بەتەواوەتی ڕێزی نووسەر بۆ وشە دەردەکەوێ. هەر وشەیەو خاوەن پلە وپایە و دەوری خۆیەتی.)) (سەجادی،٢٠١١: ٧٢)، بەگشتی نوسەر لە کردەی داڕشتەی ئەم بەرهەمەیدا بە پارێزەوە وشە و ڕستە

و دەستەواژەکانی  بەکارهێناوە، بەڕادەیەک هەست بەو کورتبڕی و هونەرکارییە دەکرێت، بەتایبەت لە تۆنی دەربڕینی کەسێتییەکاندا، لە پێناوی بەرزکردنەوەی ئاستی هونەریی ڕۆمانەکە و ڕێزگرتنی لە خوێنەران بە ئاستێکی بەرچاو تەکنیکی کورتبڕی و ئابووری کردنی زمانیی لە زۆربەی گفتوگۆکاندا هەستی پێدەکرێت.

بۆ وێنە: ((ئەمجارەیان ئارەزوو بە ڕاست لە باوەشیدا خەوی لێ کەوتبوو، هەڵیدایە: «لەگەڵ ڕێزمدا بۆ تۆ مامە گیان. کاری ئێمە لەم قسە و نەسیحەتانە تێپەڕیوە.» ئەوسا ڕووی کردە مەجید و کاروانی برای و گوتی: «کاکە گیان شێرزاد دەیەوێت نیشتمان پەروەریتان پێ بفرۆشێت. دەیەوێت پێتان بڵێت ئێوە نیشتمان پەروەر نین و درۆزنن. دەیەوێ بڵێت ئێوە ترسنۆکن بۆیە ناگەڕێنەوە بۆ وڵات، بۆ ئێران، بۆ کوردستان، بۆ ... چووزانم. دەیەوێ بڵێت ئەو ئازایە و لە ئازایەتیی خۆیەتی کە بڕیاری گەڕانەوەی داوە...»)) (نەهایی،٢٠١٩: ٣٣) لەو دەقەدا زیاتر لە هەشت جۆرە تۆنی جیاواز هەستییان پێدەکرێت، کە بریتین لە: (تۆنی توڕەیی، ڕەتکردنەوە، ڕوونکردنەوە، سوکایەتی، بەراوردکاری، نرخاندن ، بێ نرخ کردن، نافەرمی، ئەرێنی، نەرێنی)، بەشێوەیەک لەو کورتە ڕستانەدا درک بە واتا و مەبەست و ئاماژەی قووڵ و فرە ڕەهەند دەکرێت، کە هەست و هەیەجانێکی پڕ چێژ دەدات بە خوێنەر، بەڕادەیەک دەکرێت گریمانەی ئەوە بکرێت، خوێنەر بباتە ئاستی بیرکردنەوەی قووڵ و جیهانی وێناکردنەوە (Imagination)، بەڵام لەگەڵ سەرەڕای ئەو هونەرکارییەی نوسەر ئەنجامیداوە لەم ڕۆمانەدا، هێشتا کردەی ڕوونکردنەوەی تۆن لەم بەرهەمەیشدا هەستی پێدەکرێت، بەشێوەیەک لە هەندێک لە پنت و پەرەگرافەکاندا هەست بە ڕوونکردنەوەی تۆنەکان دەکرێت، کە بەڕاستی ناپێویست و زیادەگۆ دەردەکەون، چونکە هیچ جۆرە ئاماژەیەکی تایبەت ناگەیەنن.

بۆ وێنە: ((بەڵام بۆ زەماوەندەکەی گوڵاڵە گوتی: «لەو هەتیوەش ڕاسپێرن بێت. بڵێن خانمی ژنیشی بێنێت بزانم چ گوڵێکی بەسەر خۆیدا داوە.» بە توانجەوە گوتی.)) (نەهایی،٢٠١٩: ١٥٦)، گەر سەرنج لەو نموونەیە بدرێت درک بە تۆنی توانج ئامێز و بەکەمگرتن و گاڵتە پێکردن دەکرێت، چونکە دەربڕینی (بزانم چ گوڵێکی بەسەر خۆیدا داوە.) بەڕوونی باری هەست و هەڵوێستی قسەکەرەکەی نیشانداوە، کەچی نوسەر بەهێنانی دەستەواژەی ( بەتوانجەوە) هەوڵی ڕوونکردنەوەی تۆنی دەربڕینەکەی حمەڕەشید ئاغای داوە، لە کاتێکدا وەک نیشاندرا لە داڕشتەی ئەو نمونەیەدا، خوێنەر زۆر بەباشی درک بە مەبەستی قسەکەرەکە دەکات، بەبێ ئەوەی پێویستی بەو زیادەگۆیی و ڕوونکردنەوەیە بێت، کە نوسەر ئەنجامیداوە؛ کەواتە بەهێزی تەوەر و تێمەی بەرهەمەکە بەس نییە بۆ پێشکەشکردنی بەرهەمێکی هونەریی ئاست بەرز دروست ئەم باسە بۆچوونە بەناوبانگەکەی گەورە ڕۆماننوس (ئالان رۆب گرێ)مان بیر دەهێنێتەوە، کە دەڵێت: ((ڕۆماننووسی باش ئەو کەسەیە کە

چیرۆکی جوان دادەهێنێ و بە جوانترین ڕێگە دەیگێڕێتەوە). (بڕگەی دووەمی وتەکەی (ڕۆب گریێ)، بەهای هونەری دەبەخشێتە برگەی یەکەم، چونکە بە تەنها داهێنانی چیرۆکی جوان (بەوتەی ڕۆب گریێ) نابێتە هۆی کارێکی داهێنراوی سەراپاگیر، ئەگەر لایەنی هونەریش کۆمەکی نەبێت.)) (هادی،٢٠١١: ٨٦)، دروست (ڕۆب گریێ)ی پێکاویەتی، چونکە چۆنێتی بەرجەستەکردن و نواندنی چیرۆکەکە، بەشێوەیەکی هونەری گرنگترە بۆ پێشکەشکردنی بەرهەمێکی تۆکمە و بێ خەوش و ئاست بەرز، ئەگەرچی بابەت و تەوەری بەرهەمەکەیش گرنگی خۆی هەیە، بەڵام هونەر لە چۆنێتی نواندنەوە و کردەیی وێناکردن و بەرجەستەکردنی ڕۆحی گێڕانەوەکەدایە؛ هەڵبەت لەم بەرهەمەیدا نوسەر کۆمەڵە چیرۆکێکی سەرنجڕاکیش و بەهێزی کۆکردۆتەوە و نیشانداوە، کە دەقی ئەم بەرهەمە پێکدەهێنن؛ هاوکات هەوڵیداوە بەشێوەیەکی هونەرکاری مۆدێرنانە کردەی گێڕانەوە لەم بەرهەمەیدا پێشکەش بکات، تەنانەت هەوڵیداوە لە چۆنێتی نواندن و دەرکەوتنی هەر کەسێتییەکدا تۆنی تایبەت، بە هەست و هەڵوێستە جیاوازەکانی ئەو کەسێتییە بەرجەستە بکات، بەڵام لە چۆنێتی دروستکردن و نواندنی تۆنی کەسێتییەکاندا هەوڵی ڕوونکردنەوەی تۆنی کەسێتییەکان بەدیار دەکەوێت، کە وەک خەوشێکی هونەری دەکرێت لە هەر سێ ڕۆمانی گوڵی شۆڕان ، باڵندەکانی دەم با، گرەوی بەختی هەڵاڵەدا سەیربکرێت، بەڵام هەروەک لە شیکردنەوەکاندا بەدیار خران بە بڕو ڕێژەی جیاواز.

## ئەنجامەکان:

لەپاش خستنەڕووی لایەنە تیۆری و کارەکییەکانی تایبەت بە تۆن و بە دیاریکراویش تۆن لە سێ نموونەی ڕۆمانەکانی (عەتا نەهایی)دا، لە کۆتاییدا توێژینەوەکە بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتووە:

١- تۆن وەک تەکنیکێکی هونەریی ئەو هونەرکارییەیە هاوئاهەنگ، لەگەڵ ڕەگەزەپێکهێنەرەکانی دەقدا، ڕۆڵی یەکجار گرنگ دەبینێت، لە چۆنییەتی وێناکردنی بارە هەستەکیی و زەینیی و دەروونییەکانی نێرەردا، کە زادەی توانستی ئەدەبی و هونەریی و زمانیی و زەینیی و دەروونیی نوسەرە.

٢- ڕۆماننوس لەم بەرهەمانەیدا، هەست بە جیاوازی دەکرێت، لە چۆنێتی نواندن و بەرجەستەکردنی تۆن و جۆرەکانیدا، بەشێوەیەک لە ڕۆمانی گوڵی شۆڕاندا، سەرەتا و دەستپێکی دەرکەوتنی تۆن و جۆرەکانی دەبینرێن، بەڵام هێشتا بە وردی نەنوێنراون؛ بەڵام لە ڕۆمانی باڵندەکانی دەم با دا، بەراورد بە گوڵی شۆڕان، توانستی ڕۆماننوس، لە چۆنێتی نواندنی تۆن و جۆرەکانیدا، گەشەسەندنی باشی بەخۆیەوە بینیوە، پاش ئەو دوو ئەزموونەی کردەی نواندنی تۆن و جۆرەکانی لە گرەوی بەختی هەڵاڵەدا، ورد و هونەریی و پێگەیشتوو تر، ئەنجامدراون.

٣- لەم ڕۆمانانەدا زۆربەی تۆنە بنجییەکان دەبینرێن، کە هەریەکەیان بۆ گەیاندنی باری هەست و هەڵوێستی جیاواز دروستکراون، بەڵام بەشێوەیەکی دیار  تۆنی ڕەخنەیی و یادەوەری و پرسیاری، بەدیارکەوتووە.

٤- ڕۆماننوس لەم بەرهەمانەیدا، توانیویەتی بەشێوەیەکی هاوسەنگ، هەر دوو (کەینونەی نێرینە و مێینە)ی خۆی، لە چۆنێتی دروستکردن و نواندنی تۆنی کەسێتییەکاندا، بپارێزێت، بەشێوەیەک کاتێک دەربارەی کەسێتییەکی نێرینە دەنوسێت، تەنیا درک بە کەینونەی نێرینە دەکرێت، بەڵام هەمان نوسەر کاتێک دەربارەی کەسێتییەکی مێینە دەنووسێت، تەنیا درک بە کەینونەی مێینە دەکرێت، بەڕادەیەک لەو نوسینەدا هەست بە پیاوێک ناکرێت، بەڵکوو درک بە خانمێکی وردەکار دەکرێت.

٥- تۆنی نەرێنی و جۆرەکانی پانتایەکی گەورەیان لەم سێ ڕۆمانەدا گرتووە، بەڕێژەیەک تۆنی نەرێنی سیمای دیاری ئەم بەرهەمانەیەتی، بۆ وێنە لە گرەوەی بەختی هەڵاڵەدا لە کۆی پەنجا و سێ تۆنی بەکارهاتوو، بیست و هەشت تۆنیان دەچنە خانەی تۆنی نەرێنییەوە.

٦- تەکنیکی تۆن و تۆنگۆڕکێکان لەم بەرهەمانەدا، هەمەڕەنگی و سەرنجڕاکێشی و جوانیناسییان ئەوتۆیان سازاندووە، کە خوێنەر دەگیر و کەمەنکێشی خوێندوەیان ببێت.

٧- تەکنیکەکانی تۆنگۆرکێ، ئەو تەکنیکانەن لە سنوری تەکنیکی توندان، ڕۆماننوس بەشێوەیەکی ورد و هونەریی لەم بەرهەمانەیدا، بەرجەستەی کردوون، بەتایبەت باڵندەکانی دەم با و گرەوەی بەختی هەڵاڵەدا، بەراورد بە گوڵی شۆڕان ورد و هونەریی تر ئەنجامدراون.

٨- تەکنیکەکانی تۆنگۆڕکێ لەم بەرهەمانەدا، لەلایەک بکێشی لە ڕەوتی گێڕانەوە دروست دەکەن؛ لە لایەکی تریشەوە هەمەڕەنگی و جوانیناسیش لە دەقدا دەهێنەبوون، کە خوێنەر سەراسیما دەکەن.

٩- ڕۆماننوس لەم بەرهەمانەیدا لە دروستکردنی تۆن و جۆرەکانیدا، توانیویەتی تایبەتمەندی کەسایەتی کەسێتییەکان و جۆری کەسێتیی و ئاستی ڕۆشنبیریی جیهانبینیان نیشان بدات.

١٠- تەکنیکی تۆن لەم بەرهەمانەدا، وایکردووە دەستێوەردانی ڕۆماننوس لە بەرۆبۆتکردنی کەسێتییەکاندا، زەحمەت سنوردار بێت، چونکە لە ڕوانگەی گریمانەکانی تۆنناسییەوە هەر کەسێتییەک بتوانێت گوزارشت لە سەربەخۆیی و کەسایەتی خۆی بکات.

١١- ڕوونکردنەوەی تۆنی کەسێتییەکان، یەکێکە لەو خەوشە هونەریانەی لە هەر سێ ڕۆمانەکەدا، بە ئاستی جیاواز بەدیارکەوتووە، بۆ وێنە لە گوڵی شۆڕاندا لە نواندنی تۆنی کەسێتییەکاندا، حاڵەتی تێپەڕاندووە بووە بە دیاردە، بەڵام لە باڵندەکانی دەم با دا ڕێژەکە کەم دەبێتەوە بۆ ئاستی حاڵەت، لە گرەوی بەختی هەڵاڵەیشدا، کردەی ڕوونکردنەوەی تۆنی کەسێتییەکان بە ئاستێک کەم دەبێتەوە، کە لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێناپەڕێت، کە بەشێوەیەکی ڕێژەیی لە ئاستی هونەریی ڕۆمانەکان کەم دەکاتەوە، هاوکات کاریگەری خراپیش لەسەر زەینی خوێنەر بەجێدەهێڵێت.

١٢- ڕۆماننوس کردەی دروستکردنی تۆن و جۆرەکانی لەم بەرهەمانەیدا، لە ڕێگەی وێناکردن و وێنەسازی و ڕۆڵمەندکردنی واتای زەینیی وشە، چۆنێتی هەڵبژاردن و سەرو ڕیزکردنی لە پێکهاتەی ڕستەدا و هێز و ئاوازە و ئاوازی ڕستە و هێماکانی خاڵبەندییەوە ئەنجام دەدات.

## لیستی سەرچاوەکان:

القران الكريم

## ا- بە زمانی کوردی:

### ١- کتێب:

- ئەمین، وریا عمر (٢٠٠٩). ئاسۆیەکی تری زمانەوانانی .چ. ٢. هەولێر. دەزگای ئاراس.

- بەرزنجی، عومەر معروف (٢٠٠٦). گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی. سلێمانی. چاپخانەی شڤان.

-بەسیر، کامل حەسەن (٢٠١٥). مێژووی ڕەخنەسازی. چ.١. سلێمانی. ناوەندی غەزەلنووس- بۆ چاپ بڵاوکردنەوە.

- بایز، هەڵمەت. صادق، دلێر (٢٠٢٠). خاڵبەندی. چ.٧. لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری هەندرێن بۆ زمان و توێژینەوەی کلتوریی زانکۆی سۆران.

- پرین، لۆرانس(٢٠٠٨). شیعر چییە. چ.١. و. ئەبوبەکر خۆشناو. سلێمانی. چاپخانەی پیرەمێرد.

- حاجی مارف، ئەوڕەحمانی (١٩٧٦). زمانی کوردی لە بەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا. بەغدا. چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.

- حاجی مارف، ئەوڕەحمانی (١٩٨٥). نوسینی کوردی بە ئەلف و بێی عەرەبی. لە چاپکراوەکانی ئەمینداریەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان.

- حسێن، جەبار ئەحمەد (٢٠٠٨). ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی کوردستانی عیراق (١٩٥٠-١٩٧٠). چ.١. سلێمانی. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

- حیلمی، رفیق (٢٠١٠). شیعر ئەدەبیاتی کوردی. چ.٢. هەولێر. دەزگای ئاراس.

- حەمەڕەشید، ئارام عبدلواحید (٢٠١٣). ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا. چ. ١. سلێمانی. چاپخانەی لەریا.

- حەمەمیرزا، پەری (٢٠١٧). وزە دەروازەیەک بۆ ئاوێزان بوون. چ. ٢. ناوەندی وێنا بۆ هزری ئەرێنی.

- حەمەمەنتک، (٢٠١٨). هونەرەکانی چیرۆکنوسین. چ. ١. تاران. چاپخانەی تاران.

- حەمەمەنتک (٢٠٢١). گێڕانەوەناسی دەروازەیەک بۆ تیۆرەکانی گێرانەوە. چ. ١. هەولێر. چاپخانەی نوسینگەی تەفسیر.

- خەزاعی،خەسرەو (٢٠١٦). گاتاکان سردووی ئاهورایی زەردەشت. و.ئیزەد پەنا. چ.٤. ڕێکخراوی فەرهەنگ و فەلسەفەی زەردەشتیانی کوردستان.

- ژووڤ، ڤەنسان (٢٠٢٠). بووتیقای ڕۆمان. و. محەمەد ڕەحیم ئەحمەدی دهۆک. دەزگای خانی.

- سوزەنی، سالّح (٢٠٠٦). نالی وخوێندنەوە نوێیەکانی سەردەم. چ١. سلێمانی. سەنتەری ڕووناکبیری... .

- سالّح، دەروون عەدڕەحمان (٢٠٢٠). ڕۆڵی زمان لە ئاڕاستەکردنی لایەنی دەروونیی تاکدا- لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەروونییە. چ. ١. سلێمانی. چاپخانەی شڤان.

- سجادی، علاالدین (١٩٦٧). ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی. بغداد. چاپخانەی معارف.

- عیسا،هاوژین،سلّیوە (٢٠٠٩). بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا. چ. ١. سلێمانی. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

- فەتاح، محەمەد مەعروف (١٩٩٠). زمانەوانی. چاپخانەی دار الحکمە للطباعة والنشر. هەولێر.

- فەتاح، محمەد مەعروف (٢٠١٠). لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان. چ. ١. هەولێر. چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

- فەتاح، محەمەد مەعروف (٢٠١١). زمانەوانی. هەولێر. چ. ٣. چاپخانەی هاشم.

- قەرەداخی، عەتا (٢٠٠٨). فانتازیای گەڕانەوە. چ. ١. سلێمانی. دەزگای چاپ بەخشی سەردەم.

- کاکی، حمە نوری عومەر (٢٠٢٠). شێواز لە کلاسیکی کوردیدا. چ. ٢. سلێمانی. چاپخانەی کارۆ.

- کەسنەزانی، بوشرا قادر کاکەحەمە (٢٠١٢). ئەستانەی سبەینێ. چ. ١. سلێمانی. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

- مەحمود، فازیل مەجید (٢٠٠٧). سروشت لە شیعری گۆراندا . چ. ١. سلێمانی. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

- مستەفا، ئاسۆ عومەر (٢٠٠٩). بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران. چ. ١. دهۆک. چاپخانەی خانی.

- محەمەد، دڵشاد علی (١٩٩٨). بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا. چ. ١. سلێمانی. چاپخانەی ڕەنج.

- میراودەلی، کەمال (٢٠٠٥). ئیستاتیکا فەلسەفەی جوانی و هونەر. چ. ٢. سلێمانی. خانەی بڵاوکردنەوەی قانع.

- نەهایی، عەتا، (٢٠١٩). گوڵی شۆڕان. چ. ٢. بانە. چاپەمەنی مانگ.

- نەهایی، عەتا، (٢٠١٩). باڵندەکانی دەم با. چ. ٢. بانە. چاپەمەنی مانگ.

- نەهایی، عەتا، (٢٠١٩). گرەوی بەختی هەڵاڵە. چ. ٢. بانە . چاپەمەنی مانگ.

- نیکڕەفتار، کیومەرس (٢٠١٣). خاڵبەندی. سلێمانی. چاپخانەی کەمال.

- وەیس، غازی فاتح (١٩٨٤). فۆنەتیک. چ.١. بغداد.

- هەورامانی، محەمەد ئەمین (١٩٧٣). سەرەتایێک لە فۆنۆلۆژیی زمانی کوردی. بەغداد. چاپخانەی مەعاریف.

- یعقوب، علی عوسمان (٢٠١٩). ڕۆمان ژانری تەکنیکە جوانەکان و ڕەگەزە فرە ڕەهەندەکان. ب. ١. چ١. سلێمانی. چاپخانەی سەردەم.

- یعقوب، علی عوسمان (٢٠٢١).ڕۆمان ژانری تەکنیکە جوانەکان و ڕەگەزە فرە ڕەهەندەکان. ب.٢. چ١. سلێمانی. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

## ٢- فەرهەنگ:

- حاجی مارف، ئەوڕەحمانی (٢٠٠٤). فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی. چ١. سلێمانی.

- حاجی مارف، ئەوڕەحمانی (٢٠١٤). فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی. چ. ٢. هەولێر. چەپخانەی ڕۆژهەڵات.

- خاڵ، محەمەد (٢٠٠٥). فەرهەنگی خاڵ. چ٢. هەولێر. دەزگای ئاراس.

- خۆشناو، سەلام (٢٠٠٨). فەرهەنگی گیرفانی ئۆکسفۆرد، فراوانترین فەرهەنگی گیرفانی ئینگلیزی- کوردییە. هەولێر.

- ڕەزازی، ناسر (١٩٩١). نێو لە کۆمەڵی کوردەواریدا. ستۆکۆلهم.

- ڕۆحانی، ماجد مەردۆخ (٢٠٢٠). فەرهەنگی زانستگای کوردستان. ب.١. چ.٢. ناشر. دانشگاه کوردستان.

- عومەر، موحسین ئەحمەد (٢٠٠٥). فەرهەنگی زارەوەی ئەدەبیی. ب. ١. چ. ١. هەولێر. دەزگای ئاراس.

- قەرەداخی، حەمە ڕەشید (٢٠١٢). فەرهەنگی ئازادی ئینگلیزی- کوردی. چ. ٣.

- موکریانی، گیو (٢٠٠٥). فەرهەنگی نۆبەرە. چ.١. هەولێر. دەزگای ئاراس.

- نانەوازادە، علی (٢٠٠٥). فەرهەنگی هەرمان کوردی کوردی. ب.١. چ.٢. هەولێر. چاپخانەی پەرورەدە.

- نیزامەدین، فازیل (٢٠٠٧). فەرهەنگی شیرینی نوێ. چ.١. سلێمانی. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

- یوسف، ئەحمەد فەقێ، مەعروف، تارق خالد، حەجی حوسێن، جەعفەر (٢٠٠٧). فەرهەنگی هەراشان کوردی-کوردی. هەولێر. دەزگای ئاراس.

**٣- نامەی ئاکادیمی:**

- عەلی، زانیار ساڵح (٢٠١٥). بنیاتی ئاوازەیی لە شیعری نوێی کوردیدا. ساڵی ١٩١٨-١٩٥٨ بە نمونەی شیعری کرمانجی ناوەڕاست. نامەی ماستەر. زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان.

- غەریب، دڵشاد محەمەد (٢٠١٩). هێز و ئەکسینت لە شێوەزاری کەرکوکدا. نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان.

- قادر، کارزان موحسین (٢٠٠٩). سیما تازەکانی ڕۆمانی کوردی لەنیوان١٩٩١-٢٠٠٠. نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین. کۆلێژی زمان.

- موسا، عبدولوەهاب خالید (٢٠٠٧). هێز و ئاواز لە دیالێکتی ژووروودا. نامەی دکتۆرا. زانکۆی سەلاحەدین. کۆلێژی زمان.

- محەمەد، تانیا ئەسعەد (٢٠٠٦). بونیادی شوێن لە دوو نمونەی ڕۆمانی کوردی هێلانە – ئەژدیها. نامەی دکتۆرا. زانکۆی سەلاحەدین.

- هاشم، ژینۆ بەختیار (٢٠١٢). ئەندازەی دەنگ لە شێوەزاری هەورامییدا. لێکۆڵینەوەکی وەسفی سینکرۆنی- شیکارییە. نامەی ماستەر. زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زمان.

- واحد، ساکارکمال (٢٠١٣). کاریگەری دەنگ لەسەر گۆڕانی واتا لە زمانی کوردیدا. لێکۆڵینەوەیەکی پڕاگماتییکە. نامەی ماستەر. زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زمان.

## ٤- گۆڤار:

- ئەمین، وریا عومەر (١٩٩٤). هێز وئاواز، گ. ڕۆشنبیری نوێ. ژ. ١٣٤. بەغدا. ل.١٥-١٦

- سەجادی، بەختیار (٢٠١١). گێڕانەوەی نوێکارانە و پێکهاتەی هونەریی لە ڕۆمانی کوردیدا، خوێندنەوەی گرەوی بەختی هەڵاڵەی عەتا نەهایی. گ. گەلاوێژی نوێ. ژ. ٥٣. ل. (٦٢-٧٩) سلێمانی. دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی.

- هادی، سیامەند (٢٠١١). کۆکردنەوەی گۆشەنیگا لە گێڕانەوەی ڕۆمانی باڵندەکانی دەم با. گ. گەلاوێژی نوێ. ژ. ٥٣. ل. (٨٠-١٠٠) سلێمانی. دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی.

## ٥- ڕۆژنامە:

- ساڵح، نوری (١٩٢٦). ئەدەبیاتی کوردی. ڕۆژنامەی ژیان. ژ. ٢٧.

## ٦- چاوپێکەوتن:

- ابراهیم، کەمال قانع (٢٠٢٢). دەنگ و ئاواز و گۆرانی لە کاتی کاری بە هەرەوەزیدا. سەیسادق. ماڵەشێخەکان-ماڵی خۆیان. ٩-٩.

**ب- به زمانی عەرەبی:**

١- کتێب:

- بدوي، كمال ابراهيم (١٩٨٨). علم اللغة مبرمج الصوات و النظام الصوتي متبق على الغة العربية. رياض. جامع ملك سعود.

- بن عبدالرحمن السخاوى، شمس محمد( ١٤١٨). الأجوبة المرضية فيما سئل السخاوى عنه من الأحاديث النبوية. ط.١. دار الراية للنشر و التوزيع.

- سعدى،عبدالرحمن بن ناصر (٢٠٠١). في تفسير كلام المنان. الطبعة اولى. نشرمكتبة العبيكان.

- سيدقطب، ابراهيم حسين الشاذلي (٢٠٠٣). في ظلال القرأن. طبعة٣٢. القاهرة. دار الشروق.

- مخلوف،حسين محمد، (١٩٩٨). تفسير بيان كلمات القرأن الكريم. الطبعة الخامسة. دمشق. دار الفجرالسلامى.

**٢- فەرهەنگ:**

- أبوالفضل، محمد بن مكرم بن على (١٤١٤). لسان العرب. ط. الثالثة.

- أبوالحسين، احمد بن زكرياء القزوينى الرازى (١٩٧٩). معجم مقايس اللغه. الناشر. دار الفكر.

- أبوعبد الرحمن الخليل بن أحمد بن عمر و بن تميم الفراهيدى البصرى (...). كتاب العين. دار و مكتبة الهلال. عدد الأجزاء:٨

**٣- گۆڤار:**

- ليلى،سهيل (٢٠١٠). التنغيم و اثره فى اختلاف المعنى و دلاله السياق. مجله كليه الاداب و العلوم الانسانييه والاجتماعيه. عدد السابع. ص. ٦٢

- حسن،نايفه (٢٠١٨). علم األصوات العربية. تطوراتها ونظريتهاو األسفادة منها لتعليم اللغة العربية ص.١٥٠.

**٤- ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی:**

- المعانى، تعريف و شرح و معنى لحن بالعربي في معاجم اللغة العربية معجم المعاني الجامع، المعجم الوسيط ،اللغة العربية المعاصر ،الرائد ،لسان العرب ،القاموس المحيط - معجم عربي عربي صفحة 1

https://www.almaany.com/ar/dict/ar-ar/%D8%A3%D9%84%D8%AD%D9%86
Accessed: April 18, 2022.

## پ- به زمانی فارسی:

### ١- کتێب:

- ابن سینا، حسین بن عبدالله (١٣٩٢). ترجمه و شرح اشارات و تنبیهات. ترجمه. دکتر حسن ملکشاهی. جلد. اول. چاپ هشتم. تهران. انتشارات سروش.

- پرین،لارنس (١٣٧٦). درباره شعر. ترجمه فاطمه. راکعی.تهران. اطلاعات.

- پین، جانی (١٣٨٩). سبک و لحن در داستان. ترجمه نیلوفر اربابی. چ.١. اهواز. نشر رسش.

- شفعی کدکنی، محمد رضا (١٣٩١). موسقی شعر. چ.١٣. تهران. نشر اگاه.

- شفعی کدکنی، محمد روضا (١٣٧٤). موسیقی شعر. تهران. نشر اگاه.

- فارابی، ابونصر (١٣٩١). کتاب موسیقی کبیر. ترجمه دکتر اذرتاش اذر نوش. چ. ٢. تهران. مطالعات فرهنگی.

- فتاحی، حسین (١٣٨٦). داستان گام به گام. تهران. صریر.

- کابلی،ایرج (١٣٧٦). وزن شناسی و عروض. چ.١. تهران. نشر اگاه.

- ملاح،حسین علی (١٣٦٣). حافظ و موسیقی. تهران. هیرمند.

- میرصادقی، جمال (١٣٩٤). عناصر داستان. چ.٩. تهران. چاپ مهارت.

- مەولەوی، جلالەدین محمد(١٣٨٨). مثنوی معنوی. دفتر ششم. بیت. ٧٢. چ. ششم. تهران. نشر محمد.

- مستور، مصطفی (١٣٨٦). مبانی داستان کوتاه. چ.٣. تهران. مرکز.

### ٢- فەرهەنگ:

- ایبرمز،ام. اچ. (١٣٨٤). فرهنگ توصیفی اصطلاحات ادبی. ترجمه سعید سبزیان. چ.٧. تهران. نشر رهنما.

- ایبرمز،ام. اچ. (١٣٨٤). فرهنگ توصیفی اصطلاحات ادبی. ترجمه سعید سبزیان. چ.٩. تهران. نشر رهنما.

- دهخدا، علی اکبر(١٣٧٣). لغت نامه دهخدا. زیر نظر محمد معین و سیدجعفر شهیدی. جلد.١١.تهران .دانشگاه تهران و روزنه.

- هداوند، فاطمه (١٣٩٨). فرهنگ فارسی استاندارد. چ.١. تهران. انتشارات برات علم.

- گری، مارتین (١٣٨٢). فرهنگ اصطلاحات ادبی. ترجمه منصوره شریف زاده. چ.١. تهران. .ناشر پژوهشگاه علوم انسانی ومطالعات فرهنگی.

- معین، محمد (١٣٧٥). فرهنگ معین. چ. ١٠. تهران. انتشارات امیر کبیر.

## ٣- توێژینەوەی زانستی:

- اکبری، فریدون (١٣٩٦). جهان متن خواندن. نشریه رشد اموزش زبان و ادب فارسی. شماره ١٢١. ص٨٥.

- جهاندیده، سینا (١٣٧٩). متن در غیاب استعاره  بررسی ابعاد زیباشناسی تاریخ بیهقی. رشت. چوبک.

- خاکبازی،زهرا- حیدری،مهدی (١٣٩٩). بررسی لحن پایدارانه تقابل عطار با منصبان دنیوی اینه منطق الطیر. نشریه ادبیات ادبیات عرفانی و اسطوره شناختی. شماره ٦١. ص١٢٥.

- علی زاده، ناصر، سلیمیان، سونا (١٣٩١). کانون روایت در الهی نامه عطار براساس نظریه ژنت. مجله پژوهش های ادب عرفانی (گوهر گویا). شماره. ٢٢. ص. ١١٣-١٤٠.

- صحرای، قاسم-حیدری، علی-میرزای، مقدم، مریم (١٣٩٠). لحن صنه پردازی و فضا ابراز انتقاد واعتراض بیهقی. پژوهشهای زبان و ادبیات فارسی دانشکده ادبیات و علوم انسانی. شماره٣. تهران. ص٨٧.

- عمران پور،محمد رضا (١٣٨٤). عوامل ایجاد تغیر و تنوع و نقش لحن در شعر فصلنامه پژوهشهای ادبی. شماره ٩ و ١٠. ص. ١٢٩.

- نادعلی زاده، زهیر- رحمی، ناصر (١٣٩٨). مواد تصویر دو کاربرد ان لحن و وجود کینای. نشریه ادب فارسی دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه تهران. شماره ٢. ص٤.

- هیدایتی،عباس- رضای،رقیه (١٣٩٩). بررسی لحن داستانهای غنایی شاهنامه. نشریه سبک شناسی نظم و نثر فارسی بهار ادب. شماره ٥٧. ص٢٤٩.

### ٤- ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی:

https://abadis.ir/fatoen/%D9%84%D8%AD%D9%86 Accessed: March 3, 2022.

### ت- بە زمانی ئینگلیزی:

### ١- فەرهەنگ:

- Baldic, Chris (2001) Literary Terms. Second edition. New York. Published: in the United States by Oxford University Press Inc., New York.

### ٢- گۆڤار:

- Perrine, Laurence (1963), The Importance of Tone in the Interpretation of Literature. V. 24. On. 5 (February) Pp. 389-395. Source: College English Published by: National Council of Teachers of English.

### ٣- ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی:

- Become a Writer today (2022) Using a Tone Words List, to improve Writing. Available from: https://becomeawritertoday.com/tone-words-list/#content Accessed: October 18, 2022.

- Colonia, Jennifer (2021) 10 Common Types of Tone in Writing. Available from: https://www.grammarly.com/blog/types-of-tone/. Accessed: September 9, 2022.

- Indeed Editorial Team (2021) A guide for Writers: 13 Examples of Tone in Writing. Available from: https://www.indeed.com/career-advice/career-development/examples-of-tone Accessed: August 19, 2022.

- Fazely, Lucy A. (2022). What are tone shifts in literature? Available from: https://penandthepad.com/tone-shifts-literature-8442356.html, Accessed: September 20, 2022.

- High Land School (...) (A-Z TONE WORDS FOR LITERARY ANALY Available from: https://www.highlandhs.org/uploaded/Highland/Academics/Tone_Words_for_Lit_Analysis_(2).pdf Accessed: August 19, 2022.

- Khushboo (2022) Positive and Negative Tone Words List. Available from: https://www.englishbix.com/positive-and-negative-tone-words/ Accessed: October 19, 2022.

- Glatch, Sean (2021) WHAT IS TONE IN LITERATURE? Available from: https://writers.com/what-is-tone-in-literature Accessed: August 16, 2022.

- Gunner, Jennifer (2019). What are the 16 punctuation marks in English grammer. Available from: https://grammar. Yourdictionary. Com/ punctuation/ what/ sixteen- punctuation-marks. Tml

- Master, class (2021) Understanding Tone: 18 Examples of Tone Words in Writing. Written by Master Class. Available from: https://www.masterclass.com/articles/examples-of-tone-words-in-writinghttps://www.jstor.org/stable/373555 Accessed: August 8, 2022.

- Master, class (2021) Foreshadowing Definition, Examples of Foreshadowing, and How to Use Foreshadowing in Your Writing: Examples. Written by Master Class. Available from: https://www.masterclass.com/articles/what-is-foreshadowing-foreshadowing-literary-device-tips-and-exam Accessed: April 20, 2023.

- Examples of Tone in a Story. Available from: https://examples.yourdictionary.com/examples-of-tone-in-a-story.html Accessed: August 11, 2022.

- Vaid, Mansi (2022) An Advanced Guide to Tone in Writing. Available from:https://iimskills.com/tone-in writing/#:~:text=Tone%20refers%20to%20how%20you,music%2C%20timbre%2C%20and%20qualit Accessed: August 28, 2022.

- Whit More School (2017) Lesson three negative / positive tone. Available from: https://www.whitmoreschool.org/wp-content/uploads/2018/12/BusEng_Lesson2_Demo.pdf Accessed: September 14, 2022.

**چ- بە زمانی فەرەنسی:**

**١-فەرهەنگ:**

_ https://www.larousse.fr/dictionnaires/francais/ton/78363 Accessed: February 2, 2022.

**ح- بە زمانی ئەڵمانی**

**١-فەرهەنگ:**

- https://www.duden.de/rechtschreibung/Ton_Klang Accessed: April 20, 2023.

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی تۆنی جیاواز لە ڕۆمانەکانی عەتای نەهایی)دا، هەڵبەت مەبەست لەم توێژینەوەیە ناساندنی تۆن و بنەما و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانیەتی لە ڕۆمان دا؛ هاوکات خستنە ڕووی ئەو ڕۆڵ و گرنگییەی تۆن دەیبینێت وەک (تەکنیکێکی هونەریی و ئەدەبیی و زمانیی) لە پێکهاتەی دەقی ڕۆماندا، لەم سۆنگەیەوە هەوڵدراوە شیکاری ئەم تەکنیکە هونەرییە نوێیە لە پێکهاتەی هەر سێ ڕۆمانی: (گوڵی شۆڕان، باڵندەکانی دەم با، گرەوی بەختی هەڵاڵە)ی عەتای نەهاییدا بکرێت.

بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەبەستە توێژینەوەکە بە سەر سێ بەشدا دابەشکراوە:

لە بەشی یەکەمدا هەوڵدراوە لە چوارچێوەیەکی گریمانەییدا، چەمک و زاراوە و پێناسەی تۆن و سەرنج و بۆچوونە گریمانەییەکان دەربارەی تۆن بخرێنە ڕوو؛ هاوکات لە بەشی دووهەمی ئەم توێژینەوەیەدا: جۆری تۆن و ڕەگەز و بنەماپێکهێنەرەکانی تۆن بەرباس دراون، لەگەڵ هێنانەوەی نمونەی وەرگیراو لە ڕۆمانەکاندا، بەڵام لە بەشی سێهەم و کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا: بە هێنانەوەی نمونەی هەڵهێنجراو لە هەر سێ ڕۆمانی: (گوڵی شۆڕان، باڵندەکانی دەم با، گرەوی بەختی هەڵاڵە)دا هەوڵدراوە شیکاری ڕۆڵ و گرنگی تۆن وەک تەکنیکێکی هونەریی نیشانبدرێت، لە چۆنیەتی بەرجەستەکردنی ناسنامە و پێناسی کەسێتییەکاندا، بە شێوەیەک خاڵی بەهێز و لاوازی هونەریی ڕۆمانەکان دەستنیشانکراون، لە چۆنیەتی بەرجەستەکردنی تۆنی سەربەخۆی هەر یەک لە کەسێتییەکانی ناو ڕۆمانەکان.

لە کۆتایشدا: ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بە چەند خاڵێک خراونەتە ڕوو.

وشەکلیلییەکانی توێژینەوەکە: (تۆنی فەرمی، تۆنی نافەرمی، تۆنی ئەرێنی، تۆنی نەرێنی، تۆنی گشتەکی، تۆنی هەندەکی، تۆنی ڕوونکردنەوە، تۆنی بازبەستە شفت تۆن، تەکنیکی تۆن، عەتای نەهایی)

## ملخص البحث:

هذا البحث بعنوان (انعكاس ألحان القول المختلفة في روايات عطا نَهايي)، لاشك ان غرضي من هذا البحث هو التعريف بلحن القول مع بناءه و عناصره المكوّنة في الرواية، وفي الوقت نفسه إلقاء الضوء على الدور الذي يلعبه لحن القول في بنية النص الروائي كـ (تقنية فنية وأدبية و لغوية)، من هذا المنطلق تمت محاولة تحليل هذه التقنية الفنية الحديثة في بنى الروايات الثلاث : ( ...) للروائي (عطا نهايي).

لتحقيق هذا الغرض تم تقسيم البحث على ثلاثة فصول رئيسة :

حيث ألقِيَ الضوء في الفصل الأول -وفي اطار فرضي- على مفهوم (لحن القول) و اصطلاحه و تعريفه مع إبداء الملاحظات و الآراء الفرضية حوله، وتم الحديث في الفصل الثاني عن أنواع (لحن القول) و العناصر الأساسية في تكوينه، وذلك مع الأمثلة النصية المأخوذة من الروايات المدروسة، وأما الفصل الثالث والأخير لهذا البحث فتمت دراسة أهمية الدور الذي يلعبه (لحن القول) كتقنية فنية في كيفية تجسيد هوية الشخصيات الروائية، وذلك بالاعتماد على الأمثلة النصية المأخوذة من الروايات الثلاث، على نحوٍ تم تحديد نقاط القوة والضعف من الناحية الفنية للروايات، وانتهى البحث بعرضٍ لنتائجه من خلال مجموعة من النقاط.



الكلمات المفتاحية للبحث: ( لحن القول الرسمي، لحن القول غير الرسمي، اللحن الإيجابي، اللحن السلبي، اللحن العام، اللحن الجزئي، لحن الايضاح، لحن... ، لحن... ، تقنية لحن القول، عطاء نهائي)

# Abstract

This study is about Reflection of Various Tones in Ata Nahaee's Selected Novels. The purpose of the study is to introduce tone along with its principles and components in novels. Accordingly, explaining the role and significance of tone as a new artistic, literary and linguistic technique in the composition novels. In this study, this technique is analyzed in Nahaee's three novels (Shoran Flower, Birds in the Wind, and Bet on the fate of Halale.(

To achieve this purpose, the study is divided into three basic sections:

The first section attempts to define tone as a concept and term, and hypothetical assumptions and observations about tone are presented in a hypothetical framework .

In the second part, the types, genres and components of tone are discussed, with examples taken from the novels .

However, in the third and final part of this research, by quoting from all three novels (Shoran Flower, Birds in the Wind, and Bet on the fate of Halale), an attempt has been made to analyze the role and importance of tone as an artistic technique in embodying the identity of characters. Moreover, the artistic strengths and weaknesses of the novels have been identified in the embodiment of the independent tone of each of the characters in the novels.

In the end, the results of this study are put forth in several points.



Keywords: Formal tone, Informal tone, Positive tone, Negative tone, General tone, Partial tone, Explanatory tone, Shift tone, Tone technique, Ata Nahaee.